



سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست

١- بۆ ماڵپەڕی گیاڕەنگی لەبەر دڵان ............................................ ڕەحمان نەقشی .......... ١٢

٢- پێناسەی ماڵپەڕی گیاڕەنگ ................................................ نووسینی: حەمەڕەسووڵ کەریمی ...... ١٣

٣- شێر حەسەنپوور و حەمەرەسووڵ کەریمی: لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا ژمارەیەک لە نووسەر و ئەدیب و هونەرمەند و کەسایەتی تایبەت، بۆ چرکەساتێک لە گیاڕەنگ دوور نەکەتوونەوە و بە ناردنی بابەتە هەمەڕەنگەکانیان هەم گیاڕەنگیان پڕ نێوەرۆک کردووە .................................................................................. ١٧

٤- عەبدوڵا حەسەنزادە: گیاڕەنگ هیچ وەخت نەبۆتە مەیدانی شەڕەدندووکەی کەسەکان و حورمەت و خاوێنیی قەڵەمی بەڕادەیەکی بەرچاو پاراستوە .............................................................. ٢١

٥- بێژەن قارەمانی: گیاڕەنگ لە شاخیکەوە بوو بە هێزیکی پێشمەرگە لە هێزیکی پێشمەرگەوە بوو بە ناوەندیکی ڕاگەیاندن لە وەڵاتیکی دێموکرات و ئازاد .............................................................. ٢٣

٦- حسن حاتمی: سایت گیاڕەنگ در تنوعات و گوناگونی مطالب یکی از پلوراترین سایت‌های موجود در خانواده‌های کوردی و تا حدودی فارسی است ................................................................ ٢٧

٧- نەبەز عەیدووست: گیارەنگ هەر ماڵپەرێکی ئیلکترۆنی سادە نییە گیارەنگ دەروازەیەکە بەرووی دونیای فێربوون، توێژینەوە، لێکدانەوە و .............................................................. ٢٩

٨- ناسر سادقی: سایتی گیاڕەنگ ناوێکی پڕ بە باڵای خەبات و خۆڕاگری و گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی چیای گیاڕەنگ و بۆن و بەرامەی مەندێ و بیزا و .............................................................. ٣٢

٩- ساڵە نەنۆسی: سایتی گیاڕەنگ توانی ئەم کەلینە پڕ کاتەوە و ببێ بە دەنگی کەسانی بێ لایەن .................. ٣٤

١٠- عەبدوڵا کەریمی: ماڵپەری گیارەنگ دەربیجە و دەلاقەیەک بۆ پەیوەندی لە نێوان پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان و پردێک لە نێوان شار و شاخ .............................................................. ٣٥

١١- ئاکۆ نەیاسی: ماڵپەڕی "گیارەنگ"، دەسکەوت و بەرهەمی بە نرخی ئەو ڕەوتە نوێیەیە لە دنیای ڕۆژنامەوانیی "ئینتێرنێت"یيدا .............................................................. ٣٧

١٢- **قادر نەبیزادە**: بەڕۆژکردنەوەی بەرنامەکانی گیاڕەنگ وایکرد کە زۆر بن ئەوانەی دەیانهەویست لە سەر ڕووداوەکان، شتی تازەیان دەستبکەوێ ........ ٤٠

١٣- **عەلی میهرپەروەر**: بیست ساڵ هەوڵی نەپساوە و بەردەوام لە راستای خزمەت بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان ......... ٤٢

١٤- **مەتین کۆخانی**: ماڵپەری گیاڕەنگ وەک کێو و چیای گیارەنگ سەر بڵێندە ........ ٤٤

١٥- **کەریم حاجی رەسووڵی**: سایتی گیارەنگ بۆ خوێنەرانی وانە ویژە و خەمخۆری کوردان و پڕە لە هەست و سۆز و خۆشەویستی ........ ٤٦

١٦- **سەید خدر میرسەیدی**: زمانی گیاڕەنگ زمانێکی تەواو خۆماڵی و ڕەسەن و بێ گرێ و گۆڵە، زمانی چیایە، زمانی خەڵکیبنارو پێدەشتە ........ ٥٠

١٧- **نەسرین یوسفزادە**: ماڵپەڕی گیاڕەنگ دەیان وتار و وتوویژ و شرۆڤەی سیاسیی و بابەتی کۆمەڵایەتی بڵاو کراووەتەوە و ختراوەتە بەردیدی خوێنەرانی خۆی ........ ٥٢

١٨- **حەسەن شیوەسەڵی**: گیارەنگ سەنگەری خۆڕاگری و مقاومەتی کوردانەیە "بەرخودان ژیانە"........ ٥٤

١٩- **عوسمان کەوکەبیشاد**: ماڵپەری گیارەنگیش بە بڵاو کردنەوەی نووسراوەی کوردپەروەرانەوە بەرگری لە سەروەری کورد و کوردستان کردووە ........ ٥٦

٢٠- **ڕەحیم محەممەدزادە**: ماڵپەرێک کە بۆتە سەرچاوەیەک بۆ گوێ بیستی ئەو داد و هاوارانە کە بە دائیم لە دەرودۆڵ و ئەشکەوتەکانی چیای گیاڕەنگدا زایەڵەیان دێ ........ ٥٨

٢١- **شاسوار ڕەحمانی**: ماڵپەری گیارەنگ نەکەوتۆتە بەر کێشمە کێشمی چەواشەکاری و لەدەستدانی متمانەی خوێنەری ........ ٦٠

٢٢- **رەزا شوان**: ماڵپەڕی گیاڕەنگ چرایەکی رووناکی بەخشە. ئەستێرەیەکی گەش و ورشەدارە لە ئاسمانی میدیا و رۆژنامەی ئێلیکترۆنی کوردیدا ........ ٦٢

٢٣- **حامید درووەدی**: هەڵبژاردنی ناوی گیارەنگ سەمبۆلە بۆ مرۆڤی تێکۆشەر و کۆڵنەدەر ........ ٦٦

٢٤- **ڕەحیم قادری**: گیارەنگ لە دونیای سوشیاڵ میدیا دا توانیویەتی وەک سەرچاوەیەکی جێی باوەر خۆ نیشان بدا و خوێنەرێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە ........ ٦٨

٢٥- **کەریم مەلاشێخی**: زمانپاراوی ماڵپەرەکەتان و پاراستنی کەسایەتیەکان یەکێک لە سیما جوانەکانی ئەو ماڵپەرە بووە و بۆ لێ فێر بوون دەبێت ........ ٦٩



سەرچاوە
Serchawe

٢٦- چەکۆ باران: ٢٠ ساڵە گیارەنگ لە ناو لانکی رۆشەنبیری دا دەلاوێننەوە .......................................... ٧٠

٢٧- خدر پاکدامان: بیرۆکەی دەست بەکار بوونی سایتی گیارەنگ وە بیرهێنەرەوەی سەدان داستان و قارەمانەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە ........................................................................................ ٧١

٢٨- فاروق عەبباسی: گیارەنگ لە ئاوارەییدا لە دایک بوو، پێی گرت و پێگەیشت، بەڵام زۆر زوو توانیی جێی خۆی بکاتەوە ........................................................................................ ٧٣

٢٩- سیامەند شێخەپوور: سەنگەری مێدیایی و راگەیاندنی گیارەنگتان هەروا پتەو بێ ................................. ٧٥

٣٠- عەمران نیکدووست: گیارەنگ خۆی لە دڵ و زێهن و ماڵی هەمووماندا کردووتەوە ............................... ٧٦

٣١- کارۆ ئەحمەدیان: گیارەنگ بیست ساڵی تەمەنی راستگۆ، خۆراگر و سەربەخۆ بە بێ پشتیوانی ماددی لە سەر پێی خۆی راوەستا و شێلگیرانە بەردوام بووە ........................................................................................ ٧٨

٣٢- ناسر باباخانی: گیارەنگ لە رێگەی بڵاو کردنەوەی بیروڕای نووسەران و هەواڵەکانی کوردستان ئەم پەیوەندییە لەسەر بنەمای راگەیاندنێکی ئاماڵپرۆفیشناڵ، پتەوتر بکەن ........................................................................................ ٨٠

٣٣- یاسین مەولوودی: توانیوتانە بەردەوام زانیاری و بابەتی بە سوود بۆ خوێنەرانی ماڵپەری گیارەنگ دابنێن ......... ٨٣

٣٤- مەجنوون جاوید: گیارەنگ ناوێکی خۆشە و یەکسەر لە ناو دڵ دا جێگای خۆی دەگرێ چونکە کێوێکی بەناوبانگی ناوچەی سەردەشتە ........................................................................................ ٨٤

٣٥- حاجی جوندی: گیارەنگ هەمیشە مەکۆی شۆرشگێری کورد بووە ........................................ ٨٦

٣٦- ئازاد نارستی: گیارەنگ ٢٠ ساڵە لە لووتکەدا ماوەتەوە ........................................................ ٨٧

٣٧- مەولوود سوارە: ماڵپەری "گیارەنگ توانیویەتی ئاوێنەیەک بێ لە بیروبۆچونی جیاوازی کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتی کوردستان ........................................................................................ ٨٩

٣٨- شەریف عەزیزی: لە یاد و ساڵ رۆژی گیارەنگ دا ئەگەر بێدەنگ بین غەدرە، چوونکە بیست ساڵ لە مە وەبەر "ئێستا نیە ........................................................................................ ٩١

٣٩- ئەنوەر کەریمی: گیارەنگ دەنگ و رەنگێکی دیار لە هەموو وەرزەکاندا ............................................ ٩٢

٤٠- عوسمان نۆباری: گیارەنگی ئەمەگناس بوو بە رووگەی ئەویندارانی ئازادی و کۆڵەبارێک مێژووی پرشەنگداری لە سینگی خۆیدا تۆمار کرد ........................................................................................ ٩٤

## ماڵپەری گیارەنگ

٤١- خەلیل عەبباسی: پیرۆزبایی بیست ساڵ خەباتی بێوچان! ........................................................ ٩٦

٤٢- مێهدی مێهرپەروەر: گیارەنگ توانی هەروا لە وەشانی خۆی بەردەوام بێ و خۆی لەگەڵ گەشەی دنیای راگەیاندندا بەرۆژ بکاتەوە ........................................................................................ ٩٧

٤٣- هەمزە ئاگوشی: ماڵپەڕی "گیارەنگ" بیست ساڵە سەری لەنێو سەراندایە و هەواڵ و زانیاری دەبەشێتەوە .......... ٩٩

٤٤- خالید محەمەدزادە: لە هەموو ئەو ساڵانەدا تریبونێکی نەتەوەیی رو بە رۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان بووە ......................................................................................................... ١٠١

٤٥- حەسەن قارەمانی: گیارەنگ میدیایەکی هەمەلایەنە و سەربەخۆیە کە وەک یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی زانیاری و پەیوەندی بۆ کۆمەڵگە ناسراوە .......................................................................... ١٠٢

٤٦- حەسەن ئەهوەن: ماڵپەڕی گیارەنگ، بە دوو چەکی بیر و قەڵەم، خەباتێکی گرینگی مێدیایی یان بێ پسانەوە وەڕێخستووە ................................................................................................... ١٠٣

٤٧- سولێمان کەلەشی: گیارەنگ ئەمرۆ یەکێک لە ماڵپەرە هەرە بەرچاو و دەوڵەمەندەکانی کوردی ئەژمار دەکرێ ....... ١٠٥

٤٨- محەممەدی فەقێ عەلی: گیارەنگ لە تەواوی ئەو ماویەدا، نەبۆتە مینبەری قسە و قسەڵۆک بە دژی ئەم و ئەو یان ئەو حیزب و ئەم لایەنی سیاسی ......................................................................... ١٠٧

٤٩- رەسووڵ پەناهی: ماڵپەری گیارەنگ پڕ لە دەسکەوت و پڕ لە هەموو بابەتەکان ................................. ١١٠

٥٠- دڵشاد هەورامی: گیارەنگ بەری داری دڵسۆزی و وەفایە ........................................................ ١١١

٥١- حەسەن خۆشکەلام: ناو و ناوبانگی ئەو ماڵپەرە خۆشەویستە سنووری ناوچەی بڕیوە و هەموو ناوچەکانی گرتۆتەوە ........................................................................................................ ١١٣

٥٢- محەممەد خادمیانی: گیارەنگ لە کۆمەڵگای فکری و سیاسی و نەتەوەیی کوردی و بەتایبەت رۆژهەڵاتی کوردستاندا رۆڵێکی کاریگەر و پێگەییێکی دیار و بەرچاوی هەیە ......................................................١١٥

٥٣- ئاکار پەردەدار: گیارەنگ بە بەردەوامی هەوڵ و تێکۆشانی خۆی وەکوو ماڵپەریکی جوان، خەنجیلانە و رێکوپێک بۆ خزمەت بە زمانی شیرینی کوردی کردووە .................................................. ١١٧

٥٤- ئیبراهیم لاجانی: گیارەنگ سەنگەرێکی پتەوی خەبات و بەربەرەکانی گەلەکەمان! ................................ ١١٨

٥٥- کامران سوهرابی: ئەستێرەیەک بڕیاری دا کە گەشاوە بمێنێتەوەو تەسلیمی تاریکی نەبێ و بەردەوام ڕووناکی و ئومێد و

## ماڵپەری گیارەنگ

هیوا بە میدیای کوردی ببەخشێ ........................................................ ١٢٠

٥٦- عەلی لەیلاخ: "گیارەنگ" ڕاست لە خەتی پڕکردنی بۆشایی مێدیای کوردی و بایەخەکانی درێژەی بە وەشانی خۆی داوەو هیوادارام بەردەوام بێ ........................................................ ١٢٢

٥٧- جەعفەر حامیدی: گیارەنگ خاوەن وەزن، دڵڕاگر، مەتین و، پڕۆفیشیۆناڵ ئەرکەکانی ڕۆژنامەوانی خۆی بە ئەنجام گەیاندووە! ........................................................ ١٢٦

٥٨- وەستا رەحمان: گیارەنگ لە هەموو مەیدانەکانی خەبات و تێکۆشان و خزمەتکردن کە مەتمانە و باوەڕێکی قوڵی لە دڵی خوینەرانیدا پێک هێناوە ........................................................ ١٢٧

٥٩- فەتاح باریکی: ماڵپەڕی گیارەنگ هەروەک چیای سەربڵیندی گیارەنگ قائێم و پتەوتر لە پێشوو لە مەیداندا بدرەوشێتەوە ........................................................ ١٢٩

٦٠- شنۆ میهرپەروەر: "گیارەنگ" بوو بە خانەخوێ و بنکەیەکی ئارام بۆ ئەو کەسانەی کە خوازیاری بابەت بڵاوکردنەوە و کاری نووسین بوون، لەهەمانکاتدا خوازیاری زانیاری وەرگرتن بوون ........................................................ ١٣٠

٦١- جەلال حەسەنزادە: لایەنێکی گرینگی "گیارەنگ" ئەوە بووە کە ڕاستیەکان و مەسەلە بنەڕەتیەکانی سەردەمی خۆی فەرامۆش نەکردووە و بە پێی توانای خۆی هەوڵی داوە زۆر بۆشایی پڕ بکاتەوە ........................................................ ١٣٣

٦٢- حوسێن پەیرەوان: ماڵپەڕی گیارەنگ، پڕن لە ئەزمونی بەنرخ، لە بوارەکانی، سیاسی، ئەدەبی، کلتوری، فەرهەنگی، ڕۆژمێری شەهیدان، و زۆر بابەتی جێگای سرنجی دیکە ........................................................ ١٣٥

٦٣- تاهیر قاسمی: دوو دەیە بەردەوامی بۆ هەر مێدیا و ڕاگەیەنەرێک، شانازییە. ئەو شانازییەش بەرهەمی ڕەنج و زەحمەتی بەڕێوەبەرانی ئەو ڕاگەیەنەرەیە ........................................................ ١٣٧

٦٤- ڕەشید قازی: گیارەنگ، ئەوکاتەی چەکی قەڵەمی لە شان کرد ........................................................ ١٣٩

٦٥- کوێستان بابایی: گیارەنگ بۆتە سەرچاوەیەکی دیار و باوەڕپێکراوی، پڕ لە بابەتی جۆراو جۆر و بەسود کە خزمەتی زۆری بە زمان، کلتوور و مێژووی کورد کردوە ........................................................ ١٤١

٦٦- مەریوان نستانی: گیارەنگ نەیویستووە هەواڵ و بابەتی ناراست و سەرنج ڕاکیش بڵاوبکاتەوە بۆ ئەوەی خوێنەری زۆربن، لەگەڵ ئەوەشدا هەمووکات خوێنەری خۆی هەیە ........................................................ ١٤٣

٦٧- عەزیز شێخانی: ماڵپەڕی گیارەنگ بۆ مانەوە لە گۆڕەپانی مێدیا و بڵاوکردنەوەدا پێویستی بە پێداچوونەوە و خۆبەڕۆژکردنەوەیە ........................................................ ١٤٥



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیاڕەنگ

٦٨- هومەر ئەمینی: گیارەنگ بە شیلگیری توونودوو توولی توانی ببیت بە تریبوونی ئازاد، راست بیژی، دوونیای رۆژنامەگەری ئیلکتروونی عەسری تازەی میدیای کوردی ........................................ ١٤٧

٦٩- عارف باوەجانی: لەو سەردەمەدا کەم میدیایەکی ئیلیکترۆنی کوردی هەبوو کە هەواڵەکان و زانیارییەکانی زیاتر ڕوو بە ڕۆژهەڵاتی نیشتیمان بێت. گیاڕەنگ ئەو بۆشاییەی پڕکردبووەوە ........................................ ١٤٩

٧٠- سامڕەند: گیاڕەنگ بە ڕەنگاوڕەنگی و پڕنیوەرۆکیی بڵاوکراوەکان کە بە شێوەیەکی دێموکڕاتیانە مەجالی بڵاو بوونەوە و دەربڕینی بیرو ڕای جۆراوجۆری بۆ خەڵک ڕەخساندوە ........................................ ١٥١

٧١- ئەحمەد مەکلاوەیی: گیارەنگ زۆر دەوڵەمەندە، دەوڵەمەندە بە بیری نیشتمانی و پێگەیاندنی لاوان بۆ خزمەت کردن بە زمان و ئەدەبیاتی کوردییێکی رەسەن ........................................ ١٦٣

٧٢- عەزیز مورادپەرەست: گیاڕەنگ بە دامەزرانی خۆی وەک ماڵپەرێکی کوردی ئەو بۆشاییەی پڕ کردەوە و هەر زۆر زوو توانی ببێتە دەنگ و ڕەنگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ........................................ ١٥٦

٧٣- ناسر قازیزادە: تابلۆکانم کە بەرهەمی شەو و شەونەخوونی و ئەرک و کارەکان و زەحمەتی خۆمم، پێشکەش بە شۆڕشی ژینا و ماڵپەری گیاڕەنگ ........................................ ١٥٩

٧٤- کەماڵ حەسەنپوور: گیارەنگ ماڵپەرێکی مودێرن و بەڕۆژکراوە، کە ئەو تایبەتمەندییە لە زۆر ماڵپەڕی کوردی لەو چەشنەدا نابینرێ ........................................ ١٦٠

٧٥- ئەبوبەکر سێوەتائی: ماڵپەڕەی گیاڕەنگ ٢٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی ڕۆژنامەوانی کوردی پڕ دەکاتەوە! ............ ١٦٢

٧٦- ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان "چاونیوز": "گیاڕەنگ" بە پشوودرێژی، کاری بەردەوام و چالاکیگەلی جۆراوجۆر خزمەتێکی زۆرتان بە ڕاگەیاندنی ئینتەرنێتی کوردیی کردووە ........................................ ١٦٤

٧٧- ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان: جوراوجوری بابەتەکان ئەوە دەردەخەن کە گیارەنگ سەکۆیەک بووە بۆ دربڕینی دەنگە جیاوازەکان ........................................ ١٦٥

٧٨- عەلی بداغی: ئەخلاق، پڕەنسیپ و ئەتیکێتی ڕۆژنامەنووسی کە لە "گیاڕەنگ" دا هەمیشە بە پێوەری سەرەکی داندراوە ........................................ ١٦٦

٧٩- ئەحمەد شێربەگی: "گیاڕەنک" ئەگەرچی لەخاڵی سیفرەوە دەستی پێکرد بەڵام لەبەر ئەوەی پاشخانێکی مەزنی کوردایەتی لەپشت بوو توانی لە ماوەیەکی زۆر کەم دا جێگە وپێگەی خۆی لەنێو ماڵپەرەکانی دیکەدا بکاتەوە .................. ١٦٨



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەڕی گیاڕەنگ


٨٠- نادر ئەمینی: خۆراگری و تێکۆشانی ٢٠ ساڵەی تەمەنت هەمبانەی وجودی تۆیە لە نێودڵی هۆگران و خوێنەرانت ........ ١٧٠

٨١- مستەفا شلماشی: ئەو مێدیا بە خزمەتە بە بێ گوێدانە بیر و بۆچوونی نوسەرەکان و بە شێوەیەکی بێ لایەنانە و بێ سانسۆر نوسراوەی گەلێک نووسەری کوردی بڵاو کردووەتەوە ........ ١٧١

٨٢- هاشم رۆستەمی: گیاڕەنگ، وەک کێوی گیاڕەنگ، بە ئیلهام وەرگرتن لە تەشکیلاتی گیاڕەنگ و بە وەزە وەرگرتن لە هێزی بە هێزی گیاڕەنگ مەیدانداری ئەم گۆڕەپانەیە ........ ١٧٣

٨٣- ئازاد مستۆفی: گیاڕەنگ خۆبەخشانە و خۆشبەختانە ٢٠ ساڵە پەنجەرەیەکی کراوەیە بەڕووی ئازادیی، دیموکراسی و کوردایەتییەوە کە جێی شانازییە ........ ١٧٧

٨٤- رەحمان حەسەنزادە: گیاڕەنگ، ئاخێزێک بوو، بۆ گشتگیر کردنی ڕەوتی داخوازی و ویستی مافی ڕەوای کورد لە چوار سووچی کوردستانێکی داگیرکراو ........ ١٨١

٨٥- یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران: بیست ساڵ تێکۆشان، بیست ساڵ کاری میدیایی، بیست ساڵەی ڕاگەیاندنتان پیرۆز بێت ........ ١٨٣

٨٦- یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان: بە هیممەتی چیایی خۆتان بەڕێوەی دەبەن و خافڵ نین لە تێکۆشانی ڕێکخراوەکەمان ........ ١٨٤

٨٧- جەعفەر شەریعەتی: "گیاڕەنگ" بوو بە سەرچاوەیەکی جێی متمانە بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی وێڵی هەواڵ و زانیاریی حیزبەکەیان بوون و هەن ........ ١٨٥

٨٨- سەلاح پوورنەسەد: ماڵپەڕی گیاڕەنگ بێ جیاوازی بابەت، بیرەوەری و سەربردەی دەیان پێشمەرگە و کادر و فەرماندەی مەیدانی خەباتی بڵاو کردۆتەوە ........ ١٨٧

٨٩- کەریم فەرخەپوور: ماڵپەڕی گیاڕەنگ وێڕای کاری سیاسی و فەرهەنگی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی شەهید بوون و مەرگی تێکۆشەران و دڵسۆزانی کوردیش غافڵ نەبووە ........ ١٨٨

٩٠- محەممەد بایزیدی: گیاڕەنگ بە هەنگاوی زۆر چووک و پاڵپشتی تەنیا ئەندامانی بنەماڵە، بەڵام لێبڕاوانە دەستی بە وەشان کرد ........ ١٩٠

٩١- سەلیم حەقیقی: "گیاڕەنگ" لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا بێوچان کاروچالاکیتان لەپێناو خزمەت بە گەل و نیشتمان، زمان و ئاوەزی کوردی دا کردووە ........ ١٩٢

## ماڵپەری گیارەنگ

٩٢- ئەحمەد حوسێنی: ٢٠ ساڵ کاری بەردەوام دانانی ئەو هەموو بابەتە هەمە چەشنە پێداچونەوە و ڕێک خستنیان کاری هەمو کەس نیە ........................................................................ ١٩٣

٩٣- محەممەد سولێمانی: ماڵپەڕی گیارەنگ بۆتە هەوێنی بزووتنەوەیەکی بەرینی سیاسی و ڕۆشنبری و لەکاتی دەست بەکاربوونیەوە تا ئەمڕۆ ........................................................................ ١٩٤

٩٤- سەید ئەحمەد حوسێنی: گیارەنگ پێویستە ئاورێک وەسەر تەمەنی بیست ساڵەی بداتەوە و خوێندنەوەیەکی ژیرانە بۆ پەرێز و کاریگەری خۆی بکات ........................................................................ ١٩٦

٩٥- برایم فەرشی: یەکێک لەو ماڵپەڕانەی سەرەڕای هەموو کۆسپەکان و ئەم مێژووە، پێچەوانە جولاوەتەوە، ماڵپەڕی گیارەنگ بووە، کە بنەماڵەیەکی بە ئەمەگی لە پشتە ........................................................................ ١٩٨

٩٦- سولێمان قەڵەندەری: گیارەنگ میوانێکی رووح سووکی سەرجەم کوردستانیانە، تەنیا گیارەنگە وەک خۆی ماوەو بە بێ فەرق و جیاوازی روو لە ماڵی هەموومان دەکات ........................................................................ ٢٠٠

٩٧- برایم جەهانگیری: گیارەنگ یەک لەو دەگمەن ماڵپەرانەیە کە هەرگیز سنووری ئەدەب و ئەخلاقی ئینسانی نەبەزاند و کەسایەتی تایبەت بە خۆی وەرگرت ........................................................................ ٢٠١

٩٨- رەحمان ئیبراهیم زادە: گیارەنگ سانسۆری لە سەر هیچ بابەت و نوسراوەیەک دانەناوە و هەموویان وەکوو خۆیان بڵاوکرانەوە ........................................................................ ٢٠٤

٩٩- سەید عەلی هاشمی: ماڵپەڕی ڕەنگینی "گیارەنەگ" یەکێکە لەو چرا بەشۆقانەی ناو ئەو مێدیا سنوور نەناسانەیە ........................................................................ ٢٠٩

١٠٠- ئەحمەد ڕەحمانی: گیارەنگ سفرەو خوانێکی نەورۆزی و حەوت سینی بوو کە هەمیشە بە بەرەکەتەوە بینیم و لە سەیرکردنی تێر نەبووم ........................................................................ ٢١١

١٠١- شەونم هەمزەیی: لە گیارەنگی سەردەشتەوە بۆ گیارەنگەکانی هەموو نیشتمان بە بیست ساڵ بەردەوامی و مانەوەی وەک مەکۆیەکی بەرخۆدان ........................................................................ ٢١٣

١٠٢- ئاوات حەسەنپوور: ماڵپەری گیارەنگ ٢٠ ساڵ بە بێ پسانەوە درێژە بە خزمەتکردنی فەرهەنگ و کولتوری کوردی کردوە ........................................................................ ٢١٥

١٠٣- خدر میراوەیی: گیارەنگ لە ماوەی ٢٠ ساڵ کار و تێکۆشانی بێ وچاونی، خزمەتێکی گەورەو بەرچاوی کردوە ..... ٢١٦

١٠٤- کامران شافیعی: بیست ساڵە ئەم دەلاقەیە باسی نیشتیمانم بۆ دەکات ............................................ ٢١٨

## ماڵپەری گیاڕەنگ

١٠٥- حەسەن غەمبار: لە ئاستی هەڵسوڕاندنی دونیای ڕۆژنامەگەری و گەیاندنی بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی گوزاتنەوەیان بۆ خوێنەران ............ ٢١٩

١٠٦- پێشەوا عەبیپوور: گیاڕەنگ ئێستاکە خەرمانێک لە وتار و بابەتی جۆراوجۆری وەسەریەک ناوە کە دەکرێ ئارشیڤەکەشی وەک ڕێفرێنس بەکار بهێنرێت ............ ٢٢١

١٠٧- کەماڵ گرویسی: گیارەنگ هەروەک هاوەڵناوەکەی واتە کێوی گیارەنگ دڵ ئاوەڵا و دەست کراوە بووە بۆ هەمووان ............ ٢٢٣

١٠٨- محەممەد کەسرایی: گیارەنگ ئوسولەکانی کاری ڕۆژنامەنوسی و هەواڵگەیاندنی بە باشترین شێوە لەبەرچاو گرتوە و ڕێزی لە هەموو بیروڕاکان گرتوە ............ ٢٢٥

١٠٩- حەسەن مینایی: بیست ساڵە ڕەنگم بەهارە و خاکەلێوە وەرزی تاڵو ڕەمزی تۆڵەو هاندەری گوورج ڕۆیشتنی روو وە قیبلەی ئاواتمە ............ ٢٢٦

١١٠- کاکەبرا نەلیاسی: ئەو ماڵپەڕە ڕەنگین و سەنگینە، پێشمەرگە ئاسا لە بەرامبەر نەیارانی کوردستان شێلگیرانە ڕاوەستاوە ............ ٢٢٨

١١١- سیروان حەفیدی: گیاڕەنگ، بێ ماندووبوون، لە دەرەوەی وەڵات بەشێکی گرینگی ئەرکە بەجێماوەکانی نیشتمانی بەجێ هێناوە ............ ٢٢٩

١١٢- موژگان عەبیپوور: ٢٠ ساڵە بێ بڕانەوە و خۆبەخشانە تێیدا کار دەکەن و کردووتانە بە ویستگەیەکی دیکەی خزمەت و تێکۆشان بە نەتەوەکەمان ............ ٢٣٠

١١٣- عەلی سوورەچۆمی: کاری میدیایی گیاڕەنگ، لە بوارە جیاوازەکاندا، کارنامەیەکی پڕشەنگدارە کە بە شاهیدی ئەوانەی سەردانیان کردووە ............ ٢٣١

١١٤- ئالان خاس: ٢٠ ساڵ لەمەوبەر لە وڵاتی سوێد دەنگێکی دی، سەکۆیەکی دی بۆ گەیاندن و بڵاوکردنەوەی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان ............ ٢٣٣

١١٥- حوسێن حەسەنزادە: ئێستا کە بیست ساڵەی ئەو ماڵپەڕە گەش و جوانەیە، تەمەننا دەکەم هەروا گەشاوە و بەردەوام بێ ............ ٢٣٥

١١٦- سامان فەقێنەبی: بێگومان هیممەتی چیایی ئێوەی بەڕێز لە تاراوگە بۆ گەیاندنی هاواری نەتەوەکەمان جێگای پێزانین و ڕێزگرتنە ............ ٢٣٧

## ماڵپەری گیارەنگ

١١٧- هەڤاڵ ئەحمەدی: بیست ساڵ تێکۆشانی ماڵپەری گیارەنگی هاوسەنگەری پێشمەرگە ............................ ٢٣٨

١١٨- ئێقباڵ سەفەری: گیارەنگ مەکۆی بەرخۆدان و خۆڕاگریشە لە بەرامبەر دەسەڵاتی کۆنەپەرستترین ڕێژیمی سەردەم ........................................................................................................ ٢٣٩

١١٩- کاووس عەزیزی: گیارەنگ سەربازێک بووە لە خزمەت پاراستنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی ...................... ٢٤١

١٢٠- برایم چوکەڵی: سایتی گیارەنگ، بیست ساڵ ئەستێرەیەکی گەشاوەی دنیای مجازی ............................ ٢٤٣

١٢١- لوقمان حوسێنی: گیارەنگ سەرجەمی ئۆگرانی نووسین و خوێندنەوەی بە زمانی شیرینی کوردی لە دەوری خۆی کۆکرد بۆوە ................................................................................................ ٢٤٥

١٢٢- عەلی بالکی: ٢٠ ساڵەی خزمەت و کاری بەردەوام لە هەموو بوارەکاندا جێگایی ڕێز و ئێحترامە .................. ٢٤٦

١٢٣- یوسف ڕەحمانی: بەردەوام بە هەواڵ و زانیاری باش و بەکەڵک و بێ پسانەوە خزمەت بە گەل و نیشتمان دەکەن ........................................................................................................ ٢٤٧

١٢٤- قادر مکلاوەیی: ماڵپەڕی گیارەنگ بۆتە ماڵێکی ئەمانەتدار بۆ هەموو لایەک بەبێ فەڕق ...................... ٢٤٨

١٢٥- ساڵح ڕەبەتی: بێ وچان لە بواری ڕاگەیاندن و میدیاییدا لە راستای وشیار کردنەوەی خوێنەرانیدا خزمەتی کردووە ........................................................................................................ ٢٥٠

١٢٦- کەریم جاف: لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردودا بێ پسانەوە زانیاریەکی زۆرتان بە خوێنەرانی ئەم سایتە خەنجلانەیە بەخشیوە ................................................................................................ ٢٥١



## بۆ ماڵپەڕی گیارەنگی لەبەر دڵان.




**ڕەحمان نەقشی**

٢٠ ساڵ لەم پێش لەڕێکەوتی ٢٢ی ئەپریلی ٢٠٠٣ی زایینی = ٢ی بانەمەڕی ١٣٨٠ی هەتاوی ئەستێرەیەکی پرشنگدار بواری میدیایی هەتە گورەپان و بوونی خۆی ڕاگەیاندو و وەشانی خۆی دەست پێکرد، بەم بۆنەوە چەپکە گوڵێکی ڕازاوە و سپاس و پیزانین بە بۆنەی ٢٠ ساڵ کاری بەردەوام و بێوچانی شاشە ڕەنگینەکەی گیارەنگی سەرسەوز.

سڵاو و دەستخۆشی بۆ بەرێز و خۆشەویستان خاتوو شلێر حەسەن پوور و برا و هاوڕێ ئازیزم حەمەرەسووڵ کەریمی کە توانیویانە زۆر بە باشی یاسا و ئەرک و کارەکانی ڕاگەیاندن، بڵاو کردنەوە و کار و چالاکی ڕۆژنامەوانی بە شێوەی سەردەمیانە بەرێوەبەرن. هەر بۆیەش ئەو ماڵپەرە جێگای ڕێز و خۆشەویستی هەموو ئۆگرانی بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و هتد...

بۆ ئەمەگناسی و سپاس و پێزانینی ٢٠ ساڵەی وەشانی بەردەوامی ماڵپەڕی گیارەنگ دەستم کرد بەکۆکردنەوەی هەموو ئەم پەیام و پیرۆزباییانە کە بۆ ٢٠ ساڵەی دامەزرانی لە شاشەی ماڵپەڕی گیارەنگ بڵاو کراونەتەوە، لە دووتوێی ئەم نامیلکەیە ئامادە بکە و بیخەمە بەرچاوی ئێوەی بەرێزو خۆشەویست.

**لە گەڵ ڕێزو سپاس ڕەحمان نەقشی**

**ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠٢٣ی زایینی = ١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٣ی کوردی**



سەرچاوە
Serchawe

## پێناسەی ماڵپەری گیاڕەنگ



نووسینی: حەمەڕەسووڵ کەریمی

گیارەنگ ناوی کێوێکی جوان و ڕازاوەی ناوچەی سەردەشتی سەرسەوزە، لە قەدپاڵ و بنار و داوێنی ئەو کێوە بەرزە دا دەیان گوند و ئاوایی بچوک و گەورە هەن کە وەک ملوانکەیەک لە دەوری گیارەنگ ئاڵاون. لە مێژە گیارەنگ و گوند و ئاوای یەکانی ئەو ناوچەیە دەست لە ملانی یەکترن و سروشتێکی جوان و رازوەیان پێک هێناوە. لە وەرزی بەهاران دا بە دەیان جۆرە سەوزە و گوڵ و گیای رەنگاورەنگ ئەو کێوە بەرزە دەنخشێنن و وەک بووکی ڕازاوە بەرامبەر بە هاواڵی دێرینی خۆی لانک (کێوێکی نێزیک گیارەنگە)خۆ دەنوێنێ و پێکەوە سێبەر و فێنکای و جوانی بۆ ناوچەکە پێک دێنن. لە وەرزەکانی دیکەی ساڵیش دا بە دائیم دانیشتوانی گوندەکانی دەوری گیارەنگی پڕ لە گوڵ، بۆ کاری مەڕداری و وەرزێری و ڕەزەوانی لە بست بە بستی خاکی دەوری گیارەنگ کەڵک وەر دەگرن و بەشێک لە بژێوی ساڵانەی خۆیانی لێ دابین دەکەن.

گیارەنگ بە سەدان ڕەوەزە شاخی قائیم و پر لە دار و دەوەنی لە باوەشی خۆی گرتووە. ئەو سروشتە جوان و قائیمەش وایکردوە کە لە هەموو کاتەکانی شۆڕشی رزگاریخوازنەی گەلی کورددا، ئەو شوێنە بکرێت بە مەکۆی خۆراگری و سەنگەری

## ماڵپەری گیاڕەنگ

لەشکان نەهاتووی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

ناوی خۆشی گیارەنگ و جوانی و ڕازاوەیی ئەو کێوە بەرزە و ئەمەگ داری دانیشتوانی گوندەکانی ئەو ناوچەیە دەرحەق بە شۆڕشگێرانی دێمۆکرات و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بوو بە هۆی ئەوە کە لە ساڵی ١٣٦٥ی هەتاویی دا هێزێکی گەورەی پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ناوچەی سەردەشت بە ناوی گیارەنگ وە بکرێ. ئەگەر تاکوو ئەو کات ناوی گیارەنگ تەنیا وەک کێوێکی بەرز و رازاوە لە لایەن بەشێک لە خەڵکەوە ناوی دەبرا ئەوە ئەو جار گیارەنگ بوو بە ناوێکی رەمزی و ئاشنا بۆ بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی ناوچەی سەردەشت.

ناوی گیارەنگ بوو بە خۆشەویستی گشت لایەک، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دەیان منداڵ دوای لە دایک بوونیان ناوی"گیارەنگ" یان لێنرا. ئێستا ئەوانیش دڵخۆش و رازین و وەک کێوی گیارەنگی سەربەرز، شانازی بە خۆیان و بە ناوەکەیانەوە دەکەن.



بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ناوچەکانی بانە و پیرانشار و مەهاباد و بە تایبەت ناوچەی سەردەشت و بگرە دوورتریش شاهیدی چالاکی یەکانی هێزی گیارەنگ هەن، کە چۆن زراوی دوژمنیان تۆقاند بوو و دوژمنیان لەو ناوچەیە بە چۆک داهێنا بوو. ئێستاش دوژمن بە بیستنی ناوی گیارەنگ، زەربە گورچ و برەکانی هێزی گیارەنگ و کەلاکی زۆر و بۆری

## ماڵپەری گیاڕەنگ

کوژراوەکانی خۆی وەبیر دێتەوە کە بە دەستی بە توانای پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگ دەکەوتە سەر عەرز و هەموو ناوچەی سەردەشت و دەوری گیارەنگیان لێدەکرا بە گۆرستان.

هێزی گیارەنگ لەرزە و چەق وچۆیان دەخستە لەشی بۆگەنی بە ناو پارێزەرانی ئیسلام و وێرای هێزەکانی دیکەی پێشمەرگەی کوردستان تەنگیان بە دوژمنی ماڵ وێرانکەری جەهل و نەزانی ئاخوندی ئێران هەڵچنی بوو و بەهەشتی کوردستانیان لێکرد بوون بە دۆزەخی ئاگرین. هەر بۆیە گیارەنگ حەقی خۆیەتی لە جاران زیاتر سەر بەرز کات و خۆ چرۆپڕ تر بکات و ئامێزی خۆی بۆ پێشمەرگە شۆڕشگێرەکانی کوردستان و هێزی گیارەنگی سەربەرز ئاواڵە بکا و جارێکی تر دارو دەوەنە چغورەکانی خۆی بۆ رزگاری یەکجارەکی کوردستان بەرزتر بکا.

پێم وایە ئەو چەند دێرە بەس بێت بۆ وڵامی ئەو ئازیزانەی کە سەردانی ماڵپەری گیارەنگ یان کردووە و بۆیان پرسیار بوو کە ماڵپەری گیارەنگ چی یە و بۆچی ئەو ناوەی بۆ هەڵبژێردراوە.

بەڵێ ئازیزان، خۆشەویستی و جوانی و سەرسەوزی گیارەنگ و زەربە لێدانی هێزی گیارەنگ لە دوژمنی داخ لە دڵی کورد و چەندین هۆی دیکە بوونە هۆی ئەوە کە ناوی ماڵپەرەکە بکەم بە گیارەنگ و ڕۆژی ٢٤ی ئاوریلی ٢٠٠٣ وەشانی خۆی ڕاستەوخۆ دەست پێ بکات.

چەند ساڵ بە سەر دامەزرانی ماڵپەری گیارەنگ دا تێپەری. ماڵپەری گیارەنگ بۆ خزمەت بە هاوڵاتیانی کورد و دڵسۆزانی گەلی کوردی بەشخوراو دامەزرا و دەستی بە کار کرد. لە تەواوی ئەو ماوەیەش دا تا رادەیەک شان بە شانی ماڵپەرە کوردی‌یەکانی دیکە بۆ لە قاودانی پیلانی دوژمنانی کورد چوتە پێش و لە زۆر بواردا هەواڵ و بابەتی جۆراوجۆری بڵاو کردۆتەوە. ماڵپەری گیارەنگ چەند ساڵ لە تەمەنی تێپەری و لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو دا سەدان هەزار جار چرکەی لە سەر کراوە و هەروەها سەردانی کراوە.

هەر بۆیە بە پێویستی دەزانم لە ساڵرۆژی دامەزران و دەست بەکار بوونی ماڵپەری گیارەنگ دا سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەم کە بابەت و نووسراوە و وێنە و ڕاپۆرتیان بۆ ماڵپەری گیارەنگ ئامادە کردووە. هەروەها سوپاسی هەموو ئەو کەسانەش دەکەم کە سەردانی ماڵپەری گیارەنگیان کردوە و بیروبۆچوونی خۆیان لە سەر ماڵپەری گیارەنگ بە ئیمێل دەر بڕیوە و بەشێک لە هەڵە و کەموکوری‌یەکانیان بۆ دەست نیشان کردووم و زیاتر هانیان داوم کە بابەت و نووسراوەی نوێ

دابنێم و کاتی زۆرتری بۆ تەرخان بکەم.

لە کۆتایی دا سڵاو لە گیارەنگی خۆراگر و سڵاو لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بە تایبەت هێزی گیارەنگی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان. هەزاران ئافەرین بۆ خۆراگری و قارەمانەتی و لەخۆبردوویی خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

ماڵپەری گیارەنگ هاوکات لە گەڵ ڕۆژی کارەساتە دڵتەزێنەکەی بۆردمانی قەڵادزێ دا کە لە ساڵی ١٩٧٤ دا بە دەستی ڕێژیمی ئەفلەقی سەددام حوسێن وێران کرا، دەستی با کار و وەشانی خۆی کرد. هەر بۆیە هەموو ساڵێک لە ساڵیادی دامەزرانی ماڵپەری گیارەنگ دا بەڕێوەبەری ماڵپەر ڕێز و خۆشەویستی خۆی بۆ خەڵکی دوو جار شەهیدی قەڵادزێ دەر دەبڕێ و یادی ئەم کارەساتەش دەکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ – ڕێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### خەرمانەی خەرمانتان هەروا سوور و پڕ بەرهەم بێ!




**شلێر حەسەنپوور، حەمەڕەسووڵ کەریمی**

**گیارەنگ بە ئێوە بەرێزانەوە سەربەرزە.**

سەرەتا وەک بەرێوەبەرانی ماڵپەری گیاڕەنگ خۆمان بە بەختەوەر دەزانین کە ئێوەی ئازیز پاڵپشت و یارمەتیدەری ئەم کارە مێدیایی و ڕاگەیاندنەی گیاڕەنگن، هەر بۆیە سەری ڕێز و خۆشەویستی بۆ یەکەیەکەی ئێوە ئازیزان کە هەمیشە هاندەری سەرەکی ئێمە بوون و هەن دادەنوێنین. دەریای بێ سنووری پشتیوانی و گەوهەرەوشەکانی ئێوە ئازیزان، پێشنیار و تێبینی و دەربڕینی بیرو بۆچوونەکانتان لە سەر ماڵپەری گیاڕەنگ و ستافی بەرێوەبەری گیاڕەنگ، هێندە گەرم و پر لە هەست و سۆز و پڕ ڕێنوێنی و ئامۆژگاری و زۆر بوون، کە بە دڵنیایەوە ئێمەتان وەک جاران و بگرە زیاتریش قەرزداری گەورەیی و دڵسۆزی خۆتان کرد و بە ناردنی نووسراوەکانتان کە بۆ ئێمە هەموویان چەپکە گوڵ و میداڵی شانازی بوون، ڕێگەی بەردەوامیتان بۆ والاتر کردین و کێوی قافتان ئەوەندە بۆ نەوی کردین کە لە وێهەڵگەڕانی نەترسین و بەرەو سەرکەوتنی زیاتر هەنگاو باوێژین. بەڕێزان! ئێوە ئەم گیاڕەنگە ڕەنگینەی خۆتان بە پاڵپشتی و هاوکاریتان وەک کێوی گیاڕەنگ و هێزی گیاڕەنگ ڕەگئاژۆ و بەهێزتر کرد.

لە ڕۆژی ٢٢ی ئاپریلی ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی کە هاوکات بوو لە گەڵ ١٠٥ ساڵەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی، ماڵپەری

## ماڵپەری گیارەنگ

گیارەنگ وەشانەکانی خۆی راستەوخۆ بە دیزاینێکی سادە و ساکار دەست پێکرد. ئەوکات بۆ ناساندنی گیارەنگ لە سەر نێت، دەبوو زەحمەتی زۆر بکێشی تا بتوانی بە خوازیارانی ماڵپەری کوردی بناسێنی.

بەخۆشیەوە بە هۆی بوونی هاورێ و دۆست و خۆشەویستەکانمان زۆر زوو گیارەنگ سنوورەکانی بەزاند و توانی ببێتە میوانی ماڵەکانی نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات بە گشتی و ئۆگرانی ئازادی بە تایبەتی.

ماڵپەری گیارەنگ ئەگەر نەڵێین لە ریزی هەرە پێشەوەی ئەو ماڵپەرانەدا بوو کە بە شێوەی شەخسی و بێ پشتیوانی حیزب و لایەنێک بەرێوە چووە، دەتوانین بە دڵنیایەوە بڵێین کە لە سەفی نزیک بە یەکەمەکان دابوو.

ستافێکی دوو کەسی بە ئۆگرییەکی تایبەت بە خوێندنەوە و نووسین و کۆکردنەوەی بابەتەکان بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتێکمان بە بواری ئەدەبی کوردی و زمانی کوردی کرد بێ. جیا لەوە ماڵپەری گیارەنگمان بۆیە دامەزراند کە بۆشایی نێوان تاکەکان و کۆمەڵگا، بۆشایی نێوان پێشمەرگەی شاخ و شار و گوندەکان کەمتر بکەینەوە. گیارەنگ لە سەر پرنسیپێکی ئەخلاقی و خۆشەویستی بە نیشتمان و وەفاداری و ئەمەگ بە خەباتی پێشمەرگانە لە هەموو رەهەندەکان دا دامەزرا و بە پشت بەستن بە ئیرادەی گشتی و بە تایبەت نووسەران و ئەدیبان و ئازادیخوازنی کورد، پێشمەرگەئاسا بۆ سەرخستنی ماڵپەری گیارەنگ بە هاوکاری گشت لایەک هەنگاومان هەڵێنایەوە و بە خۆشیەوە ئێستا بیستەمین ساڵی دامەزرانی بە هیممەتی هەموو لایەک جێژن دەگرین و ئەم دەلاقە سەوز و رەنگینەی گیارەنگ ئاوەدانتر و رەنگینتر دەکەین.

لە ماوەی بیست ساڵی رابردوو دا رووداوگەلی جۆراوجۆر لە کوردستان و ئێران و جیهاندا روویان داوە، لە رووداوە مێژووییەکان دا، لە کارەساتە دڵتەزێن و ناخهەژێنەکاندا، لە قۆناخە خۆش و ناخۆشەکان دا، لە بەشی هەرە زۆری ئەم رووداوگەل و کارەسات و قۆناخانە دا ماڵپەری گیارەنگ بە قەدەر جێگە و پێگەی خۆی و تەنانەت زۆرتریش لە سەر خەت بووە و لە ساز کردنی هەواڵ و بابەت و رووماڵ کردنیان دا کەم و زۆر لە راپەراندنی ئەرکە مێدیایەکانی خۆی دا بە یارمەتی کەسانی خەمخۆر و دڵسۆز و کوردپەروەر بەجێ نەماوە و بە پێی توانا زانیاری گەیاندۆتە دەست بینەر و خوێنەر و دڵسۆزانی ماڵپەرەکەمان بە تایبەتی و گەلەکەمان بە گشتی.

هەر لەم پەیوەندییە دا و لە راپەرین و شۆرشی ژینا دا یەکەم ماڵپەر بووین بۆ ئەوەی بتوانین جیا لە پشتیوانی خۆمان بۆ

## ماڵپەری گیارِەنگ

ئەم راپەرینە، هاوکات بە کۆکردنەوەی وێنەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا و درووست کردنی ماڵپەرێکی تایبەت بە ژیاننامەی شەهیدانی ئەم قۆناخە توانیمان کە لە ڕووماڵکردنی بەشێکی بەرچاو لە خۆپێشاندانەکان و لە هاتنە سەر شەقام و راپەرینی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام لە سەر هێڵ بین و هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ شۆڕشی ژینا و درووشمی ژن ژیان ئازادی بچینە پێش و هاوکات بە درووست کردنی پۆستێری تایبەت بە شەهیدان ڕووپەرێکی نوێمان وەک راگەیاندن و ماڵپەری گیارەنگ بە ڕووی دەرەوەدا و بە تایبەت لە دەرەوەی وڵات بۆ خۆپێشاندانەکان هەبووە کە ئەوە بۆ ئێمە وەک ئەرکێکی نیشتمانی دیاری کراو بووە و ئێستاش هەروا وەک پشتیوانی ئەم شۆڕشە کار و خزمەتەکانمان درێژە دەدەین.

ماڵپەری گیارِەنگ ئەرکی راگەیاندن و بڵاو کردنەوەی زانیاری لە هەموو بوارەکاندا بە ئەرکی خۆی زانیوە، لە کارە نیشتمانی و نەتەوەییەکان دا هەردەم بە پێی توانای خۆی پێشەنگایەتی کردووە. گەلێک جاران نەیاران و دوژمنانی گەلەکەمان بە ئیمکاناتی زۆری ماددی و بە بوونی هێزێکی زۆری سایبێری لە ئێران، لە ڕێگەی هاککەرانی تورک و عەجەم کەوتۆتە بەر هێرشی هاککردن و ویستوویانە بێدەنگی کەن و پێش بە وەشانی بگرن، ڕەنگ بێ بۆ یەک دوو ڕۆژ توانیبێتیان کۆسپ و تەگەرە بخەنە بەردەم وەشانی گیارِەنگ و یا ئارشیوی بابەتەکانی لێ بفەوتێنن، بەڵام هەموو جارێک گیارِەنگ بە ئیرادەیەکی پێشمەرگانە، بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی و بەڵێنیەکانی و بە دەرس وەرگرتن لە ئەزموونەکان وەشانی خۆی دەست پێکردۆتەوە و مستێکی تووند و پۆڵائینی لە لمبۆزی نەفس نەزم و سیخوران و هاککەرانی سەر بە رژێمی جەهل و نەزانی و حکوومەتی پەت و سێدارەی ئێران داوە و باشتر لە پێشوو بە دیزاینی نوێتر و قائیمتر لە جاران دەستی بەکار کردۆتەوە و ئێستاش بە خۆشیەوە لە دارەدارە دەرچووە و ڕێگەی بۆ کاری داهاتووی خۆی تەخت کردووە و هەروا ئەسپی خۆی لە بوارای ڕاگەیاندن دا لە تەنیشت شۆرەسوارانی وەک ئێوە تاو داوە و بۆتە چەقڵی چاوی دوژمنانی کورد.

لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا ژمارەیەک لە نووسەر و ئەدیب و هونەرمەند و کەسایەتی تایبەت، بۆ چرکەساتێک لە گیارِەنگ دوور نەکەتوونەوە و بە ناردنی بابەتە هەمەڕەنگەکانیان هەم گیارِەنگیان پڕ نێوەرۆک کردووە و هەمیش وەک یارێکی بەوەفای گیارِەنگ، ئێمە و خوێنەرانی گیارِەنگیان لەبیر نەکردووە و هەنووکەش بەردەوام هاریکار و یارمەتیدەری ئێمەن. پۆلێک لە هاورێیانی گیارِەنگ بە سپۆنسەر کردنی گیارِەنگ، بۆ بەردەوامی وەشانەکانی بۆ ماوەی ٤ ساڵ ماڵپەری گیارِەنگیان لە باری ماددییەوە بێنیاز کرد، چەند هاورێی دیکەمان هەر لە سەرەتاوە بۆ ئەوەی گیارِەنگ بە بەرگی نوێ و تازەوە ببێتە میوانی ماڵەکان، لە باری دیزاین و دارشتنەوەی دا وەک کۆڵەکەی مانەوەی گیارِەنگ لە تەنیشت گیارِەنگ بوون و هەنووکەش هەروا بەردەوامن لە هاوکارییەکانیان، پۆلێک لە تێکۆشەرانی ریزەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان چ وەک بنەماڵەی شەهید و زیندانی سیاسی، چ وەک پێشمەرگە و هەڵسووراو و چالاکی سیاسی نێو سەنگەری خەبات و

## ماڵپەری گیاڕەنگ

تێکۆشان لە شاخەکانی کوردستان و قەڵای دێموکرات، بە ناردنی وێنە و بیرەوەری و زانیاری بەخشین بە خوێنەرانی گیاڕەنگ بناغەی ئەم هەوارە ڕەنگینەیان بە ئەستۆندۆکی خۆیان قائیم ڕاگرتووە.

ماوەتەوە کە ئەوە بڵێین، بۆ بەردەوامی ماڵپەری گیاڕەنگ، پشتیوانی ئێوە دڵسۆزان و بەڕێزان، گرینگترین خاڵی یارمەتیدەرە.

خۆشەویستان! کار و ئەرک و پێ ڕاگەیشتنی بەشە تکنیکی و ئیداریەکانی لە سەر ئێمە ستافی بەڕێوەبەری گیاڕەنگ و نووسین و ناردنی وتار و هەواڵ و بابەتی سوودبەخش لە ئێوە ئازیزانی گیاڕەنگ چاوەڕێ دەکەین. بەو شێوەیە بە یەکەوە دەتوانین لە خزمەتی گەلەکەماندا بین و یارمەتیدەری گەشە پێدانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بین و بە گەیاندنی زانیاری بە وەخت و بابەتی بە سوود هەموومان بە یەوەکە لە سەنگەری خزمەت بە گەل و نیشتماندا بچینە پێشێ.

ئێمە لەم دەرفەتەش کەڵک وەر دەگرین کە سوپاسی خۆمان بۆ گشت لایەک و بە تایبەت ئەو کەسانەی کە بۆ یادی دامەزرانی بیست ساڵەی گیاڕەنگ خۆیان ماندوو کرد و بە ناردنی بابەت و شەن و کەون کردنی گیاڕەنگ لە هەموو بوارەکاندا گیاڕەنگیان هەڵسەنگاند. لەم بەشەدا چ وەک نەقد و چ وەک وەسف و چ وەک تیشک خستنە سەر گۆشە و لاپەرە و دیزاین و کارەکانی ڕابردووی گیاڕەنگ و لەوەش گرینگتر چ وەک ناردنی پێشنیار و تێبینی بۆ دەوڵەمەندتر کردنی گیاڕەنگ هەموویان لە ناخی دڵمان دا بۆ هەمیشە بە گەورەیی و ڕووناکی دەمێنێتەوە.

ئێمەش وەک بەڕێوەبەرانی گیاڕەنگ، شلێر حەسەن‌پوور و حەمەڕەسووڵ کەریمی پابەند بە درێژەدانی ئەم ماڵپەرە دەبین و هەوڵ دەدەین کە لە ئاست چاوەڕوانییەکانی بینەران و خوێنەران و ئێوە ئازیزاندا بین. بە دڵنیاییەوە بە بەردەوامیمان، سەنگەری خەبات و تێکۆشانمان لە گیارەنگ دا بە دژی ڕژێمی تیرۆریستپەروەری ئیسلامی ئێران پتەوتر و قائیمتر بکەین.

لەگەڵ ڕێز و حورمەت

شلێر حەسەن‌پوور و حەمەرەسووڵ کەریمی

٢٤ - ٤ - ٢٠٢٣ی زائینی



سەرچاوە
Serchawe

## بیست ساڵەی ماڵپەڕی گیارەنگ.




**عەبدوڵلا حەسەنزادە**

٢٢ی ئاوریلی ٢٠٢٣ی زایینی (٢ی بانەمەڕی ١٤٠٢ی هەتاوی) بیست ساڵی تەواو بە سەر دامەزرانی ماڵپەڕی چالاک و ڕەنگاوڕەنگی گیارەنگ بە سەرپەرستیی تێکۆشەرانی دێموکرات خاتو شلێری حەسەنپوور و کاک حەمەڕەسووڵی کەریمیدا تێدەپەڕێ. بۆ کەسی ناشارەزا لە کاروباری میدیایی ئەم ڕووداوە شتێکی ئاساییە و ئەو بیست ساڵە وەک بەسەر هەموو تەمەنێکدا تێپەڕیوە لە تەمەنی پڕبەرهەمی ئەو ماڵپەڕەش گوزەراوە. بەڵام ئەوانەی ئەهلی دڵن و ڕۆژگارێک بە غەمی بەڕێوەبردنی دەزگایەکی میدیایی (ڕۆژنامە، گۆڤار، رادیۆ تەلەڤیزیۆن و...)وە تلاونەوە باش دەزانن ئیدارەی دەزگایەکی لەوبابەتە بۆ تەنیا دوو کەس و ئەویش بەبەر هەموو ئەرکەکانی ژیان و خەباتەوە و بەداخەوە زۆرجار دەگەڵ زۆر گیروگرفتی نەخۆشی و لەدەستدانی ئازیزان و هی دیکە چ ڕەنجێکی فەرهاد و چ لەخۆبووردوویی و شەو و شەونخوونییەکی لەگەڵ بووە.

دەزانین ئەو کچ و کوڕە بۆخۆیان هەموو ئەرکە ماددی و فکرییەکانی بەڕێوەبردنی ماڵپەڕیان بەتەنیا و بێ کۆمەگ و هاوکاریی هیچ حیزب و ڕێکخراو و دامودەزگایەک خستۆتە سەر شانیان و بە ڕووسووری و سەرکەوتوویی گەیاندوویانەتە ئەو تەمەنە کە هەر ئەمە خۆی جێگەی ئافەرین و دەستخۆشی و تەنانەت قەدرزانیی دڵسۆزانی گەلەکەیانە. بەڵام گیارەنگ و



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیاڕەنگ

**گیاڕەنگییەکان لەبەر هێندێ خەسڵەت و سروشتی جوانی دیکەش جێگای تەقدیر و پێزانینن. بزانین چۆن و لەبەر چی؟**

- گیاڕەنگ بە قەدەر توانای خۆی دەزگایەکی خەبەرگەیاندن بووە و ئەوەندەی دەستی پێڕاگەیشتبێ خوێنەرانی خۆی لە دەنگوباس و ئاڵوگۆڕەکانی پەیوەندیدار بە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان کۆ کردۆتەوە و بە ئەمانەتەوە بۆ خوێنەران و ئۆگرانی خۆی گوازتۆتەوە.

- دەگەڵ ئەوەی هەڵسووڕێنەرانی گیارەنگ سەر بە حیزبێکی سیاسی و لە تێکۆشەرانی چالاکی حیزبی خۆیان بوون، دەنگوباس و زانیارییان لەبارەی هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانەوە - ئەوەندەی دەستیان پێڕاگەیشتبێ - گوازتۆتەوە و نەیانهێشتوە دەمارگرژیی حیزبی بە کارەکانیانەوە دیار بێ.

- گیاڕەنگ هیچ وەخت نەبۆتە مەیدانی شەڕەدندووکەی کەسەکان و حورمەت و خاوێنیی قەڵەمی بەڕادەیەکی بەرچاو پاراستوە، کە ئەمە بەڕاستی شیاوی ئافەرین و دەستخۆشییە.

- زمانی گیاڕەنگ کوردییەکی پاراو بووە و لەباری ڕێنووس و ڕێزمانەوە یەکێک لە بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییە سەرکەوتووەکانە.

دیارە بەداخەوە نووسینی کوردی هێشتا شێوەیەکی یەکگرتووی نیە و ڕەنگە بەتایبەتی ئەوکاتەی بابەتی خوێنەرانی بڵاو کردۆتە تووشی جیاوازیی ڕێنووس بووبێ. بەڵام ئەوەندەی کاری بەڕێوەبەران خۆیان بووە دەکرێ بڵێین بە وردی یەکڕەنگی بە بابەتەکانیەوە دیار بووە. ئەمەش بە نۆرەی خۆی جێی خۆشحاڵییە.

زیادمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین ئارشیڤی گیاڕەنگ سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە کە دەکرێ لە هەموو بوارەکانی ئەدەبی و سیاسی و مێژوویی و خەبەرییەوە سەردانی بکرێ و بەهرەی باشی لێوەربگیرێ.

بەو بۆنەیەوە سڵاو و ڕێز و دەستخۆشی و ماندوونەبوونیم پێشکەشی بەڕێوەبەرانی گیاڕەنگ دەکەم و بەردەوامی و سەرکەوتنی زیاتریان بۆ بە ئاوات دەخوزم. بیست ساڵەی دامەزرانی گیاڕەنگ لە بەڕێوەبەران و خوێنەران و هەموو دڵسۆزانی کورد پیرۆز بێ و سەرکەوتن بۆ خەباتی حەقخوازانەی گەلەکەمان.

عبدالله حسن زادە



سەرچاوە Serchawe

## گیاڕەنگ ئاکتێڤی دابزیووە یا وەک عەلی خەندان کووتەنی خوایە وەکەس ناچێت!




بیژەن قارەمانی

چەند رۆژیکە هەرەوەزیکی سەیر لە هەموو لایەکەوە کراوەتە سەر سایتی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی گیاڕەنگ هەر مەپرسە هەرچی دەنکە جۆییکی پادشای خواردووە لەم هەرەوەز بەشدارە، سەیر لەوەدایە بابەت و نووسراوە و وتاری کەسیان وە ئەویتریان ناچێت....

هەر نووسینەی ڕەنگ بۆنی خۆی هەیە وەک گیای سەرە بەهاری وایە هەر بابەتەو تام و چێژی تایبەتی خۆی هەیە دەڵێی بەهاری دەشتی وەزنێیە لە جوانیدا وێنەی نییە...

سەرەتا وامزانی هاوڕێ و دۆست و مامۆستام کاک حەمەڕەسووڵ کەریمی و شلێر خان لە شاشەی فیسبووک ئاکتێڤیان دابەزیووە پێویستیان بە لایک کۆمینت و نووسین هەیە تا لە ڕێی خوا لەم دۆخە ڕزگاریان بیت ئاکتێڤیان بەرزبیتەوە!...

ئاخر ئەوە چەند ساڵێکە نەزمێک و بەزمێک پیدا بووە کابرا ماوەیەک دیاری نییە کەس نازانێ لە کوێیە، دەبینی لە پەنا ڕا لێت پەیدا دەبیت ئای میللەت بەمگەنی ئاکتێڤم دابزیووە پێویستم بە لایک و کۆمینت هەیە.....

جا سەیر لەوەدایە خۆ ئەو جۆرە لە هاوڕێیانە بە حەیاتیان دوو دێڕیان نەنووسیوە ئاگایان لە مەحمودی بێ زەواد نییە، ئاکتێڤیان چۆن دابزیووە نازانم!؟

بەڵام بۆ گیاڕەنگ وادەرنەچوو پاش پێداچوونەوە و خوێندنەوەی بەشی هەرە زۆری بابەت و باس و وتارەکان ئەوجار زانیم ئەوە "عید میلادە" واتە پڕ کردنەوەی تەمەنی پڕ لە فەخر و شانازی پەنجەرەیەکی ڕاگەیاندنی کوردی کە نە وەکەس دەچێت نە لە ڕەنگی کەسە، ئەگەر نەڵێم بە ڕەگەز دەچێتەوە سەر میراتگرانی ڕۆژنامەگەری کوردی ماڵباتی مێقدات مەدحەد بەدرخانەکان کە ١٢٥ ساڵ پێش بەردی بناغەی ڕۆژنامەگەری کوردیان دانا هەنووکەش ئەو ڕێگا و ڕێبازە بەردەوامە غەدرم لێکردوون....

دەڵێن جارێکیان عەلی خەندانی گۆرانیبێژ و هونەرمەند و قسە خۆش و قسە لە ڕوو لە بەر دەرکی دووکانی خۆی «ناوبراو مەعمەلی کڕین و فرۆشی خانوو و زەوی هەبوو» ڕادەوستی دەبینی کابرایەک بەو گوزەرەی دا تێپەڕ دەبیت هەرچی سەیری دەکا و لێی خورد دەبێتەوە وەکەس ناچێت زۆر تایبەتە بە ڕەنگ و ڕۆخسار....

لێیدەچێتە پێش دەستی دەگرێ دەیباتە ژۆری دووکانەکی کە جەماعەتێکی زۆری لێدەبێ و دەڵێ جەماعەت خوام پێیە وەرن سەیری کەن بزانن هەوە یا نا !؟

هەرچی کابرا تەکا و ڕەجای لێدەکا وازی لێ بێنێ تووشی کوفران نەبیت....
بۆ مەگەر عەلی خەندان واز دێنێ....

ڕوو لە جەماعەت دەکا دەڵێ ١٤٠٠ ساڵە موسڵمان دەڵێن خوا نە لە ڕەنگی کەسە، نە وەکەس دەچێ......

باشە پێم ناڵێن ئەو کابرایە وەکێ دەچێ لە خوای زیاتر!!

شرۆڤە و هەڵسەنگاندن و شەن کەوی گیاڕەنگیش بۆ ئێمەمانان ڕاست وەک نەقڵی عەلی خەندانییە ئاسان نییە، چۆن ئەو ڕێچکەی گیاڕەنگ لە ماوە و مەودای ٢٠ ساڵی تەمەنی دا گرتبوویە بەر نەک ئاسان نەبوو بگرە زۆریش زەحمەت بوو ...

## ماڵپەری گیاڕەنگ

ئاخر ناکرێت تۆ سەر بەلایەنێک بیت تا ئاستی پلەی ئەندامی ڕێبەری کادرێکی مەیدانی بەڵام لە نووسین و هەڵوێست دەربڕین لە سنورەکانی ئەخلاقی ڕاگەیاندن نەترازێیت، جا لۆمەم مەکەن کە دەڵێم وەکەس ناچێت چۆن لە نیزیکەوە سەیری کار و ئەرکە حیزبیەکانیانم کردووە لەهەمانکاتدا ئەرکی ڕاگەیاندنی ئەوان شلێر خان و کاک حەمەڕەسووڵ لێرەش جیاواز دەرکەوتن تەواو کار، تەواو وەخت ژیانیان بۆ کوردایەتی تەرخان کردووە، بێ ئەوەی سنوورەکانی ئەخلاقی سیاسی کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندن تێک بدەن یا بە دژی یەکتر بەکاریان بینن ، ئاخر ئاسان نییە.....

گیاڕەنگ وەک موعیزەی مەلای مەزگەوتی مەنگوڕان و سۆفی خواناسی قەراغ کۆڵەکەی مەزگەوتی بەسەرهاتووە ئەو ٢٠ ساڵەی تەمەنی بەسەر پردی سێڕاتی دا ڕوویشتووە بێ ئەوەی پێی ترازا بێت....

دەڵێن و دەگێڕنەوە: مەلا لە مزگەوتی موعیزەی دەکرد باسی خواناسی و ترس و خۆفی لە خوای دەکرد لە ڕۆژی مەعشەرێدا ..... حیساب و کیتاب، ئاوهایە کەسی موسڵمان بەسەر پردی سێڕاتییدا دەپەڕێتەوە: ئەو پردە لە مووی باریکترە لە ئەڵماسی تیژترە ، دنیا بەحریکی بێ بنە لەسەر پشتی گایە و گا لە سەر پشتی ماسیی .... ولحاسڵ!

کابرای سۆفی بەدم سەبیلە هەڵپێچانەوە دەڵێ: بەخوای مامۆستا ڕاستە خوا لە جێی حەق دانیشتووە ، بەڵام وەڵڵاهی ئەو تڕەکەڵەکەی تۆ باسی دەکەیت سەر ناگرێ کەس لەو پردەی ناپەڕێتەوە.....

بەڕاستیش ئەگەر سەیری ڕابردووی کاری حیرفەیی سایتی گیاڕەنگ کەبین بەتایبەت ئەو دوو زاتەی مەلا و مورشید و موفتی ئەو سایتە بوون و هەن بەڕێزان خاتو شلێر حەسەنپور و کاک حەمەڕەسووڵ کەریمی ئەو ڕاستییەمان زیاتر بۆ روون دەبیتەوە ئەو بیست ساڵەی کارییان بەکام پێوانە و تەرازوی ئینساف و داد و عەدڵ بۆ هەڵسەنگینن .....؟

ئاسان نییە سەر بە ڕێبازێکی فکری تایبەت و لە چوارچێوەی تەشکیلاتی حیزبیکی سیاسی بە ئەزموون و پڕ لە هەوراز و نشێو بیت، بەڵام لە ئاست کار و ئەرکی ڕاگەیاندن نە سنوورەکان تێکدەی و نە سنوورەکان بەبزێنی ، کارێک کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەگەر نەڵێم ئاسان نییە تەنانەت محاڵیشە..

شتێک کە گیاڕەنگ کردی لە ماوەی تەمەنییدا بە خەڵکی هاوشێوە نەکرا.

## ماڵپەری گیاڕەنگ

گیاڕەنگ لە مەودای تەمەنیدا خۆی لە قەرەی ئەو بابەتانە نەدا و نەچووە ژێرباریان کە باراشی ئاشی دووبەرەکیان دەهاڕی بۆیان گرینگ نەبوو بەرژەوندی نیشتمان و نەتەوە.

گیاڕەنگ لە شاخیکەوە بوو بە هێزیکی پێشمەرگە لە هێزیکی پێشمەرگەوە بوو بە ناوەندیکی ڕاگەیاندن لە وەلاتیکی دێموکرات و ئازاد، لە ئێرادەدا هەمان شاخ بوو لە هزر و بیر دا هەمان هێزی پێشمەرگە بوو لە ئەخلاق و نیشتمان پەروەریدا بێ وێنە و هاوتا بوو، لە ناو هەڤاڵان و دەستە خوشکەکانیدا بە ڕەنگ و روخسارێکی جوانتر دەرکەوت....

لە ڕاستیدا ماڵپەڕی گیاڕەنگ لە بیست ساڵی تەمەنی خۆیدا، هەم بەرزایی شاخی پێوەدیار بوو، هەم ورە و ئیرادەی پێشمەرگانەی بە روخساریەوە نەقشی بەستبوو، هەمیش پەنجەرەیەکی ڕاگەیاندن بوو کە توانی کەس بریندار نەکا و ڕێگای بە هەموو نووسراوە و نووسەرێک نەدا کە نێویان لا گرینگ بوو نەک نێوەروک...

بە باوەڕی من کە ساڵانیکە لە ڕۆژهەڵاتەوە تا سوئید چاوم بەسەر گیاڕەنگەوە بوو، لەگەڵی ژیاوم لە نیزیکەوە هەر دوو بەڕێزان شلێر و حەمەڕەسووڵم ناسکردوە ئەوان بە ڕەچەڵک بۆ کاری ڕۆژنامەگەری دەچنەوە سەر ماڵباتی بەدرخانەکان، موستەحیلە لەم عەسرەدا سەرەتای سەدەی بیست و یەک ڕێچکەو و ڕێگایەکت گرتبێتە بەر دڵی هەمووانت ڕاگرتبێ، بێ وەی پرنسیپە حیزبی تەشکیلاتیەکانی کاری خۆشت بردبیتە ژێر پرسیار...

بە باوەڕی من ئەگەر خەڵاتی نوبڵ لە ڕاگەیاندن دا بوونی هەبا ئەوە شایانی گیاڕەنگ بوو خەڵاتیک کە ساڵانیکە خوێنەرانی گیاڕەنگ لە بەرۆکی کارگێران و بەرێوەبەرانی گیاڕەنگیان داوە....

بیژەن قارەمانی

**بیستمین سال فعالیت خستگی ناپذیر سایت "گیاڕنگ" خجسته باد.**




**حسن حاتمی**

**بیست ودوم (٢٢) آوریل ٢٠٢٣ (٢ی اردیبهشت ١٤٠٢)، سایت وزین و رنگارنگ "گیارەنگ" که تعبیر از منطقەای سرسبز از کوه و جنگلهای سردشت در شرق کوردستان است، ٢٠ مین سال موجودیت خود را جشن می‌گیرد. این سایت در تنوعات و گوناگونی مطالب یکی از پلوراترین سایت‌های موجود در خانوادەهای کوردی و تا حدودی فارسی است، که فرا حزبی و همەرنگ عمل کرده و ساز خود را بر مبنای گوناگونیها و تفاوتها کوک کرده است.**

**در آستانەی تولد ٢ دهه از زندگی پر بار و متنوع "گیارنگ" از صمیم قلب به رفیق مبارز و خستگی ناپذیر کاک محمد رسول کریمی و یار و یاور همیشگی، وفادار زندگی و مبارزەی ملی و برابری طلبانەاش، خانم شلیر حسن پور و هر کسی که به هر نحوی از انحا به آنان کمک کرده و میکنند، تبریک و تهنیت عرض مینمایم. امید وارم فعالیت این سایت اطلاع رسان خوب و متنوع تا رسیدن به آزادی ملتهای موجود در ایران ادامه یابد و بعد از بهار آزادی نیز در ابعادی وسیع تر از حالا با شرکت مطلب نویسان و تحلیل گران جوان، مجرب و متخصص در رشتەهای گوناگون، گوناگونی و رنگارنگی سایت "گیارەنگ" را شکوفاتر کنند.**

**وقتی از سایت "گیارنگ" و فعالیتهای رنگارنگ آن تجلیل میشود، لازم دانستم به مختصری از زندگی و مبارزەی مسئولان آن،**



سەرچاوە
Serchawe

رفقا شلیر حسن پور و محمد رسول کریمی، و خانوادەاشان داشته باشم. کریمی بیش از ٤٠ سال در مبارزەای سخت و جانکاه، بوده و هست. او کوهها، غارها، درەها، جنگل‌ها، در سرما و گرمای طاقت فرسا، پیشمرگه، فرمانده، کادری آگاه، رهبری مجرب، انسانی سیاسی و نظامی کار که بیشتر در گروەهای پیشرو، شبانروز در مصاف با دشمن تاریک اندیش و جنایتکار رژیم اسلام سیاسی حاکم در ایران، را زندگی کرده است.
این رفیق مبارز، در یکی از مأموریت‌های پیشمرگانەی حزب دموکرات کوردستان ایران که بەمیان مردم خود و تجدید دیدار با مبارزان راه آزادی در منطقەی سردشت میرفت، به مین کار گذاشته شده از سوی سپاه رژیم خونریز و آدم کش اسلامی برخورد میکند. متأسفانه یک پا، دو انگشت دست را از دست داده و بدن پرتوانش از چند ناحیه بشدت زخمی میشود. و...
کریمی با دختری به نام شلیر حسن پور از جنس "عشق و آزادی" تعبیر شعری از استاد و شاعر فرزانه هیمن موکریانی شاعر ملی کورد، جوانی، عشق وعاشقی وبا پشتکاری سرشار از رهایی و انساندوستی در خاندان سرشناس و بزرگی از تبار جمهوری کوردستان و از ستونهای محکمی از مبارزان راه آزادی، دموکراسی و حقوق حقەی ملی کورد در منطقەی سردشت بوده و هست، را زندگی کرده و کارنامەای قطور از همکاری و فعالیت قبل و بعد از ازدواج را درعمر پر بارش دارد. مصیبت‌های وارده به محمد رسول، شلیر را مصمم‌تر بر ادامەی راه "دشوار زندگی" با هم بودن و درکنار یکدیگر شاد و آزاد اندیش زیستن را ثبت کرد. اینک با دختری خوش صدا، به نام باوان همچون پدر و دانشجو در یکی از دانشگاههای سوئد و صمیمی با برادر نوجوانش آلین، با پدر و مادرخود همراهند و همه ناخواسته بودن در غربت را نیز، زندگی میکنند.

هرچند از این بزرگواران، شلیر حسن پور و محمد رسول کریمی، که در فعالیت‌های حزبی و تشکیلاتی نیز جزو رهبران و مسئولان سیاسی و اتحادیه زنان دموکرات هستند و باوان کریمی، (دانشجو) و آلین کریمی (دانش آموز) اجازه نگرفتەام که دربارەشان سطوری بنویسم، ولی لازم دانستم، در ٢٠ مین سال موجودیت یادوارەی سایت فعال و پرکار "گیارەنگ"، به مدیران مسئول و خانوادەشان هم، همچنانکه در بالا ذکر نمودم، اشارەای داشته باشم که به نظرم، از طرفی میتوانند برای جوانان ما سرمشق خوبی برای یاد گرفتن باشند و از سویی دیگر حیفم میآمد که این همه زحمت، کار سرشارازخدمت به "بانک دانستنیها"، تعبیر از منست، را در "گیارەنگ" تولید کردەاند، در حد خیلی کم هم شده، اشارەای نشود.

دیگر بار ٢٠ مین سال تولد و زندگی سایت "گیارەنگ" در سوسیال میدیای کوردی – فارسی را از صمیم قلب تبریک عرض میکنم و امیدوارم نیم قرن و بیشتر به روش‌های گوناگون راه بپیماید و بعد از به ثمر رسیدن انقلاب ژینا / مهسا و ادامەی هرچه بیشتر "رنگین کمان، کیان پیر فلک"، همیشه سرسبز و مکانی برای خوانش‌ها و تحلیل‌های متفاوت باشد.

با احترام: حسن حاتمی



سەرچاوە
Serchawe

## گیارەنگ لە دوێنی و ئەورۆ و سپەینێ دا.




**نەبەز عەلیدووست**

بە پێی نووسراوە مێژوویەکان و گەراندنەوەی خەڵکانی شارەزا گیوی گیارەنگ مێژووی دژداری داگیرکەرانی دەگەرێتەوە بۆ دەورانی شەری یەکەمی جیهانی، هەڵمەتی تواندنەوەی زمان و ئەدەب و کولتوری گەلانی غەیرە فارس، بە مەبەستی یەک دەست کردن و یەکرەنگ کردنی کۆمەڵگای ئێران لە پانتایەکی بەرین دا رووی لە کوردەواریش کردبوو ئەوکات گیارەنگ دەبێتە مەکۆی خۆراگری و داگیرکەران لە داوێنی گیارەنگ لمبۆزیان لە خۆڵەپۆتێ وەردەدرێ.

لە جووڵانەوەی دژبە پاشایەتی ساڵەکانی ٤٦، ٤٧ دا تاتە بەرد و پچکە دەوەن و نسێو و قەدپاڵی گیارەنگ بە پاڵپشتی لانک داڵدەی شۆرشگێران دەدەن و خۆف و دڵەراوکەی لە دڵی ژاندارم و چریک و نەیارانی خۆماڵی دا دەروێنن، سەری بەرزی گیارەنگ بە باڵای غەدر هەڵدەکشێ و داوێنی دەبێتە نوێن و بانی هێزی موژدەهێنەری رزگاری و لاپەرەیەکی نوێ دەخاتە سەر مێژوویەکی پرشەنگدارتریش.

ئەوانەی لە شۆرشی نوێی گەلی ئێمە شارەزان و هەروەها بەشداری ئەو شۆرشە بوون، لەسەریان بیستووە یان خوێندوویانەتەوە دەزانن گیارەنگ وشەی هاو واتای سەردانەنواندن و پایەداری و بەچۆکداهێنانی دڕندەترینی سوپای دوژمنە.

## ماڵپەری گیاڕەنگ

بەڵام بابێینە سەرماڵپەری گیارەنگ، ئەو سەنگەرە بیرو هزرییەی بۆ دژداری بیست ساڵی رەبەقە بێ ماندوو بوون و پشوودان بۆ ساتەوەختێکیش ئاو راوەستابێ ئەو رانەوەستاوە، دایمە لە ژێر رەهێلەی هێرشی ئەرتەشی سایبێری دایە و بە تەنیا بەقەدەر دەیان و سەدان سایتی دژبەری کوماری ئیسلامی هێرشی کراوتە سەر و پلانی لە دژ بەکار هێنراوە. زۆرم نەگوتوە ئەگەر بڵێم تەنانەت سایتی بەشێک هێزە سیاسییەکانیش وەک گیارەنگ نەبوونە چەقڵی چاوی کوماری ئیسلامی.

کاک حەمەرەسووڵی زیدە ئازیز و خاتوو شلێری دلۆڤان بیست ساڵ پێش ئێستاو دوای ئەوەی بە ناچاری کاڵەی غەریبیان لێرە کردوە، شریخەی چەخماخی درێژەی تێکۆشانیان ئەوجار لە سەنگەری قەڵەم دا لێداو رەساڵەتی گیارەنگی مەکۆی خۆراگری و داڵدەدەری شۆرشگێرانیان لە ماڵپەرەیەکی ئێلکترۆنی دا لێدا، ئەوەش بڵێم ئەم دوو ئازیزە قەت لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامی نەوێستاون، کاکم یەکێک لە رێبەرانی لێوەشاوی خەبات و خاتوو شلێریش بەبەردەوامی ئەندامی بەرێوەبەری کومیتەی وڵات و یەکیەتی ژنانی دێموکرات بووە.

بۆ ئەو دوو هاورێیە ژیان لە دەرەوەی خەبات بۆ سەربەستی و عەداڵەتی کومەڵایەتی مانا نادات هەر بۆیە خەمخۆرانە لە چەند سەنگەر دا خەبات دەکەن.

گیارەنگی لەبەر دڵانیش نەتیجەی شەو و شەونەخوونی و ماندوونەبوونی ئەو جووتە ئەوینداەی ئازادییە، ئەوان باوەریان بە فرەچەشنی هەیە و رێز لە بیری جیاواز دەگرن هەر بۆیە سەکۆی گیارەنگیان بە پانتای دونیای بیر و ئەندیشە بەرفراوان کردوە و بەربەستیان بۆ بڵاوکردنەوەی کەس نییە، دەستی رەددیان لە سینگی کەس نەداوە و بە بڵاوکراوەی زانستی و ئەدەبی و سیاسی و دونیای منداڵان ... هیتد دەرگایان بۆ بڵاوکردنەوەی بیرو هزر لە سەر گازەرای پشت بووە.

گیارەنگ هەر ماڵپەرێکی ئیلکترۆنی سادە نییە گیارەنگ دەروازەیەکە بەرووی دونیای فێربوون، توێژینەوە، لێکدانەوە بە سەردانی ئەم ماڵپەرە دەرگای دونیایەکی دیکەت بەروو دا دەکرێتەوە، ئەو پێوەندی بەوەوە هەیە بە دوای چی دا وێلی، سیاسەتت دەوێ و بەدوای بیری نەتەوەیی دای ئەوە دەتوانی لە گەڵ لە دەلاقەی گیارەنگەوە سەردانی ماڵپەرەکانی حدکا بکەی، بیرو هۆشت لای مەسەڵەی ژنانە و دەتهەوێ سەبارەت بە نەخش و رۆڵیان لە کۆمەڵگادابزانی رێنوێنی ماڵپەری ژنانت دەکات.

کێشەی لاوان و گرینگدان بە جێگەو پێگەی ئەوان هەموو کات دەغدەغەی گیارەنگ بووە. دەتوانی سەردانی ماڵپەری

## ماڵپەری گیاڕەنگ

شەهیدان رووسووران و سوورخەڵاتانی مێژووش هەر لە گیارەنگ را بەسەر بکەیەوە. گیارەنگ ئادرەسی تاقانە کاناڵەکەی کوردکاناڵە ئەو ساڵ ماڵپەری شەهیدانی شۆرشی ژیناشی لە داوێنی گیارەنگ دا کە دایک بوو.

کەوابوو رەساڵەتی گیارەنگ بەرزە وەک کێوی گیارەنگ بەرفرەوانە بە پانتایی دەروون و قوڵایی و دیدی بەرێوەبەرانی و بۆ گەیاندنی زانیاری ماندوویی نەناسە وەک کاک حەمەرەسووڵ و خاتوو شلێر،

بۆ گیارەنگ بەردەوامی وەشاندن و بۆ ئەم جووتە ماندوویی نەناسەش لەش ساخی و تەندرووستی بە ئاوات دەخوازم.


ڕەساڵەتی گیارەنگ بۆ سبەی ئەوەیە کە بەردەوام بێ، لە درێژەدان لە ئەرکی وەشاندنی لە پێناو بەهێز کردنی بیرو هزری نەتەوەیی ڕۆڵەکانی کورد دا.

گیارەنگی لەبەردڵان بیست ساڵەی تەمەنت پیرۆز بێت.

نەبەز عەلیدووست

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### لە بەرنگاری چەکدارییەوە هەتا شەڕی کارا و کاریگەری ڕاگەیاندن و میدیایی.




**ناسر سادقی**

**زیاتر لە بیست ساڵ ... ناسر سادقی**

شەڕی کورد لەدژی داگیرکەران هەمیشە لەچیا و بەندەن نەبووە زۆرجار لە جەرگەی شار و شەقام و کۆڵان و مەکتەب و زانکۆش بووە. بەڵام ئەوەی شەڕی لە چیاوە بۆ مەکتەب و زانکۆو جەرگەی شار و ناو ماڵی یار و نەیار و خەنیمان لە سەراسەری کوردستان و، دیوە نەدیوەکانی دوور لە مەیدان و خەباتی چەکداری و سەنگەرە هەڵەمووتەکانی چیا دەگوازێتەوە، دنیای مەجازی و ئامێر و کەرەستەی نوێی هەواڵنێری و ماڵپەڕ و ڕۆڵی میدیایە. بەڵام هونەری بەڕێوەبەری و ئەرکی گواستنەوە و هەستی بەرپرسایەتی و سەرخستنی خەبات لە قۆناغی شاخەوە بۆ مەیدانی بەربەرینی دنیای ڕاگەیاندنی مەجازی و تەئسیر و کاریگەری هەواڵ و جۆری خەبات لە ئەستۆی مرۆڤە نیشتمان دۆست و باوەڕمەندەکانە کە دیسان پیشمەرگەئاسا و جەربەزانە بوونەتە مەیداندار و سەنگەر و شوورەی دیار و بەرگری، و بەوپەڕی سەخاوەت و لێبڕاوانە کات و تەمەنی زێرین و پڕ بەهایان بەنرخی شەونخوونی و خۆبەخشانە لەسەرشانە بۆ نووسینەوەی مێژوویەک لە شۆڕشی گەل.

## ماڵپەری گیاڕەنگ

لە بەرنگاری چەکداریەوە هەتا شەڕی کارا وکاریگەری ڕاگەیاندن و میدیایی.

سایتی گیاڕەنگ ناوێکی پڕ بە باڵای خەبات و خۆڕاگری و گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی چیای گیاڕەنگ و بۆن و بەرامەی مەندێ و بیزا و بە ساردی بەفراوی کانیاوە سەرتەزێنەکانی ئەو سەرانە و بە روونی شەونم وئـاونگی پەڕی گـوڵە شـەوبۆ و مێلاقە و بەجـوانی گـوڵە شـلێرەی لێـوار هەڵـدێر و بە هەیبەتـی هەنگـاوی پێشـمەرگە و بە وزەی وەسـەرکەوتنی هەوراز و تـوولە رێیەکانە.

شـەرتی سـەرکەوتن بـۆ ژونـاڵیسـتی نیشـتمانی ئەوەیە لە دژایەتـی و بەرهەڵەسـتی دوژمـن نەوەسـتی ئەو شـەرتە بـۆ کـاک حەمەڕەسووڵی کەریمی و خاتوو شلێری حەسەنپوور لە مەیدانی خۆڕاگری و ئێدارکردنی ئەو ماڵپەرە لە ماوەی بیست سـاڵ لە ناو ئەو هەموو هەرا و هەنگـامەی ژیـان و تـاراوگە وئەرکـی قورسـی ئـابووری و کەمی کـات.. تەنیـا هێـزی بەهێـزی ئەوان و ئیـرادە و جوامێریـانە کە توانـا و تەحەمـوولی ئەو ئەرکە بـێ وێـنەیە و رچەشکێنەیان گرتـۆتە ئەسـتۆ، ئەو بەڕێـزانە لە مەیدانی خۆڕاگری میداڵی سەربەرزی میدیاکاریان لە گەردنی خۆیان کردە نەخش و مێژوویەکـی پیـرۆز و هەرمانانیـان تۆمـار کـرد، بەحەق شـەرتی سـەرکەوتنیان بردەسـەر. خـاتوو شـلێری هێـژا و کـاک حەمەرەسـوڵی کەریمـی هەرگیـز لە دژایەتـی و بەرهەڵەستی دوژمن نەوەستان و ناوستن. ئەوان لە هەموو ەرزەکانـدا ژیـاون و دەژیـن، وەزی خـۆڕاگری لە ژێـر مووشکبـاران وەرزی ڕاپەرین و شۆرشی ژن ژیـان ئـازادی وەرزی هێرشی بەربڵاوی چەواشەکاری دوژمنـان بەرامبەر بە ڕاسـتی ڕووداوەکـان و سەرئەنجام وەرزی پەیوەندی و پردی متمانە و سەداقەتی خۆیان و گەل و ڕاسانی شاخ و شار...

هەربژین و سەرفرازبن.

ناسر سادقی



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیاڕەنگ

**بیست ساڵەی ماڵپەڕی گیارەنگ پیرۆز بێ.**




**ساڵە نەڵۆسی**

بیست ساڵ لە مەوبەر کە سایتی گیاڕەنگ دامەزرا، وەک ئێستا سوسیال مێدیا نەبوو کە هەر کەسە و مێدیای خۆی هەبێ. کورد پێویستی بە مێدیای سەربەخۆ هەبوو کە دەنگی خۆی بە کوردستانی‌یەکان بگەیێنێ. هێزە سیاسی‌یەکان ماڵپەڕیان هەبوو بەڵام دەیان بابەت کە لە گەڵ سیاسەتی واندا نەدەگونجا خۆیان لە بڵاو کردنەوەی دەپاراست. بۆیە سایتی گیاڕەنگ توانی ئەم کەلینە پڕ کاتەوە و ببێ بە دەنگی کەسانی بێ لایەن. هەرچەند بەڕێوەبەرانی سایتی گیاڕەنگ خۆیان ئەندامی چالاکی حیزبی دێمۆکڕات بوون بەڵام زۆر بابەتیان بڵاو دەکردەوە کە رەخنەی لە حیزبەکەی وان دەگرت.

سایتی گیاڕەنگ توانیویەتی جێگەی خۆی بکاتەوە و ببێ بە دەنگێک دژی کۆماری ئیسلامی ئیران، بۆیە چەندین جار هێرشی کراوەتە سەر بەڵام بە خۆشیەوە نەیان توانیوە بێدەنگی بکەن.

جێگەی خۆیەتی دەست خۆشیتان لێ بکەم کە توانیوتانە لە ماوەی ٢٠ ساڵدا لە کاری مێدیایی خۆتان بەردەوام بن، هەرچەند لە کاری حیزبی و شەخسی خۆشتان دا زۆر چالاکانە بەشدار بوونە.

بەرێزەوە ساڵە نەڵۆسی. سایتی پێشمەرگەکان

## ماڵپەری گیارەنگ

**وەک دەڵێن: "دیاری شوان ئاڵەکۆکە".**




**عەبدوڵلا کەریمی**

ماڵپەری گیارەنگ دەربیجە و دەلاقەیەک بۆ پەیوەندی لە نێوان پیشمەرگە و خەڵکی کوردستان و پردێک لە نێوان شار و شاخ.

پیرۆزبایی ساڵرۆژی تەمەنی ٢٠ ساڵەی گیارەنگ لە بەرێوەبەرانی ئەو ماڵپەرە، کاک حەمەرەسووڵ کەریمی و شلێر خانمی حەسەنپوور، هاوسەری کاک حەمەرەسووڵ کەریمی دەکەم.
بینیم زۆر لە بەرێزان لە ساڵۆگەری ٢٠ ساڵەی ئەم ماڵپەرەدا، زۆر بە وردی و بە باشی باسیان لە گرنگی و سوود و بەهرەکان و پرینسیپەکانی ئەو ماڵپەرە جوانە کردوە، بەڵام من دەمهەوێت ئەگەر بە کورتیش بێت باسێک لە خەبات و ماندووبونی ئەو دوو تێکۆشەرە ماندوویینەناسەی گەل بکەم، کە بەرێوەبەری ئەو ماڵپەرە جوانە بوون و هەن.

کاک حەمەرەسووڵ کەریمی کە لە تەمەنێکی زۆر لاوەتیەوە هاتۆتە ریزی شۆرش و پێشمەرگایەتی و یەکێک بووە لە پێشمەرگە هەرە ئازا و نموونەکانی حیزبی دێمۆکرات، پاشان پلەکانی بەرپرسایەتی جۆراوجۆری نیزامی و سیاسی یەک بە دوای یەک دا بریوە، دوای چەند جار بریندار بونێکی زۆر سەخت و قورس، کە جاری ئاخر چەند بەش لە جەستەی لە

دەست دەدات، ئەوکات ناچار دەبێت بۆ چارەسەری برینەکانی بەرەو هەندەران بە بێ ویستی خۆی لە زێدو نیشتمانەکەی دوور کەوێتەوە، بەڵام لەوێش هەدای نەداوەو، بەردەوام لە کارو تێکۆشانی حیزبیدا بۆ ساتێکیش رانەوەستاوە، هەر بە هۆیی خەمخۆری و رانەوەستان لە کارو تێکۆشانی حیزبی، کاک حەمەرەسووڵ هەمیشە خۆشەویستی هاوڕێیان و هاوکاران و ئەندامانی حیزب بووە، کاک حەمەرەسووڵ توانیویەتی وەک کەسێکی هاندەر و ئیلهام بەخش بۆ هاوڕێیان و هاوخەباتیانی لە تێکۆشان لە پێناو ئامانجە رەواکانی گەلەکەماندا دەورو رۆڵی هەبێت، حەمەرەسووڵ هیچ کات وەک کەم ئەندامێک لە نێو ڕیزی تێکۆشەراندا بەرچاو نەکەوتوە، من کە بە هۆی هاوکاری تەشکیلاتیەوە، لە کۆمیتەی شارەکەم دا کارم کردوەو، کاک حەمەرەسووڵ وەک بەر پرسی تەشکیلاتی گشتی حیزب لە وەڵاتی سوئێد بەردەوام سەروکاری لە گەڵ ئێمە هەبووە، زۆربەی کاتەکاتەکان لە کۆبوونەوە تەشکیلاتیەکاندا بەشدار بووم و لە نزیکەوە ئاگاداری تێکۆشانەکانی بووم، هیچکات کاک حەمەرەسووڵم وەک کەمئەندامێک نەبینی بوو، جارێک لە میوانی بوین لە ماڵی کاک مەحموود ساڵحی، کە قەت هەستم نەکردبوو کاک حەمەرەسووڵ پێوەی دیاربێت لاقیکی دەستکردی هەبێت، بینیم لاقێکی دەستکرد لە تەنیشتەوە داندرابوو، بە حەبەسانەوە گوتم ئەو لاقە دەستکردە هی کێیە؟ کاک حەمەرەسووڵ گووتی ئەوە ئی بەندەیە، سەرم سوڕمابوو، باشە زیاتر لە ماوەی پێنج شەش ساڵ بگرە زیاتریش هاوکاری تەشکیلاتی یەکتر بووین، بەڵام هەستم پێ نەکردبوو کاک حەمەرەسووڵ قاچێکی نەبێت، ئەوە بێجگە لەوەی زانیبوم کە دەستێکی تەنیا سێ پەنجەی ماون، کاک حەمەرەسووڵ هەر بە هوی لێهاتوی و ماندوویینەناسی خۆی لە دەروەی وەڵات, پلەی تەشکیلاتی تا ئاستی کۆمیتە ناوەندی حیزبی دێموکرات بڕیوە، کە ئێستا یەکێک لە ئەندامانی ڕێبەری حیزبی دێموکراتە.

شلێر خانمی حەسەنپوور کە هاوسەری کاک حەمەرەسووڵە، یەکێک لە بەرێوەبەرانی ماڵپەری گیارەنگە، لەو کاتەوە من لە وەڵاتی سوئێدم کە زیاتر لە ٢٦ شەش ساڵە لێرە دەژیم و دەیناسم، هەمیشە شلێر خانم وەک چالاکترین ژنانی حیزبم لەو وڵاتی سوئید دیتوە، نەک هەر لە بوارێک دا، بەڵکو لە هەموو بوارەکانی تەشکیلاتی و ژنان و لاوان و بەرپرسایەتی حیزبی دێموکراتیش دا.

وەک بەرپرس و ئەندامی کومیتەی بەریوەبەری، بەرپرسی تەشکیلات، بەرپرسی ماڵی کۆمیتە و بەرپرسی یەکیەتریی ژنانی دێموکراتی کوردستان و هەروەها لە هەموو بوارە جوراوجۆرەکانیتری تەشکیلاتی دا لەو وەڵاتە دیار و بەرچاوە بووە و تێکۆشانەکانی بۆ گشت لایەک دیار و ئاشکران.

دیسان جارێکی دیکەش دەست خۆشی و ماندوونەبوونی لەو دوو تێکۆشەرە ماندوویینەناسە دەکەم و پیروزباوی ٢٠ ساڵ تەمەنی سایتی گیارەنگیان لێدەکەم و دەڵێم نمونەتان زۆر بێت.



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### بە بۆنەی داگیرسانی مۆمی تەمەنی ٢٠ساڵەی ماڵپەڕی "گیارەنگ"ی ڕەنگین!




**ئاکۆ ئەلیاسی**

"بۆ ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن Press هەتا سەد ساڵ لەمەوپێش، دەستەواژەی" بەکار دەبران، کە لەو باردۆخەدا، جۆری ئەو ئامڕازانە، پتر خۆیانیان لە چوارچێوەی شتی چاپکراودا، دەبینییەوە. وشەی "پرێس"یش، ئاماژەیەک بوو بۆ ئامڕاز و کەرستەی پرێسکردنی چاپ و چاپەمەنی. دواتر لە ئاکامی بەرەوپێشچوونی ڕەوتی تێکنۆلۆژی، بە تایبەت لە بواری "ڕاگەیاندن"دا، ئاڵوگۆڕێکی قووڵ و بە بایەخ، بە تەیار بوون بە کەرەستە و ئامڕازەکانی چاپەمەنیی پێشکەوتووی سەردەم، لە بواری ڕاگەیاندن و چاپەمەنییدا، هاتە ئاراوە.

کورد، سەرەڕای هەموو ئەو زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە بەردەوامانەی کە بە درێژایی مێژوو لێیکراوە و دەرفەتی ئەوەی پێنەدراوە، ئەویش وەک هەر نەتەوەیەکی دیکەی سەربەست، لەگەڵ ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کاروانی زانست، ئازادانە و بە ویستی دڵی خۆی، بەرەو ئاسۆی دوارۆژ هەنگاو هەڵێنێتەوە، بەڵام دڵسۆزان و خەباتگێڕانی نەسرەوتوو و خەمخۆرانی بواری زمان و ئەدەبیاتی کوردی، لە وەها دۆخێکدا، نەک تەنیا بێهوا و دۆشدانەماو نەبوون، بەڵکوو بە هەمووو شێوەیەک و زۆر جارانیش بە قەبووڵکردنی هەڕەشە و گوڕەشەی مەترسیدار بۆ سەر ژیان وماڵیان، بوێرانە و دلێرانە، قۆڵی هیمەتی خزمەتیان لێهەڵماڵیوە و بەشێکی زۆر لەو تێکۆشەرانە، زۆربەی تەمەنی خۆیانیان بۆ بووژاندنەوە و گەشەپێدانی ئەو بوارە

## ماڵپەری گیارەنگ

تەرخان کردووە. یەکێک لەو بوارانە کە کورد، سەرەڕای گشت ئەو کەند و لەند و بەربەستانەی کە لەسەرەوە ئاماژەم پێدان، وەک گیروگرفتی سەرەکیی بۆی هاتوونەتە پێش و دەرفەتی بە ئازادیی بیرکردنەوەی پێنەدراوە، کاری هزریی و چالاکی ڕۆشنبیری بووە، کە دیارە پرۆسەی ڕۆژنامەگەریی ـ ڕۆژنامەوانی ، یەکێک لەو خاڵانە بووە، کە باسی لێوەکرا. ئەگەر چاوێک بە مێژووی کاروانی ڕۆشنبیری و ڕۆژامەوانیی کوردی بە گشتیی بخشێنین، ڕاستیی و دروستیی ئەو بابەتەمان، پتر بۆ دەردەکەوێ.

دەسپێکی قۆناخی بە "دیجاتالیزە بوون"ی بواری ڕۆژنامەگەریی وڕاگەیاندنی چاپەمەنیی خێرا، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ساڵی ١٩٩١ی زایینی بۆ یەکەمجار زانایەکی بواری فیزیک لە وڵاتی ئینگلیس، ماڵپەڕێکی "ئنتێرنت"یی داهێنا و ئیدی ئەم ڕەوتە وردە وردە ڕووی لە گەشەکردن و هەڵدان کرد و بە هەموو لایەکی ئەم جیهانە پان و بەرینەدا، پەلوپۆی هاویشت.

ئەم تەکان و شەپۆلە بە هێزەی مۆدێرنیزەکردنی بواری چاپەمەنیی و ڕاگەیاندن کە بە چەمکی "دیجیتالیزاسیۆن" ناسراوە، بواری ڕاگەیاندن و چاپەمەنیی کوردیشی گرتەوە و بە دەیان و دواتریش بە سەدان، ماڵپەڕ و ماڵۆچکە و بلۆک و هتد، لە دنیای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانیی کوردیدا، لە دایکبوون.

ماڵپەڕی "گیارەنگ"یش، دەسکەوت و بەرهەمی بە نرخی ئەو ڕەوتە نوێیەیە لە دنیای ڕۆژنامەوانیی "ئینتێرنێت"ییدا. هەرچەندە بیستنی ناوی "گیاڕەنگ "وەبیرهێنەرەوەی شاخێکی کەڤناری بە ناوبانگی دەڤەرێکی ناسراو و مێژوویی کوردستان بە ناوی "سەردەشت"ە، لە هەمان کاتیشدا، وەبیرهێنەرەوەی قۆناخێکی پڕەشەنگداری خەباتی بە کردەوە و بەرخۆدانی شۆڕشگێڕانەی ڕۆڵە قارەمان و چاونەترسەکانی ئەو ناوچەیەی کوردستانە. بۆ من سەرنجڕاکێشتر لەوە ئەوەیە، کە دامەزرێنەرانی ماڵپەڕی هێژای "گیارەنگ"، واتا کاک (حەمەڕەسووڵی کەریمی و خوشکە شلێر حەسەنپوور) لەو تێکۆشەرە نەسروتووانەی ڕێگای سەربەستیی نیشتمانن، کە بۆ خۆیان، لەو قۆناخە پڕەشەنگدارەی خەباتی بە کردەوە، بە شێوەیەکی کردەیی بەشدار بوون و لە پێناوی ئازادییدا، ڕەنجیان داوە.

ئازادیخوازانی بە باوەڕ، بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانیان، لە هیچ تەنگوچەڵەمە و بەربەستێک ناپرینگێنەوە و ئەوان بەردەوام، خەونی گەیشتن بە بەهاری سەوزی پڕ لە سەربەستیی نیشتمانەکەیان دەبینن و شوێن و زەمەن، ناتوانن کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ڕەوتی تێکۆشانیان دابنێن. هەر بۆیە، کاک حەمەڕەسووڵ، کە ڕوو دە تاروگە دەکات، لەو خەونە پیرۆزە دانابڕێت و لەگەڵ هاوسەرە خەباتگێڕەکەی، خاتوو شلێر حەسەنپوور، سەرەڕای ئەوەی کە تازە دەگەن بە وڵاتی

## ماڵپەری گیارەنگ

سوئێد و لە گەڵ دەیان گیروگرفتی جیاوزای کولتووریی و وێکنەچوونی سیستەمی کۆمەڵایەتی و زۆربواری دیکەش، بەرەوڕوو دەبن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو بەربەستانەش دا، لە وڵاتی سوئێد قوڵی هیممەتی لێهەڵدەکەن و یاد و ناوی "گیارەنگ"ی سەرسەوز، لە تاراوگەیەکی سارد و پڕ لە بەستەڵکە، هەر ئاوا سەوز ڕادەگرن و لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایینییەوە، ماڵپەری ڕەنگاڵەیی "گیارەنگ"ی دڵنشین وەڕێدەخەن و ئەوجار ئەوانیش، تێکەڵ بە ڕەوتی کاروانی وشە و زمان و ئەدەبی کوردیی دەبن.

ئەگەر ئەرکی ڕاگەیاندن، گەیاندنی ڕوانگەی تاک یا کۆمەڵێک کەس بە کۆمەڵێکی دیکە بێت و مەبەستی سەرەکیشی پێکهێنانی ڕایەڵکەی پێوەندیگرتن لەگەڵ کۆمەڵگادا بێت، ئەوە بێگومان ماڵپەری "گیارەنگ" تا ڕادەیەکی زۆر لەو پێوەندییەدا ئەرکەکانی خۆیی بە جێگەیاندووە و ئێستا ئیدی جیگە و پێگەیەکی ناسراوی لە نێو دنیای ڕاگەیاندنی کوردیدا هەیە.

ماڵپەری گیارەنگ، بە ئاوەڕدانەوە لە زۆربەی بەشەکان و بە لەخۆگرتنی بابەتە هەمەجۆر و ڕەنگاڵەییەکانی وەک: ڕامیاری، ئەدەبیات و شیعر، بوارەکانی ژنان، لاوان، بەشی هەواڵ و وتوویژ و ڕاڤە و شرۆڤەی پێشهاتە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان و هتد، بۆتە مێرگێکی زۆر ڕەنگین، کە لە سینگیدا، باخچەی دەیان چەپکە گوڵی ڕەنگاورەنگ و بۆنخۆش.
من بە نۆرەی خۆم، سەرەڕای دەستخۆشی و ماندوونەبوونی کردن لە تێکۆشەری نەسرەوتووی ڕێگای ئازادیی، کاک حەمەڕەسووڵ کەرەمی و هاوژینە دڵسۆزەکەی، خاتوو شلێر حەسەنپوور، بە بۆنەی داگیرسانی مۆمی تەمەنی ٢٠ساڵەی ماڵپەری "گیارەنگ"ی ڕەنگین، پیرۆزبایی گەرمم لەوان و لە ڕێگای ئەوانیشەوە، هەموو ئەو کەسانەی ، چ لەڕابردوو، چ لە ئێستا و چە لە داهاتووش، بۆ بەردەوامیی و دەوڵەمەندبوونی گیارەنگ، تیکۆشاون و هەروەها ئێستاش شێلگرانە تێدەکۆشن پێشکەش دەکەم.

ئاکۆ ئەلیاسی

## ماڵپەری گیارِەنگ

### هەڵکشانی تەمەن و هەگبەی پڕ لە وشە.




**قادر نەبیزادە**

**تەمەنی گیارِەنگ بەو ئەزموونانەی وەسەریەکی خستوون بەرەو کامڵتربوون دەڕوات و ساڵێکی دیکەی ژیانی پڕ لە ئاواتەکانی دەست پێدەکات. لەوسەردەمەی دا گیارِەنگ دەستی بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی کرد بۆ بەشێک لە ئێمەمانان کە تازە لە غەریبایەتی گیرسابووینەوە بوو بە پشتیوانەیەکی باش بۆ ئەوەی بتوانین ئاگاداری بابەتگەلێک بین کە لە شوێنی دیکە چاومان پێی نەدەکەوت.**

**بەڕۆژکردنەوەی بەرنامەکانی گیارِەنگ وایکرد کە زۆر بن ئەوانەی دەیانهەویست لە سەر ڕووداوەکان، شتی تازەیان دەستبکەوێ. بابەتەکانی گیارِەنگ لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو دابوون و وەک خۆم بابەتێکی وام نەدیتوە کە خوێنەر لە خۆی دوور بخاتەوە. ئەو خاڵەش کە گەلێک گرینگە، نیشاندەری وردبینی و وریایی دەستەی بەڕێوەبەری ئەو سایتە خۆشەویستەیە. بێشک هەر ئەوەش لەو بەڕێزانە چاوەڕواندەکرێ لەبەر ئەوەی هەم کاک حەمەڕەسووڵ و هەمیش باجە شلێر پەروەردەکراوی نێو مەکتەبی شۆڕشگێڕین. ئەوکاتانەی بابەتێکی دڵخۆشکەر سیمای گیارِەنگی گەشتر دەنوێنێ، زەردەخەنە دەکەوێتە سەر لێوی خوێنەران و لەگەڵ بابەتە خەمهێنەرەکان، خوێنەرانیش ئاخ هەڵدەکێشن و فرمێسک دەڕێژن.**



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیاڕەنگ

لەوماوەیە دا گەلێک جار ناحەزان ویستوویانە پێش بە کارەکانی گیاڕەنگ بگرن و هاکیان کردوە بەڵام بە حەولی خۆشەویستانی سایتەکە، وایان کردوە کە ماوەی دابڕانی لەگەڵ خوێنەرانی کوورت بێت. ئەو دانەبڕانە وەک خاڵێکی بەهێزی گیاڕەنگ و سەربەزی گیاڕەنگ دەبێ سەیر بکرێ.

بەو بۆنەوە چەپکێک گووڵی ڕێز پێشکەش بە کاک حەمەڕەسووڵ و باجە شلێر و هیوام ماندوونەبوونیان و بەردەوامیانە لە پێڕاگەیشتن بە گیاڕەنگی هەموان.

قادر نەبیزادە

## ماڵپەری گیاڕەنگ

**بیست ساڵ هەوڵی نەپساوە و بەردەوام لە راستای خزمەت بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان.**




**عەلی مێهرپەروەر**

برای بەڕێز کاک حەمەڕەسووڵ سڵاو

پیرۆزبایی ٢٠ ساڵی تەمەنی گیارەنگ کە بەرهەمی بیست ساڵ هەوڵ و تیکۆشانی هاوژینی بەرێزت و ئێوەی هێژایە ئەکەم. بیست ساڵ هەوڵی نەپساوە و بەردەوام لە راستای خزمەت بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان ئەویش لەکات و ساتیکی وەهادا کە رێژیمی دژ بە کوردی کۆماری ئیسلامی بە هەموو توانای خۆیەوە تیکۆشاوە دەنگی مافخوازی گەلی خەباتکاری کورد کپ بکاتەوە، گەلێک پربایەخ و جیی رێزلێگرتنە.

تا ئەو رادەیە چاوم لە گیارەنگ کردوە سەرەرای ئەوەی مۆرکی لایەنێکی تایبەتی پێوەیە بەڵام هەوڵی داوە تا بۆی کرابێ دید و روانگەی جیاوازیشی لە دوو توێی سایتەکەدا جێ بکاتەوە کە ئەوە لە کاری میدیاییدا گرینگ و بایەخدارە.

هەر وەک باسم کرد ٢٠ ساڵ کاریکی بەردەوام لە هەمانکاتدا کە ئیرادەیەکی بەهێزی دەوی دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی ئەزموونێکی زۆر کە بێگومان لە دەوڵەمەند کردنی ناوەرۆک و رواوڵەتی سایتەکە دا کاریگەری بێ ئەملاو ئەو لای دەبێ

## ماڵپەری گیاڕەنگ

گومان لەوە دا نیە کارێکی پوختە و بەپێز لە پرۆسەی ئەزموون و خەت دان دا دێتە کایەوە.

هیوادارم لەو ڕێگەدا کە بیست ساڵە ڕێبوارییین هەروا جێی متمانە و ڕەزامەندی خوێنەرانی سایتەکە بن و لە ئەرکە پیرۆزەکەتاندا سەرکەووتر بن.

بە سڵاوی دووبارە

علی مهرپرور

## ماڵپەری گیاڕەنگ وەک کێو و چیای گیارەنگ سەر بڵیندە.




**مەتین کۆخانی**

منیش بە ئەرکی خۆم زانی پێنووسی کڵۆڵم لە وەسف و ئەرک و پێزانینیدا لە حاست دوو تێکۆشەری ماندوونەناس، دوو مرۆڤی جوان و شۆڕشگێڕ هاوکات دڵێک و دوو جەستەی تێکەلاو، دوو ئەویندارى دەمبەخەندە، بۆ ساڵوەگەڕی گۆڤاری گیاڕەنگ، چەند دێڕێک بنووسم، سەرەتا ئاوڕێکی کورت لە ناسینی ناوی چیای گیاڕەنگ و پاشان گۆڤارەکە!

### گیاڕەنگ زیاتر بناسین

گیاڕەنگ ناوی چیایەکی سەربڵندە هەڵکەوتوو لە نزیک شاری سەردەشت و داوێنی پڕ لە جوانی و ڕازاوە بە لێڕەوارێک پڕ لە دارستان، هەر وەها ئەو چیایەدا چەند گوندێکی خۆشی لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوە،وەک دیوالان، بووبانە هیتد لەساڵی شەستەکان لەلایەن حیزبەوە ناوی هێزەکان بە چیابەناوبانگەکانی شارەکان نێوزەد کران، هێزی گیاڕەنگ ئیتر بەرگێکی دیکەی شۆڕشگێڕی کردە بەر و زیاتر ناوبانگی دەرکرد و ئازایەتی پێشمەرگە لەو دەڤەرە زیاتر پەرەی سەند، لە نێو ئۆرگانەکانیشدا ڕۆژنامەی دیواری دامەزراو و هەر هێزەی ناوی چیایەکی بۆ گۆڤارەکە دانا، گیاڕەنگ بەم شێوە هەنگاوی نا کە تاکە گۆڤارە لەگەڵ دیجیتاڵ تێکەڵ بووە.

## ماڵپەری گیاڕەنگ

بەر لە هەموو شتێک با پیرۆزباییێکی چەند دێڕی بۆ تەمەنی بیست ساڵەی گۆڤاری گیاڕەنگی سەربەرز بنووسم، پاشان بەناو دارستانی وشەکاندا لە نیگای جوانی گیاڕەنگ تێر بم و هیچ گومان و دڕدۆنگییەک لە ناخی خۆزگەکاندا نەهێنمە بەرچاوم، ئەم ناودارستان و سەری چیایە پڕیەتی لە سەوزایی و جوانی و شنەبای گەوهەر وشەی بەنرخ.

بۆیە زۆر بەتامەزرۆییەوە ناخی وشەکانم خوێندەوە لە ڕوحێکی پاک و بێگەرد کە دەیان جار هێرشی داگیرکاری و تاڵەواری ژیانی بێ ئازادی بینیوە، سەدان حەماسەی بەرگری،لە لایەن ڕۆڵە ئازاکانی ئەو مەڵبەندەوە لێدیتراوە خوێنێکی زۆر لە پاراستنی ڕژاوە جێی خۆیەتی لەناخی دڵمەوە سوپاسی ئەرک و زەحمەت و تێکۆشانیان دەکەم، هەر وەها بەڕێوە بەرانی ئەم گۆڤارە لە ماوەی ئەم بیست ساڵەدا گیاڕەنگتان لە جاران زیاتر پاراستووە و بەرزتان ڕاگرتووە، ئێوەی هێژا ئەو گوڤارەتان زیاتر بەرین و بەربڵاو کردەوە دەتوانرێت لەجیهانی سوسیال میدیادا گیاڕەنگ جوانتر و ڕازاوەتر بێتە بەر دیدەی خوێنەرانی.

سەردەمانێک ئەم گۆڤارە وەک زۆربەی گۆڤاری هێزەکانی دیکە لە بووڕەوە بەرەو کێڵگەیەکی پڕ پیت و بەرەکەت بەرەو پێشەوە بردووە، بە هەوڵ و ماندووبوونی زۆرەوە نەتانهێشت لە وەستان بکەوێ، ئەوە هەوڵی بێوچانی ئێوەی تێکۆشەر بوو، گەیانتانە ئەمڕۆژە و لە جیهانی سوسیال میدیادا چیای سەربەرزی گیاڕەنگ لە دیوارەوە بکەنە دیجیتاڵی، هەر بژین و بمێنن بەسەربەرزی.

وەک خۆم پڕبەدڵ هەم دەستتخۆشی ، پیرۆزبایتان پێدەڵێم
ئاواتەخوازم هەردەم تەمەندرێژ و سەرکەوتوو و ئەویندارانە بژین.

## بیست چەپکە گوڵ بۆ بیست ساڵەی سایتی گیارەنگ!




**م. زێرە**

لەلای ئێمە شەبەقی ڕووناکی هەتاو لە ڕۆژهەڵاتی تەرەغە (بۆکان) خۆ وەدەر دەخا و لە ڕۆژاوای تەرەغە (سەردەشت) ماڵ ئاوایی دەکات و تاریکای باڵ بە سەر وڵات دا دەکێشێ. ئێوارەیە و ماندوو شەکەت لەسەرکارراگەڕاومەتەوە، کە چاوانم لەسەریەک دانا و بەقوڵایی بیر وناخی دەروونمدا چومەخوار، ئاوری دڵ بەرەو بۆکان سواری ئەسپی خەیاڵی کردم.

لە ئاڵێکەندی شەهیدانەوە دەڕوانمە چیای تەرەغەی و لەوێوە بەرەو هەتاو چاو هەڵنایە، بەدستی چەپم سێبەرم بۆ چاوم دروست کردووە، لە زۆر دوور دەڕوانم، ئاڵای پیرۆز دەکەمە کراسی تەبیری ئاشق و شەیدای نیشتمانی جوانم و تەبیر بەرەو سەردەشتی سەرسەوز و سوێسنایەتی و دەشتی داوداوێ و مامکاوێی لە شەفقەی شاباڵی دەدا و لە داوێنی هەیبەتی لانک لەنگەر دەگرم، دەچمەوە نێو مەتەرێزی مەلا ئاوارەی دێمۆکراتم و پاڵ وە شاخ (چیا) ی لانک دەدەم و ڕوو بە چیایی سەربەرزی گیارەنگ شێعری توتنەوانی مەلا ئەحمەدی شەڵماشی (مەلا ئاوارە) م دەخوێنمەوە:

کوردم و کوردستانم دەوێ!
هەدا نادەم ڕۆژ و شەوێ

## ماڵپەری گیارەنگ

خۆم بسرەوم دڵ ناسرەوێ
تاکوو هەلم دەس دەکەوێ
دنیا گشتی سەر یەک کەوێ
لێم ببڕن خۆراک و خەوێ
کوردم و کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ
تاکوو قۆناخی سەربەستی
ئەسپی خەباتم ناوەستێ
تا دەرنەچم لە ژێر دەستی
نامەوێ سەرمایەی هەستی
مەرگ، نەک ژینی ژێر دەستی
کوردم و کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ
بۆ ئازادی و خودموختاری
بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاری
بە سەربەرزی و بەختیاری
بە گیان دەکەم فیداکاری
تا دەبڕم کلکی زۆرداری
کوردم و کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ
کلکی زۆردار دەقرتێنم
قەڵای سەختی دەڕووخێنم
بەردی بناخەی دەردێنم
وەک دێڵەسەگ دەیتۆپێنم
کە نەشتۆپا دەیڕەتێنم
کوردم و کوردستانم دەوێ

## ماڵپەری گیارەنگ

هیوای بەرزم قەت نانەوێ
دەیڕەتێنم تا کێوی قاف
جیهانی پێ دەکەم تەواف
بەبێ گاڵتە و لاف و گەزاف
شەرتە نەکەم وەعدە خیلاف
یا بمرم یا بستێنم ماف
کوردم و کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ
دەستێنمەوە مافی خوراو
بۆ نیشتمانی بەش کراو
هەزاران دایکی زگ سووتاو
هەزاران لاوی سەربڕاو
دەژیەنمەوە وەک گوڵ بە ئاو
کوردم و کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ
من ناهێڵم نەسلی بەدکار
وەک هەڵۆ لێی دەکەومە کار
بچتە ئاسمان نایکەم قوتار
لە ژێر زەوی بۆی دەچمە خوار
لێی ناهێڵم یەک جووقەوار
کوردم و کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ
جووقەواری لێ ناهێڵم
وڵاتی پێ بەجێ دێڵم
خاکی خۆم بۆ خۆم دەکێڵم
سوودی بزن و مەڕ و چێڵم

## ماڵپەری گیارەنگ

چیدی نایدەم بە فڕ و فێڵم
کوردم و کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ
تا کەی خەزێنە و نەوتەکەم
بە بووکۆڵە و فیتفیتە دەم؟
خەڵک شاد و من دڵ بە خەم
لە سەر گەنجی وڵاتەکەم
خاکی خۆشم ئاوارەکەم
کوردم و کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ

پاشان هێز دەدەمە بەرخۆم و هەڵدەستمە سەرپێ و گوڵە مێلاق و بەیبون و هەلاڵە و نێرگس و شێست پەڕان دەچنم و بیست چەپکەگوڵان دروست دەکەم، دەیدەم بە دەستی خوشکم شلێری دەستەخوشکی سوهەیلا و نەسرینەکانی دێمۆکراتم وناهێڵم تەپە و هەناسەی دڵ لە لێدان بکەوێ و بێ دوو دڵی و دڵەڕاوکێ دادێمەوە کۆنەبرینی یادگاری مەتەرێزی کوردایەتی حەمەرەسووڵەکەم ماچ دەکەم، و پێیان دەڵێم لە تەرەغەی موکریانەوە بە هەگبە و کۆڵەپشتی پێشمەرگانەوە بۆلاتان هاتووم، ئەمجارەیان هەگبەم هەڵگری کتێب و گەچ و قەڵەمی منداڵانی لادێ کانی دووردەست نیە بەڵکوو پڕە لەبابەت ونووسراوەکانی سایتی گیارەنگ بۆ خوێنەرانی وانە وێژە و خەمخۆری کوردان و پڕە لە هەست و سۆز و خۆشەویستی بۆ ماندوبوونتان.

براتان:

کەریم حاجی رەسووڵی ( م- زێرە)

سوئێد یوتبۆری

## ماڵپەری گیارەنگ

### زمانی گیارەنگ زمانێکی تەواو خۆماڵی و ڕەسەن و بێ گرێ و گۆڵە، زمانی چیایە.




**سەید خدر میرسەیدی**

بیست ساڵ پێش، لەوان ڕۆژانێکدابوو بەسەر ماڵی دوو ماڵپەڕی دەستەخوشکدا کەوتم، یەکیان گیارەنگ بوو کە بۆ ڕاستی و درووستی هەواڵ و زانیارێکان دوای کوردستان بە محەکم دەشوباندن، گیارەنگ و ڕۆژهەڵاتتایمز.

ئێستاش کە بیست ساڵ بەسەر تەمەنی پڕ لەسەروەری ماڵپەڕی گیارەنگدا تێدەپەڕێ، هزر و بیرمان وەک ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگر پێمان دەڵێ: گیارەنگ وەک هەمیشە ماڵپەڕێکی ڕەنگاڵەیە بە بابەتگەلی ئەدەبی، هونەری، مێژوویی، داستانی قارەمانیەتی پێشمەرگە و سەربردەی مێرخاسانی گەل بارگاوی کراوە! وەک گرانبارێکی ئانگڕاو و دەوڵەمەند لە هەندەران و لە کوێستانەوە بەرەو ئاران و زێد و کەونە لانەکەمان بێ پسانەوە لە رایەڵکە دایە.

زمانی گیارەنگ زمانێکی تەواو خۆماڵی و ڕەسەن و بێ گرێ و گۆڵە، زمانی چیایە، زمانی خەڵکیبنارو پێدەشتە، زمانی شەقام و شارە، زمانێک بەرلەوەی چڕۆی ئاواتی بترووکێ سەدان جار لەسوتمان دەرباز بووە!

ئێستێ دەبینین بەخۆشیەوە، وشیاری نەتەوەیی زاخاویداوە و تەژێ لە وشەی پاک و ڕەوان کە دیارە لە دێر بەدێری گۆڤار



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیاڕەنگ

و ماڵپەڕەکان بە تایبەت گیارەنگدا دەدرەوشێنەوە، گیارەنگ یەکێک لەو ماڵپەڕانەیە کە لێوڕێژە لە هەستی نەتەوەپارێزی و گەشەدان بە باوەڕێکی تۆکمە و توندوتۆڵ بۆ دەستەبەرکردنی مافی چارەنووسی گەل، هەرئەوەش وایکردووە کە گیارەنگ وەک ماڵپەڕێکی بەبرەو و خۆش نێو و خاوەن پرستیژ دەرکەوێ، ئەم خۆشەویستی و باوەڕمەندیە کۆمەڵێکی زۆر لە کەسایەتی و خاوەن قەڵەمی بەبڕشت و دەروەستی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە وەک پووره ئەم لالەزارە کە پاراوی خوێنی شەهیدانە بکەن بە هەوارگەی هەنگ و هەرێمی بە پیت.

من دەڵێم کە دەبینین گیارەنگی سەردەشت و پێشمەرگە و دوژمن بەزێن، بەردەوام و پشوو درێژ لە سەر پێیە، ئاوێنەی باڵانوێنی دێموکرات و هێزی گەل و نیشتمانە، هاوکات دەنگی شەقامی شڵەژاوی شارو شۆڕشی ژیناشە! بۆیە ئەو تایبەتمەندیانە پێمان دەڵێن ماڵپەڕی گیارەنگ ڕێژەی جەوهەری بەڕۆژ بوونەوەی زۆرە!

لەدوا بڕگەدا من دەڵێم شانازیێکی گەورەیە بۆ دوو پێشمەرگەی ماندوویی نەناس بەرێزان کاک حەمەرەسوڵ و خوشکە شلێر کە وەک منداڵەکانی خۆیان بە گیارەنگ ڕادەگەن و بۆتە بەشێک لە ژیار و شەریکە بەشی ژیانیان و شەو و شەونخونی لەسەر دەکێشن بۆ وەیکە لەپێ نەکەوێ و بەرقەرار بێ.

دیسان دەڵێم ماندوو نەبنەوە، بەردەوام و سەرکەوتوو بن

سەید خدر میرسەیدی

## بیست ساڵ خۆنەویستی لە بەرامبەر بە بەرپرسایەتیەکی پیرۆز.




نەسرین یوسفزادە

یەکەم ئەوەی کە بزانین بەرپرسایەتی چییە و ئەوە چۆن دەبێتە ئەرک بۆ تاکی کۆمەڵگە؟

بۆ وڵامی ئەو پرسیارە و باشتر تێگەیشتنی دەبێ باس لە هێندێک هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کۆمەڵگە بکرێ و لە بواری جوارۆجۆردا هەڵسەنگێندرێ. ئەگەر بمهەوێ دەقیق باس بکەم. یەکەم ئەوەی کە بەرپرس بوون لە بەرامبەر کۆمەڵگەکەت و نەتەوەکەت بابەتێکی گرینگە کە وڵامە درووستەکەی تەنیا کەسانێک دەیزانن کە لەبەرامبەر ئازادی و سەربەستی نەتەوە و کۆمەڵگاکەیان خۆیان بە ئەرکدار دەزانن.

یەکێک لەو کەسانەی کە خۆیان لە بەرامبەر نەتەوەکەیان بە بەرپرس زانیوە و خۆیان بە ئەرکدار زانیوە "کاک حەمەڕەسووڵ کەریمی و خاتوو شلێر حەسەنپوور"ن.

کاک حەمەڕسووڵ کە لە چیاکانی سەردەشتەوە کوردایەتی و حیزبایەتی دەست پێکرد و هەر لەوێ لەگەڵ خاتوو شلێر حەسەنپوور هاورێ و هاوژینی ئاشنا بوو. هەتا چەندین ساڵ خۆنەویستانە لە سەنگەرەکانی سەربەرزی پێشمەرگەئاسا

## ماڵپەری گیارەنگ

ڕووبەڕووی دوژمن بۆتەوە و تەنانەت لەو ڕێگایەدا کەم ئەندامیش بوو. دوای ماوەیەک ڕێگای هەندەرانی گرتەبەر و لەوێ ماڵپەڕی گیارەنگی دانا.

دواتر ماڵپەری "گیارەنگ" بە هیممەتی پێشمەرگانەی ئەو دوو خۆشەویستە دەستی بەکار کرد و کەوتە ڕیزی یەکەم ماڵپەڕ و بڵاوکراوە ئینتێرنێتییەکانی ڕاگەیاندنی کوردی.

لە ماوەی بیست ساڵ کار و تێکۆشانی ئەو هاوڕێیانەدا لە ماڵپەڕی گیارەنگ دەیان وتار و وتووێژ و شرۆڤەی سیاسیی و بابەتی کۆمەڵایەتی بڵاو کراووەتەوە و خستراوەتە بەردیدی خوێنەرانی خۆی کە لە نێویاندا بابەتگەلی گرینگی کۆمەڵایەتی تایبەت بە لاوان و ژنان و چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە دێنە بەرچاو و بەشی تایبەت بەخۆیان هەبووە و لەم بارەیەوە یەک لە ماڵپەڕەکان بووە کە لە ڕۆژە تایبەتەکانی کە پێوەندی بە ژنان و لاوان هەبووە بابەت، وتار یان وتووێژی هەبووە.

کاتێک پێشمەرگە بە خۆنەویستی و ئازایەتی سینگی دەکاتە قەڵغان بۆ نەتەوەکەی ئەوە ماڵپەڕی گیارەنگ و ڕاگەیاندنەکانی هاوشێوە و هاوڕێبازی ئەوە کە ئەو ئازایەتییانە بۆ هەتاهەتایە تۆمار دەکەن و دەبنە بەشێک لە خەباتی شوناسخوازی نەتەوەکەیان و جێگەوپێگەی تایبەت بە خۆیانی دەدەنێ.

"گیارەنگ"ی پڕاو پڕ لە ڕەنگ و جوانی و جوانمێری پێشمەرگانە بە هیممەتی دوو پێشمەرگەی خۆشەویست لە هەندەران دەستی بە کار کرد و خۆی بە بەرپرس لەبەرابەر کۆمەڵگەی کوردەواری زانی و بوو بە زمان و هێزی ژنان و پیاوانی کورد و ئازادیخوازی کوردستان و پێشمەرگەئاسا بیست ساڵ بە جوانترین بابەت و وتارەکانی بوو بە چقڵ بۆ چاوی نەیارەکانی کورد.

هیوای سەربەرزی و سەرکەوتنم بۆ ماڵپەڕی گیارەنگ هەیە و هیوادارم ڕۆژگارێک "گیارەنگ" لە سەردەشتی بەهەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە ئاشکرا دەنگ و ڕەنگی دلێری بڵاو بێتەوە.

نەسرین یوسفزادە

**گیارەنگ سەنگەری خۆڕاگری و مقاومەتی کوردانەیە "بەرخودان ژیانە".**




**حەسەن شیوەسەڵی**

**بەداخەوە درەنگم پێزانی، ئێستا کە ماڵپەری گیارەنگ بە چەندین فازی جۆراوجۆر دا، تێپەر بووە و واریدی فازێکی تازەی خەبات و تێکۆشان بووە و تەمەنی بیست ساڵەی خۆی وەپشت سەرناوە، جێگای خۆشحاڵی و شادمانیە، کە لە قۆناخی ئێستا دا بە تایبەتی لە ڕاپەرینە بەرینەکەی ژینا دا، کە هەموو ڕۆژهەلات و ئێران و سەرتاسەری دونیاشی ڕووناک کردەوە، شان بە شانی هەموو سایت و دەنگ و ڕەنگەکان جینایەتی یاساوڵە ڕەنگاورەنگەکانی کۆماری قەبەر و قەنارەی لە قاو دا و ڕووداوەکانی وەکوو حەقی خۆیەتی بە گوێی بینەران و بیسەرانی خۆی گەیاندن.**

**نێودێر کردنی ئەو سایتەی بە نێوی پیرۆزی گیارەنگ، هەڵگری پەیامی جۆراوجۆر و ناوەرۆکی کتێی شۆڕشگێرانەیە، گیارەنگ لە زۆر قۆناخاندا، سەنگەری خۆڕاگری و مقاومەتی کوردانەیە، بۆ نموونە ئەو کاتەی کە لەشکری داگیرکەری شای لە ئازەربایجانەوە، بە سەر پێتەختی کۆماری کوردستان شاری مەهاباد را لەشکرکێشی کردووە و هاوکات هێزی خۆجێیی کوردەکانیش ، بە پشتیوانی لە حکوومەتی مەرکەزی بە ئەم بەراوبەری نەڵێن و مەنگوران و ئەم لاو ئەولای ڕووباری کەڵوێ دوو لێواری نەڵێنی فەقێ عیسیان دا، بەرەو سەردەشت ملیان پێوەناوە و دەستیان بە سەر گوڵنەوزی زنجیرەکانی، قەبرە جوو، بەرزایی کێوی جەنگی و سەرئەنجام بە لەشکرێکی گەورە و زەبلاحەوە، دەستیان بە سەر بەرزاییەکانی لانک و**



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیارەنگ

تەنانەت دەستیان بە سەر دێی دیوالانیش داگرتووە، سوپای میللی کوردستان، بە فەرماندەیی بەشێک لە ئەفسەرەکانی کۆمار، زیندەیادان کاک فەتاحی غولامی و کاک سەید ئەحمەدی حوسێنی و باقی پلەدارەکان خۆیان گەیاندۆتە بەرزایەکانی کێوی گیارەنگ و لە سەر قەلاتی کەنیشکێ و لە چاکی گوڵەزەردانەوە، تەپەکانی دەورەبەری دەشتی مەلایان و نوختەی حەساسی داری بووکێیان کردۆتە سەنگەری بەرەنگاری و مقاومەت و وەکوو بە گوێی خۆم لە پێشمەرگەکانی زەمانی کۆمار شەهیدان مام حوسێنی عەبداڵی و ئاغای کوێخا حەسەنی و خوالێخۆشبووان ڕەحمانی مەلا سوورەی شیوەسەڵێ و سامخانی ملکاری بیستوومە، کە بۆ خۆیان بەشداری بەگژداچوونەوەکە بوون و پاش چەند ڕۆژ بە تووندی لە بەرامبەر یەک راوەستان و بەڕاوی تووندوتیژ گۆرینەوە، سەرئەنجام لەشکری بەکرێگیراوی خۆجێیی نەیتوانیوە قەرەی خۆی لە قەرەی پێشمەرگەکانی سوپای میللی کوردستان بدات و بە تێکشکاوی لە جەبهەی لانک و دیوالان و باقی بەرزاییەکانی دیکە کشاونەوە.

وەک خۆشم بیرەوەری زۆرم لە چیای گیارەنگ هەیە. چەند مانگێکان بەندە و پێشمەرگەکان، بنکەی سەرەکی خۆمان بۆ چاکی گوڵەزەردان و دواتر درووست بۆ لاجانگی چیای گیارەنگ گوێزتەوە. چەند مانگان لە باوەشی چیای گیارەنگ دابووین، زۆر شەوانیش باوەشمان لە بەرزایی بەرزترین لووتکەی گیارەنگ داو، پێکەوە چووینە خەوێکی ئاشقانەوە، ئەو کاتەی بوو کە سکرتێری شەهید دوکتور سادقی شەرەفکەندی و هاوڕێیانی رادیۆ دەنگی کوردستان، کاک ئەحمەدی شێربەگی و دادە خەجێ و هێندێک لە هەڤالانی دیکەیان، کە بۆ سەردانێکی تایبەتی ناوچەی مەهابادێ دەرۆیشتن، پێکەوە بوونە میوانی ئێمە و لە گەرانەوەش دا دیسان سەردانی ئێمەیان کردەوە، ئێمەش بۆ ئەوەی لە خەتی میلیتاریزەی سەردەشت، کەپران و بێوران دەربازیان بکەین، لە خزمەتیان ڕا چووین و کەوتینە کەمینی جاش و پاسدارەکان، بەڵام بە خۆشیەوە بێ زیان تێپەر بووین، ئەگەرچی ئەمن بیرەوەرییەکی تاڵم لە شکستێکی دەوربەری چیای گیارەنگ هەیە و لە بیرەوەرییەکانیشم دا تۆزێک بە درێژی تۆمارم کردووە، بەڵام نێوی چیای گیارەنگ لە هەر دەنگ و ڕەنگێک، لە هەر ماڵپەرێک و یا لە هەر ڕاگەیاندنێک ببیەم و ببیسم، دەیان بیرەوەری هەرە شیرین لە نێو حافیزە و زێهن و هۆشم دا زیندوو دەکەنەوە.

ئێستا کە بە خۆشیەوە سایتی گیارەنگ بە دەورانی بلوغی خۆی گەیشتووە و بەرەو کامڵتر بوون و ڕەوتی بەرەو ژوورچوونی خۆی لە هەڵفرینی بەردەوام دایە، مۆمی تەمەنی بیست ساڵەی خۆی کوژاندۆتەوە لە دڵەوە پیرۆزبایی خۆم بە کارگێرانی ئەو سایتە ماندوویینەناسە ڕادەگەیێنم و ساخی و سەلامەتی و سەربەرزی زیاتری یەکیەکیان بە تاسەوە ئاواتەخوازم.

مەلا حەسەن شیوەسەڵی



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیارەنگ مەکۆی خەبات و نووسەران و هۆگرانی.




**عوسمان کەوکەبی‌شاد**

گیارەنگ کێوێکە لە ناوچەی سەردەشت، کێوێکی سەر سەوز و سەربەرز لە وەرزی بەهاردا پڕە لە گژ و گیای خۆرسکی جۆراوجۆری خۆش و بە کەڵک و گوڵی جوان و رازاوە. دانیشتوانی دەوروبەری ئەو چیایە بۆ خواردن و چێشت لێنان زۆر کەڵک لەو بەرهەمە گیایە خۆرسکانە وەردەگرن. هەروەها هێزی گیارەنگ بە شێوەیکی قارەمانە و بوێرانە بەرگری لە لشکرکەشی بە ناو کۆمار ئیسلامی ئێرانی کردووە و شەهیدی داوە. ئەو هێزە مێژووی قارەمانەتی و سەربەرزانەیان تۆمار کردووە.

ماڵپەری گیارەنگ لە مانگی ٤ی ٢٠٠٣ ی زایینیدا بۆ خزمەتی هاوڵاتیان دەستی بە کار و بڵاو کردنەوە کرد. ماڵپەری گیارەنگیش بە بڵاو کردنەوەی نووسراوەی کوردپەروەرانەوە بەرگری لە سەروەری کورد و کوردستان کردووە. هەروەها لە لەقاودانی پیلانی دەگیرکەران چالاکە و کاریگەرە.

ماڵپەری گیارەنگ بەرهەمی هەمە چەشنەی نووسەرانی بوێر و چاونەترس و تێکۆشەر بڵاو دەکاتەوە. ئەو بابەتەنە بۆ نموونە بریتین لە رامیاری، مێژووی، وێژەی، هۆنراوە، دیبەت، شرۆڤە، بیر ورای جیاواز، ژیاننامەی تێکۆشەران،

## ماڵپەری گیارەنگ

وەڵامدانەوەی داگیرکەرانی کوردستان و نەیارانی.. ماڵپەری گیارەنگ مێژووی پڕ لە شانازی ٢٠ ساڵەی خۆی تومار کرد. ئەو تۆمار کردنە پڕ لە شانازیەش، بە هیممەت و تێکۆشەشانی کاک "حەمەرەسوڵی کەریمی" و خاوتونی بەرێز "شلێر حەسەنپور" وەیە.

بە راستی ئەو دوو بەرێزانە بە هەستی پڕ لە کوردانە و بوێرانە لە کاری پیرۆزی بڵاو کردنەوەی ماڵپەڕی گیارنگ بەردەوام بوون و هیوادارم کە بەردەوامیش بن. بڵاو کردنەوەی ماڵپەرێکی وا کارێکی ئاسان نیە و ماندبوون و بوێری و وەرە و وەزەی دەوێت. دیارە کە ئەو بەرێزانە بە سەر کۆسپ و چەڵەمەکانی سەر رێگایاندا سەرکەوتوو بوون.

بە بونەی ساڵوەگەری ٢٠ ساڵەی بێ وچانی ماڵپەرێ گیارەنگ لە کانگای دڵمەوە پیرۆزباییێکی پڕ لە هەستی کوردایەتی لە بەرێزان کاک "حەمەرەسوڵی کەریمی" و هاوژینی خاتو "شلێر حەسەنپور" دەکەم.

نووسینی: عوسمان کەوکەبیشاد

شاری هامار وڵاتی نۆرویژ

## چیای گیاڕەنگ و سایتی گیارەنگ.




**ڕەحیم محەممەدزادە**

چیای سەربەرزی گیاڕەنگ لە ناوچەی تێکۆشەرپەروەری سەردەشت و ماڵپەڕی ئینترنیتی گیاڕەنگ، لە دەرەوەی وڵات، دوو ناوی ئاشنا و لە یەک دانەبڕاون.

گیاڕەنگ چیایەکی بەرز و بەشکۆیە کە لە زووەوە پشت وپەنا و حەشارگەی پێشمەرگە قارەمانەکانی گەلی کورد بووە و مێژووی سەدان نەبەرد و بەرخۆدانی بێ وێنەی خەباتکارانی ڕێگای ئازادیی کوردو کوردستانی دەسێنگی خۆی دا حەشار داوە. چیایەک کە ڕیشەی شلێرە و گوڵە مێلاقەکانی بە خوێنی سووری شەهیدانی گەل ئاودێر کراون و لە خۆڕا نەبووە کە یەکێک لە گەورەترین و کارامەترین هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، بە ناوی ئەو چیایە ناودێر کراوە.

هەربۆیەش کاتێک ماڵپەڕی "گیاڕەنگ"، بیست ساڵ لەمەوبەر، دەستی بەکار کرد، بە نیشانەی خۆشەویستیی ئەو چیایە ناوی "گیاڕەنگ"ی لە خۆی نا و ئەو ماڵپەڕە لەماوەیەکی کەم دا، بەبڵاوکردنەوەی وتار و بابەتی هەمەچەشنە ناسرا و جێگای خۆی لە نێو بڵاوکراوە کوردییەکانی نێو دنیای ئینتێرنێت دا کردەوە.

## ماڵپەڕی گیارەنگ

ماڵپەڕی گیارەنگ بیست ساڵە بە هەوڵ و هیممەتی هاوڕێیان شلێر خانمی حەسەنپوور و کاک حەمەڕەسوڵ کەریمی،

ڕۆڵەکانی پەروەردەی داوێنی چیای گیارەنگ، بۆتە مەکۆیەک بۆ وەدەست خستنی زانیاریی هەمە ڕەنگ و ناوەندێک بۆ لە قاودانی جێنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی.

ماڵپەڕێک کە بۆتە سەرچاوەیەک بۆ گوێ بیستنی ئەو داد و هاوارانە کە بە دائیم لە دەروودڵ و ئەشکەوتەکانی چیای گیارەنگدا زایەڵەیان دێ.

بەو بۆنەیەوە وێڕای ماندوونەبوونی، پیرۆزبایی لە شلێرخانم و کاک حەمەڕەسوڵ دەکەم و بەرەدوامی بۆ ماڵپەڕی گیارەنگ بە ئاوات دەخوازم.

ڕەحیمی محەممەدزادە

## ماڵپەری گیارەنگ بۆتە سەکۆیەک لە سۆشیاڵ میدیادا.




**شاسوار ڕەحمانی**

بە بۆنەی بیستەمین(٢٠) ساڵیادی دامەزراندنی ماڵپەڕی گیاڕەنگ، گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەش بە بەڕێز شلێر خانمی حەسەنپوور و کاک حەمەڕەسووڵ کەریمی خۆشەویست دەکەم و دەستی ماندوبوویتان دەگوشم، هیوای بەرەوپێشچوونی زیاتر و بەردەوامیتان بۆ دەخوازم.

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ئەو ماڵپەڕە، ئەوەیە کە توانیویەتی ببێتە مینبەرێکی هەمەرەنگ و مەودایەکی بەرفراوان بۆ گەیاندنی پەیام و دەربڕینی راو بۆچوون و نووسین و وتاری نووسەران لە نێو بەشێکی بەرچاو لە چین و توێژەکاندا و بەبێ جیاوازی ڕووماڵی هەواڵەکانی کردووە، کە ئەمەش شانازییەکی گەورەیە لە تۆمارو کاروانی خزمەتی دوو دەیەی کارکردنتاندا و ئەوەش بنەمای کارکردنی ماڵپەری سەنگین و گرانە.

گومان لەوەدا نییە بێ وچان و دڵسۆزانە لەو بیست ساڵەدا خزمەتێکی گەورەتان لە بەشی راگەیاندن لە پێناو رەوشەنگەری بە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان گەیاندووە وە وەک ماڵپەرێکی سەنگین، بەرپرسیارانە رووماڵی رووداو پێشهاتەکان کردوە و لە ئاست پرسە نیشتمانییەکان هەڵوێستی تەواوتان هەبووە و ئەرکی پیشەی خۆتان وەک دەسەڵاتی چوارەم لە پێناو

## ماڵپەری گیارەنگ

خەبات بۆ گەیشتن بە کوردستانێکی ئازاد و ئاوەدان بەجێگەیاندووە، و لە هەمووی گرینگتر ماڵپەری گیارەنگ نەکەوتۆتە بەر کێشمە کێشمی چەواشەکاری و لەدەستدانی متمانەی خوێنەری.

خەباتی سەختی پێشمەرگایەتی سالانی ڕابردوویی کاک حەمەڕەسووڵ و بەخشینی بەشێک لە جەستەی بە نیشتمان و هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوامی، سەرەرایی زامداری و کەم ئەندامی و بەرێوە بردنی ماڵپەری گیارەنگ لە گەڵ هاوژینە بەرێزەکەی شلێر خانم، بێ هیچ بەرامبەر و چاوەروانیەک، شاهیدی ئەوەتان بۆ دەدەن کە ئێوە نموونە و سەرمەشقی خۆنەویستی و خەبات و تێکۆشانن و ماڵپەرەکەشتان بۆتە سەکۆیەک لە سۆشیال میدیادا و جێگای سپاس و متمانەی خوێنەر و بینەرەکانتان بووە.

دووبارە ئەم ساڵیادە لە ئێوەو سەرجەم نووسەر و خوێنەرانتان پیرۆز بێت و بە هیوای بەردەوامی و گەشەی زیاتر بە ماڵپەرەکەتان.

رۆژهەلاتی کوردستان بەتایبەت کوێستانەکانی سەردەشت و کێوی گیارەنگ بەوەیکە دوو تێکۆشەری بە ئەمەکی وەک ئێوەی لە داوێنی پاکی خۆیدا پەروەردە کردوە بۆ هەمیشە سەربەرزە.

براتان: شاسوار رەحمانی

## پیرۆزبێت یادی (٢٠) مین ساڵڕۆژی گیارەنگ.




**رەزا شوان**

به بۆنەی یادی (٢٠) مین ساڵڕۆژی وەشانی ماڵپەری "گیارەنگ" ی رەنگینەوە، لە قووڵایی دڵمانەوە جوانترین پیرۆزبایی لە پێشمەرگەی کۆڵنەدەری چەک و پێنووس، برای خۆشەویست و فرە بەرێزمان، بەرێوەبەری ماڵپەری ئێلیکترۆنی گیارەنگ، کاک (حەمەرەسووڵ کەریمی) و لە سەرجەم نووسەران و خوێنەرانی گیارەنگ دەکەم.

خەبات و تێکۆشان و قوربانیدان، لە پێناوی کورد و کوردستان، پیرۆزترین و پێویسترین و لە پێشترین، ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی و رەوشتی هەموو کوردێکی دڵسۆزی کوردستان پەروەرە. چیمان کردووە و چیتریش بکەین، ناگاتە تنۆکە خوێنێکی ئەو رۆڵە گیانبەخشانەمان کە لە پێناوی کوردستانی نیشتمانی پیرۆزمان شەهید بوون.

بۆ ئێمەی کوردی ماف زەوتکراو و کوردستان داگیرکراو، چەک و پێنووس، یەک لوولەیان هەیە و گیانێک لە دوو جەستەدان و تەواوکەری یەکترین و هەردوو باڵی خەبات و شۆڕشن لە پێناوی بەدەستهێنانی ئازادی و رزگارکردنی کوردستان، لە چوار دەوڵەتی داگیرکەری رەگەزپەرست و درندە و فاشیست و کۆنەپەرست، کە نەک هەر ئامادەنین دان بە سادەترین مافی رەوای گەلی کوردمان بنێن، بەڵکو پێکەوە و بە گەلەکۆمەیی و بە نامەردترین و درندەترین شێوە، بە

## ماڵپەری گیاڕەنگ

مۆدێرترین چەکی کوشندەی سەردەم، دەیانەوێت رەشەکوژی و ژینۆسایدی گەلی کوردمان بکەن و ناسنامەی نەتەوەییمان بسڕنەوە. بەڵام ئەم نیازە گڵاوەیان دەبنە گۆڕەوە. ئەستمە کە بتوانن هێڵی راست و چەپ بەسەر نزیکەی (٦٠) ملیۆن کورد لە کوردستاندا بهێنن. زوو بێت یا درەنگ ئێمەی کوردیش مافە نەتوایەتییەکانمان بەدەست دەهێنین. تا کوردیش نەگات بە مافەکانی، نەتەوەکانی ئەو چوار دەوڵەتە داگیرکەرە ناتوانن بە ئاسوودەیی و ئاشتی بژین. تا رۆژێک زووتر گەلی کوردمان بە مافە رەواکانی خۆی بگات و مافی چارەی خۆنووسینی هەبێت. لە بەرژەوەندیی هەموو گەلانی ناوچەکە دایە و زووتریش ئارامی و ئاسوودەیی و ئاشتی بەرقەرار دەبێت.

بەڕێوەبردن و رازاندنەوە و درێژەدان بە ماڵپەڕێکی رۆژنامەی ئێلیکترۆنی رەسەنی کوردی بە رێکوپێکی و بەبێ دابڕان، لەژێر فشاری سیاسی و دەروونی و ئابووریدا، بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ، کار و خزمەتێکی هەڕەمەکی و ئاسان نییە. ئەم خزمەتە پیرۆزە، ئیرادە، توانا، متمانە بەخۆبوون، خۆبەختکردن، ماندووبوون، شەونخونی، پشوودرێژی، خۆڕاگری، سنگفروانی، کۆڵنەدان، سەرسەختی، قوربانیدان، قبووڵکردنی رەخنە و گلەیی دەوێت.

یەکێک دەتوانێت ئەم و خزمەتە پیرۆزە لە ئەستۆی بگرێت، کە ئەو خەسڵەتانەی تێدابێت و باکگراوندێکی رۆشنبیری گشتی هەبێت. توانای گۆڕان و نوێخوازی و داهێنانی هەبێت و هەوڵی پێشکەوتن و ئاستێکی بەرزتر بدات. پێموایە بەشی هەرە زۆری ئەو خەسڵەتە پێویستییانە لە کاک (حەمەڕەسووڵ کەریمی) دا هەیە. گەر وانەبوایە زوو کۆڵی دەدا و ئاڵای سپی بەرزدەکردەوە. بەڵام بە پێچەوانەوە، کوردێکی دڵسۆز و بڕوا و ئیرادە بەهێزە. بڕوای بە ئەستەم نییە.

پەرۆش و خۆشەویستیی بۆ ئەم ئەرک و خزمەتە پیرۆزە، سەرکەوتن و پێشکەوتن و تەمەندرێژی بە گیاڕەنگ بەخشیوە.

ماڵپەڕی گیاڕەنگ چرایەکی رووناکی بەخشە. ئەستێرەیەکی گەش و ورشەدارە لە ئاسمانی میدیا و رۆژنامەی ئێلیکترۆنی کوردیدا. ناوی لە ریزبەندیی پێشەوەی ماڵپەڕە سەرکەوتووەکان دایە. سەنگ و پێگەیەکی باڵای هەیە. لە پێشەوەی کێبڕکێی خزمەتی رۆژنامەگەریی کوردی دایە. داکۆکیکەرێکی سەرسەختە لە مافەکانی گەلی کوردمان و لە رووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران و نەیارانی کورد و کوردستان. ساڵی پار و ئەمساڵیش، رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو و هەیە، لە رووماڵکردنی شۆڕسی ژنانی کوردمان لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا لەژێر دروشمی (ژن، ژیان، ئازادی) دا.

## ماڵپەری گیارەنگ

گیارەنگ گوڵزارێکی گوڵ هەمەڕەنگەی گەش و بۆن خۆشە. ساڵ لە دوای ساڵ خوێنەرانێکی زیاتر هۆگری خوێندنەوەی بابەتە هەمەڕەنگەکانی گیارەنگ دەبن. نووسەرانێکی پێنووس بڕشتی زیاتریش نووسینەکانیان لە گیارەنگدا بڵاودەکەنەوە. گیارەنگ ماڵپەرێکە بۆ هەمووان. سەکۆیەکی ئازادە، دەرگای واڵا کردووە. هیچ مەرج و دەستێوەردان و ڕێگری و سانسۆر و بەربەستێکی دانەناوە. باوەشی بۆ هەموو نووسەرێکی ئازاد کردۆتەوە. ئەمەش لە باوەڕبوونی کاک حەمەڕەسووڵەوە بەرجەستە بووە، کە بڕوای بە ئازادی و ئازادیی ڕادەربڕین و بە دیموکراسی و بە فرە بیروباوەڕی و بە ڕێزگرتن لە ڕا و بۆچوونی جیاواز هەیە.

من وەک هۆگرێکی خوێندەوە، نزیکەی نۆزدە ساڵە ئاشنای گیارەنگ بوومە. ڕۆژانە بەسەری دەکەمەوە و چاوێک بە بابەتە تازەکانیدا دەخشێنم، کام بابەت سەرنجم ڕابکێشێت بازنادەم بە سەریدا و دەیخوێنمەوە. وەکو چیرۆکنووس و شاعیر و نووسەرێکی بواری ئەدەبیات و پەروەردەی منداڵانیش، تا ئێستا بە دەیان نووسینی هەمەچەشنەم لە گیارەنگدا بڵاوکردۆتەوە. بە تایبەتیش لە بواری منداڵاندا. دەستیان بە رووی هیچ بابەتێکمەوە نەناوە و ڕەتیان نەکردۆتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کاک حەمەڕەسووڵ، بڕوای بە گرنگی ڕۆڵی داهاتووی منداڵانی ئەمڕۆمان هەیە. چونکە داهاتوومان لە دەستی منداڵانی ئەمڕۆمان دایە. وەکو پێشنیارێک پێمخۆشە لە (نەخشەی ماڵپەڕ) دا، لە دوای (لاوان) وشەی (منداڵان) یش بخرێتە ڕیزبەندیی نەخشەی بابەتەکانەوە.

ئەوەشی زیاتر یادی ساڵرۆژی گیارەنگی شیرینتر کردووە، هاوکاتە لەگەڵ یادی تاوانی شاری (قەڵادزێ)ی قەڵای کوردایەتی و مەردایەتی، لە باشووری کوردستان. ئەوەبوو لە ڕۆژی چوارشەممەی (٢٤ - ٤ - ١٩٧٤) فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێمی بەعسی عەرەبی شۆڤێنی، زۆر نامەردانە و دڵڕەقانە، بۆردوومانی شاری قەڵادزی جوان و قەشەنگیان کرد، (١٦٣) کەس لە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و لە منداڵان و ژنانی کوردمان شەهیدبوون. زیاتریش لە (٣٠٠) کەس بریندداربوون. یادی وەشانی گیارەنگ، نزیکیشە لە یادی ساڵرۆژی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (ڕۆژنامی کوردستان) بە زمانی کوردی لە ڕۆژی (٢٢ - ٤ - ١٨٩٨) دا، یەکەم ژمارەی لە شاری (قاهیرە) ی پایتەختی میسر، لە لایەن تێکۆشەری گەلەکەمان، ڕەوانشاد (مقداد مەدحەد بەدرخان) وە دەرچوو.

ڕێز و پێزانینێکی زۆرمان بۆ دڵسۆزی و ماندووبوونی کاک حەمەڕەسووڵ کەریمی هەیە. دەستخۆشی و پیزانینیشمان بۆ خاتوو (شلێر) خانی هاوسەر و هاوکاری هەیە، کە وەکو پێشمەرگەیەکی نەناسراو، لەپشتی ئەم خزمەتەی هاوسەرەکەیەوەیە.

## ماڵپەری گیاڕەنگ

(ناپلیۆن) دەڵێت: "لە پشتی هەموو گەورە پیاوێکەوە.. گەورە ژنێک هەیە".

هیوادارین ماڵپەڕی گیاڕەنگ، بە دەیان مۆمی تری تەمەنی بکوژێنیتەوە. دوو چەپکە نێرگزی چاومەستی ئەم بەهارە رەنگینەی کوردستانیش، پێشکەش بە برای بەڕێزمان کاک حەمەڕەسووڵ و خوشکی تێکۆشەرمان خاتوو شلێر خان دەکەم.

براتان

رەزا شوان

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### هەڵبژاردنی ناوی گیارەنگ سەمبۆلە بۆ مرۆڤی تێکۆشەر و کۆڵنەدەر.




**حامید درحوودی**

بیست ساڵەی تێکۆشانتان پیرۆز بێ.

بیست ساڵ تەمەنێکی زۆر کەمە و هەمووومان مێژووی ئەو کاتەمان لە بیرە، بەڵام بۆ کەس یان کەسانێک کە شەو و رۆژ لە تێکۆشاندان و ماڵپەڕێکی وەک "گیاڕەنگ" هەڵدەسووڕێنن، شەونخونی و ماندووبوون دەچێژن و شەکەت دەبەن، کاتێکی زۆر دوور و درێژە و کەسێک بە بیرٍ و باوەڕێکی بەگورٍ و تینی دەوێ کە کۆڵنەدەرانە و دڵسۆزانە بۆ راپەڕینی تێکۆشن.

هەڵبژاردنی ناوی ماڵپەڕەکەش بە هەمان شێوە سەمبۆلە بۆ مرۆڤی تێکۆشەر و کۆڵنەدەر بۆیە ئەو هەموو ساڵە بەردەوام بووە لە بڵاو کردنەوەی بەرهەمی جۆراوجۆری سیاسی، ئەدەبی، هونەری و جۆراوجۆردا.

دیزان و قەوارەی گیاڕەنگ لە هەمان کاتدا کە سادە دێتە بەرچاو سەنگینی و نرخگرانی خۆی پاراستووە، هەرچەند گۆڕانکاری بەسەردا دێ و تازە و نوێ دەکرێتەوە بەڵام دوورە لە لۆگۆی و بانێری زریق و بریقەدار و جوڵاوە لە جۆری "گیف" کە بینەر ماندوو دەکەن و سرنجی خوێنەر بۆ لای خۆیان رادەکێشن و دووری دەخەنەوە لە بابەتە گرینگەکان کە

## ماڵپەری گیاڕەنگ

نووسەر و وەرگێڕ خۆیان پێوە ماندوو کردووە تاکوو بەرهەمیان هێناوە.

لەسەر گیاڕەنگ دەکرێ زۆر زۆر بنووسرێ بەڵام بۆ ساڵڕۆی تەمەنی بیست ساڵەی ئەوەندە بەسە کە ڕێز و خۆشەویستی خۆم بەرامبەر بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕەکە دەرببڕم و داوای سەرکەوتنی بەردەوامیان بۆ بکەم.

بیست ساڵەت پیرۆز بێ.

حامید دروودی



سەرچاوە
Serchawe

دوو دەیە کار و تیکۆشانی بێ وچان و شێلگیرانە جێی ستایش و شانازیە.




رەحیم قادری

بەرێزان خوشکە شلێر و کاک حەمەرەسووڵ

بە بۆنەی ٢٠مین ساڵروژی ماڵپەری گیارەنگ گەرمترین پیرۆزبایی خۆمتان پیشکەش دەکەم.

دوو دەیە کار و تیکۆشانی بێ وچان و شێلگیرانە جێی ستایش و شانازیە.

گیارەنگ بۆ زۆر کەس و بە تایبەت بۆ من لە دونیای سوشیاڵ میدیا دا توانیویەتی وەک سەرچاوەیەکی جێی باوەر خۆ نیشان بدا و خوێنەرێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، ئەو کارەش بێگومان ئاکامی خەبات و تیکوشانی ئێوەی بەرێزە.

بە هیوای ساخی و سلامەتیتان و درێژەدان بە رێبازتان.

مادرید ١٩ی ئاوریل ٢٠٢٣

رەحیم قادری

## ماڵپەڕی گیارەنگ

### کورد دەڵێ "لە پشت هەر پیاوێکی سەرکەوتوو ژنێکی سەرکەتووە هەیە"




**کەریم مەلاشێخی**

کاک حەمەرەسوڵ و باجە شلێری خۆشەویست.

بە بۆنەی تێپەر بوونی ٢٠ ساڵ بە سەر کارو چالاکی ماڵپەری خۆشەویستی گیارەنگ دا پیرۆزبایێکی گەرم ئاراستەی ئێوەی خۆشەویست دەکەم.

لەو ماوەیەدا گیارەنگ بە بەردەوامی هەوڵ و تێکۆشانی خۆی وەکوو ماڵپەرێکی جوان، و رێکوپێک بۆ خزمەت بە زمانی شیرینی کوردی کردووە. زمانپاراوی ماڵپەرەکەتان و پاراستنی کەسایەتیەکان یەکێک لە سیما جوانەکانی ئەو ماڵپەرە بووە و بۆ لێ فێر بوون دەبێت و ئەوەش یەکیکیترە لە ئەسڵی رۆژنامەوانی کە هەردەم لە گیارەنگ دا بەدی کراوە.

کورد دەڵێ "لە پشت هەر پیاوێکی سەرکەوتوو ژنێکی سەرکەتووە هەیە" راست لە گەڵ باجە شلێر دەگوونجێ. شەونخوونی و هەوڵی بێ وچانتان بۆتە ئەو ماڵپەر جوانە کە لای هەمووومان خۆشەویستە.

تەمەن درێژی و بەردەوامیتان بە ئاوادەخوازم هاورێیانی بەرێزم.

## سڵاو لە خەباتی شار و شاخت.




**چەکۆ باران**

شوێن، شارێکی کوردستان، لاوێکی لەسەرڕێ شوێن پێی ڕێبوارانی چیای هەڵگرت و بوو بە پێشمەرگە. ڕەنگە هەوای چەک و یا هیوای ڕزگاری گەلێکی لە دڵ دابێ، یا هەر هەودایەکی باریک بووبێ و بە تەوژمێ بپسێ..... هەر بۆخۆی دەیزانی.

لاوێک بوو بە پێشمەرگە، شەوان، بزەی برایم جەلالی بۆ هۆمل دەبردەوەو و ڕۆژان، خەندەی گوڵە سوێسنەی لە بەرۆکی کانی شەهیدانی جانداران دەدا. لە مەیدان چۆخە دا چۆخەی دوژمنای دەگرت و پشتی لە حەرزێ دەدان. تۆ بڵێی ئەم هاوڕێیەمان هەر ئاشقی ڕەخت و تفەنگ بوو بێ؟

ئەو لاوە وەرزشوانەی بوو بە پێشمەرگە، هەگبەی پڕ لە نوقڵ و بۆن و کتێب و گۆرانی و سروود بوو. کتێب، بۆ لاوان و نوقڵ، بۆ منداڵان و عەتر بۆ کیژۆڵان و حەیران و سرودیش بۆ هەموان.


کاک حەمە ڕەسووڵ وابوو، چەکی کردە قەڵەم و گیاڕەنگی پشتیوانی کردە ڕۆژنامە و وێستاش هەر پێشمەرگەیە.
سڵاو لە خەباتی شار و شاخت. دەست خۆش لە خۆت و شلێر خانمی هاوڕێت دەکەم کە ٢٠ ساڵە گیاڕەنگ لە ناو لانکی ڕۆشەنبیری دا دەلاوێننەوە.



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیاڕەنگ

**بیرۆکەی دەست بەکار بوونی سایتی گیاڕەنگ وە بیرهێنەرەوەی سەدان داستان و قارەمانەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.**




**خدر پاکدامان**

برای بەڕێزو ئازیز کاک حەمەڕەسووڵ کەریمی و خوشکی ئازیزم خوشکە شلێر حەسەنپوور سەرەتا بە بۆنەی تێپەڕینی ٢٠ ساڵ بەسەر کارکردنی سایتی گیاڕەنگ دا لە ناخی دڵەوە پیرۆزبایی لە ئێوەی خۆشەویست و خوێنەرانی دەکەم و هیوادارم ئەم سایتە سەری بە قەت لووتکەی گیاڕەنگ بەرزبێ.

دەست بردن بۆ درووست کردنی سایتێکی وەک سایتی گیاڕەنگ کارێکی ئاسان نیە پشوودرێژی ئیرادەی دەوێ بەڵام بێ گوومان، ئێوەی بەڕێزو ئازیز کە لە سەختترین ساتەوەختەکانی نێو شۆڕش دا لە هیچ کەندو کۆسپێک نەکشانەوە و بەگژ هەموو نەهامەتیەکان دا چوونەوە لەو میدانەش دا بە بیرکردنەوەو بەدواداچوون مێژوویەکی دیکەتان بۆ خۆتان خوڵقاند کە جێگای شانازیە بۆ هەمووماں و هەر بۆیە بە چاوی ڕێزەوە لە کارەکانتان دەڕوانین و لەبیری ناکەین.

بیرۆکەی دەست بەکار بوونی سایتی گیاڕەنگ وە بیرهێنەرەوەی سەدان داستان و قارەمانەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە. سەردەمانێک کە ناوی گیاڕەنگ لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان ناوێکی دیارو پڕجۆش وخرۆشی فیداکاری بەرخۆدان بوو دوای

## ماڵپەری گیاڕەنگ

تێپەڕینی ساڵانێک بەسەر ئەم ڕۆژگارە دا گیاڕەنگ جارێکی دیکە لە بوارێکی دیکە دا کەوتەوە خزمەت کردنی گەلە بەش خوراوەکەمان و دەیان بابەت و وتاری جوراوجۆر لە سینگی خۆی دا کۆکرردەوە و بوو بە ئاوێنەیەکی ڕاستەقینەی هەمیشەی و لە هەموو بوارەکاندا خزمەتێکی زۆر بەرچاوی بە دۆزی ڕەوای گەلە کەمان کرد.

هیوادارم گیاڕەنگ هەر بەبەرزی بمێنێتەوە و ئێوەش هەر تەمن درێژ بن بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت بکەن

خدر پاکدامان



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### گیاڕەنگ لە ئاوارەییدا لە دایک بوو، پێی گرت و پێگەیشت.




**فاڕووق عەبباسی**

برای بەڕێزم کاک حەمەڕەسووڵ کەریمی، سڵاوتان لێ بێ.

خۆشحاڵم کە ئێمەتان بە قابیل زانی لە ٢٠ ساڵەی دامەزرانی ماڵپەڕی (گیاڕەنگ)دا سەرنج و تێبینیی خۆمان دەربڕین. سەرەتا و بەم بۆنەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆمتان ئاڕاستە دەکەم.

ماڵپەری گیاڕەنگ لە سەردەمێکدا دامەزرا و هاتە مەیدان کە مەیدانی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان چۆڵیی پێوە دیار بوو. گیاڕەنگ لە ئاوارەییدا لە دایک بوو، پێی گرت و پێگەیشت، بەڵام زۆر زوو توانیی جێی خۆی بکاتەوە و ئاوڕ وە دوا نەداتەوە.

گیاڕەنگ، ئەگەرچی ڕەنگی ڕەوتێکی سیاسیی تایبەتی پێوە دیارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەمیشە دەرکەی بۆ نووسەرانی کورد، بەتایبەت نووسەرانی هەندەران، ئاوەڵا بووە و، بووە بە سەکۆیەک بۆ نیشاندانی ڕەنگە جیاوازەکان.

## ماڵپەڕی گیاڕەنگ

جێگەی دڵخۆشییە کە ماڵپەڕی گیاڕەنگ، پاش ٢٠ ساڵ لە دامەزرانی، هەر وا بەردەوامە و، ئەسپی خۆی لە مەیدانی ماڵپەڕە کوردییەکاندا هەر وا حیلەی دێ.

دووبارە پیرۆزباییتان پێ دەڵێم. بە هیوام بەردەوام و سەرکەوتوو بن.

**فاڕووق عەبباسی**

## ماڵپەری گیاڕەنگ

سڵاو و ڕێز بۆ گیارەنگ و بەرێوەبەرانی گیارەنگ.




سیامەند شێخەپوور

پیرۆزە بیست ساڵەی دامەزرانی سایتی گیارەنگ کە رەنگدانەوەی تایبەتی لە سەر بزووتنەوەی کورد و هاورێ و بینەر و خوێنەرانی هەبووە و هەیە. دەستانخوش و هیوادارم هەر سەرکەوتوو بن لەگەل دادە شلیری ئازێز و چاوتان ماچ دەکەم.

بە هۆی سەرقاڵی بە ئەرکی پێشمەرگانە لە چیاکانی کوردستان و سەنگەری خەبات وتێکۆشان بە دژی رژێمی ئێران نەمتوانیوە کە لە کاتی خوێدا ئەم پیرۆزباییە بنێرم. ماڵپەری گیارەنگ هێمای ڕەنگە جیاوازەکانە و هیوادارم کە بە ئازادی لە رۆژهەلاتی نیشتمان دا وەک جاران بە راستگۆیی و دڵسۆزییەوە کاری ڕاگەیاندنی خۆی بە ئیمکاناتی زیاد و سەردەمیانە درێژە بدات.

سەنگەری مێدیایی و ڕاگەیاندنی گیارەنگتان هەروا پتەو بێ و جارێکی دیکەش پیرۆزباییتان لێدەکەم.

سیامەند شێخە پوور

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### گیاڕەنگ خۆی لە دڵ و زێهن و ماڵی هەموومان دا کردووتەوە.




عەمران نیکدووست

سڵاو لە گیاڕەنگ.
سڵاو لە سەردەشت و کێو و چیاکانی
سڵاو لە کاک حەمەڕەسووڵی زێدە ئازیز و دادە شلێری خۆشەویست

نازانم لە بواری کام محبت و دڵسۆزی و دڵداری ئێوەی خۆشەویستان بۆ گەل و نیشتمان بنووسم هەر ئەوەندە دەزانم گیاڕەنگ سەمەرە و بەهرەی خۆشەویستی و ئاویاری ئێوە ئازیزانە ، گیاڕەنگ خۆی لە دڵ و زێهن و ماڵی هەموومان دا کردووتەو.

و بە محبتی ئێوەی ئازیز بوو کە دەستم بۆ نووسین برد و هەویستم لە چەند بوارێکەوە دا بابەت بنووسم.

ئێستا کە کوردستانی جوانمان لە ڕۆژهەڵات ڕۆژ نییە کە قوتابییەکانی شیمیایی نەکرێت و ڕۆژ نییە کە کوڵبەران و بەرِ ڕەگبار و گوللەبارانی دوژمنانی ئاو و خاکمان نەکەوێت ، ڕۆژ نییە کە ڕۆڵەکانی کوردستان لە سیاچاڵەکان دا ئەشکەنجە

## ماڵپەری گیاڕەنگ

نەکرێن و هەواڵی شەهید بوونمان پێ نەگات و..

لەو نیوە دا جێگایەک کە سەر چاوەی هەواڵ و سەرچاوەی بابەتی زانستی و لە فێر بوون بووە و جێگایەک کە بۆ هۆی ئەوەی من دەست بە نووسین بکەم گیاڕەنگ بووە و هەیە.

بە نۆبەی خۆم پیرۆزبایی بیستەمین ساڵی گیاڕەنگ و هەوڵ و تێکوشانی بێ وەچانی ئێوە خۆشەویستان دەکەم و هیوادارم هەمیشە دڵشاد و دڵخۆش بن و شاشەی گیاڕەنگ پڕ لە مێهر و زانست و هەواڵ بێ.

بە سوپاس و ڕێزەوە

عەمران نیکدووست

**ماڵپەری گیارەنگ سەرچاوەیەکی باوەر پێکراو و جێی متمانە.**




**کارۆ ئەحمەدیان**

بیست ساڵی رەبەق وەدەست خستن، کۆ کردنەوە، پوختە کردن و ڕاست کردنەوە، ڕاگوێزان و بە گوێ و چاو گەیاندنی هەواڵ، زانیاری سیاسی، نیزامی کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و فەرهەنگی، کلتوری و بەرهەم هێنان و لێک دانەوەی سەربەخۆ و روونکردنەوە.

گیاڕەنگ وەک ئارشیو و سەرچاوەیکی بە هێز و بە پێز و جێی متمانە، بەشێکی زۆری لە دۆکیومێنت، وێنە، ویدیۆ و بەڵگەنامە ی ئاشکرا و نا ئاشکرای (نهێنی) لە خۆی گرتوە و بە ئەمانەتەوە پاراستوونی.

سەرچاوەیەکی باوەر پێکراو و جێی متمانە.

گیارەنگ بیست ساڵی تەمەنی ڕاستگۆ، خۆڕاگر و سەربەخۆ بە بێ پشتیوانی ماددی لە سەر پێی خۆی راوەستا و شێلگیرانە بەردوام بووە.

## ماڵپەری گیاڕەنگ

گیارنگی سەربەرز لە بەرامبەر هەر چەشنە زەخت و بەرەبەستانەی هاتنە سەر رێگای ( سایبری، ماددی، تەکنیکی،...) قورس و قایم ڕاوەستاو و شێلگیرانە بەرداوم بوو و ڕانەوەستا.

کاک حەمەڕەسوڵ و خوشکە شلێر دەستان خۆش، بەردەوام بن و سەرکەوتو بن.

کارۆ ئەحمەدیان

## گیاڕەنگ، بۆنی شاخی لێوەدێ!




**ناسر باباخانی**

به باوەڕی من "گیاڕەنگ" لە سەردەمێکدا لە دایک دەبێ کە بەرەبەرە حزووری پێشمەرگە، وەک بوونی فیزیکی کە کلیلوشەی سەرەکی گوتاری تایبەت بەم کاتە، خەریکە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئەو ڕمێنەی جارانی نامێنێ و کاڵ بوونەوەی ئەم حزووره واتە کاڵ بوونەوەی پەیوەندی نێوان پێشمەرگە بەگشتی و بەتایبەتی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک هێمای بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە خەڵکی نێوخۆ وەک بەستێنی ئەم حزووره.

واتە ئەم نەبوونە نەخوازراوەی پێشمەرگە لە کوردستان، بە تەواوی دەبێتە هۆی ساز بوونی بۆشاییەکی چاوەڕواننەکراوی سیاسی - کۆمەڵایەتی!

ڕاستە پەیوەندی پێشمەرگە لەگەڵ کۆمەڵانی هەرواى خەڵکی کوردستان پاڵپشتی سەرەکی بوو بۆ خەبات و بەرخودان، بەڵام جۆره پەیوەندییەکی تریش لەگۆڕێدابوو، کە بریتی بوو لە پەیوەندی پێشمەرگە لەگەڵ چینی بژاردەی کۆمەڵگا، لەگەڵ چینی ئێلیتی کۆمەڵگا لە نێوخۆدا، کە ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر بە حوکمی پچڕانی ئەم پەیوەندییە کاڵ دەبێتەوە.

## ماڵپەڕی گیارەنگ

لە وەها دۆخێکدا دۆزینەوەی ڕێکارێک بۆ سازدانەوەی ئەم پردە بەبێ ئەوەی تێچوویەکی قورسی بۆ بدەی، کەڵک وەرگرتنە لە تێکنۆلۆژی سەردەم واتە ئینتێرنێت. بۆیە لە دایک بوونی ماڵپەڕێک وەک گیارەنگ لەو کاتدا دەبێ لەم گۆشەنیگایەوە سەیر بکرێ. دەتوانم بڵێم گیارەنگ و ماڵپەرەکانی هاوشێوەی هەوڵی ئەوەیان دەدا کە بە جۆرێک هەم ئەم بۆشاییە پڕ کەنەوە – کە بە باوەڕی من توانیشیان ئەو کارە بکەن - هەم لە ڕێگەی بڵاو کردنەوەی بیروڕای نووسەران و هەواڵەکانی کوردستان ئەم پەیوەندییە لەسەر بنەمای ڕاگەیاندنێکی ئاماڵپرۆفیشناڵ، پتەوتر بکەن.

لە ڕاستیدا ئەوانسەردەمان، ئەوانەی دەستیان بە گیارەنگ ڕادەگا بەتەواوی هەست دەکەن کە گیارەنگ ماڵپەڕێکە بۆنی شاخی لێوەدێ، بۆنی پێشمەرگەی لێوەدێ. واتە ئەگەر هەڵسەنگاندنەکەمان لە ڕووی "تحلیل محتوی" وەو یانی شرۆڤەی نێوەرۆکی نەبێ، یان باری تەکنیکی و دیزاینی نەبێ، هەر نەفسی بوونی ماڵپەڕی گیارەنگ بەم نەفەسە و لەم هەلومەرجەدا و بەم نێوە، بە جۆرێک گوزارە لە گەڕانەوەی شاخە بۆ ئامێزی شار و، بەپێچەوانەشەوە سەردانی شارە لە شاخ!

چون بە حوکمی ئەوەی کە ئەم ماڵپەرە و ماڵپەڕەکانی تریش، ئیتر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بەتایبەتی ئەوانەی لە خانەی ئێلیت و بژاردەدا جێ دەگرن، دەستیان پێی ڕادەگا، بۆیە پەیوەندییەکە ئەم جار لە فۆرمێکی دیکەدا و بە شێوازێکی دیکە خۆدەردەخاتەوە. واتە دەکرێ بڵێین ساز بوونەوەی پەیوەندییەکی دیکەیە، لە ئاستێکی دیکەدا، بە شێوازێکی جیاوازتر، لە بەستێنێکی دیکەدا و بە مەبەستێکی دیکە و ئەمە بەلای منەوە زۆر گرینگە و گیارەنگ و گیارەنگەکان توانیان تا ڕادەیەک قەرەبووی نەمانی گوتاری حزووری فیزیکی بکەنەوە.

ئەگەر یەکەم ڕۆژنامەی نەتەوەی کورد ناوی کوردستانە، یان ناوی ڕۆژنامەی سەردەمی کۆماریش هەر کوردستانە ئەمە جۆرێ لە شەڕێکی ناسنامەییش پێوە دیارە. ئەگەر ئەوە بە شێوەیەک بگوازمەوە بۆ ماڵپەرێکی وەک گیارەنگ، دەبێ بڵێم کە گیارەنگ نێوی گیایەکی تایبەتییە کە لە کوێستانەکانی کوردستان شین دەبێ و ئەم ناوە بە جۆرێک گەڕانەوەیەکە بۆ ناسیۆنالیزمێکی ژینگەیی. ناسیۆنالیزمێکی باوەڕمەند بە ژینگەی کوردستان کە لە ژێر چەتری ناسیۆنالیزمێکی بەرینتر وەک ناسیۆنالیزمی فرەڕەهەند جێ دەگرێ. کاتێ ئەوەش وەبیر خۆمان بخەینەوە کە گیارەنگ لە هەمان کاتدا ناوی هێزێکی قارەمانی تر حیزبی دیموکرات بووە ئەوەش بۆخۆی دەتوانێ خاڵێکی سرنجڕاکێش بێ.

خاڵێکی تر وەفادارییەکی هێمنانەی ئەم ماڵپەڕەیە بە نیسبەت پێشمەرگەوە، چ ئەو پێشمەرگانەی بە قەڵەم بەشداران چ

## ماڵپەڕی گیاڕەنگ

ئەوانەی یاد و بیرەوەرییان لەم ماڵپەڕەدا دەکرێتەوە. ماڵپەڕێک بەدوور لە کێشە و حاشیە کە حەول دەدا بەبێ ئەوەی پەراوێز بە دژی دەق قوت کاتەوە، توانیوێتی لە ماوەی بیست ساڵدا، بە شێوەیەکی بەردەوام درێژە بە کار و چالاکییەکانی خۆی بدا.

دیارە قسە لە سەر گیاڕەنگ زۆرە بەڵام هەر قەناعەت بەوەندە دەکەم و لە کۆتاییدا دەبێ بڵێم بەڕێزان شلێر خانم حەسەنپوور و کاک حەمەڕەسووڵ کەریمی ئازیز وەک پێشمەرگەیەکی بە ئەزموون و وەک خاوەن ئایدیایەکی دەروەست، لەم ماڵپەڕەدا بەبێ گومان دەوری سەرەکیان گێڕاوە و بەش بە حاڵی خۆم ئارەزووی بەردەوامی و بەپێزتر کردنی گیاڕەنگیان بۆ بە ئاوات دەخوازم و ئەوەش زیاد بکەم کە پێموایە کاتی ئەوە هاتووە کە لانیکەم گیاڕەنگ تەلەفزیۆنێکی ئینتێرنێتی بۆخۆی ساز بکا، بۆ ئەوەی گیاڕەنگ پێ بنێتە قۆناخێکی نوێی کاری مێدیاییەوە!

ناسر باباخانی



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەڕی گیارەنگ

### بە بۆنەی ٢٠ ساڵەی دامەزراندنی ماڵپەڕی گیارەنگ.




**یاسین مەولوودی**

بۆ بەڕێزان و خۆشەویستانم کاک حەمەڕەسووڵ کەریمی و خاتوو شلێر حەسەنپوور، بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕی گیارەنگ.

بە بۆنەی ٢٠ ساڵەی دامەزراندنی ماڵپەڕی گیارەنگ پڕ بە دڵ پیرۆزبایی و دەستخۆشیتان لێ دەکەم و دڵخۆشم کە توانیوومە سوود لە بابەت و هەواڵەکانی گیارەنگی سەرسەوز، وەربگرم.

هەروەها سەرەڕای کەند و کۆسپەکانی ژیان، توانیوتانە بەردەوام زانیاری و بابەتی بە سوود بۆ خوێنەرانی ماڵپەڕی گیارەنگ دابنێن.

بە نۆبەی خۆم سپاسی هەموو ئەرک و زەحمەتەکانتان دەکەم کە بۆ بەردەوام بوونی ماڵپەڕی گیارەنگ، دەیکێشن.

ڕێز و حورمەتی دووبارەم

یاسین مەولوودی



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیارەنگ

### بۆ بیستەمین ساڵوەگەڕی سایتی گیارەنگ.




**مەجنوون جاوید**

هەر کوردێک پاش دەستپێکردنی گیارەنگ وەکوو ماڵپەرێک چاوی بە ناو بەشەکاندا خشاندبێ یەکسەر زانیویەتی کە کەسانی بەڕێوەبەری سایتەکە لە دڵسۆزی بۆ کوردستان و کوردایەتی دەستیان داوەتە ئەو چەکە سەردەمەیە بۆ گەیاندن و ئارشیوکردنی هەواڵ، بابەت و وێنە و فیلمی جۆراجۆر بە تایبەت وێنەی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

گیارەنگ ناوێکی خۆشە و یەکسەر لە ناو دڵ دا جێگای خۆی دەگرێ چونکە کێوێکی بەناوبانگی ناوچەی سەردەشتە. چونکە هێزێکی گەورەی دوژمن بەزێن بە ناوی هێزی گیارەنگ ببوو بە وێردی سەر زاری خەڵک.

سەری ڕێز دادەنوێنم بۆ خزمەت و زەحمەتکێشانی زۆری شەو و ڕۆژانەی کاک حەمەرەسوڵ و خوشکە شلێر و هەموو ئەوانەی کە دەزانم یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی گیارەنگ بەردەوام بێ.

کاک حەمەرەسول ئەو ڕۆڵە بە توانایەیە کە جێگای پەنجەی خۆی دیاری دەکات، ڕێچکەی خۆی جوان بە جێ دێڵێ بۆ نەوەکانی داهاتووی گەلەکەمان.

## ماڵپەری گیاڕەنگ

لە پێش زۆر کەسی خاوەن بڕوانامەی بەرزی ئاکادیمی دا دەستی دایە ئەو کارە گەورە و سەردەمی‌یە کە دەکرێ بڵێم لە کوردستان زۆر حیزب خاوەنی وەها پلاتفۆرمێکی بە ناوبانگ نەبوون.

جێگای شانازی و سەربەرزییە و حەقی خۆمە خۆشحاڵ بم بە بیستەمین ساڵرۆژی دەستپێکی سایتی گیاڕەنگ.

هەتا کوردستان رۆلەی وەکوو ئێوەی هەبێ دەبێ بە خۆی شانازی بکات کە ئێوە سیمای جوانی ئەو کوردستانە بە دنیادا بڵاو دەکەنەوە.

**مەجنوون جاوید**

## بیست ساڵەی گیارەگ پیرۆزبێ.




**حاجی جوندی**

ماوەیەک خوێنەری سایتی گیارەنگ بوم دەست خۆشی لە تۆ و خێزانت دەکەم، خۆت وەک کوری ئەمەگ ناس و خەباتکاری کورد هەمیشە لە مەیدانی خەباتدابووی و داوای سەرکەوتن و بەردەوامیت بۆ بە ئاوات دەخوازم.

گیارەنگ هەمیشە مەکۆی شۆرشگێری کورد بووە و بۆ منیش مانا و مەفهومی تایبەت بە خۆی هەیە، خۆم بەختەوەر دەبینم لە ناوچەی گیارەنگ لەگەل کورە شۆرشگێر و حیزبی دا بۆ رزگاری گەل و نیشتیمان خەباتم کردووە.

سلاو و رێز سەرکەوتوو بی.

حاجی جوندی

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### گیاڕەنگ ٢٠ ساڵە لە لووتکەدا ماوەتەوە.




**ئازاد نارستی**

لە پەراوێزی ٢٠ ساڵەی تەمەنی پڕ لە شکۆی ماڵپەری گیاڕەنگی سەربەرزدا، سەدان کەس بە پەیام و ناردنی پیرۆزبایی، یادی وەشانی ئەو ماڵپەرە کە زەمەنێکە بۆتە سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری هەزاران کوردی نیشتیمان پەروەر کردەوە.

کاکڵ و جەوهەری هەموو ئەو پەیامانە ڕیز و پێزانین بوو بەرانبەر تێکۆشانی ٢٠ ساڵەی کاک حەمەرەسوڵی کەریمی و شلێر خانمی هاوسەری کە سەرە ڕای کاری حیزبی و ژیانی شەخسی توانیویانە ٢٠ ساڵی ڕەبەق ئەو ماڵپەرە بە باشترین شێوە ئیدارە بکەن و ڕۆژانە ئابدەیتی بکەنەوە و ساڵ دوای ساڵ بە فۆڕم و شێوەی نوێی و مۆدێڕن بە ڕۆژی بکەنەوە.

ئەو کەسانەی لە دیساپۆڕا دەژین دەزانن بەڕێوەبردنی ماڵپەرێکی ئاوا بە هێز و پڕ زانیاری هێزی مرۆیی و ماددی زۆری دەوێ ئەوەی کە ئەو دوو خۆشەویستە بە تەنیا توانیویانە گیاڕەنگ ٢٠ ساڵ لە لووتکەدا بهێڵنەوە، شاکارێکە کە تەنیا خۆڵقانی بە باڵای پێشمەرگانەی ئەو ئازیزانە بڕاوە.

لە ماوەی ئەو ٢٠ ساڵەدا بە دەیان ماڵپەر و ڕۆژنامە هاتنە مەیدانی تێکۆشانی میدیایی کوردی کە تیمی بە هێز و

## ماڵپەری گیارەنگ

سەرچاوەی ماڵی باشیشیان لە پشت بوو بەڵام بەشی هەرە زۆریان نەیان توانی بەرگەی تۆفانی تیکنۆلۆژی نوێی راگەیاندن بگرن و هەر زوو بوونە بەشێک لە مێژوو.

بەڵام وەک دەبینن گیارەنگ وەک هەمیشە لە گەیاندنی زانیاری دروست و خزمەت بە دۆزی رەوای کورد و لەوەش زیاتر خزمەت بە زمان و ئەدبیاتی کوردی بەردەوامە ورۆژ دوای رۆژ ماڵی پڕ وشەی رازاوەتر و جوانترە.

لە یادی ٢٠ ساڵەی گیارەنەگدا سەری رێز و حورمەت لە بەرانبەر خزمەتی کاک حەمەڕەسوڵی هەردەم پێشمەرگە و تیکۆشەر و شلێر خانم دادەنوینم و سپاسی هەوڵ و تێکۆشانیان دەکەم.

به سپاسەوە

ئازاد نارستی

## گیارەنگ ناوێنەی کۆلکە زێڕینەیەکی فکری بەبێ جیاوازی!




**مەولوود سوارە**

لە کاتێک دا یادی بیست ساڵەی دامەزراندنی ماڵپەری گیارەنگ دەکەینەوە کە بە خۆشحاڵییەوە ئەم ماڵپەرە لە ماوەی بیست ساڵەی تەمەنی دا توانیویەتی ئاوێنەیەک بێ لە بیروبۆچونی جیاوازی کۆمەڵگەی خۆرهەلاتی کوردستان، زۆر جاریش کەوتۆتە بەر هێرشی تاریک پەرەستان و تەنانەت بەمەش نەوەستاون و هێرشی سایبێریش کراوەتەوە سەر ئەم ماڵپەرە جوانە!

دیارە هەر لە کاتی دامەزراندنی دوو کۆڵەکەی بەهێزی هەبووە، کاک حەمەڕەسووڵ وەک پێشمەرگەیەکی خاوەن ئەزمون و خاکی کە تەنانەت لەم ڕێگایەدا کەم ئەندامیش بوو و خاتوو شلێر حەسەن پوور وەک خاتوونێکی خاوەن هەست لە بنەماڵەیەکی شەهیدپەروەر! ئەم دوو ئازیزە لە کاتێک دا هەستیان بە پێویستی دامەزراندنی ماڵپەڕی گیارەنگ کرد کە تازە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کەڵک وەرگرتن لە ئینتێرنێت هێدی هێدی دەبوو بە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانە و بە خۆشحاڵییەوە گیارەنگ توانی جێی خۆی لەناو خەڵک دا بکاتەوە و وەک سەرچاوەیەکی زانیاری ناسرا!

بەڵام ئەوەی جێی تێڕامان و سەربەرزییە بوونی خاتوو شلێر حەسەن پوور وەک کەسایەتێکی ئەکتیڤ و خاوەن هەڵوێست

## ماڵپەری گیارەنگ

لەم ماڵپەڕەیە کە هەر لە کاتی دامەزراندن و تا ئێستا باوەڕمەند بوون بە بەشداری چالاکی ژنان لە کۆمەڵگە، زانست و سیاسەت دا! چالاکییەک کە کەسانی وەک خاتوو شلێر و هاوفکرانی سوور بوون لە گەشەپێدانی ئەم بیرۆکەیە کە هاوشانی و بگرە زۆر جار پێشڕەوی پیاوان بۆ بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی نەتەوەکەمان حەول بدەن و ئیمڕۆ بەشێک لەم دەستکەوتانە لە چوارچێوەی شۆڕشی (ژینا) و لە ژێر دروشمی ژن، ژیان، ئازادی دەبینین!

دیسان پیرۆزە بیست ساڵەی دامەزراندنی ماڵپەڕی گیارەنگ و ماندوو نەبوونی بۆ خاتوو شلێر-ی ئازیز و کاک حەمەڕەسووڵی خۆشەویست.

مەولوود سوارە



سەرچاوە
Serchawe

**لە یاد و ساڵ ڕۆژی گیارەنگ دا ئەگەر بێدەنگ بین غەدرە، چوونکە بیست ساڵ لە مە وەبەر "ئێستا نیە"**




**شەریف عەزیزی**

لەو ماوە دا زەحمەتی زۆر خەمی زۆر لاپەرەی زۆری گیارەنگ نەخشێندران بە هەواڵە جوراوجورەکانەوە، کاری زۆرانی ئاسان کرد، دڵی زۆرانی خوش کرد، لە زۆر شت بە ئاگا بووینەوە، لە خەمی ۆور کەس دا بەشدار بوو هاودەم و هاوخەم و ، جێگایی هەمووان بوو.

من ناتوانم بە چەند وەشە و تێروانینک ئەو هەموو زەحمەتە میدیاکاریی ماڵپەری خۆشەویستی گیارەنگ بێنمە زمان. بەڵام لەناخی دڵەوە سوپاس و پێزانین و لە هەمان کات دا پڕ بەدڵ پیروزبایی و دەست خۆشی لە خوشەویستانم کاک حەمەرەسوڵی تێکۆشەر و خانەوادەکەی دەکەم کە لەو بیست ساڵە دا جێگایان لە مێژوی روژنامەگەری, میدیایی ماڵپەری نێت دا پڕشنگدارە و پڕ بەدڵ پیرۆزباییتان لێ دەکەم.

هەر وا سەرکەوتوو سەرفیراز بن.

شەریف عەزیزی

## ماڵپەری گیارەنگ

### گیارەنگ دەنگ و ڕەنگێکی دیار لە هەموو وەرزەکاندا.




**ئەنوەر کەریمی**

بە درێژایی بیست ساڵ هەوڵی خۆبەخشانە بۆ پاراستنی نێوماڵێکی ئیلیکترۆنی لە پێناو گەیاندن و کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاریە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بە ڕەنگ و بۆی کوردانە، بەرهەمێکی دیارو پڕ بەهاو کوردپەروەرانەی کاک حەمەڕەسوڵی هەردەم پێشمەرگە و خوشکە شلێری هاوڕێ و پشتیوانیانە کە دێتە سەر کۆی خەرمانی خزمەتە بەرچاوەکانی ئەو خۆشەویستانە لە پێناو نیشتیمان دا.

ماڵپەڕەی گیارەنگ سەرەڕای ئەوەیکە لە کۆکردنەوە و گەیاندنی هەزاران بابەت لە هەواڵ و وتارو زانیاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و هونەری، کۆکردنەوە و زیندوو ڕاگرتنی بەشێکی بەرچاو لە بیرەوەری کادر و پێشمەرگەکانی کوردستان و هەروەها بەشێک لە سروود و گۆرانیە شۆڕشگێڕیەکانی دەورانی خەباتی سەختی شاخ و پێشمەرگایەتی ئەرکێکی قورس و گرانی و ئەستۆی خۆی گرتوە، بە بۆچوونی من لایەنێکی گرینگتری ئەو هەوڵ و تێکۆشانە بێ وچانە کە بە بیرو هزری کوردانە و ئەخلاقێکی بەرزی شۆڕشگێڕانە و دڵ فراوانی بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕەی ڕەنگین و سەرسەوزی گیارەنگ تا ئێستا هاتۆتە بەرهەم ئەوەیە کە ئەو بەڕێزانە لە کات و ساتە جیاوازەکان دا خۆیان لە دنە دان و زەق کردنەوەی کێشەو و گرفتەکانی نێوماڵی کورد پاراستوە کە لەو بارەشەوە جێگای ڕێزی تایبەتی و ئەزموون لێ وەرگرتنە بۆ هەموو ئەوانەی

کاری ڕۆژنامەوانی دەکەن.

هیوام سەرکەوتنی زیاترو بەردەوامیتانە.

براتان ئەنوەر کەریمی

## ماڵپەری گیارەنگ

### لە یادی بیست ساڵوەگەڕی گیارەنگی خەمخۆر دا .




**عوسمان نۆباری**

کاتێک لە دایک بوو، زۆربەی هەرەزۆرمان لە بواری نووسین دا لە سەرەتای گرووگاڵ و دارەدارە دابووین، هەر کەسێک کە سەرەتا دەست دەکات بە نووسین، بێشک تووشی کۆمەڵێک گیروگرفتی نووسین دەبێ کە لێی تێپەڕ بێ، گیارەنگ ئەو قوتابخانە رۆشنبیرییە بوو کە لە باری دارشتنی بابەت، ناسینی وشە ڕەسەنەکانی کوردی و زۆر خاڵی دیکە دەستی گرتین و بەرەو دونیای هیدایەتی کردین.

ورده ورده کە لەگەڵ گیارەنگی بە مشوور بووین بە هاوڕێ، ئینجا بە دڵێکی ئاواڵەوە دەرگای لێکردینەوە بۆ نووسینەوەی بیرەوەرییەکان، نووسینەوەی شەڕە گەورە و حەماسیەکان، نووسینەوەی ژیان و بە سەرهاتی شۆڕشگێرانی دێمۆکڕات و شەهیدە سەربەرزەکانمان، لە ماوەیەکی کورتدا گیارەنگی ئەمەگناس بوو بە رووگەی ئەویندارانی ئازادی و کۆڵەبارێک مێژووی پڕشەنگداری لە سینگی خۆیدا تۆمار کرد.

بێگومان هەمووی ئەو خاڵانەی کە باس کران، بە بێ هاوکاری دوو مرۆڤی ماندوو نەناس، دوو مرۆڤی فیداکار و دڵسۆز، هاوڕێیان کاک حەمەڕەسووڵی کەریمی و خوشکە شلێری حەسەنپوور کارێکی زۆر سەخت و دژوار بوو، باس کردن لە تێکۆشان

**ماڵپەری گیاڕەنگ**

و ماندووبوونی ئەو دوو ئینسانە زەحمەتکێشە لەو وتارێکی ئاوا کورتدا، بەڕاستی زۆر سەختە، ئەو ئازیزانە بەو هۆیەوە کە زۆربەی هاورێیانیان دەناسی و لە رووحیەی خەڵکەکە شارەزا بوون، ڕاکێشانی ئێمەمانان بۆ ئەو مەیدانە زۆر عادی و جێگای دڵخۆشی هەبوو، هەر بۆیە وێڕای دەستخۆشی لێیان، بە پێویستی دەزانم پڕ بە دڵ سپاسێکی گەرمیان بکەم و تەمەننا دەکەم نموونەی ئەو دوو مرۆڤە نیشتیمانپەروەرە لە ناوماندا زۆر بن.

**عوسمان نۆباری**

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### پیرۆزبایی بیست ساڵ خەباتی بێوچان!




**خەلیل عەبباسی**

برای هێژا کاک حەمەڕەسووڵی کەریمی!

وێڕای گەرمترین سڵاو بە بۆنەی بیستەمین ساڵی تێکۆشانی نەسرەوتووی ماڵپەڕی خۆشەویست و تێکۆشەری (گیاڕەنگ) لە ناخی دڵمەوە پیرۆزبایی لە جەنابت و بەڕێز شڵێر خانم و هەموو نووسەران و خوێنەرانی گیاڕەنگی دڵسۆز و قەدرگران دەکەم و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

بە هیوای مێدیایەکی ئازاد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

خەلیل عەبباسی- ستۆکهۆڵم



سەرچاوە Serchawe

## گیاڕەنگ ناوێکی ئاشنا.




**مێهدی مێهرپەروەر**

گیاڕەنگ ناوێکی ئاشنا. مەڵبەندی فیداکاریی هێزی بەهێزی پێشمەرگە کە بەدەیان داستانی خۆڕاگریی و نەبزەیی تۆمارکردووە و لاپەڕەیەکی زێڕینی خەباتی رزگاریخوازیی مێژووی گەلەکەمانە.

لەجیهانی میدیاشدا دیسانەوە گیاڕەنگی سەربەرز لە چوارچێوەی ماڵپەڕێکدا لەسەر دەستی دوو پێشمەرگەی خۆنەویست کاک حەمەرەسوڵ کەریمی شەهیدی زیندوو و خوشکە شلێر حەسەنپوور هاوسەر و هاوڕێی، بووە سەرچاوەیەکی جێی بڕوا و متمانەی ئەویندارانی رێگای رزگاریی کوردستان. بیست ساڵ زەحمەت و ماندوو بوون، بیست ساڵ پەرۆشیی بۆ راپەڕاندنی ئەرکێکی پیرۆز لەدنیای راگەیاندندا و بیست ساڵ خۆنەویستانە خزمەت بە دۆزی رەوای گەلێکی بەشخوارو لە دەلاقەی ماڵپەڕێکی زەنگین وەک گیاڕەنگ شاهیدێکن بۆ ئەم ئیدعایە.

ماڵپەڕی گیاڕەنگ لە سەرەدمێکدا لەدایک بوو کە سوسیال میدیا وەک ئێستا گەشەی نەکردبوو، چەندین سایت و ماڵپەڕ لەو ماوەیەدا کارەکانیان راگیرا و چوونە خانەی فەرامۆشیەوە، بەڵام گیاڕەنگ توانی هەروا لە وەشانی خۆی بەردەوام بێ و خۆی لەگەڵ گەشەی دنیای راگەیاندندا بەرۆژ بکاتەوە کە ئەمە بۆ خۆی یەکێک لە دەستکەوتە بەهێزەکانی هەڵسووڕێنەرانی ئەم ماڵپەڕەیە.

## ماڵپەری گیاڕەنگ

بەڕێوەبردنی ماڵپەڕێک بۆ ماوە بیست ساڵ دەرخەری ئیرادە و پشوودرێژیی دوو پێشمەرگەی پەروەردەی قوتابخانەی کوردایەتییە. لەقۆناغی ئێستادا کە شاهیدی دەیان ماڵپەڕ بەپاڵپشتیی ئابوورییەکی بەهێزین، ئەرکی بەڕێوەبەرانی گیارەنگ زۆر قورستر دەبێ بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەران بۆ لای خۆی رابکێشێ.

وەک خوێنەری گیاڕەنگ دەتوانم تەنیا ئەوەندە بڵێم سەری رێز بۆ گەورەییتان دادەنەوێنم ئازیزان کاک حەمەرەسوڵ و خوشکە شلێر. باشترینەکانتان لە دنیای راگەیاندن و هەموو بوارەکانی ژیانتاندا بۆ بەئاوات دەخوازم و شانازی بە بوونتانەوە دەکەم.

هیوای بەردەوامیی بۆ ماڵپەڕی گیاڕەنگی خۆشەویست دەخوازم.

لەگەڵ رێزمدا

مێهدی مێهرپەروەر

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### "گیاڕەنگ" بە بۆن و بەرامەی وشەوە.




**هەمزە ئاگوشی**

هەڵسوڕاندن و لەسەر پێ هێشتنەوەی ماڵپەڕ و پێگەیەکی ڕۆژنامەوانیی متمانەپێکراو ئەویش بە ستافێکی دوو کەسی و لە پەراوێزی ئەرکە سیاسی و ڕێکخراوەییەکاندا، کارێکی هەتا بڵێی ئاستەمە و ئەگەر توانا و ئیرادەیەکی بەهێز و ئیمانێکی پتەوی وەک ناوەکەی خۆی لە پشت نەبێ، بێگومان چاو بە ڕووناکی هەڵناهێنێ و هەر بە مەلۆتەکەیی سەر دەنێتەوە.

ڕەنگە زیاتر ئەو کەسانە هەست بە قورسایی ئەو ئەرکە بکەن کە کاک "حەمەرەسووڵ" و خاتوو "شلێر" بۆ بەڕێوەبردنی ئەو پێگە ڕۆژنامەوانییە خستوویانەتە سەر شانیان، کە خۆیان لەو بوارەدا کاریان کردووە.

ماڵپەڕی "گیاڕەنگ" مۆمی بیست ساڵەی تەمەنی خۆی دادەگیرسێنێ. بیست ساڵە سەری لەنێو سەرانداپە و هەواڵ و زانیاری دەبەشێتەوە.

بیست ساڵە دەگەڵ دەرد و ئازار و شانازییەکانی نەتەوەکەماندا دەژی و باوەشی گەرمی بۆ نووسەران و ئەدیبان و هونەرمەندان و سیاسەتوانانی کورد کردووەتەوە و دەگەڵیان هاوماڵە، بۆیە بەم بۆنەوە، لە ناخی دڵمەوە وێڕای دەستخۆشی

## ماڵپەری گیاڕەنگ

و ماندوونەبوونی، پیرۆزبایی لە "گیاڕەنگ" و کاک "حەمەڕەسووڵ کەریمی" و خاتوو "شلێر حەسەنپوور" و سەرجەم نووسەران و خوێنەرانی ئەو ماڵپەڕە خۆشەویستە دەکەم و تەمەندرێژی و ساغی و سڵامەتییان بۆ خوازیارم.

**هەمزە ئاگوشی**



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### گیارەنگ میدیایەک بە بەردەوامی.




**خالید محەمەدزادە**

بیست ساڵ کارکردی میدیایەک کە لەو بیست ساڵە زیاد لە میدیایەک داخراون، دیاردەیەک ئاسایی نیە.
لەماوەی بیست ساڵی رابردوو چەندین دەزگای میدیایی داخران و هەنسکی کارکردنیان لێ برا، بەڵام گیارەنگ مایەوە درێژەی بە کارکردی میدیایی خۆی دا.
لە راستی دا چالاکی کەناڵێکی میدیایی ناحکومی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست کە خاڵییە لە کولتوری کاری میدیای و هیچ هاوکارییەکی میدیاش ناکرێت و ئازادی میدیاش بونی نیە ئاسان نابێت.

لە دۆخێکی دژە میدیا و نا میدیایی ئاواش دا، میدیایەکی وەک گیارەنگ کە پرۆسەیەکی زیاد لە بیست ساڵ کارکردی میدیایی تۆمار دەکات شایانی رێزلێگرتنە.
لەگەڵ ئەوەش گیارەنگ تەنیا میدیایەکی نەفەس درێژ لە کاری میدیایی نەبووە، بەڵکو لە هەموو ئەو ساڵانەدا تریبونێکی نەتەوەیی رو بە رۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان بووە.

ئەمە لە گەڵ ئەوەی میدیایەکی بە پرەنسیپ و زمان خاوێنیش بووە.

## ماڵپەری گیارەنگ

### دەستخۆشییەک بۆ گیارەنگ.




**حەسەن قارەمانی**

گیارەنگ ڕۆژنامەی باش میدیایەکی پەیوەندییە کە بە وردی و شەفافیەت و بێ لایەنگری هەواڵ و پرسە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگا و وڵات و جیهان دەخاتە بەردەم خوێنەرانی خۆی.

ڕۆژنامەی باش دەبێت ناوەڕۆکەکەی لە سەرچاوەی باوەڕپێکراو و هەمەچەشنەوە وەربگرێت و بە فۆرماتێک پێشکەشی بکات کە بۆ هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگا تێگەیشتن و دەستڕاگەیشتن بێت. هەروەها پێویستە پابەند بێت بە ئەخلاقیترین و پیشەییترین پێوەرەکانی ڕۆژنامەوانی.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕۆژنامەکان کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر پێکهێنانی بۆچوون و بیروڕای گشتی هەیە، گیارەنگ ڕۆژنامەیەکی باش، بەو ناوەڕۆکەوە کە لە لاپەڕەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، ڕێگە بە خوێنەرانی دەدات کە ئاگاداری ڕووداو و بابەتی گرنگ بن لە کۆمەڵگادا.
گیارەنگ میدیایەکی هەمەلایەنە و سەربەخۆیە کە وەک یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی زانیاری و پەیوەندی بۆ کۆمەڵگە ناسراوە.

حەسەن قارەمانی

تێکۆشەرانی ماڵپەڕی گیارەنگ، هێژا کاک حەمەرەسووڵی کەریمی و یای شلێری هاوژینی:




حەسەن نەهوەن

پێشەکی بە بۆنەی تەمەنی بیست ساڵەی ماڵپەڕی گیارەنگ، پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە ئێوە بەڕێوەبەران بە تایبەتیی و نووسەران و خوێنەران بە گشتیی دەکەم و هیوای هەر دەم بەردەوامی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

لە ماوەی ئەو دوو دەیەی وەشانی گیارەنگ دا، بە چەندین ماڵپەڕی جۆراجۆر لەو بوارە دا چالاکیان هەبووە و دواتر بە هەر هۆیەک لە درێژەدان وەستاون و یان تووشی تەنگەژە و هەرەس هاتوون.

گەلێک جێی خۆشحاڵییە کە ماڵپەڕی گیارەنگ وەک کۆلکەزێڕینەی سەر چیای گیارەنگ هەروا لەدرەوشانەوە دایە و لە هەموو فەسڵان دەگەڵ ئەسڵان هەر سەوز دەنوێنێ.

بابەتە هەمە لایەنەکانی رامیاری، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی، مێژوویی، هەواڵدەری و راگەیاندنی گیارەنگ، وەک باخێکی بە بەهرەن کە زانیاری بە خوێنەر دەبەخشن و دەرگای وەرگرتنی بابەتە بە نرخەکان بە سینگ فراوانێوە ئاواڵەیە.

## ماڵپەری گیاڕەنگ

بیست ساڵ نیزیک بە نەسلێکە، بەڕێوە بەرانی ماڵپەڕی گیاڕەنگ، بە دوو چەکی بیر و قەڵەم، خەباتێکی گرینگی مێدیایی یان بێ پسانەوە وەڕێخستووە کە ئەوە نیشاندەری دڵسۆزی و ئەرک ناسی و نەتەوەخۆشەویستی‌یە کە دوو پێشمەرگەی هاوژینی تەواو ڕێ، پێی هەستاون و سەرەڕای زۆر ئەرکی بنەماڵەیی، حیزبی و ڕۆژانە و کار، بە دڵ ئاواڵەیی و خۆبەشانە لە پێناوی قەڵەم و پێنووسی کوردی و حەق وێژ دا، درێژەیان بەو خەباتە داوە.

خەرمانی بیست ساڵەی ماڵپەڕی گیاڕەنگ بە بەرەکەت و بەردەوام و نەپساوە بێ.

حەسەن ئەهوەن - ستۆکهۆڵم



سەرچاوە
Serchawe

**سڵاو ڕێزی تایبەتی بۆ ماڵپەری گیارەنگ و بەرێوەبەرانی.**




**سولێمان کەڵەشی**

من پێم خوشە پێش لە هەموو شتێک، پر بە دڵ لە ٢٠ ساڵەی دەست بەکار بوونی ماڵپەڕی خۆشەویستی گیارەنگ دا وێڕای پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە هەردوو هاوڕێی بەرێزی بەڕێوەبەری ماڵپەڕی گیارەنگ کاک حەمەرەسوڵ کەریمی و هاوژینە سەربەرزەکەی خاتوو شلێر حەسەنپوور هەر وەها لە خوێنەران، نووسەران و ئۆگرانی ماڵپەری گیارەنگ بکەم و هیوادارم ئەو پەنجەرەیە هەمیشە ڕووناکی بەخشی هەموو شار و دێهاتێکی نیشتیمان بێ.

هەڤالی هێژا کەک حەمەرەسووڵ، ئەگەر بەشێک لە دوستان و خوێنەرانی ماڵپەری گیارەنگ تەنیا جەنابتان و هەروەها شاخ و هێزی گیارەنگ یان لە رێگای ماڵپەرەکەتانەوە ناسیوە و دەناسن، بەڵام بە خۆشیەوە من ماوەیەکی لە هێزی گەرمی گیارەنگ دا وەک فەرماندەری هێزی گیارەنگ لە خزمەتی ئێوەی عەگید و قارەمان دا بووم و لە نێزیکەوە جەنابت و ڕۆڵە قارەمانەکانی هێزی گیارەنگ و سەردەشت دەناسم. بەراستی ئەو ماوەیەی کە لە خزمەتی ئێوە ڕۆڵە فیداکارەکانی هێزی گیارەنگ دا بووم خۆشترین و پر شانازیترین کاتی پێشمەرگایەتی من بووە.

ئێوە یەکێک لەو پێشمەرگە و کادرە هەرە قارمان و فیداکارەکانی ڕۆژە سەختەکانی خەباتی گەلی کوردن لە دژی کۆماری

## ماڵپەری گیاڕەنگ

ئیسلامی ئێران لە رۆژهەلاتی کوردستان دا. هەر وەها مخابن لە شەر و بەرخوادانە دا چەند ئەندامی جەستەی خۆت لە دەست داوە.

کاکی من حەمەرەسووڵ ، ئێوە لە هەر کوێی بن و بە هەر شێوەیەک خەبات بکەن، ئێوە نموونەی فیداکاری و خۆبەخت کردنن، ئێوە هەمیشە خۆلقێنەر و پێشرەو و نموونەی بەرخۆدان بوون. بیست ساڵ پێش ئێستا سەرەرای هەموو موشکلاتی ژیانی ئاوارەیی و دووره وڵاتی، ئێوە بێجگە لە کار و خەباتی سیاسی و رێکخستن، ماڵپەری گیارەنگتان دامەزراند و بە هیممەت و ئیمکانی خۆت و هاوژینەکەت ئەو ماڵپەرەت بەرێوەبرد و بە بابەتی جۆراجۆر ماڵپەرەکەت دەوڵەمەند کرد و ئێستاش هەر وەک دەبینن ماڵپەرەکەتان ئەمرۆ یەکێک لە ماڵپەرە هەرە بەرچاو و دەوڵەمەندەکانی کوردی ئەژمار دەکرێ.

بێشک ئەم کارەش بێ فیداکاری، لێزانین و ماندوونەناسی ئیمکانی نییە. ئەگەر بیست ساڵ پێش ئێستا بێنە بەرچاوی خۆتان، لانیکەم کارێکی وا لە ناو کۆمەڵگای کورد دا کارێکی زۆر ئاسان و ئاسایی نەبوو، بەڵکوو تەنیا کاری کەسانی وەک ئێوە تێکۆشەر و شۆرشگێر بوو.

دەستتان خۆش و هەر سەرکەوتوو بن لە کار و ژیانی خۆتان دا.

لە کۆتایی دا داوای سەرکەوتن بۆ گیارەنگ و لەشساغی و بەختەوەری و سەرکەوتن بۆ هەڵسووڕێنەرانی و بۆ نووسەرانی دەکەم.

براتان سولێمان کەلەشی

دانمارک

## لە بیست ساڵەی گیارەنگ دا.




**محەممەدی فەقێ عەلی**

دەمێکە لە نوسین و خوێندنەوە کەم تا کورتێک دابڕاوم، هی ئەوەی نیە کە مەیل و ئارەزوویم نەبێ، بەڵکوو هی پڕکاریی و کەم کاتیە.

بەڵام هەمووی ئەوانە، ئێستا ناتوانم بکەمە بیانوو و بڵێم بیست ساڵەی گیارەنگە و بە هۆی کەم کاتی و کارەوە ناتوانم لانیکەم پیرۆزباییەک بنووسم.

لە ژیانی هەر مرۆڤێک دا هێندێک کەس و شت هەن، کە پشت گوێ خستنیان ویژدانت ئازار دەدات، هەر ئەوەش گەورەیی و خۆشەویستی و ڕێزی ئەو مرۆڤانە و یان ئەو شتەیە، کە وات لیدەکات ویژدانت ئاسودە نەبێت. واتا گەورەییان، یان خۆشەویستیان دەگەیەنێت. گیارەنگیش بۆ من یەکێک لەو شتانەیە و بەڕێوەبەرەکانیشی لەو مرۆڤانەن، کە لای من زۆر خاوەن ڕێز و خۆشەویستی تایبەتن.

گیارەنگی ڕەنگین بیست ساڵە بێ برانەوە، بۆتە کەڵەسواری مەیدانی دنیای وەشاندنی دیجیتاڵی، من زۆر باش ئاگادارم لەم

## ماڵپەڕی گیاڕەنگ

بەینەدا چەندین ماڵپەڕی دیجیتاڵی هاتونەتە گۆڕەپان و بە پشت و پەنایەکی لەوانەیە زۆری ماڵی و مەعنەویش هاتبن، بەڵام تەمەنیان نەگەیشتۆتە چواریەکی تەمەنی گیاڕەنگی ئێمە.

بە بڕوای من چەند هۆکاری سەرەکی هەن بۆ سەرکەوتووی گیاڕەنگ و لە مەیدان دامانەوەی.

یەکەم، ماندوویی نەناسی هەردووک بەڕێوەبەرەکەی، واتا دادە شلێری حەسەنپوور و کاکە حەمەڕەسوڵی کەریمی.

ئەم دوو کەسە تا سەر ئێسقان شۆڕشگێڕ و قارەمانەی ڕۆژەکانی سەختی خەباتی شاخ و شار و هەندەران، ئەوەندە پشت کار و پڕکار و ماندووی نەناسن، کە مرۆڤ لە ئاست ئەو هەموو لە خۆبردووی و خۆنەویستی و تێکۆشانەیان دا، بێجگە لە سەری ڕێز دانەواندن هیچی دیکەی پێ ناکرێ.

ئەوان گیاڕەنگی دیجیتاڵیان وەک چیای گیاڕەنگ ڕەگاژۆی دڵ و دەرونی خوێنەرانیان کردوە، گیاڕەنگ هەر ماڵپەڕێکی لێوان لێو لە زانیاری دیجیتاڵی نیە، ئەو تێکەڵاوە لە گەڵ هزر و بیری ئەو دوو شۆڕشگێڕە و بنەماڵە سەربەرزەکانیان، ئەو ئیلهامی خۆڕاگری مانەوەی لە حەمەڕەسوڵ و شلێر وەردەگرێ و ئەوانیش لە حەکیمزادەکان، حەسەنپورەکان و حەدادەکان و ئەوانیش لە دیمۆکرات و ڕاگەیندراوەکانی هەر لە سەرتای کۆمارەوە تا ئەورۆ و دیمۆکراتیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ئیشتاش هەروا سەنگەری بەربەرەکانیە و لە تاریکستانی ئەم سەردەمەشدا هەروا چرای ڕووناکیدەری ڕێگای ئازادی ڕۆژهەڵاتە.

هۆکاری دووهەمی مانەوەی گیاڕەنگ لە مەیداندا، کاری دروست و ڕێگا هەتڵە نەکردنیەتی، گیاڕەنگ لە تەواوی ئەو ماویەدا، نەبۆتە مینبەری قسە و قسەلۆک بە دژی ئەم و ئەو یان ئەو حیزب و ئەم لایەنی سیاسی ، گیاڕەنگ، بەیداخی خزمەت بە نیشتیمانی چەقاندوەو هەر لە ژێر ئەو بەیداخەشدا ماوەتەوە، بەدوور لە هیچ بوغز و غەرەزێک تەنیا مەبەستی خزمەتکردن بە نیشتیمان بووە.

ئەستەمە لەو هەموو کێشمەکێشمە ناوخۆییە حیزبیانەدا، کارت ڕاگەیاندن و بڵاوکرندنەوە بێت، بەڵام ڕووسوور دەربێی، گیاڕەنگ هەر چۆن بەڕێوەبەریەکەی لە خزمەت بەگەل و نیشتیماندا سەربەرز و ڕووسوورن، خۆشی هەروا لەو مەیدانەدا بە ڕووسووری و سەربەرزی گۆشەیەکی بچووکی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی کوردی گرتوە، کە جێگای شانازی و دەستخۆشیە.

## ماڵپەری گیارەنگ

گیارەنگ ئاوێنەی باڵانوێنی تێکۆشەرانێکە، کە دەستیانداوەتە پێنوس و هزرو بیری دەستەمۆنەکراویان لە هەموو بوارەکانی زانیاری ، مێژووی، ئەدەبی، رامیاری ، پێگەیاندن و هتد... وەک ئەسپێکی سەرکێش تاوەدەدەن و بەم جۆرە کاری جوان و پڕ تام چێژ و پڕ بەهرە بۆ خوێنەرانی گیارەنگ دەخوڵقێنن.

هۆکارەکانی مانەوەی گیارەنگ و خۆشەویستی لە ناو دڵی لاینگران و خوێنەرانی دا، زۆر لەوە زیاترن، بەڵام ئەوانەی کە باسمان کردن و تێکەڵاو لە پاراوی زمانی کوردی و هەروەها خۆبواردنی سەدلەسەدی لە بەکار هێنانی زمانی زبر و نەشیاو، وایان کردوە کە گیارەنگ خوێنەرەکانی پێی وەفادار بمێننەوە بەم شێوەیە گرەوی خۆی لە مەیدانی دیجیتاڵی دا بباتەوە.
پیرۆز بێ بیست ساڵەی گیارەنگی رەنگین!

بە تایبەتی لە دەستەی بەڕێوەبەری واتا خاتوو شلێری حەسەنپوور و کاک حەمەڕەسوڵی کەریمی و هەموو ئەو کەسانەی، کە بوونەتە مایەی لە مەیدان دامانەوەی گیارەنگ و بە بابەتی رەنگین و جوان و بەکەڵک و پڕ نێوەرۆک، بەیداخی ئەم دنیا بچوکە خنجیلانەیەی وشەی رەسەنی کوردیان دیجیتاڵ بە پێوە ڕاگرتوە. دنیای ڕاگەیاندنی دیجیتاڵ خۆی تەمەنی کەمە، بەڵام گیارەنگ لەو تەمەنە کەمەش بەشی زۆری ناوەتە باوەشی خۆی و کورد گوتەنی پشکی شێری پێبڕاوە.

هیوادارم لە داهاتوشدا، هەروا لە سەر هێڵەکانی دیجیتاڵی ئینتەرنت بتبینم گیارەنگی هەمیشە رەنگین.

محەممەدی فەقێ عەلی

ئوتریش

## ماڵپەری گیارەنگ

**پر بە دڵ پیروزبایتان لێدەکەم.**




**ڕەسووڵ پەناهی**

زور بەرێزان هاورێیانی ماندوویی نەناسی و بەرێوەبەرانی ماڵپەری گیارەنگی پر لە دەسکەوت و پر لە هەموو بابەتەکان کە هەمیشە هاندەرم بووە کە برگە و بابەتەکان و زانیاری تازە لەو ماڵپەرە دەوڵەمەندە وەر بگرم.

بە بونەی تێپەراندنی بیست ساڵی بە بێ نەوەستان و ئەرکی زۆری بەرێوەبەرانی گیارەنگ خوشکە شلێری تێکوشەر و برای بەرێزمان کاک حەمەرەسوڵی (مامە خەمە) کورە دڵسوزەکەی کوردستان پر بە دڵ پیروزبایتان لێدەکەم.

هیوادارم هەمیشە تەندرووست و ساخ و سەلامەت بن و بەردەوام بن و گیارەنگ هەر سەربەرز بمێنێتەوە لە سەردەستی ئێوە بەرێزان

**ڕەسووڵ پەناهی**

## گیاڕەنگ بەری داری دڵسۆزی و وەفایە.




**دڵشاد هەورامی**

لە ناوراستی دەیەی نەوەدی زاینییەوە بەشەر وردە وردە گوێبیستی هەواڵگەلێک بوو کە سەرسام دەبوو پێیان.

هەواڵگەلێکی جیاواز لە دۆزرانەوەی چارەسەر بۆ فلانە نەخۆشی یا شەر لە بەینی فلانە دوو وەڵات و بوومەلەرزە یا هەڵبژێردرانی سەرۆک کۆماری ئامریکا. کۆتایی نەوەدەکان و سەرەتای سەدە و هەزارەی نوێ قاموسی وشەی میللەتان لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژئاوا لە باکوورەوە تا باشوور دەیان و سەدان وشە و ناونیشان و کۆد و ژمارەی نوێیان گرتە خۆ.

هەزارە و سەدە و ساڵەکانی ئینتێرنێت و سایت و چەت و... و دەیان داهێنان و دەرفەتی نوێ.

بیست ساڵ پێش ئێستا جیهانی وێب و حەجمی زانیاری و ژمارەی ئەو بەشەرانە کە لەو تکنۆلۆژییە نوێیە شارەزا بوون بە بەراورد لە گەڵ ئەمرۆ زۆر هەژارانە بوو. کورد بە خۆشیەوە بە هیممەتی ئەو کەسانە کە لە وەڵاتانی پێشکەوتوو گیرسابوونەوە ئەمجار لە کاروان بەجێنەما و هەرچەند بە درەنگەوە و هەرچەند بە هێزێکی کەمەوە بەڵام بوونی هەبوو.

## ماڵپەری گیارەنگ

ئەمڕۆژانە یادی بیست ساڵەی دەست بە کار بوونی کاری ماڵپەری گیارەنگە و من وەک یەک لە خوێنەرانی پێش هەموو شتێک بیر لە ماندوویەتی و زەحمەت و دڵسۆزی بەڕێوەبەرانی دەکەمەوە و بە دڵ سپاسیان ئەکەم.

بیست ساڵ پێش کورد شایەد ئەوەندەی ژمارەی قامکی دوو دەست ماڵپەری نەبوو (ماڵپەرێک کە خوێنەر پەشیمان نەبێت لە سەردان کردنی) کە بە دڵنیاییەوە گیارەنگ بە هیممەتی کاک محمد ڕەسول کەریمی و هاوژینی خۆشکە شلێر یەک لە باشترینی باشەکان بوو.

کە باسی بیست ساڵ پێش دەکەین واتە باسی سەردەمێکە کە کەرەستە و ئیمکانات لە حەدی نۆکیای ٣٣١٠ دابوون و ئەوەی ئەمرۆ ئاسان دێتە بەرچاو لە سایەی سەری پێشکەوتنێکە کە گەیشتووە بە ئایفۆن ١٤.

لە ڕۆژانێکدا کە دابەزاندن و بڕینی وێنەیەک یا دۆزینەوەی فۆنتێکی باش بە کاتژمێر کاتی دەویست و لە ڕۆژانێکدا کە خەڵک بە نووسەران و شاعیران و ڕۆژنامەنووسانیشەوە کێشەی گەورەیان لە بەر کردنی ڕەمزی چوونە ژوورەوەی ئیمەیلەکەیان بوو، کۆ کردنەوەی سەدان و هەزاران بابەتی نووسەران و شێعری شاعیران و هەواڵی ڕۆژنامەنووسان و ... بە دڵنیاییەوە تیمێکی گەورە و بودجەیەکی گەورەتری دەویست.

کاری خۆشکە شلێر و کاک محمدرەسول کارێکی کارستان و شاکارێک بوو کە تەنیا و تەنیا بە هێزی دڵسۆزی دەکرا بگات بە ئامانج. نەسلی ئێمە قەرزدار و منەتبار و بێ شک سوپاسگوزاری ئەو دوو تێکۆشەرە خۆبەخش و فیداکارەی ڕێگای سەربەستی و سەربەرزی کورد و کوردستانن.

لە بیستەمین ساڵی تێکۆشانی گیارەنگدا چیم هەیە جگە لە سپاس و دەست خۆشی و هیوای بەردەوام بوون بۆیان.
سپاس بۆ خزمەتێک کە بە کورد و وشەی کوردی و هزری کوردی کردتان.

سپاس کە وێنە و یاد و ناوی شەهیدانی ڕێگای ئازادیتان لە ماڵپەرەکەتاندا زیندو هێشتەوە.

سپاس بۆ بوونتان

دڵشاد هەورامی



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیارەنگ

**بۆ برای خۆشەویست وخوشکی بەڕێزم کاک حەمەرەسووڵ و خوشکە شلێر بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕی گیارەنگ.**




**حەسەن خۆشکەلام**

بەبۆنەی بیست ساڵەی تەمەنی ماڵپەری گیارەنگ لەقووڵایی دڵمانەوە پیرۆزباییتان پێ دەڵێین و هیوای سەرکەوتن و دەوڵەمەندی زۆرتر بۆ گیارەنگی لەبەردڵان دەخوازم هەر چەند لەو ماوەدا کەمترین سەردانی گیارەنگم بووە، بەڵام ناو و ناوبانگی ئەو ماڵپەرە خۆشەویستە سنووری ناوچەی بڕیوە و هەموو ناوچەکانی گرتۆتەوە و کوردستانیە و بابەتە فرە ڕەهەندەکانی لەبواری سیاسی و مێژوویی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و هەواڵەکانی و راستوێژی لە هەموو بابەتەکانی هێندەی دیکەی لای خوێنەرانی خۆشەویست کردوە ئەوە کە بەرێوەبەرانی ئەو ماڵپەرە تێکۆشەرانی ماندوویننەناس و مەیدانی خەباتی گەلەکەمانن و برای بەرێزم کاک حەمەرەسووڵ تێکۆشەرێکی مەیدانی و پارتیزانێکی لێزان و کارامەی خەباتی چەکداری و ئێستاش ڕێبەریەکی کاری و هەڵسووڕ و خەمخۆری حیزبەکەیەتی و لە هەموو مەیدانەکانی خەبات شاسوارە و لە هەموو شێوەکانی خەبات شارەزایە و هەلومەرج بۆ هەموو شێوەکانی خەباتی سیاسی و تەشکیلاتی و دیپلۆماسی باری هێناوە و خاوەنی خامەیەکی رەنگین و بەبڕشتە و ئەو شانی داوەتە ئەو ئەرکە قورسە کە خۆی و خێزانی گیارەنگ بەرێوە دەبن پێم خۆشە باسی لایەنێکی دیکەی خۆشەویستی گیارەنگ بکەم کە چیایەکی بەرزی ناوچەی سەردەشتە و زۆرجار تێکۆشەرانی میللەتەکەمان لە بەرزایی و پەناو پەسیوی ئەو چیایە خۆیان حەشار داوە وماندوویەتیان حەساوەتەوە جیا لەوانە گیارەنگ ناوی هێزێکی گەورەی پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بووە کە تەنگی بە دوژمن هەڵچنیوە و چەقڵی چاوی

## ماڵپەری گیارەنگ

دوژمن بووە و بۆتە خۆشەویستی خەڵکی کوردستان.

هیوای بەردەوامی بۆ گیارەنگی سەر سەوز و ساغی و سڵامەتی بۆ کاک حەمەرەسووڵ و دادە شلێر دەخوازم.

حەسەن خۆشکەلام



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیارەنگ

**بەڕێزان بەڕێوەبەرانی ماڵپەری ڕەنگینی گیارەنگ کاکە حەمەرەسوڵ کەریمی و دادە شلێر حەسەنپوور.**




**محەممەد خادمیانی**

بە بۆنەی یادی بیست ساڵەی دامەزراندنی ماڵپەری زێرینی گیارەنگ پیرۆزبایی گەرمتان ئاراستە دەکەم.

یەکێک لە گرینگترین کۆڵەکەکانی دیموکراسی و کۆمەڵگای دێموکراتیک، میدیا و ڕۆژنامەی ئازاد و بەرپرسیارە. بۆ نەتەوەی کورد کە بەداخەوە ئێستاش لە ژێر تەوژمی سیستمی کۆلۆنیایی دا مەترسی سڕینەوە و لەناوچوونی لەسەرە و بەردەوام هێرش و هەرەشەی داگیرکەر لە چەند لاوە تەنگی پێ هەڵچنیوە، ئەو پێداویستیە گرینگترو پربایختر دەکات. گیارەنگ وەک ماڵپەرێکی نەتەوەیی، شۆرشگێری ئەو رۆڵە گرینگەی، لەو کاتە هەستیارەدا وەئەستۆ گرتووە و بیست ساڵە بەردەوام لەم سەنگەرە پیرۆزەدا خەبات و خزمەت دەکات و بۆتە بەستێنێک بۆ بیری ئازاد و پێگەیەک بۆ پێشخستنی باوەری نەتەوەیی.

گیارەنگ لە تاراوگە لە دایک بووە و ئەوە بەڕێوەبەری و نوێکرنەوە و بەرۆژکردنی هەواڵ و بابەتەکان قورستر و زەحمەتتر دەکات. تێکۆشان و چالاکی بەردەوامی بەڕێوبەرانی گیارەنگ لە سەنگەری پێشەوەی خەبات بۆ ئازادی ڕۆژهەلات لە ریزەکانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوی وڵات و هەروەها ژیانی نەخوازیاو و ئاستەنگ و گرفتی تایبەتی ژیانی تاراوگە



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیاڕەنگ

نەیتوانیوە بەربەستی وەشان و خەباتی رۆژنامەگەری ئەو دوو ئازیزەمان بێت. گیارەنگی رەنگین بە ئێرادەی پۆلایینی پێشمەرگانە، بیست ساڵە لەسەر پێ راوەستاوە و بەردەوامە.

گیارەنگ لە کۆمەڵگای فکری و سیاسی و نەتەوەیی کوردی و بەتایبەت رۆژهەلاتی کوردستاندا رۆڵێکی کاریگەر و پێگەیێکی دیار و بەرچاوی هەیە. هەر ئەوەی کە گیارەنگ چەندین جار کەوتۆتە بەرهێرشی سایبێری سپای داگیرکەری ئێران ئەوە دەگەیێنیت کە گیارەنگ ماڵپەرێکی نەتەوەیی، شۆرشگێری و هەزری کاریگەرە لە رۆژهەلاتی کوردستان.

لە بیستەمین ساڵی وەشان و خزمەتی گیارەنگی زێرین، جارێکی پیرۆزبایی لە هەردووک تێکۆشەری زۆر ئازیزم کاکە حەمەرەسوڵ و دادە شلێر دەکەم و ئاواتەخوازم گیارەنگ لە رۆژهەلاتی کوردستانی ئازاد دا درێژە بە خەبات و خزمەت بدات.

رێز و حورمەتی دوبارە،

براتان محەممەد خادمیانی

کاک حەمەرەسوڵ و باجە شلێری خۆشەویست.




ئاکار پەردەدار

بە بۆنەی تێپەر بوون ٢٠ ساڵ بە سەر کارو چالاکی ماڵپەری خۆشەویستی گیارەنگ پیرۆزبایێکی گەرم ئاراستەی ئێوە خۆشەویست دەکەم.

لەو ماوەیەدا گیارەنگ بە بەردەوامی هەوڵ و تێکۆشانی خۆی وەکوو ماڵپەریکی جوان، خەنجیلانە و ریکوپێک بۆ خزمەت بە زمانی شیرینی کوردی کردووە. زمانپاراوی ماڵپەرەکەتان و پاراستی کەسایەتیەکان یەکێک لە سیما جوانەکانی ئەو ماڵپەرە بووە بۆ لێ فێر بوون دەبێت. دوور لە زمانی ناشیاو و دەمارگرژی بێگومان یەکیکیترە لە ئەسڵی رۆژنامەوانی کە هەردەم لە گیارەنگ دا بەدی کراوە.
کورد دەڵێ "لە پشت هەر پیاوێکی سەرکەوتوو ژنێکی سەرکەتووە هەیە" راست لە گەڵ باجە شلێر دەگوونجێ. شەونخوونی و هەوڵی بێ وچانتان بۆتە ئەو ماڵپەر جوانە کە لای هەمووومان خۆشەویستە.

تەمەن درێژی و بەردەوامیتان بە ئاوادەخوازم هاورێیانی بەرێزم.

ئاکار پەردەدار

## گیارەنگ سەنگەرێکی پتەوی خەبات و بەربەرەکانی گەلەکەمان!




**ئیبراهیم لاجانی**

بیست ساڵ بەسەر دەست بەکاربوونی ماڵپەڕی گیارەنگ دا تێدەپەڕێ. لەو ماوە دوورودرێژەدا گیارەنگ هەمیشە مەکۆیەک بووە بۆ بڵاکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی سەبارەت بە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورد بەگشتی و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە تایبەتی.

لەو هەلومەرجە سەخت و دژوارەدا کە دەزگای سەرکوت و زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە بەهەر شێوەیەک بێ خەبات و بەربەرەکانی گەلەکەمان بێدەنگ بکات، کار و تێکۆشانی گیارەنگ و سایت و ماڵپەرە کوردیەکانی دیکەی وەک گیارەنگ بە کارێکی گەورەو پڕبایەخ لە قەڵەم دەدرێ. بۆیە گیارەنگ بە سەنگەرێکی پتەوی جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی میللەتەکەمان دادەنرێ.

بایەخی ئەوکارە ئەوکاتە باشتر دەردەکەوێ کە بزانین هەموو ئەو زەحمەت و ماندووبوونە، ئاکامی هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوامی دوو تێکۆشەری کوردە کە سەرەڕای کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگای کاروژیان کە لە ئاوارەییدا بۆ هەمووومان هەن، مایەیان لە ژیان و گیرفانی خۆیان داناوە تا گیارەنگ هەروا سەکۆیەک بێت بۆ بڵاوبوونەوەی دەنگ و ڕەنگی خەبات و

## ماڵپەری گیارەنگ

بەرگری خەڵکی کوردستان. ئەوەش شانازیەکی گەورەیە بۆ خوشکە شلێر و کاک محەممەدرەسوڵی کەریمی.

بەو بۆنەوە دەست خۆشیان لێدەکەین و ساخی و سڵامەتی و بەردەوامیان لە خەبات و تێکۆشاندا بۆ بەئاوات دەخوازین.

هیوادارین گیارەنگ لە دەورەی داهاتووش دا هەروا بەردەوام بێت و لە ڕووی فۆرم و نێوەرۆکیشەو دەوڵەمەندتر، فرەدەنگتر، هاوچەرخ تر بێت.

ئیبراهیم لاجانی

ئۆسلۆ

**لە یادی بیست ساڵەی لە دایک بوونی شێلگیرترین ماڵپەری کوردی لە کوردستان دا.**




**کامران سۆهرابی**

لەو بیست ساڵەی تەمەنی گیارەنگ دا زۆر رۆژنامە و ماڵپەری ئیلکترۆنێک لە دایک بوون، هاتنە مەیدان، دەیان و سەدان وەشانیان چرکاند و گەیاند، هێز و پوڵ و تکنۆلۆژیایان لە پشت بوو، بوون بە خاوەن خوێنەر و جەماوەر بەڵام بە هۆی نەبوونی پشتی کار و شێلگیری لەپەیمان و بڕیار و کار دا لە پڕ وەک ئەستێرەیەک خوشین و ئاسمانی میدیای کوردیان چۆل کرد و لە کۆتا دا ناویان چووە ناوئارشیڤی ڕۆژنامەوانی کوردی و بە تۆزی فەرامۆشتی داپۆشران.

لەو ناوەدا ئەستێرەیەک بڕیاری دا کە گەشاوە بمێنێتەوەو تەسلیمی تاریکی نەبێ و بەردەوام ڕووناکی و ئومێد و هیوا بە میدیای کوردی ببەخشێ، کاتژمێرەکان و هەزاران شەو و شەونخونی و خەوی شیرینی پێش کرا، نیوەشەو و سەحەری پێک ئاشنا کرا، پەنجەکان و کیبۆرد وەخت و بێ وەخت لە بەر ڕووناکی شاشەی تکنۆلۆژیا بەیەک دەگەیشتن و هەزاران ژوانیان پێکهێنا تا دەریایک لە وشە و ڕستە و پەخشان و شێعر و هەواڵ و ڕوداوی شیرین و تاڵ، مزگێنی و کارەسات، وێنەی ڕەنگاوڕەنگیان بە دونیا هێنا و لە لاپەڕە زێرینەکانی ماڵپەری گیارەنگ دا تۆماریان کرد و ناویان لێ نرا.

لە ناو هەموو ئەو هەوراز و نشێو و تەنگی و چەڵەمەی تەمەنی پڕ لە شانازی گیارەنگ دا تێکۆشەرێک وەک کێو لە پشت

## ماڵپەری گیارەنگ

ئەو ماڵپەڕە ڕاوەستا و نەیهێشت ئەو هەزاران بەرهەمەی گیارەنگ کە ئاکامی زەحمەتی دەیان نوسەرو شاعیر و تێکۆشەری مەیدانی خەبات بوون لە ناوبچن و لە بیر بچن.

کاک حەمەڕەسوڵ و هاوژینەکەی وەک یارێکی بەوەفای گیارەنگ بوونە پردەبازی نێوان لاینگران و ئۆگرانی گیارەنگ دەگەڵ ماڵپەڕی گیارەنگ و نەیانهێشت گیارەنگ تووشی ماڵ ئاوایی و داخستن بێت.

جێگای خۆیەتی پڕ بە دڵ بە بۆنەی بیستەهەمین ساڵی لە دایک بوونی ئەو ماڵپەڕە پیرۆزبایی بە کاک حەمەڕەسوڵ و خێزانی و هەموو ئەو کەسانە دەڵێم کە یارمەتیدەر بوون بۆ مانەوەو گەشانەوەی ئەو ماڵپەڕە جوان و بە نرخ و خۆشەویستە.

کامران سوهرابی

---

## ماڵپەری گیارەنگ

### گیارەنگ،ڕەنگدانەوەی هزری پێشمەرگانە لە مێدیادا.




**عەلی لەیلاخ**

چەندین ساڵە ماڵپەری ڕەنگاڵەی گیارەنگ دەناسم. کە ناوەکەی هاوناوی بەشێک لە بەهەشتی بچووکە لە سەردەشتی کوردستان و، هاوکات ناوی هێزێکی گیان لەسەردەستی پێشمەرگە بووە لە قوناخی سەختی خەباتی بەرگریی و ڕاماڵینی کوردستان لە سوپای داگیرکەر.

بەڕێوەبەرانی ئەم ماڵپەڕە گران و ڕەنگاڵەیە بنەماڵەیەکی پێشمەرگەن کە دەچێ بۆ بیست ساڵە لە سەنگەری مێدیادا کە دواتر بە کورتی ئاماژەی پێدەدەم ماندوون بە ئاوەدان هێشتنەوەی سەنگەری بەرخۆدان و بەربەرەکانی لەگەڵ چەواشەکارییەکانی ڕاگەیاندنەکانی دەستی دەسەڵاتی پاوانخواز، کە لە مێژەساڵە ئەم کەرەسە گرینگەیان لەبەردەستە بۆ تواندنەوەو کەمڕەنگ کردنی پرسی نەتەوەیی و مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەتی هی گەلانی نێوجوغرافیای ئێران.

ئەگەر کاتی خۆی کاک حەمەڕەسووڵی کەریمی چەند قامک و لاقێکی بۆ لەسەرڕێ ڕاوەستانی نیشتمان بەخت کردووە، ئێستاکە بە پاڵپشتی هاوژینی تێکۆشەری خاتوو "شلێر" و یارانی پێشمەرگەدۆستی بە دامەزراندن و ئیدارەی ماڵپەڕی "گیارەنگ" ماڵێکیان کردووتەوە بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە کوردستانی خۆشەویستمان.



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەڕی گیاڕەنگ

هەربۆیە وەها هەوڵێکی بێبەرانبەر جێگای دەستخۆشی و پێزانینە.

لە پێناسەی ڕاگەیاندن (Media) بەمانای گەیاندن هاتووەو بەو کۆمەڵە ئامرازە دەگوترێ کە ڕۆڵیان هەیە لە گەیاندنی هەواڵ و گواستنەوەی کەلتوور و بیروڕای جیاواز.

لە قوناخی هەستیاری تێپەڕبوون لە کۆمەڵگەی سونەتییەوە بەرەو کۆمەڵگایەکی مودێرن و نوێ، بێگومان "ڕاگەیاندن" و ڕاگەیاندکاران جێگەو پێگەیەکی بەهێزیان هەیەو، بە سەیرکردن لە مێژووی تێکۆشان و خەباتی گەلانی دیکە ئەم ڕاستییە فرەتر دەردەکەوێ.

مێدیای دەروەست لە لایەن نەتەوەبندەستەکانەوە بەتایبەتی گەلی کورد گرینگیی زیاتر هەن و وەک چۆن کاتی خۆی "ستالین" دەیگوت هەموو شت لە خزمەتی "جبهە" لە ئێستادا و لە ڕوانگەی کوردانەوە دەبێ بگوترێ هەموو هەوڵێک و کارێک دەبێ لە خزمەتی کوردستان و کوردستانیبوون بێ.

ئەگەر بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی مێدیا لەم سەردەمەدا کە بریتین لە:

١- ماڵپیتی و ڕابواردن
٢- بەدەستهێنانی زانیاریی
٣- پێوەندی جڤاکی
٤- شوناس و خۆپێناسە کردن

دەتوانین بڵێین "گیاڕەنگ" بە پێی توانا و ئێمکان توانیوتی ئەم چەند خاڵە بۆ خوێنەران و سەیرکەرانی خۆی ڕەچاو بکات. دامەزراندنی ماڵپەڕی "گیاڕەنگ" لە سەردەمێک دایە کە ئینترنت دنیای تەنیوەتەوەو، کەس نییە کە لە سەیرکردن و بەکار هێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بێمنەت بێ و ڕۆژانە کاتی بۆ دانەنێ.

لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٦٠ زایینیدا سەرهەڵدان و گەشەی ئینترنێت گۆڕانکارییەکی قووڵی بەسەر دنیا و بەتایبەتی کەرتی مێدیادا هێنا.

## ماڵپەری گیاڕەنگ

لەسایەی ئەم تێکنۆلۆژییەدا چیتر "دەوڵەتەکان ناتوانی لە ڕێگای ڕاگەیاندنە سونەتییەکانی خۆیاندا هەواڵ و ڕووداوەکان بە کەیفخۆشی و ویستی خۆیان بڵاو بکەنەوەو نکۆڵی لە زۆر پرسی گرینگ بکەن".

چۆنکە هاوشێوەی "گیاڕەنگ" سایت و ماڵپەڕ و کاناڵی ڕاگەیاندنی دەروەست لە مەیداندا هەن کە سەنگەریان لێی بگرن و گەیاندنی هەواڵ و شرۆڤەی ڕاست و دروستی ڕووداوەکان کە "مافی هەر تاکێک"ە بخەنە بەر دیدەی خوێنەران.

ئەم قسەش بەتەواوی ڕاستە کە دەبێژین لە دونیای ئەم ڕوودا هەر "ئینسانێک" ڕۆڵی ڕاگەیاندنێکی هەیەو نموونەکەشی لە بنەماڵەی کاک حەمەڕەسووڵی کەریمی دا دەبیندرێ.

کاتی خۆی "ڕاشورون" خاخامێکی ناسیونالیستی جوولەکە لە وتارێکدا لە ساڵی ١٨٦٩ لە شاری پراگ لە پێوەندی لەگەڵ گرینگیدانی نەتەوەی "یەهوود" بە ڕاگەیاندن گوتویەتی:

ئەگەر سەرەتا ئاڵتۆن یەکەمین کەرەستە بوو بۆ حکومەتکردن بەسەر جیهان، بێ گومان بڵاوکراوەکان و ڕۆژنامەگەریی دوویەمین کەرەستەیە لە جیهانی ئەمڕۆ و داهاتوودا.

بەڕای من "گیاڕەنگ" ڕاست لە خەتی پڕکردنی بۆشایی مێدیای کوردی و بایەخەکانی درێژەی بە وەشانی خۆی داوەو هیوادارام بەردەوام بێ.

ئەگەرچی بەشێکی زۆری هەواڵەکانی "گیاڕەنگ" هەمان هەواڵ و بابەتەکانی ڕاگەیاندنە فەرمییەکانی حیزبی دێموکراتن کە زمان حاڵی ئەو حیزبەن ئەڵبەتە بە بوێر و ڕاستبێژییەوە کە لە "قاسملوو و شەرەفکەندییەوە" وەکوو میراتێکی ئەنتیکەو بەبایەخ ماوەتەوە. بەڵام بەشی بیرەوەریی و بڵاوکردنەوە شێعر و سروودی شۆڕشگێڕانە بەتایبەتی لە شۆڕشی نوێی کوردستان لە ژێرناوی "ژن، ژیان، ئازادی" یەکێک لە هەوڵە پۆزەتیڤەکانی ماڵپەڕی ڕەنگانەی گیاڕەنگە کە چ باشتر ئەگەر ئەوبەشە بەرجەستەتر و دەوڵەمەندتر بکرێتەوە.

لە کۆتاییدا جێگای خۆیەتی کە دووپاتی بکەمەوە "گیاڕەنگ"، ڕەنگدانەوەی هزری پێشمەرگانەیە لە مێدیای کوردی و پێویستە بەڕێوەبەرانی هەوڵ بۆ بەربڵاوترکردنی بدەن و بێشک لەو بوارەشدا پێویستییان بە هاوکاری کەسانی خەمخۆ و

لێزانە.

بەرقەرار و بەردەوام بن و هیواخوازم ئەم ماڵپەرە ڕەنگاڵەیە لە دوارۆژێکی دێموکراتیک و کوردستانی، درێژە بە وەشانی خۆی بدا.

براتان

عەلی لەیلاخ

خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی کۆیە.

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### لە سەر تێکۆشانی سایتی گیاڕەنگ!




**سوغرا حەیدەری و جەعفەر حامیدی**

دووهاوڕێی تێکۆشەر: "کاک حەمەرەسووڵ کەریمی و، دادە شلێر حەسەنپور"، بە نیشاندانی توانایی مێدیایی و هەوڵی بێوچانی خۆیان، ئەرکی بەڕۆژکردنەوە، دیزاینکردن و، گەشەپێدانی ناوەرۆکی سایتەکەیان بە ئەستۆوە بووە!

ئەو ماوە دوور و درێژە تەمەنی سروشتیی وەچەیەکی کۆمەڵی مرۆڤایەتی یە!
سایتی گیاڕەنگ "هەر چەند ئێمە زۆر بە کەمی بەرهەمی نووسراومان بۆ ناردووە، بەڵام خوێنەرێکی چالاکی سایتەکە بووین"!
لە سەر بنەمای ئەزموونی کەسی؛ بە دڵنیایی دەتوانین بڵێین کە سایتەکە: خاوەن وەزن، دڵڕاگر، مەتین و، پڕۆفیشیۆناڵ ئەرکەکانی ڕۆژنامەوانی خۆی بە ئەنجام گەیاندووە!
سایتی گیاڕەنگ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی ئۆنلاینی بۆ گەیاندنی: هەواڵ، زانیاریی، هاوخەمیی شین و، گەیاندنیی شادی بە کۆمەڵانی خوێنەری خۆی بووە!

داوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ سایتەکە دەکەین!

دڵسۆزانتان؛ سوغرا حەیدەری و جەعفەر حامیدی

## ماڵپەری گیارەنگ

**گیارەنگ هەر وەکو گیارەنگی لانکی پێشمەرگە هەمیشە سەوز و سەربەرزە.**




**وەستا رەحمان**

ماڵپەری گیارەنگ ئەو ساڵ بیست ساڵەی بەهاری تەمەنی خۆی تێپەر دەکا و ماندویی نەناسانە مۆمی دوو دەیە کار و تێکۆشان و خزمەت لە بواری رۆژنامەگەری کوردی دادەگیرسێنێ، بەو بۆنەوە لە قوڵایی دڵمەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە کارگیرانی و بە تایبەت هاورێیانی زۆر بەرێز و ئازیزم خوشکە شللیر و کاک حمەرەسوڵ دەکەم کە بە لێزانی و توانایی خۆیان پێشمەرگە ئاسا خزمەتی ماڵپەری گیارەنگیان کردوو و لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا هەمیشە بە سەوزی لە لای خوێنەرانی هێشویانەتەوە، ئاواتەخوازم ماڵپەری گیارەنگی هەمیشە سەوز بە هاوکاری و پشتیوانی دڵسۆزانی فەرهەنگ و ئەدەبی رۆژنامەگەری کوردی رۆژ بە رۆژ خەرمانی بابەت و نوسراوەکانی بۆ خوینەرانی بە بەردەوامی سەوزتر و گەشاوەتر و دەوڵەمەندتر بێت.

رەمزی مانەوە و بەردەوامی ماڵپەری گیارەنگ بێجگە لە دڵسۆزی و هاوکاری نوسەران و شاعیران و هاونیشتیمانیان بە گشتی، رابردوویی زێرین و قورس و قایم بوونی بەرێوەبەرانی ماڵپەری گیارەنگە لە هەموو مەیدانەکانی خەبات و تێکۆشان و خزمەتکردن کە مەتمانە و باوەرێکی قوڵی لە دڵی خوینەرانیدا پێک هێناوە، بۆ من مایەی فەخر وشانازیە کە لە رێگای ماڵپەری گیارەنگەوە زۆر کەسایەتی گەورە و شۆرشگیری کورد، نوسەر، شاعیر، وەرگێر و رۆماننوسم ناسیون و لە کانی

## ماڵپەری گیارەنگ

زانستیانم هەڵێنجاوە و چێژ و زانیاریم لێ وەرگرتوون، ئاواتەخوازم ماڵپەری گیارەنگ کە هیواو ئامانجێکی پیرۆزی لە پشتە ڕووناکایی مۆمی تەمەنی ساڵ لە دوای ساڵ گەشاوەتر و بڵیسەدارتر بێت.

بەڕێزەوە: وەستا ڕەحمان



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیارەنگ

### ساڵوەگەری بیست ساڵەی دامەزرانی "ماڵپەری گیارەنگ"




**فەتاح باریکی**

لە بیستەمێن بەهاری تەمەنت دا، گەرمترین پیرۆزبایی و هەروەها ئۆمێد دەکەم کە هەروەک چیای سەربڵیندی گیارەنگ قائیم و پتەوتر لە پێشوو لە مەیداندا بدرەوشێتەوە.

لەناخی دڵمەوە ساڵوەگەری بیست ساڵەی دامەزرانی "ماڵپەری گیارەنگ" لە برای بەڕێزم کاک حەمەڕەسووڵی کەریمی و هەروەها لە هاوژینە سەربەرزەکەی دادە شلێری حەسەنپوور و هەروەها لە هەموو ئەو بەڕێزانەی کە لە ماڵپەڕی گیارەنگ دا کاریان کردوە و قەڵەمیان تاو داوە پیرۆزبایی دەکەم و دەڵێم: هیوای سەربەرزی و سەرکەوتنی هەرچی زیاتریان لەڕێگای گەشە ئەستاندنی بیری کوردایەتی دا بۆ ئەم ماڵپەرە خۆشەویستە بەئاوات دەخوازم.

بەگەورەیی خۆتان لە قەڵەمی کلۆڵی منی دوور لە زانست و ئاکادیمێسک ببوورن.

هەر هەبن و بەهیوای سەربەستی نێشتمانمان.

براتان فەتاح باریکی

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### «گیاڕەنگ»ی سەربەرز سڵاو!




**شنۆ میهرپەروەر**

ڕێز و پێزان لەمنی تامەزرۆ بۆ خوێندنەوەی هەواڵ و زانیاریی لە سەر کوردستان و رۆژهەڵات، سڵاوێکی رازاوە و جوان وەک گوڵە شلێرەی کەژ و کێوە سەربەرزکانی کوردستان دەیرازێنمەوە و دەینێرمە خزمەت دوو مرۆڤی ئەرک وەخۆگر، زەحمەتکێش، لەخۆبردوو و ناخ جوان کە توانیان بۆ ئەو سەردەمە، بۆشاییەکی گەورە لە بواری میدیاییەوە بۆ ئێمەی راگەیاندنکار لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران پڕبکەنەوە، کە هەمووکات پشتمان بە راستی و درووستی هەواڵ و زانیارییەکانتان دەبەست. ئاخر ئەوکات کوا وەک ئێستا بوو؟

سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری چڕ و پڕ لانیکەم وەک ئەم چەندساڵەی دوایی نەبوو.

«گیاڕەنگ» لەکاتێکدا پێی نایە گۆڕەپانی میدیاییەوە، کە ئێمەی کورد تازە خەریکبوو ئاشنا دەبووین بە تۆڕی ئینتێرنێت و شێوەی بەکارهێنانی. رێک لەوکاتە حەساس و پێویستەدا بوو پێی نایە ئەم دنیا پان و بەرین و پڕ لە زانیارییە بێسنوورە. لەماوەی ئەم بیست ساڵەدا ئەم ستاقە دوو کەسیە وێڕای سەرقاڵی ئەرک و ژیانی تایبەتی خۆیان و ماڵ و منداڵ بەخێوکردن، توانیان خزمەتێکی بەرچاو و گرینگ لە بواری میدیاییەوە پێشکەش بکەن.

## ماڵپەری گیارِەنگ

کاک حەمەڕەسووڵی تێکۆشەر کە بەشێک لە جەستەی خۆی هەر لە پێناو ئامانجە نەتەوەیی و ڕێبازە پیرۆزەکەیدا پێشکەش کردوە، دڵ و ماڵ و کاتە بەنرخەکانیشی لە بواری کاری میدیایدا دیسانەوە هەر بۆ ڕێباز و ئامانجەکانی تەرخان کردوە.

بۆیە "گیارِەنگ" بوو بە خانەخوێ و بنکەیەکی ئارام بۆ ئەو کەسانەی کە خوازیاری بابەت بڵاوکردنەوە و کاری نووسین بوون، لەهەمانکاتدا خوازیاری زانیاری وەرگرتن بوون، نابێ ئەوەش لەبیر بکەم لە هەمووان گرینگتر! بە ئەمانەتەوە هەواڵ و زانیارییەکانی دەگواستەوە بۆ خوێنەر. متمانە و ڕاستی لە گواستنەوەی هەواڵەکان ببوونە خاڵی سەرکیی کاری کاک حەمەرەسووڵ و هاوسەرەکەی شلێر خاتوون.

"گیارِەنگ" بەو پاراوییە لەنووسین و لە دارِشتنەوەی دەقەکاندا، خزمەتێکی فراوان و باشیکرد بە گەشەپێدانی کلتوور و زمانی کوردی، کە هەموومان دەزانین ئێستاشی لەگەڵ بێ زمانی کوردی بۆ خوێندن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێگەپێنەدراوە.

دەستپێکی کاری ڕۆژنامەوانی لە کوردستاندا دەگەرِێتەوە بۆ زیاتر لەسەد ساڵ. ڕۆژنامەی کوردستان وەک یەکەمین کار کە ئەویش بە هەوڵ و تێکۆشانی بنەماڵەی بەدرخانەکانەوە بوو، بە خەباتێکی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری دێتە ئەژمار. کاریگەری و ئەرکی ڕاگەیاندن لەم بارودۆخەدا کارێکی زۆر ئاسان نیە. نەبوونی کیانێکی سەربەخۆ و میدیایەکی کاریگەر هۆکارێک بوون بۆ ئەوەی ئەو مەرگەساتانەی نەتەوەکەمان وەک کیمیاباران، ئەنفال، کۆمەلکووژی کوردانی یەزیدی، چەوساندنەوەی نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئایینی و هتد... بە سەر کورددا هاتوون، بە جیهانی نەکرێ. دەبینین کە وڵاتێکی وەکوو ئیسرائیل توانی هۆلۆکۆست بەجیهانی بکا و سۆزی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. هەروەها نەبوونی ڕاگەیاندنی کاریگەر بە زمانە زیندووەکانی جیهانی ئەوەندەی دیکە پرسی کوردی خستۆتە پەراوێزەوە.

هەر لەپەراوێزی ٢٠ ساڵەی گیارِەنگی ڕەنگیندا پێمباشە ئەمە بنووسم کە هەموو میدیاکاران و بەرپرسان دەگرێتەوە بە ستاڤی «گیارِەنگ»ی ئازیزیشەوە. ئەویش ئەوەیە کە؛ دەبی کاناڵێکی بەهێزمان هەبێ بە زمانە زیندووەکانی دنیا کە بتوانێ پرسی کورد لە هەموو ڕەهەندە جیاوازەکانەوە وەک پرسی ژن، نەتەوەیی، موزیک و هونەر و چاند و کلتوور بە دنیا بناسێنێ.

ئێستا ئەگەر چاوێک لە ڕەوتی ڕاگەیاندن و میدیای کورد لەم سەردەمەدا بکەین، جیهان بۆتە گوندێکی بچووک و تەکنولۆژیا و سۆسیال میدیا گەشەیەکی سەرسوورهێنەریان کردووە، لایف کردنەوە بووە بە دەلاقەیەک بۆ دەربرینی


سەرچاوە Serchawe

## ماڵپەری گیارەنگ

بیروڕادەربڕینی ئازادانەی تاکەکان و گۆڕینەوەی بیروڕاکان بە جۆرێک هەر کامە لەوان گوێگر و بەردەنگی خۆی هەیە و بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕاکان دەکەونە وتووێژ، بوونەتە هەواڵنێر و سەرچاوەی گەیاندنی هەواڵ. دەبینین بەشێکی بەرچاوی میدیای کوردی (بیستراو، بینراو، نووسراو) بەهۆی نەبوونی کیانێکی سەربەخۆی کوردی، ئەو ئاستەنگانەی کە بۆ میدیای کوردی دێنە پێش، تەوژمی بەربەرینی راگەیاندنی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، بەربڵاوی و بەرەڵایەکی سەیر لەمیدیای بێسنووری و رەها لە کوردستان هێناوەتە پێش. هەر چەند ئەم شێوازە لە راگەیاندن وەک شمشێری دوو سەر وایە ئەگەر نەیبڕی، دەتبڕێ. بۆ نموونە ئەگەر ئێمە بۆ خۆمان نەتوانین کەڵکی باش لەم دەرفەتە وەربگرین نەیارانی دۆزی رەوای گەلی کورد زۆر زیرەکانە و پاڵپشت بە ئابووریەکی زەبەلاح و بەهێز هەوڵی لاواز کردنمان دەدەن.

لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵێک دەیانەوێ بیری نەتەوەیی لەم رێگەیەوە بە جیهان پەرەپێبدەن، لە بەرامبەریشدا کۆمەڵێک خەڵک هەن کە هەر لەم رێگەیەوە هەوڵی ناوزڕاندن و شێواندنی راستییەکان و زۆر کاری چەواشەکارانە دەدەن.


ئێمە ئەمڕۆ لە سەر ئاستی کوردستان پێویستیمان بە میدیایەکە کە کار بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بکا نەک بکەوێتە ژێر کاریگەری بەرژەوەندییە ئیدۆلۆژی و تاکەکەسییەکان.

پێموایە لەم دۆخە هەستیارەدا پێویستە هەموو هەوڵەکان بخرێنە گەڕ بۆ زیاتر ناساندنی پرسی کورد لە ئاستی جیهان، بۆ پەرەپێدانی بیری نەتەوەیی و ناساندنی پرسی گەلی چەوساوەی کورد بە جیهان. لەم پێوەندییەدا کۆدەنگیەک لە نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستاندا لانیکەم لەبواری میدیادا و مەبەستی گەشەی پتری پرسی نەتەوەیی لە نێوخۆ و دیاسپۆرا، لە نانی شەو پێویسترە.

لە یادی دوو دەیە لەتەمەنی پربایەخ و پڕشنگدارتان لەبواری میدیاییەوە لە ناخی دڵەوە پیرۆزباییتان پێدەڵێم و چەپکە گوڵێکی رازاوە پێشکەشی کاک حەمەڕەسووڵی ئازیز و خاتوو شلێری هاوسەری دەکەم، پیاوێک کە هەم پاڵپشت و هاندەر بۆ هاوسەرەکەی، هەم گیانفیدا، شۆڕشگێڕ، و بەتوانا لەکاری میدیادا. ئێمەومانان قەرزداری کاک حەمەرەسووڵ کەریمی و کەسانی وەک بەرێزتانین.

بەهیوام بمێنن و بەردەوام بن و «گیارەنگ» یش وەک گیارەنگەکەی سەردەشت هەر راوەستاو و سەرسەوز بێ.

## گیارەنگ، چیا، هەڵۆ و بروسکە!




**جەلال حەسەنزادە**

ڕاگەیاندن بە هەر شێوەیەک و لە هەر بیچم و شێوازێکدا بوویێت، بۆ خەڵکی کوردستان گەلێک تەنگ و چەڵەمە و بارودۆخی دژواری تێپەڕاندووە و تەنانەت بۆ تێکۆشەرانی دووجار قورستر و ئامرازەکانی سەرەتایی بوون. بۆ گەیاندنی پەیامێک، هەواڵێک و بابەتێک بە کۆمەڵانی خەڵک دەبوایە خۆ لە شیر و تیر بسوویی و ڕووبەڕووی مەرگ بببەوە. بۆ وێنە کە دەبوایە نامەیەک و کۆمەڵێک ڕۆژنامە و نامیلکە و تراکت بە دەستی خەلکانێک بگەێنی پێویست بوو لە ناوچەیەکی میلیتاریزەکراو و جێگیر کردنی دەیان مۆڵگە و ناوەندی داپۆڵسینەری چەکداریدا تێپەڕ ببی هەتا پەیامەکەت بەدەستی خەڵک بگات. ئێستا بە خۆشیەوە بە هۆی پێشکەوتنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەرکەکە هەتا ڕادەیەک ئاسانتر بۆتەوە بەڵام ئامانج و ڕاسپاردەکانی گران و شارەزایی و پسپۆڕی و لێهاتوویی تایبەتی دەوێ و بە تایبەت ڕاگەیاندنێک کە پشتیوانەیەکی گەورەی وەک حکومەتێک، حیزبێک یان ناوەندێکی زەبەلاحی لە پشت نەبێ، چەندجار ئەرکەکانی قورستر دەبن. لە گەڵ سەرهەڵدانی ئینتێرنێت و هەڵتۆقینی دەیان ڕایەڵکە و ماڵپەڕ و ناوەندی گەیاندن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری، هەتا ڕادەیەک جیهانێکی ئاڵۆز و هەندێکجاریش چەواشەکاری و بەلاڕێدا بردنی ڕاستیەکان بە تایبەت سەبارەت بە دۆزی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان هەست پێدەکرا، لەو جیهانە ئاڵۆزەدا ماڵپەڕی "گیارەنگ" سەری لە نێو سەران دەرهێنا و وەک چیای سەرسەوزی گیارەنگ پتەو و خۆڕاگر و وەک هەڵۆکانی ئەو چیایە بەهێز و نەبەز بەگژ

## ماڵپەری گیاڕەنگ

داگیرکەری زاڵمدا چۆوە و تاوێک لە پانتایی دەڤەری پشدەر و لە ئاسمانی دووجار شەهید کراوی گەرمێندا لە شەقەی شاباڵی دەدا و دیسان بەرەو کوێستانەکان و چیا بەرزەکانی ژێر دەسەڵاتی شوومی شەوەی نەگبەت هەڵدەگەڕایەوە هەتا پەیامی خۆی بە ئەویندارەکانی بگەیێنێت. حەسرەتی گەیاندنی مۆدێرنانەی بروسکە و پەیام لە دڵدارەوە بۆ ئەویندار دەمێک بوو قورسایی لەسەر دڵمان دەکرد هەروەک شاعیر مامۆستا هێمن فەرموویەتی:

"خەڵکی دونیا ڕازی دڵداری بە بێتەل پێک دەڵێن
ڕاسپاردەی لاوی کوردە ئێستاکەش شنە"،

ئەو ماڵپەڕە لە ماوەیەکی کورتدا و بە ئەزموونێکی کەم بەڵام لێبڕاو و خۆنەویست و ماندوویی نەناسی ستافەکەی و هەڵسووڕێنەرانی، توانی بەخێرایی جێگەی خۆی بکاتەوە و بەدوور لە دەمارگرژی و بێ لایەنانە ئاوڕ لە هەمووان بداتەوە و پێویستیەکانی جوڵانەوەی خەڵکی کوردستان لە هەواڵ، زانیاری، بابەت و نووسراوەکانیدا ڕەنگ بداتەوە. کاک حەمەڕەسووڵ و هاوکارەکانی بە مەبەستی ڕەخساندنی دەرفەت و بەستێنێکی وەک "گیاڕەنگ" کە بەردەنگ و خوێنەرەکانی بە شێوەیەکی هەتا ڕادەیەک بەرین دەستیان بە بابەتەکانی ڕۆژ بگات وەک ڕەنگدانەوەی ویستێک و زەروورەتێک، هەنگاویان ناوە و بۆ ئەوەی تێکڕای خوێنەر و سەردانکەرانی لە مەبەستی نووسراوەکان تێبگەن لە بواری هەڵبژاردنی ئەدەبیاتی بابەتەکانیشەوە ورد بین و بە لێزانییەوە بڵاویان کردۆتەوە. بە گشتی ئەو بابەتانەی کە درکاندنیان دژوار بێت، بە ناچار خوێندنەوەشیان دژوار دەبێ، بە بڕوای من لایەنێکی گرینگی "گیاڕەنگ" ئەوە بووە کە ڕاستیەکان و مەسەلە بنەڕەتیەکانی سەردەمی خۆی فەرامۆش نەکردووە و بە پێی توانای خۆی هەوڵی داوە زۆر بۆشایی پڕ بکاتەوە.

لە کۆتاییدا وێڕای دەستخۆشی لە هەوڵ و تێکۆشانیان، هیوام بەردەوامبوون و گەشەکردنی زیاتری ماڵپەڕەکەیە.

جەلال حەسەنزادە

## گیاڕەنگ هەڤاڵی زۆرن.




**حوسێن پەیرەوان**

پیرۆز بێت، بیستەمین ساڵوەگەڕی هەوڵ و تێکۆشان و چالاکیەکانی ماڵپەڕی گیاڕەنگ

چیاکانی کوردستان، لە سەرتاسەری مێژوی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، دا خاوەنی مێژویەکی گرنگ و تایبەت بە خۆیانن.

لە هەموو کاتە هەستیارەکاندا، پاڵپشتێکی بەهێز، لانک و هەوارگەی تێکۆشەرانی ڕێگای سەربەستی و بەختەوەری کورد و کوردستان بوون.

لاپەڕەکانی مێژوی بیست ساڵەی، ماڵپەڕی گیاڕەنگ، پڕن لە ئەزمونی بەنرخ، لە بوارەکانی، سیاسی، ئەدەبی، کلتوری، فەرهنەنگی، ڕۆژمێری شەهیدان، و زۆر بابەتی جێگای سرنجی دیکە، کە بە هەوڵ و تێکۆشانی ڕۆڵەی ڕۆژە سەختەکان کاک حەمە ڕەسوڵ کەریمی و هاوژینی ئەمەکناس و تێکۆشەری، خوشکە شلێر حەسەنپور دامزرا و بێ ڕاوەستان و بەوپەڕی فیداکاری و، ئەمەگناسیەوە، درێژەیان بەو ئەرکە پیرۆزە دا.

## ماڵپەری گیارەنگ

باڵاتان وەک باڵای چیاکان دێتە بەرچاومان.

سڵاو لە ئێوەی پێشمەرگە و چیا سەربەرزکانی کوردستان.

لە قوڵایی دڵمەوە، بە بۆنەی بیستەمین ساڵوەگەڕی ماڵپەڕی گیارەنگ، لەباوەشتان دەگرم و ئاواتی ژیانێکی پڕ لە بەختەوەریتان بۆ بە ئاوات دەخوازم.( کاک حەمە ڕەسوڵ و خوشکە شلێر).

هەر بژین بە سەربەرزی و سەلامەتی

حوسێن پەیرەوان



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەڕی گیارەنگ

### بیست ساڵ وەشان و تێکۆشان.




**تاهیر قاسمی**

بیستی مانگی ئاپریلی ٢٠٢٣، ماڵپەڕی گیارەنگ بیستەمین ساڵی وەشان و بەردەوامیی تێکۆشانی خۆی لە بواری ڕۆژنامەگەریی کوردیدا پڕ دەکاتەوە. لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا گیارەنگ توانیویەتی پێگەیەک بێ بۆ کۆکردنەوەی ئەو قەڵەمانەی پێشمەرگانە لەسەنگەری خەبات و تێکۆشانی گەلەکەیاندا تێکۆشاون. هاوکات زۆر هەنگاوی دەسپێشخەر و داهێنەرانەشی هەڵێناوەتەوە کە ڕەنگە هەر نەفسی دامەزرانی ماڵپەڕێک بەناوی گیارەنگ لە ساڵی ٢٠٠٣ کە ساڵانی سەرەتای پەرەگرتن و بڵاوبوونەوەی ئینترنێت لەنێو کۆمەڵگادا بوو، گرینگترین دەسپێشخەری بێ. گیارەنگ لەو بیست ساڵەدا گۆڕەپانێکی باشی ڕۆژنامەنووسی و بوارێکی گونجاو بۆ خەبات و تێکۆشانی ئەدەبی و سیاسیی کورد بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە.

بیست ساڵ ئەگەرچی لە تەمەنی نەتەوەیەکدا بڕگەیەکی زۆر کورتە بەڵام لە ژیانی مرۆڤەکاندا تەمەنی پێگەیشتن و هەرەتی لاوەتییە. مرۆڤ لە بیست ساڵیدا ئیدی بە تەواوی پێگەیشتووە. گیارەنگیش کە خوڵقاوی دەستی مرۆڤە، ئێستا لەو تەمەنەدایە. گەیشتن بەو تەمەنەش بێگومان دوای بڕینی هەوراز و نشێوی زۆری ژیانە. بە تایبەت کاتێک کە دەزانین هیچ دەزگایەکی حیزبی و حکوومەتی لەپشت وەشانی ئەم ماڵپەڕە نییە و بەرهەمی زەحمەت و ماندووبوونی تاکەکانە. هەر

## ماڵپەری گیارەنگ

بۆیەش نەفسی مانەوە و بەردەوامی لەسەر پرەنسیپەکانی خۆی و رۆژنامەگەریی کوردی بە درێژایی بیست ساڵی رابردوو، کارنامەیەکی سەرکەوتوو بە ماڵپەری گیارەنگ دەبەخشێ.

دوو دەیە بەردەوامی بۆ هەر مێدیا و راگەیەنەرێک، شانازییە. ئەو شانازییەش بەرهەمی رەنج و زەحمەتی بەرێوەبەرانی ئەو راگەیەنەرەیە. رەنگە هەمووشمان بزانین کە لەپشت گیارەنگەوە پێشمەرگەیەکی تێکۆشەر، کادرێکی تێگەیشتوو، کەم ئەندامێکی کۆڵنەدەر، هونەرمەندێکی دەنگخۆش، رێبەرێکی سیاسی، مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی و گفت و لفت شیرین و کوردێکی پاک و راستەقین هەیە. کاک حەمەرەسووڵی کەریمی. کەسێک کە لە تێکۆشانی سیاسی و حیزبیدا ماندویی نەناس، لەگەڵ هاورێیانیدا بەئەمەگ و مێهرەبان و لە کاری راگەیاندندا بە حەوسەلە و دەسترەنگینە. بەڵام وێرای هەموو ئەو پەسن و تواناییانە، ناحەقییە ئەگەر بڵێین گیارەنگ تەنیا بەرهەمی کاری یەک کەسە. سەرەرای هەموو ئەو نووسەر و قەڵەم بەدەستانەی کە رۆژانە هاوکاریی گیارەنگ دەکەن و بابەتی بۆ دەنێرن، کەسێکی دیکە و مرۆڤێکی ماندویی نەناسی دیکە هەیە. کەسێک کە توانیویەتی ئەو قسەیەی کە دەڵێ "لەپشت هەر پیاوێکی سەرکەوتوو، ژنێک هەیە" ئاوەژوو بکاتەوە و ئەو بوارەی خۆش کردووە تا بتوانین بڵێین شانبەشانی هەر پیاوێکی سەرکەوتوو، ژنێکی سەرکەوتوو هەیە و بە پێچەوانەش. ئەویش یای شلێری حەسەنپوورە. خاتوونێکی تێکۆشەر، کوردێکی دڵسۆز، کادرێکی هەڵسووری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، یەکسانیخوازێکی شێلگیر، و هاوکات هاوسەر و هاوکاری کاک حەمەرەسووڵ کەریمی لە هەمووی ئەو ماندووبوون و سەرکەوتنانەدا. لەراستیدا گیارەنگ بە زەحمەت و ماندووبوونی ئەم ژن و پیاوە تێکۆشەرە و لەسەر دەستی ئەم دایک و باوکە دڵسۆزە، ئەمرۆ بیست ساڵەی وەشان و تێکۆشانی خۆی پر دەکاتەوە. هەر بۆیەش جێی خۆیەتی لێرەوە پیرۆزبایی بە یای شلێر و کاک حەمەرەسووڵی بەرێز بڵێم و هیوای ساغی و سلامەتیی و بەردەوامییان بۆ دەخوازم.

**تاهیر قاسمی**

## گیاڕەنگ، ئەوکاتەی چەکی قەڵەمی لە شان کرد.




**ڕەشید قازی**

هیچ دەرفەتێکیان بۆ نەهێشتمەوە، لە عەرز و ئاسمانەوە بۆمب و ڕەهێڵەی تۆپ و خۆمپارەیان بەسەردا دەباراندم. هیچم نەکردبو، لە چیا سەربەرزەکانی وڵاتەکەم، دەگەڵ دار و درەخت و سروشتی جوان و بێوێنەی نیشتمانەکەم خەریکی کاری کشت و کاڵ بووم. ڕۆژانە بە قاپێک ماستاوی ساردی کانیاوەکان قەناعەتم دەکرد. نە کردەوەیەکی تڕۆریستیم کردبوو نە فڕۆکەم ڕفاندبوو و نە خاکی عەجەمم داگیر کردبوو. بەڵام لە خۆڕا بە دژە شۆڕش و دابەشکردنی سنورەکان و یاغی، ناوزەدیان کردم. ئالاهەڵگرانی سەردەمی شا و ئاخوندەکان، لە هەردووک دەستەڵاتی سکۆلار و ئاینیدا حیسابی مرۆڤیان بۆ نەکردم و بە پانەوە هیرشیان بۆ هێنام و لە ماڵی خۆمدا قەتل و عامیان کردم . چارم نەما ، هەروەک باب و باپیرانم، دیسان پەنام بۆ چەک بردەوە و کوردستانم لە داگیر کەران کردەوە گۆڕستان.

لە شالاوە پان و بەرینەکاندا، ئاوارە و دەربەدەر کرا، بەڵام کۆڵم نەدا و لە سەنگەرێکی دیکەدا چەکی قەڵەمم لە شان کردەوە و ووتە و نوسراوەکانم بوونەوە ڕەهێڵەی گولله و بە بێ ناسینی سنورەکان بەسەر دوژمنانمدا باراندەوە. لە مێژوودا هەموو مردنەکانیان بەسەردا تاقی کردمەوە، نسکۆم هینا و کەوتم و پێشەواکانیان لێ لەسیدارە و ڕێبەرانیان شەڵالی خوێن کردم، بەڵام نەمردم و دیسان بە ئیرادەیەکی پتەوترەوە هەستامەوە و کۆڵم نەدا دیسان کەژاوە و لانکی شۆڕشم تین دایەوە.

## ماڵپەری گیارەنگ

ئیستاش ماوەی ٢٠ ساڵی رەبەقە بێ پسانەوە ووشەکانم بۆ نەیاران دەبنە گوللە و بۆ دۆستان دەبنە چەپکە گوڵێکی خۆشەویستی و بۆ یاران دەبنە هەوێنی خەبات و تێکۆشان و تا گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکان هەروا سەربەرزانە درێژەدەری ئەم رەهەندە پڕ لەهەوراز و نشێوە دەبم.

بەریزان کاک حەمەرەسوڵ و شلێر خانمی بەرێز لە بیست ساڵەی ماڵپەری گیارەنگادا ماندوو نەبن و سەرکەوتو بن بۆ گەل و نیشتمان جێگای شانازین.

دەگەڵ رێزم ڕەشید قازی

## ماڵپەڕی گیاڕەنگ، سەرچاوەیەکی دیار و باوڕپێکراو.




**کوێستان بابایی**

لە سەردەمێک دا دەژین کە زۆربەی زۆری خەڵک ئامێرە ئێلێکترۆنیەکان بەکار دێنن و ڕۆژانە نووسین و بابەتە جۆراو جۆرەکان لە پالتفۆرمە دیجتاڵیەکاندا بڵاودەبنەوە. ماڵپەڕی گیاڕەنگ یەکێک لەو ماڵپەڕە دیارانەیە کە خوێنەری تایبەتی خۆی هەیە بۆ بەردەوامی مانەوە ئەرک و زەحمەتێکی زۆری لەسەر شان بووە.

گیاڕەنگ لە ڕوانگەی منەوە یەکێکە لەو ماڵپەڕانەیە کە لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوو دا بە بێ وەستان بابەتی گرینگی سیاسی و کۆمەڵایەتی خستۆتە بەر دیدی خوێنەرانی. بۆتە سەرچاوەیەکی دیار و باوەڕپێکراوی، پڕ لە بابەتی جۆراو جۆر و بەسود کە خزمەتی زۆری بە زمان، کلتوور و مێژووی کورد کردوە.

ماڵپەڕی گیاڕەنگ بە زەحمەتی دوو هاوڕێ بەڕێز و ماندوو نەناس بەڕێوە دەچێ. جێی خۆیەتی لێرەوە سوپاسی هەردوو بەڕێزان کاک حەمەڕەسوڵی کەریمی و خاتوو شلێری حەسەنپوور بکەین کە ئەو ئەرکە پیرۆزەیان بە ئەستۆ گرتوە و خزمەت بە پرسی کورد دەکەن.

## ماڵپەری گیاڕەنگ

لێرەوە پیرۆزبایی یادی دامەزرانی گیاڕەنگ لە ستافی بەڕێز و هەروەها خوێنەرانی ئازیزی دەکەم. بەهیوای بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ بەڕێوەبەرانی و وەک هەمیشە پڕ نێوەڕۆکی بۆ ئەم ماڵپەرە جوانە.

**کوێستان بابایی**



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### بیست ساڵ بەردەوامی، نیشانەی ئەرکناسی و ماندوویی نەناسییە.




**مەریوان نستانی**

لەسەردەمی پڕ کێشە و دەردەسەری ئێستا دا بەردەوامبوون و لەهەمان کاتدا ڕۆژ بەڕۆژ بەرەوپێشچوونی ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی کە هیچ ڕێکخراو و ئۆرگانێکی لەپشت نییە، کارێکی ئاسان نییە و زۆر کەم وێنەیە. بۆیە بەڕێوەبەرانی ئەم ماڵپەرە کاک حەمەڕەسوڵ و شلێر خانم شایانی دەستخۆشی و سوپاسن. نامەوێ بابەتێکی درێژ بنووسم و لەهەموو بوارەکانەوە گیاڕەنگ هەڵسەنگێنم. بەڵام بەکورتی چەند سەرنجێک باس دەکەم، کە من گیاڕەنگیان پێدەناسمەوە، یان ڕوونتر بڵێم دەتوانین وەک پێناسەی گیاڕەنگ بیانبینین.

**ڕاستگۆیی**

لە دنیای ئێستای ڕاگەیاندندا و بەتایبەت لە ڕۆژنامەنووسیی ئێلێکترۆنی دا زۆر بەزەحمەت سەرچاوەی باوەڕپێکراو دەست دەکەون، بەڵام گیاڕەنگ هەر لەسەرەتاوە ویستوویەتی ڕاستگۆ و جێی متمانەی خوێنەرانی بێ. بێگومان ئەم تایبەتمەندییە بۆتە هۆی ئەوەی کە خوێنەرانی بەڕێزەوە لە ماندووبوون و زەحمەتەکانی بەڕێوەبەرانی بڕوانن. گیاڕەنگ نەیویستووە هەواڵ و بابەتی ناڕاست و سەرنج ڕاکیش بڵاوبکاتەوە بۆ ئەوەی خوێنەری زۆربن، لەگەڵ ئەوەشدا هەمووکات

خوێنەری خۆی هەیە.

### هەمەڕەنگی

لایەنێکی دیکەی گرینگی ماڵپەڕی گیارەنگ، بریتییە لە هەمووڕەنگی و هەمووجۆری لەبابەت و نووسراوەکانیدا، ئەگەر سەرنج بدەین لەهەموو بوارە جۆراوجۆرەکاندا بابەت و نووسراو بەرچاو دەکەون، ئەمەش وایکردووە بۆ هەموو کەس کە سەردانی ماڵپەڕەکە دەکا شتێک هەبێ.

### ئارشیڤێکی دەوڵەمەند

گیارەنگ لە بواری دیزاین ڕوکارەوە چەند جارێک گۆڕانی بەسەرداهاتووە و جار بەجار جوانتربووە، لایەنێکی باشی ماڵپەڕەکە ئەوەیە سەرەڕای ئەوەی چەندین جار کراوەتە ئامانج و لەلایەن هاککەرانەوە زیانی زۆری پێگەیشتووە، بەڵام توانیویەتی زۆربەی ئارشیڤەکەی بپارێزێ و نەهێڵێ لەناوبچێ، دوای هەموو هیرشێکیش بەبەرگێکی تازەوە و جوانتر لە پێشوو هاتۆتەوە مەیدان.

بێجگە لە پاراستنی بابەت و نووسراوەی خوێنەرانی خۆی، ئارشیڤێکی باشی بڵاوکراوە و نووسراوەکانی حیزبی دێموکراتیشە، بێگومان ئەوەش بایەخی ئەم ماڵپەڕەی زیاتر کردووە.

### نەبوونە سەکۆی بێڕێزی و شکاندنی یەکدی

سەرەڕای چالاکی و بەرپرسیارێتی بەڕێوەبەرانی لە بواری سیاسی و کاری ڕێکخراوەییی دا هیچ کات نەبۆتە شوێنی شەڕەقسە، شکاندن و بێڕێزیکردن بەم و بەو. تاڕاددەیەکی زۆرباش توانیویەتیی بێلایەنی خۆی بپارێزێ. بەداخەوە زۆر ماڵپەڕی دیکە نەیانتوانیوە ئەم سنوورە بپارێزن. دیارە کە بۆ بەراوەرد لەگەڵ گیارەنگدا زۆر کەمدێنن.

بەردەوامی و پڕبەرهەمی بۆ گیارەنگ. سەرکەوتن و شادی و بەختەوەری بۆ دادە شلێر و کاک حەمەڕەسوڵ، بە ئاوات دەخوازم.

مەریوان نستانی



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### لە یادی ٢٠ ساڵەی ماڵپەڕی گیاڕەنگدا.




**عەزیزی شێخانی**

ماڵپەڕی گیاڕەنگ پاشخانێکی تایبەتی هەیە، کە وەکوو ناسینەی ئەم ماڵپەڕە پێناسە دەکرێ. بە واتایەکی دیکە، ماڵپەڕی گیاڕەنگ گرێدراوی پرسی کورد و هاوڵاتیانی کوردە. لاپەڕە ویرچواڵەکانی ئەم رۆژنامەیە بەشێک لە رووداوە گرینگەکانی کورد و بیروڕای نووسەرانی بڵاوکردۆتەوە. ئەم ماڵپەڕە لە دامەزرانەوە و هەتا ئەمڕۆ لە حیزبی دیموکڕات نیزیک بووە. لە سەردەمی جیابوونەوەی حدکادا ئەم ماڵپەڕە کەوتە ژێر شوێنەواری رووداوەکان و بە لای حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا کەوت.

کار و تێکۆشان مرۆڤەکان دەخارێنێ و بەرهەمەکانیان لە بواری چۆنایەتیی و چەندایەتی باشتر دەکات. ئەم ماڵپەڕە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا، لە ژێر کارتێکەری تێکنۆلۆژیی و هەروەها رووداوە ناوچەیی و جیهانییەکاندا لە رووکار و نێوەرۆکدا گۆڕاوە.

ماڵپەڕی گیاڕەنگ بۆ مانەوە لە گۆڕەپانی مێدیا و بڵاوکردنەوەدا پێویستی بە پێداچوونەوە و خۆبەرۆژکردنەوەیە.

## ماڵپەری گیاڕەنگ

دەرکەوتنی زیاتر و جێکەوتنی باشتر لە نێو خوێنەر و بینەراندا، کاری زۆرتر و رۆژانەتر دەخوازێ. گیاڕەنگ بۆ مانەوە و گەشەکردن دەبێ لە چوارچێوەی مێدیای حیزبی دەرچێ و زیاتر وەکوو ماڵپەرێکی ئازاد و نەبەستراوە ئەرکەکانی درێژە بدات. کۆمەڵگەی کوردستان رەنگاوڕەنگە و ناکرێ بە چاویلکەی حیزب لە رووداوەکان بڕوانین. بێجگە لەوانە، بڵاوکردنەوەی هەواڵی رۆژانە و بە شێوازی دەنگ و وتوویژی کارناس و شارەزایان لە سەر بابەت و رووداوەکان رێژەی خوێنەر و بینەرانی گیاڕەنگ دەباتە سەرێ.

لە کۆتاییدا تەمەنێکی درێژ و لەشێکی ساغ بۆ بەڕێز حەمە رەسووڵ کەریمی و خاتوو شلێر حەسەنپوور بە ئاوات دەخوازم. لە بەڕێوەبردنی ماڵپەڕی گیاڕەنگدا سەرکەوتوو بن و گیاڕەنگیش لە جاران رەنگینتر و پڕ نێوەرۆکتر بێ.

**عەزیز شێخانی**

## ماڵپەری گیارەنگ

### گیارەنگ !!




**هۆمەر ئەمینی**

هەرکە ناوی گیارەنگ بەر گۆیم دەکەویت دەگەریمەوە ولات دەگەریمەوە دەشتووکیوی رەنگینی ناوچەی سەردەشت کیۆو لیرەوارەکانی سەردەشتی رەنگین و هیزی قارەمانی گیارەنگ و ئەو قارەمانییەتی کە هیزی شورشگێری و حەماسە خوڵقینەری گیارەنگ خولقاندویتی و بە تامەزرووی و چیژیکی تایبەتی قارەمانیەتی ئەو هیزەم لە رادیو دەنگی کوردستانی ئێران بڵاو دەکردنەوە و هەمیشە تیشکی هیز و توانای شورشگیری ئەو ناوە ئازیز و پیرۆزم بە گیارەنگی واقیحی واتە سەوزایی و گیاو گۆل و سەرسەوزی و سروشتی جوانی ئەو مەڵبەندەی لانکەیشێران و شۆرشگێرانی ٤٦,٤٧ و هەستی وڵات پاریزی قارەمانیتی و دڵسوزی دیتەوە بیروو یادم.

گیارەنگ سەوزەو سەمای کیژو لاوانی گیاکۆکەرەوی ئالەکوکوو وکەنگرو کەمندوو هەڵزو و بیزای کوێستانەکانی شونگەو شۆنەواری هەلکەتووانی دلیرانی گیارەنگ. ئەو گیارەنگەی رەنگی سەوزەو سرووشتی جوانی کیوودارستانەکانی بە تیکنیک و تیکۆلوژیای مۆدیری نوی و پیشکەوتو ی تازە وسەردەمیان دەخملینئ وپیشکیشی گەلی شورشگیروقارەمانی کوردی دەکات.

ئیستا کە باسی گیارەنگ دەکەین مەبەست لە هیزیکی دیگیتالی ئلکتروونی دەکەین کە لەئاوریلی سال ٢٠٠٣ واتە ٢٠ سال

## ماڵپەری گیاڕەنگ

لەوە پیش هیزیکی بەتوانای فیکری و روحی و سیاسی و ئیرادەی پۆلاین دەستی بەوەشانی بەلاوکراوەیکی ئیلکتروونی سیاسی و کومەلاتی هەمەلایـنە کـردو بە شیلگیری توونـدوو تـوولی تـوانی ببیت بە تریبـوونی ئـازاد، راسـت بیـژی، دوونیـای روژنـامەگەری ئیلکتروونـی عەسـری تـازەی میـدیای کـوردی بیـت کە بە راشـکاویوە دەتـوانم بلـیم ئیکیـک لە سـەرچاوە بروا پیکراوەکانی رووداوەگرینگەکانی روژی کورد بۆە کە توانیویتی ببیتە سەرچاوەی تیروانینەکانی هەلسوو کەوتەسیاسیکانی سیاستی روژی کورد.

دەزانـم هاوریـانی تیکۆشـەرو ماندوونەناسم خـاتوو شلیر و حەمەرەسول زور لەخـوبردووانە لەمـاوەی ٢٠ سـالی رابـردودا بە زەحەمـاتیکی زوری مـالی، تیکنیکـی، و فیکـری، و هەواگـری، روبەروبـۆنەتەوە بەلام هەرگیـز لە روداوەکـانی کوردسـتان و ناوچەو بەتـایبەت روداوە سیاسیکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران جی نەماون و سەرەرای جی نەمانی، هەمیشە پیـاو توانیویتی بۆچوون و فیکری سیاسی لی هەلینچی.

دەستان خوشبیت هاوریان هەربژین بەتەندرستی

هەمیشە بەردەوامبیت گیارەنگی هەردەم رەنگین

هومەر ئەمینی

١٦ - ٤ - ٢٠٢٣ ستۆکهۆڵم

## ماڵپەری گیارەنگ

### پیرۆزە ٢٠ساڵەی وەشانی بەردەوامی ماڵپەری گیارەنگ .




**عارف باوەجانی**

لە تەمەنێکی مێرمنداڵیمدا لە ڕێگەی میدیاکانی حدکاوە ناوی گیارەنگ م بیستبوو.

تا وای لێهات بۆ خۆم لە ساڵی ١٩٨٨ وەک پێشمەرگەی حدکا نێردرامە هێزی زمزیران، کە تایبەت بوو بە ناوچەکانی ڕەبەت. هێزی گیارەنگیش تایبەت بە ناوچەکانی سەردەشت بوو. لەو کاتەدا بنکەکانی ئەو ٢ هێزە زۆر لە یەکەوە نزیک بوون. ناوچەکانی ڕەبەت و سەردەشتیش ٢ ناوچەی جوانی موکریانی ڕازاوەن کە لە تەنیشت یەکتردان، ئەگەر هەڵە نەبم وابزانم تەنیا جۆمی کەڵوێ دەکەوێتە نێوانیان. ئیدی لە گەشتی پێشمەرگایەتیدا لە نزیکەوە بە جوانییەکەی گیارەنگیش چاوم ڕوونبووەوە.

لە سەردەمانی ئاوارەی ناچاریمان بۆ هەندەران، لە ڕێگەی هەمان فەرماندەی سەردەمانی پێشمەرگایەتم واتە کاک حەمەڕەسووڵ کەریمی، دیسانەوە بە ناوی گیارەنگ گەشامەوە.

ئەویش ئەو ماڵپەڕی گیارەنگ دۆتکۆم بوو. کە لەو سەردەمەدا کەم میدیایەکی ئیلیکترۆنی کوردی هەبوو کە هەواڵەکان و

## ماڵپەری گیارەنگ

زانیارییەکانی زیاتر ڕوو بە ڕۆژهەڵاتی نیشتیمان بێت. بەڵام گیاڕەنگ دیسانەوە ئەو بۆشاییەی پڕکردبووەوە و ڕەنگاوڕەنگی کردبوو.

بەردەوام نووسینی من و سەدان لاوی دیکەی کوردستانی بڵاودەکردەوە و ئێستاش لەو بوارەدا بەردەوامە.

بە بۆنەی ٢٠ ساڵ وەشانی بێوچانی ماڵپەڕ و سوسیالمیدیای گیاڕەنگ! پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی هاوڕێی تێکۆشەرە ماندوو نەناسم کاک حەمە ڕەسووڵ کەریمی و خێزانی براژنە شلێر، دەکەم. هیواخوازم هەمیشە شاد و سەربەرز و سەرفرازبن. نموونەتان زۆر بێت.

براتان

عارف باوەجانی / سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان.

١٦ - ٤ - ٢٠٢٣

## ماڵپەری گیارەنگ

### بەڕێزان بەڕێوەبەرانی ماڵپەری "گیارەنگ"




**سامڕەند**

به بۆنەی بیست ساڵەی دامەزرانی ماڵپەری گیارەنگ، پیرۆزبایی و دەستخۆشیی خۆم پێش کێشی ئێوەی دڵسۆز دەکەم که ماوەی ٢٠ ساڵی ڕەبەق بۆ هەڵسووڕانی کاری ئەو ماڵپەڕە حەولتان داوە و شەو و ڕۆژ بۆ ساتێک ئەرکی خزمەت بە کلتور و خەباتی نەتەوەکەتان نەوەستاندوە.

لە تایبەتمەندیەکانی ماڵپەری گیارەنگ یەکیان ڕەنگاوڕەنگی و پرنیوەرۆکیی بڵاوکراوەکانێتی کە بە شێوەیەکی دێموکڕاتیانە مەجالی بڵاو بوونەوە و دەربڕینی بیرو ڕای جۆراوجۆری بۆ خەڵک ڕەخساندوە. تایبەتییەکی دیکەی گیارەنگ ئەوەیە کە وەک کێوی گیارەنگ قایم و قورسە لە مانەوە و بەردەوامیی کارەکەی دا. شان بە شانی خەباتی پێشمەرگە ئەو سایتەش لە مەیدانێیە و بۆتە تریبوونی جووڵانەوەکەمان. بە حەق ناوی گیارەنگی لێ دەوەشێتەوە مادام وەک گیارەنگ ی سەربەرز مەکۆی پێشمەرگەکانە و هەموو فەسڵان سەوز و زیندوویە لە بەرهەمهێنانێ دا.

لەو پێوەندییە دا بە تایبەت دەستخۆشی لە برای خاوەن بەهرە و شۆڕشگێڕم کاک محەممەد ڕەسوڵ کەریمی و خوشکی بەڕێزم خاتوو شلێر حەسەن پوور دەکەم کە ئەرکی مودیریەت و هەڵسووڕاندنی کاری ماڵپەڕەکەیان لە ئەستۆ بووە، هەڵبەت کارێکی

## ماڵپەری گیارەنگ

سەهل و هاسان نییە و بە بێ هەبوونی ئیمان و بڕوا بە ڕێبازی نەتەوە و بە بێ هەبوونی هونەری ئیدارە و پێڕاگەیشتن ناکرێ ئەو ماوە دوورو درێژە ئەو مەسئولیەتەت لە ئەستۆ بێ.

ئاواتی سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ کاری گیارەنگ ی سەربەرز دەخوازم و داوای سەلامەتی بۆ کارگێڕانی سایتەکە دەکەم.

براتان


صلاح‌الدین وهاب‌پور (سامرەند)

١٥ ی ئاپریلی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## گیارەنگ سەنگەری خۆڕاگری.




**ئەحمەد مەکڵاوەیی**

گیارەنگ تەنیا کێوێک نیە لە ناوچەی سەردەشت سەرسەوز، گیارەنگ هەمیشە لە دژی داگیرکەران سەنگەری لە شکان نەهاتوو بووە .گیارەنگ وەک ناوەکەی خۆی ، سەنگەرەکانیشی جۆراو جۆر و هەمەرەنگ بوون.

گیارەنگ سەنگەری پیاوەگەورەکانی شۆڕشی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاویە. مەلا ئاوارەی نەمر لە بەر سیبەری دارەکانی قەتباڵی گیارەنگ، ماندوو بوونی رێی خەباتی دەر دەکرد و، سەرخەوێکی بێ خەوی شەوگاری رێی کوردایەتی و نیشتمان پەرستی لێ دەر دەکردن. تەختە بەردەکانی بەر دەم کێوی گیارەنگ، سەنیرو دۆشەکی شەهیدی نەمر کاک سمایلی شەریفزادە بوون.

خۆ لە خۆڕانیە گیارەنگ خۆڕادەنێ، سروە شووبای شەوی، زۆرجاران ئارەقەی رێی ماندووبوونی خەباتی لە نێو چاوانی مینەشەم و موعینیەکان سڕیوە.

ئەرێ دەزانن گیارەنگ بۆ هێندە بەرزە؟ ئەدی، ئەدی کاکە، دەڵێم، دەڵێم: جێ ڕاوگەی شێرانە، زۆر جاران لێی میوان

بوون، شەهید زیندوو، فەرماندە شیوەسەڵی قارەمان و نارستی شۆخ و جوان.

هۆ گیارەنگی سەربەرز، ئەریٚ کام پارتیزانی نیشتمانم لە دەفەرەکانت دا، لەبەرِ سێبەری شاخەکانت پشووی ڕێی ماندووبوونی خەباتی نەداوە؟

ئێستاش شەهیدان، سەعدوونە ڕەش، عوسمان ئەحمەدی، حوسێن شەمامی، حەمەدەمینی مەلا عەزیزی، حەمەخان و ڕەسوولی مام عەزیزی، ساڵە قەلەرەش و، حەسەنپوور و حەددادەکان، حاجی و مام حاجی و مامائاغاکان و، گشتیان، لە نێو خاکی پیرۆزی نیشتمانا، لە خۆشی کۆڕی حیزبیان، لە بەر سێبەری کێوی گیارەنگ، قاقا پێدەکەنن و، گوێچکەی دوژمن کەرِ دەکەن.

بەڵێ! گیارەنگ بەرانبەر بە دوژمنانی، پڕ لە سەنگەرە، سەنگەری خۆڕاگریە، سەنگەری سەرکەوتنە، سەنگەری تێکشکاندنی نەیارە، سەنگەری ڕووناکییە، سەنگەری دیپلۆماسیە، سەنگەری ڕووناکبیریە.

خوێنەرانی بەڕیز ، خۆ لە خۆڕا نەبوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان، هێزێکی گەورەی بە نێوی کێوی گیارەنگەوە کرد، وەک پێشتر باسم لێکرد، گیارەنگ هەزار ڕەنگ و هەزار سەنگەرە، لەو سەنگەرانەوە، کوڕانی نیشتمانپەروەری هێزی گیارەنگ سەدان زەبری بە ژانیان لە هێزەکانی دوژمن داوە، لە ئازاری ئەو زەبرانە بوو دوژمن دەستەوەستان بوو.

کاتێکی زۆر لەو سەنگەرانە تێکۆشانیان بۆ شوێن و بابەتی‌تر گوازرانەوە و نۆرە گەیشتە سەنگەری ڕووناکبیری، بیست ساڵ پێش ئێستا، سەنگەری ڕۆژنامەگەری گیارەنگ بە هەوڵ و هیمەتی دوو پێشمەرگە، دوو هاوسەر، یەکیان کاک حەمەرەسووڵ کەریمی، پارتیزانی هێزی مینەشەم و زمزیرانی پێشتر و، دواتر یش راستەوخۆی پێشمەرگەی هێزی گیارەنگ، کە لەو ڕێگەدا بوو بە شەهیدی زیندوو، دادە شلێری هاوسەری، دڵسۆز و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەستی پێکرا.

ئەو سەنگەرە بوو بە جێگەی هیواو ئومێدی زۆری لاوان و پێشمەرگەو، شاعیر و نووسەرو، هەموو چین و توێژێکی نیشتمانپەرەست و دڵسۆزی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و، گەلێک زۆر خۆیان تێدا دیتەوەو، کە خزمەتێکی لە بیر نەکراوە.

دوژمن زۆر جاران ویستوویەتی ئەم سەنگەرە بگرێت و دای بخات، بەڵام بە هەوڵ و هیممەتی حەمەرەسووڵ و دادە شلێر و

## ماڵپەری گیارەنگ

کچە رەزا سووکەکەیان و ئیتری بنەماڵەیان، هەوڵەکانی دوژمن بوونەتە خەیاڵ و هیچی تر و دەستەوەستان بوون.

گیارەنگ زۆر دەوڵەمەندە، دەوڵەمەندە بە بیری نیشتمانی و پێگەیاندنی لاوان بۆ خزمەت کردن بە زمان و ئەدەبیاتی کوردییێکی رەسەن، دەوڵەمەندە بەوە کە بێ جیاوازی بیرو بۆچوونی حیزبایەتی، بابەتە جیاجیاکانی نووسەران و شاعیران بڵاو دەکاتەوە.

لە کۆتایی دا ئاواتم سەرکەوتنی زیاتری رۆژنامەی گیارەنگ و، لە یەزدانی مەزنیش دەپارێمەوە کە کاک حەمەرەسووڵ و دادە شلێر و منداڵەکانیان ساغ و سلامەت بن و، لە کاری رۆژنامەگەریش دا، هەروا ماندوو نەناسانە بەردەوام بن.

براتان ئەحمەد مەکلاوەیی

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### نەک جارێک ٢٠ جار پیرۆزباییتان لێ دەکەم.




**عەزیز مورادپەرەست**

ماڵپەری گیاڕەنگ کە لە هەڵومەرجێکی کەم میدیای لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات دامەزرا، بوو بە دەنگ و رەنگی کوردانی دیاسپۆرا و هەروەها توانی ببێتە پردی پێوەندی نێوان چالاکوانانی بوارە جیا جیاکانی ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەی وڵات.

ناوی گیاڕەنگ لە لایەک فیداکاری و سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بە سەر هێزەکانی رێژیمی تیرۆریستی ئاخوندی لەو ناوچەیە دەخاتەوە بیرمان و لەلایەکی دیکەش وەک ماڵپەر و میدیایەکی کوردی کە لە تەمەنی ٢٠ ساڵی نێزیک دەبینەوە، پێمان دەڵێت ئەوە خۆشەویستی نیشتمان و هەستکردن بە بەرپرسایەتی بۆ گەیاندنی راستییەکان بە خەڵک و ئاشکرا کردنی پیلانی داگیرکارانی وڵاتە کە مرۆڤە خاوەن ئیرادە و ماندوونەناسەکان داهێنانی نوێ دەکەن و بە قەول و بەڵێنییەکانیان وەفادار دەمێننەوە کە بەرێوەبەرانی دڵسۆزی گیاڕەنگ لەو تێکۆشەرانەن.

چوونکە ٢٠ ساڵ کار و ماندووبوونی شەو و رۆژی بەرێوەبەرانی ماڵپەرەی گیاڕەنگ تەنیا لە پێناو خۆشەویستی نیشتمان و ئازادی نەتەوەکەیان نەبێت هیچ هێزێکی دیکە ناتوانێت ببێتە ئەنگیزەی ئەو هەموو ماندووبوون و وەخت دانانە

خۆبەخشانەیە بۆ ئەو ماڵپەڕەیە.

**گرینگی دامەزراندن و ڕاگەیاندنی ماڵپەرەی گیارەنگ لە چیدا بوو؟**

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ٢٠ ساڵ پێش ئێستا، ئەو کاتەی بە هۆی هەڵومەرجێکی تایبەت کە لە باشووری کوردستان بۆ کوردانی ڕۆژهەڵات دروست کرابوو، بە سەدان و بگرە هەزاران تێکۆشەری سیاسی و چالاکوانی بوارەکانی دیکە لە کوردانی ڕۆژهەڵات ڕوویان لە هەندەران کرد و لەو کاتەشدا هیچ دزگایەکی ڕاگەیاندنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوە هەر نەبوو یانیش کەم و تازە دامەزرا بوون، ئا لەم کاتەدا گیارەنگ بە دامەزرانی خۆی وەک ماڵپەرێکی کوردی ئەو بۆشاییەی پڕ کردەوە و هەر زۆر زوو توانی ببێتە دەنگ و ڕەنگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وەک ئەستێرەیەکی گەش تیرێژەکانی بوون بە پێنووسی دەستی نووسەران و چاویلکەی وردبینی خوێنەرانی فێرخوازی بابەتەکانی گیارەنگ.

گیارەنگ بە بەرنامە و بابەتە هەموو ڕەنگینیەکانی و ڕێنوێنی کردنی خوێنەرانی بۆ نووسینی هەر بابەتێکی ڕێگە پێدرا و هاندانیان بۆ دابەزاندنی ئەلف و بێی کوردی لە سەر کامپیوتێرەکانیان حزمەتێکی گەورەی بە نووسەران و خوێنەرانی خۆی بە تایبەت کردووە.

من وەک خوێنەرێکی بەردەوامی ماڵپەرەی گیارەنگ لە وڵاتی سوئێد شایەتی ئەوە دەدەم کە گیارەنگ لە ماوەی ئەم ٢٠ ساڵە تێکۆشانیدا، لە زوربەی کۆڕ و کۆبوونەوە و خۆپێشادانەکانی کوردانی دانیشتووی وڵاتی سوئێد و هەتا لە وڵاتانی دیکەش زۆر چالاک و دیار و لە ڕیزی پێشەوەدا بووە بۆ گەیاندنی دەنگ و ڕەنگ و ئامانجی ئەو خۆپێشاندان و بۆنانە و کەم کەس لە کوردانی دانیشتووی وڵاتی سوئێد بەتایبەت کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو وڵاتە هەن کە لانیکەم جارێک لە زوومی دووربینی گیارەنگی کۆکردنەوەی هەموو ڕەنگەکان دەرنەکەوتبێت.

قسە کردن و نووسین لە سەر تێکۆشانی ماڵپەرەی گیارەنگ نە لە بابەتێکی ئاوهادا جێگا دەبێتەوە و نە پێنووسی منی خوێنەری گیارەنگ توانای ئەو نووسینەم هەیە، هەر بۆیە هیوادارم بۆ قسە کردن لە سەر تێکۆشان و داگیرساندنی مۆمی ٢٠ ساڵەی تەمەنی گیارەنگ، بەپێ ئیمکان و دەرفەت بەرێوەبەران و خوێنەرانی لە دەوری یەک کۆبینەوە و بە پێشکەش کردنی گوڵی ڕێز و پێزانین بۆ هەر یەک لە بەڕێزان کاک "محەممەدرەسووڵ کەریمی" و خاتوو "شلێر حەسەنپوور" دوو پێشمەرگەی



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیاڕەنگ

ناو سەنگەری راگەیاندن، شەو ئاهەنگەکی شایانی گیاڕەنگ بەرێوەبەرن.

هەر بەم بۆنەوە جوانترین و گەرمترین پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی ئێوە کاک "محەممەدرەسووڵ" و خاتوو "شلێر" و هەموو هاوکاران و خوێنەرانی ئێوە لە ماڵپەرەی گیاڕەنگی خۆشەویست دەکەم و هیوای بەردەوامی و داهێنانی نوێتر لە ساڵی نوێی ئەم ماڵپەرەیەدا ئاواتەخوازم.

هەر هەبن.

عەزیز مورادپەرەست



سەرچاوە
Serchawe

بۆ گیاڕەنگ و مامۆستا حەمەڕەووسوڵی کەریمی.




**ناسر قازیزادە**

به بۆنەی بیستەمین ساڵوەگەری ماڵپەری گیاڕەنگ و ڕێز گرتن لە وەشان و تێکۆشانی ماڵپەری گیاڕەنگ و خوێنەرانی لە گیاڕەنگ دا، تابلۆکانم کە بەرهەمی شەو و شەونەخوونی و ئەرک و کارەکان و زەحمەتی خۆمم، پێشکەش بە شۆڕشی ژینا و ماڵپەری گیاڕەنگ و ئەویندارانی ڕێگای ئازادی بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەم.

لە دوا بەش دا هیوادارم کە گەلی کورد و شۆڕشی ژینا سەر بکەوێ و وەک هونەرمەند و نیگارکێشیک هەوڵەکانمان بۆ دەستەبەر کردنی سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە تەرخان دەکەم.

ناسر قازیزادە

فەرانسە

## ماڵپەری گیارەنگ

### بە بیانووی بیست ساڵەی کاری بەردەوامی ماڵپەڕی گیارەنگ.




**کەماڵ حەسەنپوور**

لە دنیای دیجیتاڵی ئەورۆدا، کە لافاوی هەواڵ و زانیاریی بەردەوام مێشک و دیدەمان پڕ دەکات، بوونی سەرچاوەی باوەڕ پێکراو گەلێک گرینگن. وەک پێشداش چەند جار ئاماژەم پێکردووە، ئەگەر لە سەدەی بیستەمدا باو بوو بڵێین زانیاریی دەسەڵاتە، لە سەردەمی ئینتەرنێت، سۆشیال مێدیا و تەراتێنی "کاریگەر" (influencer)دا، خۆلادان لە هەواڵ و زانیاریی ساختە و هەڵە، بە مانای خاوەن دەسەڵات بوونە.

گیارەنگ کاتێک هاتە مەیدانی دنیای دیجیتاڵەوە کە هێشتا کورد بە تەواوی خۆی لەو دنیا تازە و نامۆیەدا نەدیتبۆوە و ژمارەی ماڵپەڕەکانی لەو شیوەیە زۆر نەبوون. بێجگە لەوە، ئەوکات ئینتەرنێت وەک ئێستا بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شیوەی پێویست تەشەنەی نەکردبوو. ئەگەرچی دەسەڵاتدارانی کۆماری سێدارە ئێستاش هەموو هەوڵیان ئەوەیە خەڵکی ئێران بە گشتی لە ئینتەرنێتی ئازاد بێبەش بکەن، بەڵام دیسانیش لە بەراورد لەگەڵ بیست ساڵ لەوەپێشەوە، بەرەوپێشچوونێکی زۆر دەبیندرێ.

دروستە هێشتا زۆر کەس کاتیان بە گرتە ڤیدیۆی بێچوە پشیلەی جوان و شتی وەها تێپەڕ دەکەن کە بەگشتی بێجگە لە

## ماڵپەری گیارەنگ

بەفیرۆدانی کات، هیچ یارمەتییەک بە چوونە سەری ئاستی زانیارییان ناکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوونی ماڵپەڕی وەک گیارەنگ دەتوانێ تا ڕادەیەک یارمەتیدەر بێ تا کەسانی تینووی زانیاریی دروست لە بوارە جۆراجۆرەکاندا، ڕوو بکەنە سەرچاوەی باوەڕ پێکراو.

بیست ساڵ تەنیا بە قسە خۆشە، لە ڕاستیدا کەسێکی سەوداسەری نیشتمانەکەی و بڵاو کردنەوەی هەواڵ و بابەتی نیشتمانیی نەبێ، ناتوانێ بە بێ ئەوەی دامودەزگایەکی دەوڵەتی یارمەتی بکات، خۆبەخشانە ئەو شاکارە جێبەجێ بکات. بۆ ئێمە کە ماڵپەڕی گیارەنگ بەردەوام یەکێک لە سەرچاوەکانی زانیاریی بووە، جێگای شانازیی و دەستخۆشییە (لە بەڕێوەبەرانی ئەو ماڵپەڕە)، کە لەگەڵ تێپەڕ بوونی کات، ماڵپەڕی گیارەنگ خۆی لەگەڵ تەکنیکی نوێ گونجاندووە و ماڵپەڕەکە، نە تەنیا لە ڕواڵەتدا، بەڵکو لە تەکنیکی داڕشتنی ماڵپەڕیشدا پێ بە پێی بەرەوپێشچوونەکانی تەکنەلۆژیا لەو بوارەدا، چۆتە پێش و کەڵکی لە تەکنیکی نوێ وەرگرتووە. بۆیە کاتێک سەردانی ماڵپەڕی گیارەنگ دەکەی هەست دەکەی ماڵپەڕێکی مودێرن و بەڕۆژکراوە، کە ئەو تایبەتمەندییە لە زۆر ماڵپەڕی کوردی لەو چەشنەدا نابینرێ.

لێرەدا پێمخۆشە پێشنیارێک بخەمە بەر دەم بەڕێوەبەرانی بەڕێزی ماڵپەڕی گیارەنگ. وەک دەزانین لە کۆنەوە گوتوویانە وێنەیەک هەزار وشە دێنێ. تەشەنە کردنی ئاپی وەک تیک تۆک و ماڵپەڕی وەک یوتیوب، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن. بۆیە پێشنیار دەکەم ماڵپەڕی گیارەنگ گرینگیی زۆرتر بە دەنگ و ڕەنگ بدات. لە هەوڵی کۆ کردنەوە و بڵاو کردنەوەی ناوەرۆکی بەکەڵک لە شێوەی دەنگ و ڕەنگ دابێ. ئەزموونی تاکەکەسیی من پێم دەڵێ کە ڕێژەی ئەو کەسانەی کات بۆ خوێندنەوەی بابەتی دوورودرێژ تەرخان دەکەن، هەر دێتوو کەمتر دەبێ، بە تایبەتی لەناو جیلی تازە پێگەیشتوودا.

لە کۆتاییدا وێڕای دەستخۆشی و ماندوو نەبوونی لە بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕی گیارەنگ، هیوادارم لە کارە بەپێزەکەتان بەردەوام بن و ئاواتەخوازم هەر وەک چۆن لە بیست ساڵی ڕابردوودا نیشانتان داوە بێ وچان هەوڵ بۆ بڵاو کردنەوەی بابەت و زانیاریی دەدەن، لەمەو بەدواش درێژە بەو ڕێچکەیە بدەن.

سەرکەوتوو بن!

کەماڵ حەسەن‌پوور

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### یادی بیست ساڵەی گیاڕەنگ.




**ئەبوبەکر سێوەتاڵی**

ڕۆژی ٢٤ - ٤ - ٢٠٢٣ ماڵپەڕەی گیاڕەنگ ٢٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی ڕۆژنامەوانی کوردی پڕ دەکاتەوە!

بەو بۆنەوە پڕ بەدڵ پیرۆزبایی بیست ساڵ خەبات و تێکۆشانی ڕۆژنامەوانی کوردی سەربەرز و سەرکەوتوانە بە گیارەنگی دڵ و گوڵ دەڵێین، هیوا دەخوازین قەت لە خەبات و تێکۆشان و گەشەو نوێبوونەوە دانەبڕێت و هەموو کات بەردەوام پەراوی ڕۆژنامەوانی کوردی گەشاوە و پڕ ناوەڕۆک و درەوشاوەتر بێت. هەروەها سڵاوی گەرم و بە تین دەنێرین بۆ بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕەی گیارەنگی سەر سەوزو سەربەرز، کاک حەمە ڕەسوڵی کەریمی و خوشکە شلێری حەسەن پور، دوو مرۆڤی بەهەست وماندوونەناس و شۆڕشگێڕ و تێکۆشەر، کە بێ وچان لە خۆ بوردوانە توانیویانە بیست ساڵ ماڵپەڕەی گیارەنگ سەرکەوتووانە زیندوو ڕابگرن و بەڕۆژ کەنەوە، دەستیان خۆش بێت، دەستیان دەگووشین و چاویان ماچ دەکەین.

هەموو کات کە ناوی گیاڕەنگ دەبیسم بۆنی بەهار و گوڵ لالە تێکەڵی هەستم دەبێ و وەک جاران پێشمەرگانە لە دامێنی گیارەنگ سەردەکەوم! بە نێوی گیاڕەنگ هەیکەلی کێوێکی زەبەلاح و سەربەرز، لە ئاست دوژمندا لەشکان نەهاتوو لە ناخمەوە هەست پێدەکەم، خۆشمان دەوێ و دەسەر سەری دەگەڕێن و لە دامێن و لوتکەی دا دەبینەوە پێشمەرگە.

## ماڵپەری گیارەنگ

ڕۆژنامەی گیارەنگ لە ماوەی بیست ساڵ تێکۆشانی بێ وچانی خۆیدا خزمەتێکی زۆری بە پەراوی ڕۆژنامەی کوردی کردووە و بۆتە هاوکارێکی باشی نووسەران و خوێنەرانی کورد و هی تر، هەروەها بۆ گەشە و پاراستنی زمان و وشە و ئەدبیاتی کوردی گرینگی تایبەتی خۆی هەبووە لەگەڵ بەرۆژکردنەوەی هەواڵ و بابەت و ڕوداوەکانی ڕۆژ.

بە پیچەوانەی بەشێک لە ماڵپەرە و ڕۆژنامەکانی تر، بە هێنانی ناوی گیارەنگ دوژمنانی گەلی کورد دڵیان دەلەرزێ و ئەژنۆیان شل دەبن، هەموو کات لە ئاست خۆیاندا وەک پێشمەرگە سەیریان کردووە بۆیە قینیان لێیدەبیتەوە! تا ئێستا چەند جارە بلوکیان کردووە و دێرەکانیان تێکداون، بەلام وەک گیارەنگ و پێشمەرگە پەتەو قایم لە شوێنی خۆیەتی.

بەردەوام و بەرۆژ بیت گیارەنگی خۆشەویست

١٥ - ٤ - ٢٠٢٣

ئەبوبەکر سێوەتاڵی

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### بەڕێزان، دادە شلێر و کاکە حەمەڕەسووڵی کەریمی




ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی یان سایتی "گیاڕەنگ" وەک میدیایەکی ئاوانگارد و پێشەنگی سەربەخۆی کوردی توانیوەتی لە ماوەی ٢٠ ساڵ کاروچالاکی بێوچان ببێتە پلەتفۆرمێک بۆ دەنگی کپکراوی گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی نیشتمان. ئێوە بەڕێوەبەرانی "گیاڕەنگ" بە پشوودرێژی، کاری بەردەوام و چالاکیگەلی جۆراوجۆر خزمەتێکی زۆرتان بە ڕاگەیاندنی ئینتەرنێتی کوردیی کردووە و شایەنی ڕێز لێگرتنن.

بەبۆنەی ٢٠ ساڵەی بەردەوام بوونتان بۆ خزمەت بە دۆزی ڕەوای نەتەوەی کورد، پڕ بەدڵ پیرۆزباییتان پێ دەڵێم و هیوای سەرکەوتنی زیاترتان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

شارۆخ حەسەنزادە

بەرپرسی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان "چاونیوز"

٢٧ی خاکەلێوەی ١٤٠٢ی هەتاوی



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیارەنگ

### بەڕێزان، بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕی گیارەنگ




لە یادی ٢٠ ساڵەی دامەزرانی ماڵپەڕی گیارەنگ گەرمترین پیرۆزبایتان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیتان لەو ئەرکە پیرۆزە دا بە ئاوات دەخوازین.

بێگومان ڕوون و ئاشکرایە کە ماڵپەری گیارەنگ لە ماوەی ٢٠ ساڵ لە تەمەنی کاری ڕاگەیاندنی خۆیی ئەرکێکی گرینگی لە گەیاندنی هەواڵ زانیاری لە سەر شان بووە،بە چاو خشاندنێک بە ماڵپەرەکە دا دەردەکەوێت کە جوراوجوری بابەتەکان ئەوە دەردەخەن کە گیارەنگ سەکۆیەک بووە بۆ دەربڕینی دەنگە جیاوازەکان وبە ربڵاو کردنەوەی بابەتە سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی وئەدەبی و کەلتووریەکان و هەوەها بڵاو کردنەوەی هەواڵ و زانیاری تایبەت بە بەندکراوانی سیاسی توانیویەتی ماڵپەڕەکی دەوڵەمەند بێت بۆ خوێنەران و سەردانیکەرانی ئەو ماڵپەرە خۆشەویستە.

بە ناوی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە یادی هەڵگیرساندنی مۆمی ٢٠ ساڵەی تەمەنتان پیرۆزبایتان پێدەڵێین وئاواتەخوازین گیارەنگ هەر وەک لە ڕابردوو دا پێگەیەک بووە بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بەکەڵک،بەردەوام بێت لەو ئەرکە پیرۆزە دا.

ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان

١٥ - ٤ - ٢٠٢٣

## ماڵپەری گیارەنگ

### "گیارەنگ" و ئیرادەیەکی چیایی.




**عەلی بداغی**

"گیارەنگ" کە بە هیممەتی چیایی و پێشمەرگانەی کاک حەمەڕەسووڵ کەریمی و خاتوو شلێر حەسەنپوور بەڕێوە دەچێت، لە ڕیزی یەکەم ماڵپەڕ و بڵاوکراوە ئینتێرنێتییەکانی ڕاگەیاندنی کوردیدایە.

لە سەردەمی هات و نەهات و پڕ چەرمەسەرییەکانی ڕاگەیاندنی کوردیدا لەوانەیە خاڵی هەرە بەهێزی "گیارەنگ" لە نەوەستان و بەردەوامییەکەیدا بێت، بەڵام ئەمە گرینگترینی نییە، بەڵکوو ئەوە بەپێزی، دەوڵەمەندیی، بەرۆژبوون و خۆبەڕۆژکردنەوەی لە ڕووی فۆرم و نێوەرۆکە، ئەو ماڵپەرەی لەلای سەردانکەرانی خۆشەویست کردووە. لە هەمووش گرینگتر ئەخلاق، پرەنسیپ و ئەتیکێتی ڕۆژنامەنووسی کە لە "گیارەنگ" دا هەمیشە بە پێوەری سەرەکی داندراوە.

ئەمن لە یەکەم ڕۆژەکانی دەرچوونی "گیارەنگ"ەوە ئەو ماڵپەرە بەپێزە دەبینم. دەستپێکی چالاکی و وەشانی "گیارەنگ" وەک ماڵپەرێکی سیاسی - کولتووری - ئەدەبی هاوکات بوو لەگەڵ ساڵەکانی سەرەتای پێشمەرگایەتیم و بەهۆی شانازیی ناسیاریی دواترم لەگەڵ کاک حەمەڕەسووڵ، ئیدی گیارەنگ ڕووپەرێک بووە کە بەردەوام سەردانم کردووە.

## ماڵپەری گیاڕەنگ

بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم سینگی "گیاڕەنگ" پڕە لە حەماسەی پێشمەرگە، گێڕانەوەی شکۆ و شانازییەکانی شۆڕش، ئاوێنەی خاڵە لاواز و بەهێزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد. لە "گیاڕەنگ" دا هەواڵ و ڕووداوە گرینگەکانی پێوەندیدار بە کوردستان ڕوومالّ دەکرێن، وتار و وتووێژ و شرۆڤەی سیاسیی پێشهاتەکان بەرچاو دەکەون، پرسی ژنان و لاوان لەبیر نەکراوە و لینکی تایبەتیان بۆ کراوەتەوە، ئەدەبی بەرگری وەک بەشێک لە خەباتی شوناسخوازی جێگەوپێگەی شیاوی خۆی هەیە و دەرفەت بە تێکۆشەرانی کورد دراوە بە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی خۆیان بەشێک لە مێژووی خەبات و جووڵانەوە بەرحەقەکەیان تۆمار بکەن و بۆ نەوەی پاش خۆیانی بگوازنەوە. تازەترین کاری بەبایەخی "گیاڕەنگ" کردنەوەی لاپەڕەیەکی تایبەت بە شەهیدانی "شۆڕشی ژینا"یە کە لەودا زانیاریی زۆر بەسود لە ژیانی ئەو شەهیدانەی خستۆتە بەردەستی بەردەنگەکانیان. هەموو ئەو کارانەی "گیاڕەنگ"یش کە بەڕاستی کاری کارانن نەدەکران ئەگەر کاک حەمەڕەسووڵ کەریمیی لەپشت نەبووبا، ئەگەر خاتوو شلێر یار و یاوەر و هاوکاری نەبا.

لەم دەرفەتەدا وێڕای ئەوەی ئاواتی سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ "گیاڕەنگ" دەخوازم، سەری ڕێز بۆ هیممەتی چیایی کاک حەمەڕەسووڵی پێشمەرگە دادەنەوێنم کە نەک قەت تەسلیمی دۆخە دژوارەکانی ژیان و خەبات نەبووە، بەڵکوو بە خۆنەویستی دۆخە هەرە سەختەکانیشی بۆ بەردەوامیی خزمەت و ئەرکە نەتەوەییەکان هەموار و کەوی کردووە.

هەر هەبن و بمێنن بۆ خزمەتی زیاتری خاک و نیشتمان، بۆ خەبات لەپێناو پاراستنی بەها و بایەخەکانی وێژە و ئەدەب و ڕۆژنامەنووسی کوردی.

**عەلی بداغی**

## ماڵپەڕی ڕەنگینی "گیاڕەنگ" مۆمی تەمەنی بیست ساڵەی خۆی داگیرساند.




**ئەحمەد شێربەگی**

"گیاڕەنگ" ناوێکی ئاشناو ئەزەلی ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی دەوەری سەردەشتی سەرسەوزە، گیاڕەنگ ڕەوزولانی پلینگی چنگ بەگڕ و هەڵۆی بەرزەفڕەکانی نیشتمانە. کێوێکە کە خاوەنی مێژوویەکی زێرینەو سەدان داستانی مێرخاسی وسەروەریی لە هەناوی خۆی دا تۆمار کراوە.

"گیاڕەنگ" لە کێوێکی سەربەرزی مەکۆی پێشمەرگەڕا بوو بە ئاگردانی پێشمەرگە، ئەویش بەهیمەیەتی پێشمەرگەیەکی خاکەڕای خۆنەویست کە لەرێگای ئازادیی کوردو کوردستان دارەنجی زۆری کێشا، زۆر شیودۆڵ و بەرازیی و زناروەشتو کوێستان وگەرمێنی پێوا، لەزۆر شوێنی ئەم نیشتمانە بێ بەشە خوێنی گەشی تێکەڵ بە خاکی پیرۆزی کوردستان بوو، ئەو پێشمەرگەیە چەند بەشی لە جەستەی خۆشەویستیی لەم ڕێگایە دا بە کوردستان بەخشی، بەڵام نەتەنیا ئەم بەخشینو فیداکردنانە ئەم پێشمەرگە لێبڕاوە خاکی پۆشەیان لە ڕێبازیی پیرۆزیی پاشگەز نەکردەوە، بەڵکوو هانیان دا لەم ڕێبازەدا کە ڕێبازی گەیشتن بە ڕووناکیە زیاتر لە خۆی مایە دانێ.

ئەمجار پێشمەرگەی ڕۆژە سەختەکانی شاخ کاک حەمەڕەسووڵی کەریمی لەسەنگەرێی دیکە داو بە هەموو گیروگرفتەکانی

## ماڵپەری گیاڕەنگ

ژیانی تاراوگەیی بە هەزاران کیلومیتر دوور لە نیشتمانی دایک وەک شۆڕەسوارێک ئەسپی سەرکێشی کوردایەتی لە جەمسەری بەستەڵەکی باکوور دا تاو دا، بە کردنەوەی ماڵپەری "گیارەنگ" دەرگایەکی دیکەی بە ڕووی جیهانی ڕۆژنامەگەریی کوردی دا کردەوەو ماڵپەری سەرسەوزی ئەلکترۆنی "گیاڕەنگ" ی دامەزراند.

ئەم ماڵپەڕە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٣ی زایینیەوە بوو بە زمانی هەمووچین وتوێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواریی و بوو بە ئارشیوێکی دەوڵەمەنی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیمان...

"گیاڕەنک" ئەگەرچی لەخاڵی سیفرەوە دەستی پێکرد بەڵام لەبەر ئەوەی پاشخانێکی مەزنی کوردایەتی لەپشت بوو توانی لە ماوەیەکی زۆر کەم دا جێگە وپێگەی خۆی لەنێو ماڵپەرەکانی دیکەدا بکاتەوە و ببێتە جێگای متمانەو باوەری هەموو لایەکی. تیرێژی تیشکی خۆری ماڵپەڕی "گیاڕەنگ" هەموو کوردستانی تەنییەوەو ڕووناکایی پێبەخشی.

لەناخی دڵمەوە ساڵوەگەری بیست ساڵەی دامەزرانی "ماڵپەری گیاڕەنگ" لە بەرێزو خۆشەویست کاک حەمەڕەسووڵی کەریمی، لە هاوژینە سەربەرزەکەی خاتوو شلێری حەسەنپوور و هەروەها لە هەموو ئەو بەرێزانەی لە پەلکەزێڕینەی ماڵپەڕی گیاڕەنگ دا کاریان کردوە و قەڵەمیان تاو داوە پیرۆزبایی دەڵێم و هیوای سەربەرزی وسەرکەوتنی هەرچی زیاتریان لەڕێگای گەشەئەستاندنی بیری کوردایەتی دا بۆ بەئاوات دەخوازم...

بەسپاسەوە.

شێربەگی ئەحمەد

٢٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی

## گیارەنگی سەر بەرز و خۆراگر.




**نادر ئەمینی**

خۆراگری و تێکۆشانی ٢٠ ساڵەی تەمەنت هەمبانەی وجودی تۆیە لە نێودڵی هۆگڕان و خوێنەرانت، هەر وەک چوون لانک و گیارەنگ بوونە پشت و پەناو جێگای حەوانەوە و حەشارکەی رۆڵەکانی گەڵ و نیشتمان، جوانی نێوەکەت و لاپەرە رەنگینەکانت بونە دوست و ئەوینی نوسەران و خوێنەران و لانەی شێعر و پەخشان و هەوالەکان و ئەویندارانی فێربونی زمانی کوردی.

ئەو هەموو جوانیە و لێهاتوویەی ماڵپەری گیارەنگ بۆ ئۆگرانی، هۆکاری هەوڵ و کاری بێ وچان و تێکۆشانی فەرماندەی مەیدانەکانی شەر و شڵێر خانمی خەمخۆرو دڵسۆزی نیشتمانە، کە مایەی فەخرن بو رۆژنامەگەری کوردی و خوێنەران.

٢٠ سالەی تەمەنت پیرۆز بێت.
تەمەنناى بەردەوامی بوونت و گەشاوەیی چرای لاپەرەکانت دەکەین. جێگای شانازین بەرێوەبەرانی گیارەنگ کاک حەمەرەسول و شڵێر خانم.
هەمبانەی بیر و هزرتان و دەست و پەنجەو قەلەمتان هەر ئاوا بەتوانا و رەنگین بێت.

براتان نادر ئەمینی

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### بۆ گیاڕەنگی ڕەنگین.




**مستەفا شەڵماشی**

ئەوا بوو بە بیست ساڵ کە بە هیممەت و ماندوو بوونی کەسێکی دڵسۆز بە نەتەوە و نیشتمان، و بە هاوکاری هاوژینە بە ڕێزەکەی و دۆستانی بە وەفای ئەو مێدیا ڕەسەنە سایتی پڕ نێوەرۆکی "گیاڕەنگ" وەشانی خۆی دەست پێکردووە. بەڕێز کاک حەمەڕەسوڵی کەریمی و شلێرخانمی خێزانی، ماندوویی نەناسانە، سەرەڕای گرفتی زۆر و کار بۆ ژیان و کاری نەتەوەیی لە چوارچێوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا، شە و ڕۆژیان خستوەتە سەریەک و بە هاوکاری دۆستانی نێشتمان پەروەری دیکە و ژمارەیەکی بەرچاو لە قەڵەمی بە پێز ونیشتمان پەروەر ناوەندێکی خنجیلانەیان خستوەتە سەر مێدیای کوردی بە ناوی "گیاڕەنگ"

بە بۆنەی ساڵڕۆژی بیست ساڵەی وەشانی سایتی "گیاڕەنگ"ەوە پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە بەرپرس و هەڵسوڕێنەرانی سایتی گیاڕەنگ دەکەم و داوای سەرکەوتنی هەرچی زیاتریان بۆ دەکەم. هیوادارم ساڵانێکی زۆری دیکە گەلەکەمان لەو سایتە پڕنێوەرۆکە و لە بەرهەمی ڕەنگینی نوسەرانی بەهرەمەند بێ. سایتی "گیاڕەنگ" یەکێک لە مێدیا هەرە باش و ئەمانەتدارەکانە. تا ئێستا لە ماوەی بیست ساڵ دا بۆ یەک جاریش مەتڵەبێکی بڵاو نەکردوەتەوە کە دژی بەرژەوەندیە باڵاکانی نەتەوەکەمان بێ. بە پێچەوانەوە لە تام وچێژێکی کوردانەوە زۆر بابەتی پڕنێوەرۆکی بڵاو کردوەتەوە کە سەرتاپایان بەرگری لە دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمان بووە.

## ماڵپەری گیاڕەنگ

ئەو مێدیا بە خزمەتە بە بێ گوێدانە بیر وبۆچوونی نوسەرەکان و بە شێوەیەکی بێ لایەنانە و بێ سانسۆر نوسراوەی گەلێک نووسەری کوردی بڵاو کردوەتەوە وبە ئەمانەتەوە بیر وبۆچوونەکانی ئەوانی بە خوێنەرانی خۆی ناساندووە. هەر ئەو ڕێکارە باشە کارێکی کردووە کە زۆر نوسەری بە توانای گەلەکەمان بابەت و لێکۆڵینەوەی پرنێوەرۆک و گرنگی لە هەموو بوارەکان دا بۆ بنێرن. بۆیە بە ڕاستی هەڵدەگریَ بڵێین سایتی "گیاڕەنگ" زۆر ڕەنگینە. باسەکانی ئەدەبی، هونەری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و تەنانەت زانستیش لە خۆ دەکریَ.

هەروەها ووتوویژ لەگەڵ کەسایەتیە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی وهونەریەکان ڕەنگدانەوەیەکی باشی لەو سایتە دا هەبووە. بەجۆرێک کە دەکریَ وەک ئارشیڤێکی دەوڵەمەند لە تۆمارکردنی ڕووداوەکان وپۆلێنکردن و هەڵسەنگاندنی بەسەرهاتەکانیش چاو لێ بکریَ. گومانم لەوەدا نییە کە ئارشیڤی "گیاڕەنگ" دەتوانێ خزمەتێکی زۆر بە نرخ بە لێکۆڵەرەوەو پسپۆریە جۆراوجۆرەکان لە هەموو بوارەکان دا لە داهاتوو دا بکا.

جگە لە هەمووی ئەوانە "گیاڕەنگ" سایتی خۆشەویستترین توێژەکانی نێو جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمانە، کە "**پێشمەرگە**" یە. هەڵسووڕێنەری ئەو مێدیایە بۆ خۆی یەکێک لە پێشمەرگە ئازا و بەجەرگەکانی گۆڕەپانی کوردایەتی بووە. لە مەیدانی بەربەرەکانی قارەمانانە دا ئەندامی جەستەی خۆی لە دەست داوە. ئەو پیشمەرگەی هەموو مەیدانەکانە. پێشمەرگایەتی، ڕێکخستن، ڕاگەیاندن و کاری سیاسی، لە هەموان دا پێشقەدەم و لێهاتوویە. بە هەڵسووڕانی بەردەوامی خۆی لە هەمو ڕێچکەکانی خزمەت بە نەتەوە دا تاقیکردنەوەی خۆی داوە و متمانەی هاوڕێیان وناسیاوانی خۆی بەدەست هێناوە. هەربۆیەش متمانە بە "گیاڕەنگ"یش یەکێک لە کلیلەکانی سەرکەوتنی ئەو سایتەیە.

لە کۆتایی دا داوای سەرکەوتن بۆ گیاڕەنگ و لەشساغی و بەختەوەری وسەرکەوتن بۆ هەڵسووڕێنەرانی و بۆ نوسەرانی دەکەم.

**مستەفا شلماشی**

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### زۆر بەڕێز بەڕێوەبەرانی ماڵپەری گیاڕەنگی سەربەرز!




**هاشم ڕۆستەمی**

تێکۆشەرانی دڵسۆز و فیداکاری ڕێگەی گەل و نیشتمان و ڕەوشەنگەری، کاک حەمەرەسوڵ کەریمی و خاتوو شلێر حەسەنپوور! سەرەتا ئیزن دەخوازم کە به بۆنەی بیستەمین ساڵی بەردەوام بوونی ماڵپەڕی گیارەنگ لە ناخی دڵەوە پیرۆزباییتان پێ بڵێم و هیوای بەردەوامیتان بۆ بخوازم.

بەرێزان! بەر لەوەی باسی هەوڵ و تێکۆشان و زەحمەتەکانی بەرێزتان بکەم کە بێ گومان قورسایی خزمەتەکانتان شان لە شانی قوڕسایی گیاڕەنگ دەدات، دەمهەوێ بۆ بەشێک لەو بەڕێزانەی کە ناسیاویی پێویستیان لە سەر گیاڕەنگ نیە، کەمێک لەم بوارەدا روون کردنەوە بدەم تا خوێنەرانی دڵسۆزی گیاڕەنگ باشتر بۆیان دەربکەوێ کە ناوی ماڵپەڕی گیاڕەنگ، هەڵگری کام پاشخانی جوگرافی و مێژووییە. گیاڕەنگ چۆنە بۆتە رەمز و سیمبوول؟ گیاڕەنگ چ ناوێکە و لە کوێ هەڵکەوتووە؟ گیاڕەنگ دەستە خوشکی کام چیای سەرکەشی دیکەی کوردستانە؟ گیاڕەنگ لە کەیەوە بە سەربەرزیەوە مەڵبەندی پاڕاستن و سەنگەری پێشمەرگەکانی کوردستان بووە؟ هەر ئەو گیاڕەنگەی کە ئێستا بۆتە سەنگەری پێشمەرگە قەڵەم بە دەستەکانی خاوەن هزر و ئەندێشە.



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەڕی گیاڕەنگ



لە ناوچەی سوێسنایەتی مەڵبەندی سەردەشتی سەرسەوز، لە نێوان گوندەکانی دیوالان و بەردەسوور و بوبانەدا، دوو چیای بڵند و سەرکەش لە پێدەشتەکانی دیوالان ڕا بەرەو ئاسمان بالایان کردوە و سەری بەرزیان بە سەر گوندەکانی نارستێ، دیوالان، بوبانە، خێلە، بەردەسوور، و دۆڵێ داوداوێ و مامکاوێ و مەزرایەدا داییم لە روانین دایە. ئەم دوو کێوە سەربەرزە یەکیان لانک و ئەوەتریشیان گیاڕەنگە. ئەگەر چی ئەم دوو کێوە تەنیا دۆڵێک و ئاودڕێک لێکیان جوودا دەکاتەوە، بەلام هەڵکەوتەی گیاڕەنگ جۆرێکە کە مەیدانی زیاتر و حەشارگەی پتری هەیە، هەر ئەوەش وای کردوە کە گیاڕەنگ ببێتە برا گەورە و ناو و ناوبانگی لە لانک زیاتر بلاو ببێتەوە. گیاڕەنگ لە جوولانەوەی ٤٦ - ٤٧ی تێکۆشەرانی دێموکڕاتدا رۆل و نەقشی باشی گێراوە. زۆر جار شوێنی حەسانەوەو و حەوانەوەی مەلا ئاوارەی شەهید و هاوڕێیانی بووە. بە داخەوە سەرئەنجام هەر لە نزیک ئەم چیایەش، لە گوندی دیوالان لە داوی ساواکی حکومەتی پاشایەتی کەوت و دوای دەرمانخوارد کردن، ئەسیر کرا و دواتریش ئێعدام کرا.

ساڵ هاتن رۆیشتن، حکومەتی پاشایەتی بە محمد رەزاشا وە گۆڕ بە گۆر بوو، بەلام گیاڕەنگ هەر لە جێگەی خۆی قورس و قاییم مایەوە و بۆ جارێکی دیکەش، بەلام ئەمجارە لە دژی لشکری سوپاسی جەهل و نەزانی کۆنەپەرستانی کۆماری ئیسلامی ئیران، بۆوە بە شوێنی حەسانەوە و پشت و پەنای پێشمەرگەکانی ڕێگەی ڕزگاری کورد و کوردستان. لە بناری ئەم چیایە خێوەت و سەنگەری پێشمەرگە لێدرایەوە. زۆری نەخایاند کە ناوی گیاڕەنگ نەک هەروەک رەمز و پەناگایەکی پێشمەرگانە، بەڵکو تێکەڵ بە رەمز و وشە تەشکیلاتیەکانیش بوو. گیاڕەنگ بوو بە ناوی کۆمیتە ناوچەیەکی حیزب لە ناوچەی سەردەشت کە بەشێکی بەرچاو لە گوندەکانی ناوچەی سوێسنایەتی لە خۆ دەگرت.

## ماڵپەری گیارەنگ

ئەگەر چی کێوی بە هەیبەتی گیارەنگ لە قەبارە و بارستاییدا، بەژن و باڵای زیادی نەدەکرد بەڵام لە خۆشەویستی و نێوبانگ دەرکردندا داییم لە هەڵکشاندا بوو. ئەوەندە هەڵکشا تا سەرئەنجام ناوی هێزی بە هەیبەتی پێشمەرگەکانی دێموکرات لە ناوچەی سەردەشتی بۆ خۆی برا. لەوە بە دواوە ناوی گیارەنگ لە گەڵ تەقەی هەر پێشمەرگەیەکی حیزب لە ناوچەی سەردەشت چ لە ئالان بایە و چ لە میراوێ، لە رادیۆ دەنگی کوردستانەوە دەبیسترا. قارەمانەتی پێشمەرگەکانی حیزب لە ناوچەی سەردەشت و ناوی بە هەیبەت و سەربەرزی گیارەنگ ببوونە دوانەیەکی لێک دانەبڕاو. گیارەنگ ببوو بەو کێوە لە گیران نەهاتووەی هێزی گەل کە هەر ناوەکەشی دوژمنی دەخستە لەرزە. سەدان چالاکی و عەملیاتی گرینگی دوژمن شکێن، چەندین پلانی جاش تەزین، بە ناوی گیارەنگەوە ئەنجام دراون. هەزاران تێکۆشەری کورد گیان لە سەردەست لە سەنگەری پێشمەرگەیاتیدا لە ژێر ناوی گیارەنگدا ئامادەی فیداکاری بوون، کە مخابن سەدان کەس لەو ئازیزانە گیانی خۆشیان هەر لەم رێگەدا فیدای خاک و نیشتمان کرد و سەری گیارەنگیان هێندەی تر بەرز کرد.

ئەمجارەش ساڵ هاتن رۆیشتن، وا دیارە گیارەنگ هەر بەوە دڵی تێر ئاو نەبوو کە تەنیا وەک رەمزی تەشکیلاتی و هێزی نیزامی وەمێنێ، هەر بۆیە بوو بە سەرێک لە نێو سەرانی دونیای ئەدەب و هونەر و سیاسەت و رەوشەنگەریدا. ئەمجارە هاتە نێو دونیای پان و بەرینی ئینتەرنێت و بوو بە ماڵپەڕێکی ئەلکترۆنیکی و ئەوە ماوەی بیست ساڵی ڕەبەقە ئەم ماڵپەرە بە ناوی گیارەنگ، وەک کێوی گیارەنگ، بە ئیلهام وەرگرتن لە تەشکیلاتی گیارەنگ و بە وەزە وەرگرتن لە هێزی بە هێزی گیارەنگ مەیدانداری ئەم گۆرەپانەیە.

کاک حەمەرەسوڵ کەریمی کە بەر لەوەی بێت بۆ دەرەوەی وڵات، یەکێک لە پێشمەرگە و فەرماندە هەر قارەمانەکانی دێموکرات بوو و لەم رێگەیدا بەشێک لە جەستەشی فیدای خاک و خەڵکەکەی کردوە، لە کۆڵەپشتیەکەی خۆیدا ناوی گیارەنگیشی هێنا بۆ سوئێد. لە سوێیدیش ڕا لە رێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە و بە وەڕی خستنی ماڵپەرێک ناوی گیارەنگی بە هەموو جیهاندا بڵاو کردەوە.

ئەگەر لە چل و شەش و چل و حەوت دا گیارەنگ شوێنی حەسانەوەی مەلا ئاوارە و هاوڕێیانی بوو، ئەگەر لە سەردەمی رێکخستن و شانەبەندیدا گیارەنگ ناوی کۆمیتە ناوچە و سیمبولی تەشکیلاتیی بوو، ئەگەر لە شەری دژی پاسدارانی کۆماری ئیسلامیدا گیارەنگ رەمزی خۆراگری و بەرخودان و ناوی هێزی بە هەیبەتی پێشمەرگەی مەڵبەندی سەردەشت بوو، ئێستاش بە خۆشیەوە لە سایەی زەحمەتەکانی کاک حەمەرەسوڵ کەریمی و خاتوو شلێری حەسەنپوور( شەریکە ژیانی کاک حەمەرەسوڵ) گیارەنگ هەر بە پێوەیە و بۆتە سەنگەرێکی قاییم بۆ ئەوکەسانەی بە چەکی پێنووس، لە دژی جەهل و

نەزانی و دوژمنانی گەل و نیشتمان خەبات دەکەن.

کاک حەمەرەسوڵ و خاتوو شلێر! سوپاس بۆ زەحمەتەکانتان! دەستتان خۆش بێت و ماندوو نەبن. ئەوەی ئێوە کردوتانەو دەیکەن، کارێکی تاقەت پروکێنە و تەنیا ورەی بەرزی پێشمەرگانەتانە کە توانای خۆراگری زیاتری بە ئێوە بەخشیوە و خۆراگرانە بەرگەی سەختیەکانتان گرتووە. من بۆ ماوەیەک بەرپرسی ماڵپەری رۆژهەڵات تایمز بووم، لەوە را دەزانم کە کارەکەی ئێوە چەند سەختە. ئەو کات کە بەرپرسی رۆژهەلات تایمز بووم، نزیک دە هاوڕێی بە توانا لە هەموو بوارەکاندا هاوکارییان دەکردم، بەو حاڵەش دوای چەند ساڵێک ناچار بە دا خستنی بووین. ئەوەم بۆیە نووسی تا سەرجەم هاوڕێیان زیاتر لەم بوارەدا بەرچا روونیان هەبێت کە بە ڕاستی ئیدارە کردنی ماڵپەریکی لەم چەشنە چەند قورس و گرانە. جا ئەویش ئەو دوو کەسە کاک حەمەرەسوڵ و خاتوو شلێر بن کە شەو رۆژیش خەریکی کاری حیزبی و نیشتمانین.

هەر بژین بە سەربەرزی و بمێنن بۆ گەل و نیشتیمان

هاوڕێتان هاشم رۆستەمی

## گیارەنگ نموونەیەک لە ڕۆژنامەگەریی بیرمەندیی.




**ئازاد مستۆفی**

### ڕۆڵی میدیا لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی

سەبارەت بە ڕۆڵی ڕاگەیاندن پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە لەڕاستیدا نیگەرانییەکانمان لە جیهان ئەوەندە پەیوەندی بەوەوە نییە کە ڕوودەدات، بەڵکو زیاتر پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ڕۆژنامەنووسان و میدیاکان پێمان دەڵێن ڕوویداوە و بە چ شێوەیەک ڕووماڵی دەکەن. بێگومان جۆری ڕووماڵکردنەکە کاریگەریی بەهێز لە کۆمەڵگە دادەنێت و ڕەنگدانەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی حاشاهەڵنەگرە. ڕۆڵی ماسمیدیا و بەتایبەت ڕۆژنامەگەریی لە قووڵکردنەوە و پەرەپێدانی ڕۆشنبیری و گەشەسەندنی سیاسی لە هەموو کۆمەڵگەکاندا کاریگەر بووە. ڕۆژنامەگەری دەتوانێت لە ڕێگەی درووستکردنی کەشوهەوای زانیاری سیاسی تەندروست و ڕەخنەگرانە و سووڕانەوەی ئازادانەی زانیاریی و پەرەپێدانی کولتوورێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئاشتیخوازانە لە گەشەسەندنی سیاسی و بەهێزکردنی دەسەڵاتی نەرم بەشداری بکات. ڕۆژنامەگەریی بە دروستکردنی کەشێکی ڕەخنەگرانە و زانیاری تەندروست دەتوانێت لە هەڵوێستی گشتگیرانەی خەڵک بەشداری بکات و ببێتە هۆی بەهێزبوونی پەرەسەندنی چەمکە دیموکراسییەکان لە کۆمەڵگەدا. چاپەمەنی سەربەخۆ و گەشەسەندنی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی بەیەکەوە گرێدراویان هەیە. میدیا دەسەڵات و توانایییەکی دیاریکراوی هەیە لە

## ماڵپەری گیاڕەنگ

ڕازیکردنی ڕای گشتیی و بڵاوکردنەوەی گوتارە خوازراوەکان، ئەمەش حاشا هەڵنەگرە و هەر بۆیەش هەر گرووپێکی حکوومەت، حیزبێکی سیاسی، دامەزراوەیەکی مەدەنی و کۆمەڵایەتی و هتد میدیایەکیان بۆ خۆیان دامەزراندووە.

لەم نێوەندەدا خراپ نییە باس لە بۆچوونی بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بکەین کە میدیا بە گرنگترین ئامرازی پیشەسازی ڕۆشنبیری دەزانن، ڕەنگە باوەڕی "ئەدۆرنۆ" و "هۆرکهایمەر" کە ڕاگەیاندن هەوڵی تێکەڵکردنی بۆچوونی خەڵک دەدات هۆشیاری لە ڕێگەی پەیوەندی ڕێنمایی کراوەوە و ئەم دووانە پێیان وابوو کە میدیا مەیلێکی هەیە بۆ دروستکردنی یەکێتی فیکریی مرۆڤەکان لە نێو کۆمەڵگەدا بۆ پرسە ڕووکەشەکان و ئەمەش وەبیرهێنانەوەیەک بێ بۆ هەمان ڕۆڵی میدیا لە کاریگەریی جددی لەسەر شێوازی ژیان و جیهانبینی بینەر.

### سۆشیالمیدیا و شۆڕشێک لە خێرایی

٣٠ی ئەپریلی ١٩٩٣ ئەو ڕۆژە بوو کە Sir Timothy John Berners-Lee توانی پەردە لەسەر وێب لابدات و بەخۆڕایی بیخاتە بەردەستی خەڵک. بە وتەی ئەو، "ئینتەرنێت بە هەموو ناشرینی و جوانییەکەیەوە ڕەنگدانەوەیەکە لە مرۆڤایەتی و گرنگییەکەی ئەوەندە گەورەیە کە پێویستە بە یەکێک لە دۆسیەکانی مافی مرۆڤ هەژمار بکرێت". لە هەمان ساڵیشدا بوو کە ئێران پەیوەست بوو بە هێڵی ئینتەرنێتەوە و دوای ئەوە توانی ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بیرۆکە و چەمکە مۆدێرنەکانی دیموکراسی و مافی ژنان و.. و ئەم ڕەنگدانەوەیە لە "مرۆڤایەتی" بووە ڕەنگدانەوەی ڕێسا و ڕەفتاری نامرۆڤانەی حکوومەت و جوانییەکانی دیموکراسی و ناشرینییەکانی بناژۆخوازیی زیاتر بۆ خەڵک و جیهانیان دەرکەوتن.

بە پێی ڕاپۆرتێکی ئیسنا (یەکێک لە ئاژانسەکانی هەواڵی دەوڵەتی ئێران)، ٨٦% خەڵکی ئێران ئینتەرنێت بەکاردەهێنن. لەلایەکی دیکەوە ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور ڕایگەیاندووە کە ئێران لە خوارەوەی ڕیزبەندییەکەدایە و لە نێوان ١٨٠ وڵاتدا، ئێران لە ڕیزبەندی ١٧٦ی ڕاپرسییەکەدایە لە ڕووی ئازادیی ڕۆژنامەگەرییەوە.

لە دونیای ئەمڕۆدا لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا فۆرمی هەواڵ گۆڕاوە و کەم کەس هەواڵ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە وەردەگرێت. بە مۆبایلە زیرەکەکان و تابلێتەکان و ئاسانکارییە مۆدێرنەکانی دیکەی ئەمڕۆ، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان پێویستیان بە بەکارهێنانی ماڵپەڕی هەواڵ هەیە بۆ ئاگەدارکردنەوەی خەڵک، بۆ ئەوەی لە جیهانی دیجیتاڵی ئەمڕۆدا لە پێش تەکنەلۆژیاوە بمێننەوە و بەرهەمەکانیان بەزووترین کات بگەیەننە بەردیدەی هەمووان. مەبەست لە دانانی سایتی هەواڵ



سەرچاوە Serchawe

## ماڵپەری گیاڕەنگ

بڵاوکردنەوەی خێرای نوێترین هەواڵە و یارمەتی بردنەسەری ئاستی زانیاری خەڵکە.

### گیاڕەنگ کوردستانێک لە ئەورووپا

خاکی کوردستان کە بەسەر وڵاتانی ئێران، عێراق، سووریا، تورکیا و هەروەها قەفقاز بەشکراوە، لە "بریتانیکا" خاکی کوردستان بە درێژی ٦٠٠ میل (٩٦٠ کم) و پانییەکەی ١٥٠ میل (٢٤٠ کم) مەزەندە دەکرێت. دوای شکستی سەفەوییەکان لە شەڕی چاڵدوران لەگەڵ عوسمانییەکان لە ساڵی ١٥١٤ی زایینی، بەشێکی زۆری کوردستان لکێنرا بە عوسمانییەکان. بەشێکی گەورەی بیست میرنشینی کوردستان کە دوو لەسەر سێی کۆی ڕووبەرەکانی لەخۆگرتبوو، بەتایبەتی پارێزگاری "بێتلیس"، کە لە خاکی عوسمانیدا دانرابوو.

بەپێی لێکۆڵینەوەی نووسەری ئەڵمانی فێردیناند هێنەربیچلەر لە کتێبی die kurde، ژمارەی دانیشتووانی کورد لە کوردستان تا ساڵی ٢٠٥٠ دەگاتە ٨٧,٣ ملیۆن کەس. لەو ژمارەیە ٥٢% لە تورکیا، ٢٥% لە ئێران، ١٦% لە عێراق، ٥% لە سووریا و ١,٥% لە قەفقاز دەژین. لە ئێستادا بەپێی ئاماری ڕێکخراوە ناحکوومییە کوردییەکانی ئەورووپا، پتر لە چوار ملیۆن کورد لە وڵاتانی ئەورووپی دەژین.

بەپێی تیۆرییە دەروونییەکان، مرۆڤەکان زۆرترین کاردانەوەیان دەبێت بەرامبەر بەو وشە و ڕێنماییانەی کە بە زمانی زگماکی خۆیان پێیان دەدرێن و خێراتر وەڵام دەدەنەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش لەو وڵاتانەی کە هەوڵی ڕاکێشانی کۆمەڵگە جیاوازەکان دەدەن، میدیای جۆراوجۆر بەرنامەی ڕۆژانە بە زمانی ئەو کۆمەڵگەیانە پێشکەش دەکەن. بۆ نموونە لە بینای ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی تاران کە خۆی شارۆچکەیەکە، بینایەکی جیاواز هەیە بە ناوی بینای "برونمرزی" کە لە ساڵی ١٩٨٤-ەوە وەزارەتی دەرەوەی ئێران بە هەموو توانایەوە هەوڵ دەدا کاریگەریی لەسەر ناوچە عەرەبی، ئەفریقی و ئەورووپییەکاندا هەبێت. لەو بینای برونمرزی-یەدا ڕۆژانە بە ٣٠ زمان بەرنامەی ڕادیۆیی بۆ ئەو وڵاتانەی دەیانەوێ کاریگەریی سیاسیان هەبێ، هەواڵ و بەرنامەی جۆراوجۆر پەخش دەکرێ.

هێشتا لە ماڵی کوردانی دانیشتووی ئەورووپا، کاتێک تەماشای تەلەفزیۆن دەکەیت و دەتەوێت سەیری کانالێکی تیڤی بکەیت، تیڤی کوردی لە سەرووی لیستەکەدایە. لەوەش زۆرتر تەماشای میدیای کوردی دەکەن بۆ بینین یان بیستن و ئاگاداربوون لە ڕووداوەکانی ئەو وڵاتەی کە تێیدا دەژین چونکە پتر باوەڕیان بەهاوزمان و هاونەتەوەی خۆیانە. لە وەها

## ماڵپەڕی گیارەنگ

کەشوهەوایەکدا ٢٠ ساڵ لەمەوپێش کاتێک لە ڕێی کۆمپیوتەرەکەمەوە کۆنێکتی هێڵی ئەنتەرنێت دەبووم بۆ دیتنی هەواڵ و زانیاریی سەبارەت بە کوردستان، تەنها چەند ماڵپەڕێک بوون کە دەبینران و یەک لەوان کە ئێستەش بەخۆشییەوە هەر گەشاوە دەدرەوشێتەوە؛ ماڵپەڕی گیارەنگە. جیاوازیی ئەم ماڵپەڕە لەگەڵ ئەوانیتر لەوەدا کە لە شێوازەکانی کاری ڕۆژنامەگەریی "ڕۆژنامەگەریی بیرمەند"ی هەڵبژاردووە.

ڕۆژنامەگەری بیرمەندیی ئەو بەشە لە ڕۆژنامەگەرییە کە ڕۆژنامەنووس بەفیکر و ئایدیایەکەوە ڕوو لە کاری ڕاگەیاندنی پرۆفێشناڵ دەکات و دەزانێ چی دەوێ و چۆن دەبێ بنووسێت و هەوڵ دەدات بەرەچاوکردنی پرەنسیپەکانی ڕۆژنامەنووسی لە جیهانی ئازاد و دیموکراتدا، ئەو چەمکەی باوەڕی پێیەتی بیناسێنێت. گیارەنگ خۆبەخشانە و خۆشبەختانە ٢٠ ساڵە پەنجەرەیەکی کراوەیە بەڕووی ئازادیی، دیموکراسی و کوردایەتییەوە کە جێی شانازییە. بێگومان ئەگەر خاوەنی وڵاتی خۆمان بوایەتین دەبوایە لەئاستێکی بەرزدا خەڵاتی شێر خانمی حەسەنپوور و کاک حەمەڕەسووڵ کەریمی بکرابایە. بنەماڵەیەک پڕ لە دڵسۆزیی بۆ خاک و نیشتمان و دیموکراسی و وڵاتپارێزیی. بەوئاواتەوە کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕێز لەم پێشەنگانەی ڕۆژنامەگەریی ئازاد و کوردپەروەری دیاسپۆرا واتە بنەماڵەی ئازیزی "کەریمی" بگیرێت و بەهەوڵدان بۆ بەردەوامیی ماڵپەڕی گیارەنگ، پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی ئێوەی ئازیز دەکەم. ئومێدوارم ڕۆژێک ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی گیارەنگ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دابمەزرێنین و هەروا مەکۆی کوردایەتی بێت.

ئازاد مستۆفی

## "گیاڕەنگ" هەر گیاڕەنگە.




**ڕەحمان حەسەنزادە**

ئینترنێت و فەزای ئەلیکترۆنی بە درێژایی مێژوویەکەی یەکێک لە دیارترین داهێنانەکانی مرۆڤ بووە لە بواری دروستکردنی پەیوەندی و زانیاریدا. بەو پێیەی بە زەحمەتی زۆر و خۆبەخشانەتان بە دامەزراندنی سایتی "گیاڕەنگ" و پلاندانانی بنەڕەتی دەستڕاگەیشتن بە زانیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریتان بە ئاسانی و ئازادانە دابین کرد. هەر بۆیە بەڕاستی بەشدارییەکی گەورەتان هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گشتی و دروستکردنی پەیوەندی و بڵاوکردنەوەی هەواڵی بەڵگەنامەیی.

من لەو بڕوایە دام کە هەڵبژاردنی ناوی گیاڕەنگ بەشێک لەو پرۆسە پڕناوەرۆک و تۆکمانەیە بە قەد بەرزی گیاڕەنگ کە بۆ ئەو سایتە ڕەنگینە هەڵبژێردراوە. گیاڕەنگ ڕەنگارەنگی گیا و سرووشتی ناوازەی چیایەک باس دەکا کە لە درێژایی زەمەن دا سەری هەر بەرز بووە و سەقامیگر بوون و خۆڕاگری بۆتە هەوێنی ژیان و بەرخوودانی سەدان و بگرە هەزاران پێشمەرگەی دڵسۆز و گیانفیدای نیشتمان.

ئەگەر ئاوڕێک لە بارودۆخی بیست ساڵ لەمەوپێش و کەمبوونی پێوەندییەکان ئەوەدەم بێنینە بەرچاو و بەراوردی

## ماڵپەری گیارەنگ

پێشکەوتنە تەکنۆلۆژیاییەکانی ئەورۆ بکەین، ڕادەی گرینگی بوونی وەها ئامرازی پێوەندی لە لامان سەدقات دەبێ.

ئەگەر لەسەرەتای بەرخوودانی لاوانی کورد، ڕادیۆی کوردستان دەوری سەرەکی لە گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان دەگێڕا، بەپێی پێویست و هاوتەریب لەگەڵ ڕەوتی چوونەپێش لە گلۆبالیسمی زانستی، ئینترنێت بە هەموو قوورسایی هاتە ئەو بەستێنە و سینگی هێنایە پێش بۆ گواستنەوەی چرکەیی هەواڵ و زانیارییە سیاسی و ئەدەبی و فەرهەنگییەکان.

لە دایک بوونی سایتی گیارەنگ لەو کاتە و ئێستاشی لەگەڵ بێ، ئاخێزێک بوو، بۆ گشتگیر کردنی ڕەوتی داخوازی و ویستی مافی ڕەوای کورد لە چوار سووچی کوردستانێکی داگیرکراو کە بێگومان حەقی تەواوی داوە بە بەرەو پێشچوونی ئەو بیرۆکە مەزنە کە جیهانی ئینترنێت کۆمان دەکاتەوە بەهەر چەشنە پێکهاتە فیکری و نەزەرییەکان. جا بە باوەڕی ئەز، سایتی گیارەنگ تەواو ئەو ئەرکە پیرۆز و نیشتیمانییەی پێکاوە و یەکێک لە خاڵە ئەرێنییەکانیشی بەردەوام بوونی ئەو سایتەیە لە کاتە خۆش و ناخۆشییەکانی جیهان بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی.

هەنووکە بەدواداچوونی هەواڵ و زانیاری لەسەر شۆڕشە مەزنەکەی ژینا لە ماوەی شەش مانگی پێشوو، خۆی میداڵێکی شانازییە کە بە سینگی سایتی گیارەنگەوە خۆی دەنوێنێ.

بێگومان کاروانی سەقافەت و ڕۆشنبیری کورد کاتێک لە وەستان نایە کە، هەموو تاکێکی کورد هاوڕا و هاوڕێ و هاودڵی یەکتر بن و شوێن پەنجەی ئەو سایتە سەنگینە لەو بزاڤە دا بە جوانی دیارە.

بە بۆنەی بیستەمین ساڵی دامەزراندنی سایتی گیارەنگ و وەشانی بێوچان، خوازیاری سەربەرزی و سەرفەرازیم بۆ ستافە دڵسۆز و ماندوونەناسەکانی ئەو سایتە بە تایبەت کاکە حەمەڕەسووڵ کەریمی کە بەهۆی قارەمانەتی لە شەڕی چەکداری دیفاع لە خاک و نیشتمان بریندار و کەمئەندام بووە و هەرگیز زامەکانی جەستەی نەیانتوانیوە لە ڕادەی چالاکییەکانی کەم کاتەوە و دادە شلێر حەسەنپوور وەک ژن و هەروەها هاوژیانی کاک حەمەڕەسووڵ توانیویەتی ئەرکی ماندووبوون و زەحمەتەکانی سایتی گیارەنگ وەکوو پێویست لەسەر شانی کاک حەمەڕەسووڵ کەم کاتەوە و یارمەتیدەری بەکردەوەی بێت. بۆیە ساغی، سڵامەتی و بەردەوامیان لە کارەکانیان دا بۆ خوازیارم.

ڕەحمان حەسەنزادە

## ماڵپەری گیارەنگ

### پیرۆزبایی یادی ٢٠ ساڵەی دامەزراندنی ماڵپەڕی گیارەنگ




**بیست ساڵ تێکۆشان، بیست ساڵ کاری میدیایی، بیست ساڵەی ڕاگەیاندنتان پیرۆز بێت.**

**گیارەنگ لەو بیست ساڵە دا سەرچاوەی هەواڵی ڕاست و درووست و ئاوێنەی ڕاستیەکان و مەکۆی دەربڕینی ڕاو بۆ چوونی هەموو توێژ و کۆمەڵێک بووە ، بە بۆنەی بیستەمین ساڵی چالاکیتان پڕ بە دڵ پیرۆزباییتان لێدەکەین و هیوادارم سەرکەوتوو و بەردەوام بن.**

**لە لایەن ڕاگەیەندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران**



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەڕی گیاڕەنگ

### بەڕێزان بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕی گیاڕەنگ




**بەبۆنەی هەڵکردنی بیستەمین مۆمی تەمەنی پێگەکەتـان، کە بە هیممەتـی چیـایی خۆتـان بەڕێـوەی دەبەن و خافڵ نین لە تێکۆشانی ڕێکخراوەکەمان، پڕ بە دڵ پیرۆزباییتان لێدەکەین، هیوادارین سەرکەوتوو بن.**

**ڕاگەیاندنی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیارەنگ

**"گیارەنگ" وەک چیای"گیارەنگ"، هەردەم سەوز و گەش.**




**جەعفەر شەریعەتی**

"بیست ساڵ" رەنگە بۆ لاوێک کە دەگاتە ئەم تەمەنە، تازە سەرەتای ژیانێکی سەربەخۆ و بە کوردییەکەی لەسەر پێ‌راوەستانێک بێ، بەبێ دایەو بابەو کەسانی نزیک، بەڵام بۆ کاری مێدیایی و لە هەمووشی گرینگتر کار لە دنیای بێ‌سنوورەی "مەجاز"ی کە بە دەیان جار دژوارترە لە نووسین لەسەر لاپەرەیەک و بڵاو کردنەوەی، بۆ دەڵێم دژوارترە، چونکە لە دنیای تێکنۆلۆژیی سەردەمدا نەتەنیا دەبێ لەکاری رۆژنانەنووسی دا کەسێکی شارەزا بی، بەڵکوو دەبێ لە هەمانکاتدا مرۆڤێکی کارامەو لێزان لە بواری بەکارهێنانی تێکنۆلۆژیش دا بی. لەم دنیا بێسنوورەی ئێستادا دۆژمنەکانیش بێسنوورن و بەچاو خافڵ کردنێک دەتوانن تەواوی رەنج و ماندووبوونی چەند ساڵەت لێبکەنەوە بە خوری و لە خوێنەران و ئۆگرانی بابەتەکانت داتبڕن.

بەم پێشەکییەوە دەێمە سەر ئەوەی مەبەستمە دەربارەی ماڵپەری "گیارەنگ" بینووسم، "گیارەنگ" لەسەردەمێک دا لەدایکبوو کە خوێنەری کوردو رۆژهەڵاتی تازە وردە وردە دەستیان بە تۆڕی ئینترنێت ڕادەگەیشت و دەیانتوانی بۆ کەڵک وەرگرتن لە زانیاری و تەواوی ئەو بابەتانەی بۆیان پێویست بوو، سەردانی ماڵپەرەکان بکەن، "گیارەنگ" رێک لەم سەردەمەدا وەشانی خۆی لە دنیای ئازادو بێسنووردا بە رووی ماڵ، شوێنی کارو...ی کوردان دا دەست پێکرد.

## ماڵپەری گیارەنگ

"گیارەنگ" بوو بە ماڵی کۆمەڵە کەسانێک کە سەرەتای دەستپێکردنی کاری نووسین و بابەت بڵاوکردنەوەیان بوو، لەپاڵ ئەمەشدا بە بەردەوامیی هەوڵ و بابەتە ڕەسمییەکانی حیزبی دێموکرات کە کاک حەمەڕەسووڵ تەمەنی گەنجی و تەنانەت بەشێک لە لەشیشی لەپێناو ئامانجەکانیدا فیدا کردووە بووە.

"گیارەنگ" بوو بە سەرچاوەیەکی جێی متمانە بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی وێڵی هەواڵ و زانیاریی حیزبەکەیان بوون و هەن. "گیارەنگ" بە ئەمانەتەوە بابەتی نووسەرانی بڵاو کردۆتەوەو بۆ گەشەپێدانی زمان، کولتوورو چاندی کوردی بیست ساڵ تەمەن ڕەنگە بە ژمارە کەم بێتە بەرچاو، بەڵام بە کاری بێوچان و هەدانەدانی شەو ڕۆژی، وەک چەند بیست ساڵی دەبێ، بۆیە تەنیا وشەیەک دەتوانم لە ناخی دڵەوە بیلێم و پێشکەشی کاک حەمەڕەسووڵ و هاوکارانی بکەم ئەوەیە: تەمەنتان درێژ، خامەو بیرتان هەروا بەرفراوان و "گیارەنگ"یش وەک چیای سەربەرزی گیارەنگ هەردەم سەوز و گەش بێ.

پێمخۆشە لە بیستەمین ساڵی وەشانی "گیارەنگ" دا پێشنیارێک ئاراستەی بەرێوەبەرانی بەریزی "گیارەنگ" بکەم کە ئەگەر ئیمکانی هەیە و بۆیان دەگونجێ - بۆ دەستپێک - مانگنامەیەک لە هەڵبژاردەی ئەو بابەت و ڕووداوانەی لە "گیارەنگ"دا بڵاو دەکرێنەوە بە شێوەی PDF بڵاو بکەنەوە کە ئەمە لە چەند ڕووەوە بەکەڵک دەبێ، یەکەم خوێنەر بە سانایی دەستی بە بەشێکی زۆری بابەتەکان ڕادەگا. دووهەم بۆ هەڵگرتن و ئارشیو کردنی بابەتەکانیش دەکرێ بەکار بهێنرێ.

سپاس و ڕێز

جەعفەر شەریعەتی

---

**ماڵپەڕی گیارەنگ ٢٠ ساڵەی تەمەنی خۆی بەڕێ کرد.**




**سەلاح پوورنەسەد**

لەو بیست ساڵە دا سەرەڕای کار و گیر و گرفتی ڕۆژانە و سیاسی و حیزبایەتی کاک حەمەڕەسوڵ و شلێر خانم، بەو پەڕێ لە خۆ بوردویەوە لە بەردەوامی تێکۆشان، نووسین، کۆ کردنەوە و بڵاو کردنەوەی بابەتی هەمە ڕەنگ ماندوو نەبوون و ئەویندارانی ئەو ماڵپەڕەیان بە شوێن خۆیان دا ڕاکێشا. بەردەوامی و کار لە ماڵپەڕێکی ئەلیکترۆنی زەحمەتێکی زۆری گەرەکە تا بتوانی پەیامێک بە گۆێی خەڵک بگەیەنیت. پەیامێک کە لەو دا جگە لە بیر ڕای جیاواز، هەڵگری باوەڕێکی نەتەوەیی، ئینسانی و عەداڵەت خوازانە بێ.

ماڵپەڕی گیارەنگ بێ جیاوازی بابەت، بیرەوەری و سەربردەی دەیان پێشمەرگە و کادر و فەرماندەی مەیدانی خەباتی بڵاو کردۆتەوە کە پڕن لە ئەزموون و وانەی لێ فێر بوون بۆ نەوەکانی داهاتوو. کاک حەمەڕەسوڵ کە خۆی پێشڕەو و بەشداری خەباتی دەیەی ٦٠ هەتاویە بە گوێستنەوەی ئەو زانیاریانە خزمەتێکی زۆری بە مێژووی ئەو دەورانە پڕشنگدارە کردوە.
وێڕای پیرۆزە بایی لە هاوڕێیان کاک حەمەڕەسوڵ و شللێر خانم بە بۆنەی ٢٠ ساڵەی دەست بە کار بوونی ماڵپەڕی گیارەنگ، هیوا دارم لە جاران زیاتر بابەتی یەکسانی ژن و پیاو و دەوری ژنان لە ناو کۆمەڵگا و خەباتی سیاسی دا بایەخی زیاتری پێ بدرێ.

## ماڵپەڕی گیاڕەنگ

### "گیاڕەنگ" بە بۆن و بەرامەی گوڵاڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی کوردستان.




**کەریم فەرخەپوور**

ماڵپەڕی گیاڕەنگ ٢٠ ساڵ لەمەوبەر هاتە نێو دنیای مێدیاوە و تێکۆشەرێکی بریندار و کەمئەندام بەڵام خاوەن هێز و وزە و بەهرە ماندوویی‌نەناسانە و بە هاوکاری هاوژینەکەی وێرای سەختییەکانی ژیان بە شەونخوونی لە سەنگەرێکی دیکەدا ئەم ماڵپەڕەیان کردە سەرچاوەی باس و بابەت و هەواڵ و ڕۆژانە بە بەردەوامیی ئەم ئەرکەیان بەڕێوە دەبرد و هەنووکەش بەردەوامن. لەو کاتەدا کە ماڵپەڕی کوردی کەم و سۆسیال مێدیا وەک ئەمڕۆ دیار و بەرچاو نەبوو ماڵپەڕی گیاڕەنگ بابەتی نووسەران و سیاسەتوانان و چالاکانی مەدەنی و سیاسی بڵاو دەکردەوە. ماڵپەڕی گیاڕەنگ مەکۆی بیروڕا جیاوازەکان و سەرچاوەی هەواڵ و ڕووداوەکانی کوردستان بووە و وێرای هەواڵ و بابەتی سیاسی لە بابەتی ئەدەبی و کۆمەڵایەتیش غافڵ نەبووە.

ماڵپەڕی گیاڕەنگ وێرای کاری سیاسی و فەرهەنگی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی شەهید بوون و مەرگی تێکۆشەران و دڵسۆزانی کوردیش غافڵ نەبووە و لەو ماڵپەڕەدا هەمیشە یادی ئەو نەمرانە کراوەتەوە و ڕۆڵ و نەخشیان لە پێناو ئازادیی نیشتماندا بەرز نرخێندراوە.

## ماڵپەری گیارەنگ

لە کاتێکدا کە بەشێکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی کورد لە وڵاتی تورکیە بەدەست کەمتەرخەمی و بێخەمی کۆمیسارییای بەرزی پەنابەران و گوشاری حکوومەتی تورکیە گیریان خواردبوو و کەس دەنگی نەدەبیستن، ماڵپەڕی گیارەنگ هەمیشە بە خەمخۆرییەوە باس و بابەتە پێوەندیدارەکانی پەناخوازانی بڵاو دەکردەوە.

لە ڕێگەی ئەم نووسینەوە بە ئەمەگناسییەوە بۆ جارێکیتر سپاسی خەمخۆری دڵسۆزی بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕی گیارەنگ دەکەم و هیوام سەرکەوتن و سەرفرازییانە لە پێناو سەرخستنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان.

هەر شاد و تەمەندرێژ و سەرفراز بن.

کەریم فەرخەپوور

## بۆ یادی ٢٠ ساڵەی دەست بەکاربوونی ماڵپەڕی گیاڕەنگ.




**محەممەد بایزیدی**

پێشکەوتنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لە سەرەوەی هەمووشیان هاتنی تۆڕی ئینترنێت، گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بە ڕادەیەک خێرا کردوە کە ئەستەمە بتواندرێ شتێک لە کیس ئەوانە بچێ کە بە ڕاستی بە دوای زانینی دەنگ و باسەکانەوەن. ئەو پێشکەوتنە خێرایە بۆ وەڵاتان، کە دام و دەزگای پان و بەرینی حکوومەتی و سەرچاوەی هەراوی ماڵیان لە پشتە، بۆتە هۆی کرانەوەی زیاتری مەیدانی مانۆڕی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان. زۆر وەڵاتی دیکتاتۆر لێدراو، کە مانەوەی خۆیان لەسەر داپڵۆسین و تواندنەوەی گەلانی ژێر دەستی خۆیاندا دەبینن، هەوڵی تواندنەوەی ئەو گەلانە لە هەموو بوارێکەوە لە کارە هەرە لە پێشینەکانیانە. ئەو پێشکەوتنەی تێکنۆلۆژی زانیارییە ئەگەر بۆ وەڵاتان بۆتە هۆی بەرەو پێشبردنی سیاسەت دەپڵۆسێنەرەکانیان و چاوبەستی خەڵکی دەرەوە بە بڵاوکردنەوەی تەبلیغاتی درۆ و چەواشەکارانە، بۆ گەلانی ژێر ستەم بۆتە هەلێکی لەبار و دەروازەیەک بە ڕووی دونیای دەرەوەدا. لەو لاوە بۆتە هۆی لەقاودانی سیاسەتە دژی گەلییەکانی ئەو وەڵاتانە بۆ خەڵکی نێوخۆ و دەرەوە.

گەلانی ژێر ستەم بۆ پاراستن و دەربازکردن و بەرەوپێشبردنی زمان و چاند و هونەری خۆیان لەو قەیرانەی کە بە هۆی زوڵم و زۆری حکوومەتە دیکتاتۆرییەکانەوە تووشی بوون، هاتوونە مەیدان. نەتەوەی کورد یەکێک لەو نەتەوانەیە کە بە

## ماڵپەڕی گیارەنگ

درێژایی مێژوو هەوڵی سڕینەوەی دراوە. ئەو هەوڵە بە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و دروستبوونی سێ دەوڵەتی، تورکیە، ئێراق و سوریە گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی. ئەو سێ وەڵاتە تازە دامەزراوە، وێڕای ئێران دەستیان دایە دەستی یەک و لە نالەبارترین بارودۆخی نێوخۆیی خۆیاندا لەسەر سەرکوتی گەلی کورد و هەوڵی تواندنەوەی هەموویان هاوڕا بوون. ئەوان بە قەدەغەکردنی زمانی کوردی، بە تایبەت لە تورکیە و ئێران و سوریە، هەوڵی سڕینەوەی کلتوور و چاند و هونەری کوردیان داوە.

وانەبێ دڵسۆزانی کوردیش دەستیان لەسەر دەست دانابێ و لێگەڕابن دوژمنان بە کەیفی خۆیان ئەسپی خۆیان لەو مەیدانەدا تاو بدەن. زۆر کەسی دڵسۆز قۆڵیان لێ هەڵماڵی و دڕیان بەو پەردە تاریکەی کێشراوی دەستی دوژمنان بە بەر پەنجەرەی زمان و فەرهەنگی کورد دا و بە وەڕێخستنی ماڵپەڕی ئینترنێتی کەلێنێکیان بۆ خوازیارانی وشە و ئەدەبی کوردی و دەنگە شارەوەکانی نێو قەوانی تۆزلێنیشتووی سەر تاقەی ماڵان کردەوەو لە فەوتان ڕزگاریان کردن. ئەو ماڵپەڕانە بوونە هۆی هاندانی زۆر کەس بۆ هاتنە مەیدانی نووسین و خزمەت بە زمانی کوردی.

یەکێک لەو ماڵپەڕانەی کە بە خۆشیەوە ماوەیەکی زۆرە لەو بوارەدا جێ پەنجەی دیارە و بۆتە سەرچاوەیەک بۆ گەڕان بە دوای بەڵگە و زانیاری لە زۆربەی بوارەکاندا، ماڵپەڕی گیارەنگە. ئەو ماڵپەڕە مانگی ئاوریلی ئەمساڵ مۆمی تەمەنی ٢٠ ساڵەی خۆی دادەگیرسێنی. گیارەنگ بە هەنگاوی زۆر چووک و پاڵپشتی تەنیا ئەندامانی بنەماڵە، بەڵام لێبڕاوانە دەستی بە وەشان کرد. لە ماوەی٢٠ ساڵی ڕابردوودا لە گەڵ کەند و کۆسپی زۆر و هێرشی سایبێری و هەڕەشەی جۆراوجۆری دیکە بەرەوڕوو بووە، بەڵام کۆڵی نەداوەو ڕۆژ بە ڕۆژیش بەرەو پێشتر دەچێت.

وێڕای پیرۆزبایی گەرم، بە هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنی زیاتر بۆ بەڕێوەبەران، نووسەران و ئۆگرانی ماڵپەڕی گیارەنگی خۆشەویست.

**محەممەد بایزیدی**



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیارەنگ

### بەڕێزان کاک حەمەڕەسوڵ کەریمی و شلێر خاتوون.




**سەلیم حەقیقی**

وێڕای سڵاو و ماندوونەبوونی

ئێوە وەک بەڕێوەبەرانی "گیارەنگ" لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا بێوچان کاروچالاکیتان لەپێناو خزمەت بە گەل و نیشتمان، زمان و ئاوەزی کوردی دا کردووە و جێ پەنجەتان لە مێژووی ڕایەڵکەی مەجازی (وێب سایت)ی کوردی دا دیار و بەرچاوە.

ئێستا "گیارەنگ" بۆ ئێمەی کورد سێ هێمای هەیە یەکیان ناوچەیەکی کوێستانی و خۆش و بەبژوێنی کوردستان، دووهەم ناوی یەکێک لە بەگوڕترین هێزەکانی سەردەمی خەباتی چەکداری و ئێستاش سایتەکی ناوازەی کوردی کە لە قالبی ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی بۆ ڕەوشەنگەری نەتەوەکەمان و لە پێناو ڕزگاری نیشتمان خەبات دەکا.

بەبۆنەی بیستەمین ساڵ ڕۆژی دامەزراندنی ماڵپەڕی گیارەنگ و کاری بەردەوام لەم بەستێنەدا جوانترین پیرۆزبایتان ئاراستە دەکەم و هیوای سەرکەوتنی زیاترتان بۆ بەئاوات دەخوازم.

## ماڵپەری گیارەنگ

### بۆ بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕی گیارەنگ.




**ئەحمەد حوسێنی**

وێڕای سڵاو ماندو نەبونی، تێپەڕ بونی بیست ساڵ لە کار و تێکۆشانی بەرچاوی ماڵپەڕی گیارەنگ کە لەو ماوەدا دەیان و سەدان بابەتی هەمە چەشنی تێدا بڵاو کراوەتەوە نەک هەر جێگای دەستخۆشی و پێزانینە بەڵکو شایانی باشترین خەڵاتە بۆ خاتوو شلێری ماندوو نەناس و کاک حەمەڕەسوڵی دەسترەنگین و کۆڵ نەدەرە.

٢٠ ساڵ کاری بەردەوام دانانی ئەو هەموو بابەتە هەمە چەشنە پێداچونەوە و ڕێک خستنیان کاری هەمو کەس نیە.

لەو ڕێگەیەوە گەیاندنی زانیاری بەکەڵک لە نوسین و بەرهەمی بیر و ئەندێشەی قەڵەم بەدەست و ڕووناکبیران، لە وتاری سیاسیەوە بگرە تا بیرەوەری خەباتکاران، ئاگاداریەکان، لە قاودانی سیاسەت و جەنایەتەکانی کۆماری سێدارە و زۆر بابەتی دیکە گۆشەیەکن لە گەیاندن و خزمەت بە گەل و نەتەوە و رۆشنبیر کردنی خوێنەران، دەستخۆشی و ماندوو نەبونی و پێزانین، چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز، مەرگتان نەبینم هەرگز.

ئەحمەد حوسێنی

## ماڵپەری گیارەنگ

### گیارەنگ بەرهەمی ئەزموونێکی درێژخایەنی سیاسی و شۆڕشگێڕیە.




**محەممەد سولێمانی**

٢٠ ساڵ خەبات و کۆڵنەدانی گیارەنگ، بەرهەمی ئەزموونی خەباتی درێژخایەنی تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکراتە لە پێناوی ڕزگاری سیاسی و نەتەوەیی کوردستاندا. بێ دەلیل نیە کە دەڵێین ماڵپەڕی گیارەنگ بۆتە هەوێنی بزووتنەوەیەکی بەرینی سیاسی و ڕۆشنبری و لەکاتی دەست بەکاربوونیەوە تا ئەمرۆ خزمەتی گەورە و بەرچاوی بە ئاستی وشیاری سیاسی و نەتەوەیی ڕۆڵەکانمان لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە و بۆتە سەنگەرێکی پتە و بەهێز بەرامبەر بەنەیارانی شۆڕشی سیاسی کوردستان.

هاوڕێ ڕۆژانی سەختی خەباتی شار و شاخ کاک حەمەرەسوڵ کەریمی وێرای دادە شلێر، سەرەڕای سەرقاڵیان بەژیانی ڕۆژانە و پەروەردەکردنی مناڵەکانیان لە تاراوگەدا، خەمی گەورەکردن و ناساندنی گیارەنگیشیان کەوتبوویەوە سەرشان و دەبوو بەجۆرێک ژیانی ڕۆژانەیان ڕێکبخەن کە بتوانن دەرەقەتی هەموولایەک بێن و تەوازوونی کارو ژیان و تێکۆشان پێکەوە ڕێکبخەن.

بێگوومان کارێکی لەوچەشنە بە بێ ئیرادە و مایەدانان لە ژیانی تایبەتی گەلێک دژوار و ئاستەمە و ڕەنگە ئەوە بەهەمموو کەس نەکرێت، بەڵام بەهۆی بیروباوەری قووڵ بەڕێبازی سیاسی و نەتەوەیی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان، کاک



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیارەنگ

حەمەڕەسوڵ لەوئەرکەشیدا بەسەربەرزیەوە، چۆتە پێشوو و ئەو ماڵپەڕەی جگە لە ناساندنی، بۆتە سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری بەکەڵک و سوودبەخش لە سەر ئاستی ڕاگەیاندا و خوێنەری زۆری بەلایخۆیدا هێناوەن.

گیارەنگ جگە لە ئەرکە نەتەوەییەکەی خۆی، توانیوویەتی ناسێنەر و هێنانە پێشی کۆمەڵێک خامەڕەنگینی بوێر و خاوەن هەڵویستی سیاسی و نیشتیمانی بێ و کاتێک سەیری گیارەنگ دەکەی، هەرجارێک چاومان بە کۆمەڵێک نووسەری تازە و شۆڕشگێری وڵاتەکەمان دەکەوێت کە بیروڕای خۆیان سەبارەت بە مەسەلە سیاسی و نەتەوەییەکان دەخەنە بەردید و نەزری خەڵکی کوردستان.

بەرێوەبردن و ئیدامەدانی کارێکی لەوجۆرە بەدڵنیایەوە بە بێ هیلاکی و ماندووبوون و مایەدان لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بەو سەرەنجامەی ئەمرۆ نەدەگەیشت و هەربۆیەش بە شیاوی دەستخۆشی و ماندوونەبوونیان دەزانین و دەستی کۆڵنەدان و بوێریان دەگووشین و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتن و پێشکەوتنی زیاتریان لە ڕەوتی کارو خەباتی سیاسی ڕۆژانەدا بۆ دەخوازین.

هەموومان بە بوونی کاناڵێکی لەوچەشنەی ڕاگەیاندن دڵخۆش و سەربەرزین.

هەر بەوبۆنەوە پیرۆزبایی لە هاوڕێیانم کاک حەمەرەسوڵ و دادە شلێر دەکەم کە لەومەیدانەی خەباتدا زۆر سەرڕاست و خەمخۆرانە ئەرکی خۆیان بەجێ گەیاندووە و جێگای دەست و پەنجەتان بەتەواوی دیار و بەرچاوە.

هەربژین بۆ گەل و نیشتیمان

محەممەد سلێمانی

## ماڵپەری گیاڕەنگ

**بەڕێزان بەڕێوەبەرانی ماڵپەری گیارەنگ!**




سەید ئەحمەد حوسێنی

گیارەنگ لە بیست ساڵی ڕابردوودا درێژەی بە چالاکی خۆی داوە و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سیفەتی بەردەوامبوون. بەردەووامبوون لەم عەسرەدا لە ناو ئەو هەموو تیکنولۆژی و سەرقالیەدا کارێکی هاسان نیە ئێوە دەرتانخستوە لە نەسلی خۆراگرەکانن.

گیارەنگ پێویستە ئاورێک وەسەر تەمەنی بیست ساڵەی بداتەوە و خویندنەوەیەکی ژیرانە بۆ پەرێز و کاریگەری خۆی بکات. دێنێ لە هەموو بوارەکاندا هەڵسەنگاندنێک بۆ ڕێباز و کارەکانی بکات و بزانێ تا چ رادەیەک ئامانجەکانی پێکاوە. مێدیای ئازاد یەکێکە لە ستوونەکانی دێموکراسی و کۆمەڵگای دێموکراتیک. بێ بوونی مێدیای ئازاد و وریا و کارا، ناتواندرێ بریارات و کردەوەکانی دەسەڵات و سازەکانی کۆمەڵگا بخرێتە ژێر چاوەدێری و قەزاوەتی رای گشتی بۆ هەڵویست وەرگرتن. لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و تیشکخستنە سەر بریاراتی سیاسی و دەرئەنجامەکانی، باسی کەموکوری و گرفتەکان، ڕووماڵکردنی دیاردەکان و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی دەورو بەرمان، کە هەمووی ئەوانە لە خزمەت رەوشەنگەری و بلوغی سیاسی و هوشیاریی کۆمەڵایەتی تاکەکان دابێ، ئەرکی ئەخلاقی مێدیا و مێدیاکارە. بێگومان ئەم ئەرکەش بێهەست بەبەرپرسیارەتی کردن و بێلایەن بوون لە گواستنەوەی زانیاری و ڕووداوەکان ناکرێت.



سەرچاوە
Serchawe

**ماڵپەری گیارەنگ**

خاوەن هەڵویست بوون و پشتبەستن بە فاکتا و بەڵگە و بوونی زانیاری پێویست بەشێکن لە ئامرازی رەوشەنگەری. بەگژداچوونەوەی نەریتی دواکەوتوو، خدەی هەلپەرەستانە و کرداری دەستەگەرایانە و تەبلیغی گرووپی نە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و بێهەلوێستی لە ئاست ناعەدالەتی لە کەسایەتی مێدیاکاری ئازاد و بەویژدان دوورە کە هیوادارم گیارەنگ رۆژبەرۆژ زیاتر هەوڵی بۆ بدات.

ماندوو نەبن.

سەید ئەحمەد حوسێنی



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### گیاڕەنگ.




**برایم فەرشی**

سەردەمێک کورد کۆمەڵێک ماڵپەری باش و پڕ لە هزری هەبوو کە لە دەرەوەی کوردستانەوە بەڕێوەدەبردران، زۆربەیان نەماون، هەروەک چۆن گەلێک گۆڤاری بە قیمەت لە سوئێد، ئاڵمان، بریتانیا و ئامریکا دەردەچوون و نەماون، ئەوە بە گشتی مێدیای کورد و کۆڕ و کۆمەڵ و دەزگای کورد لە هەندەران دەگرێتەوە و مێژووەکەی بۆ سەد ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە کە بە ڕۆژنامە و ڕادیۆ و دەزگای خوێندکاریی دەستی پێکرد و دەزگای هونەریی، پیشەیی، زانستی و سیاسی لێکەوتەوە و لە دەزگای نەتەوەییەوە ئەمڕۆ گەیشتۆتە دەزگای حزبی، گرووپی (ئیدئۆلۆژی، سیاسی) و تاکە کەسی.

ئەمە بۆ وایە و بۆچی نەتەوەیەک کە زیاتر لە نەتەوەکانی تر پێویستی بە کۆدەنگی و دەزگا هەیە، پێچەوانەکەی دەکات کە بابی مەیلی نەیارانی ئەو نەتەوەیە بووە و هەیە؟ دەبێ هۆیەکانی هەمە لایەنی لە کەسایەتی، تێگەیشتن و مێژووی ئەم نەتەوەیە و کۆمەڵگادا بدۆزرێتەوە.

یەکێک لەو ماڵپەڕانەی سەرەڕای هەموو کۆسپەکان و ئەم مێژووە، پێچەوانە جوڵاوەتەوە، ماڵپەڕی گیاڕەنگ بووە، کە بنەماڵەیەکی بە ئەمەگی لە پشتە.



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیارەنگ

نووسەری ئەم دێڕانە بە درێژایی دەیان ساڵ ئاگاداری کاری کەسانی لەخۆبووردوو لە دەرەوەی وڵات لە بواری مێدیا، کاری فەرهەنگی، هونەری، کۆمەڵایەتی، زانستی و سیاسی و هەروەها فێرکاریی و پێڕاگەیشتن بە منداڵ و لاوی کورد بووە و دەزانم ئەو کەسانەی کات و ماڵیان بۆ ئەو کارانە تەرخان کردووە، دەیانتوانی وانەکەن و ئەو ڕێگایانە بگرنە بەر کە بە هەزارانی تر گرتوویانەتە بەر، بەڵام ئەم کەسانە خەم و هیوای گەورەی نەتەوەیەک هانی داون و هانیان دەدات، بەردەوام بن، ئەمان سات و کاتیان نەفرۆشتووە، سات و کاتیان بۆ مەبەست بەکارهێناوە و گەلێک جێگای ڕێزن.

کۆمەڵێک لەو ئینسانە بەرز و لەخۆبردووانە سەریان ناوەتەوە و زۆربەشیان بێ ناو چوون، ئەو کەسانەی لە ئامریکا و ئورووپا شەو و شەونخونیان دەکێشا بۆ ئەوەی بەشکم کورد، هەنگاو بەرەو پێش بنێت و ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕزگاری بێت. گەلێک مرۆڤی تاک کاری گەورەیان کرد و بەرهەمی زەحمەتیان نەگەیشتە جێ. بەڵام بەرپرسانی ماڵپەڕی گیارەنگ لە بیست ساڵی ڕابووردوو سەرەڕای هەموو گرفتەکان بەردەوام بوون و هیوای بەردەوامی و ساخی و سڵامەتیان بۆ دەخوازم.

هیوادارم کورد بە گشتی و توێژی خوێنەر نرخی کاری ئەو کەسانە بزانن و ماڵپەڕی خۆشناوی گیارەنگ بەتەنیا مەهێڵن.

بیست ساڵەی تەمنتان گەشاوە بێت و خۆتان شاد و بێ وەی بن

برایم فەڕشی

١٣ - ٤ - ٢٠٢٣

ئاڵمان

گیارەنگ مانەوەی رووحی مرۆڤایەتی،




**سولێمان قەلەندەری**

بە بۆنەی ٢٠ ساڵەی دامەزراندنی ماڵپەری گیارەنگ لێرەوە بە ئەرکی خۆمی دەزانم دەستخۆشییەکی گەرم لە دوو کەسایەتی ماندوونەناس کاک حەمەرەسووڵ کەریمی و شلێر خانم بکەم کە لە هەموو شوێنێکی پیرۆز پێشەنگ و لە ریزی پێشەوەی مەیدانی کۆڵنەدان و بەرخودانن.

گیارەنگ میوانێکی رووح سووکی سەرجەم کوردستانیانە، تەنیا گیارەنگە وەک خۆی ماوەو بە بێ فەرق و جیاوازی روو لە ماڵی هەموومان دەکات بە دیارەیە جوانەکانی سەرگەرم و سەرقاڵی هەمەرەنگی بابەتەکانمان دەکات و خۆشت نازانی کات چۆن تێدەپەرێت، بە دڵنیاییەوە تا کاک حەمە رەسووڵی قارەمان و هاوکارانی بمێنن گیارەنگ لە بن نایەت.
گیارەنگی سەر سەوز هەردەم بە سەوزی دەمێنێتەوە لە سایەی کاک حەمەرەسووڵی قارەمان، گەشەسەندنی مرۆڤایتیش هەردەم لە لووتکە دەبینین.

هیوادارم هەردەم سەربڵند و سەرکەوتوو بن.

گیارەنگ مانەوەی رووحی مرۆڤایەتی، سولێمان قەلەندەری

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### گیاڕەنگ ئەو شوێنەی من بە ماڵەخۆمم زانیوە.




**برایم جەهابگیری**

لە ساڵی ٢٠٠٣ وە کە هاتمە تورکیا لە قاوەخانەیەک کە هی دوو برا بوو و کە یەکیان ناوی نووری بوو و ئینترنێتان هەبوو و بەسەعات بە مەمانانیان دەفرۆشت دەستم کردەوە بە نووسین، سەرەتاییترین بابەتەکانم کە بە تایبەتی یەکیان بە هاوکاری کاک جەعفەری شەریعەتی تایپ و دوایی لە گیاڕەنگ بڵاو بوویەوە بابەتێک بوو بە نێوی **"فاررووقی کەیخوسرەوەی خەباتی مەدەنی یان خەیانەتی بەکردەوە"** کە وڵامێک بوو لە دووبەش دا بۆ قسەکانی فارووقی کەیخوسرەوی ئەندامی پێشووی ڕێبەری حیزب و دوایی هی کۆنگرەی چوار کە لە گۆڤاری "چشم انداز" دا بڵاو ببۆوە و هەمووی هێرش و چەواشەکاری بوو دژی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران.

کە ئەو بابەتەم لەسەر لاپەڕەی ماڵپەڕی گیاڕەنگ دیت ئۆخژنێک دەدەرروونم گەڕا و هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا کە ئۆخەی ئەوە پێگەیەکم دیتەوە بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوونەکانی خۆم، بۆ بڵاوبوونەوەی بابەتەکانم.

لەبیرمە یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی ئەوکاتی لە گیاڕەنگ دا بڵاو بۆوە **"تیرۆریست لە هەرجلوبەرگێک دابێ هەر تیرۆریستە"** کە ئاماژەیەک بوو بە تیرۆری شەهیدانی دەروازەی کۆیە، **"پەنابەرانی بێپەنا"** یەکی دیکە لەو بابەتانە بوو کە

## ماڵپەری گیارەنگ

لە سەرەتاوە لە مالپەڕی گیارەنگ دا بڵاو بۆوە. ئیدی ماڵپەڕی گیارەنگ هەم ماڵی خۆم بوو بۆ ئەوەی بابەت بنووسم و لە ڕاستیدا درێژە بە نووسین بدەم.

هۆگری من بە نووسین لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی و هەر دەگەڵ سەرهەڵدانی خەڵکی کورد و ئاشکرابوونی کارو تێکۆشانی حیزب لە مەهاباد دەستی پێکردبوو کە بە یەکەم نامە وڵامێکی کۆمەڵەم لەسەر بابەتێک دابۆوە و بە ناوی نامەی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێمۆکڕات بە کۆمەڵە دەستی پێکرد، ئەوە یەکەم نووسینی من بوو کە لە ڕاگەیاندنی لاوان دا بە یەک لاپەڕە بڵاو بۆوە و لە شاری مەهاباد بە دەست خەڵکەوە ئەو دەستاو دەستی دەکرد.

هەر خۆم دەزانم ئەودەمی بە بڵاو بوونەوەی ئەو نامەیە چەندە شاگەشکە بووم و چەندەم شایی بە خۆم بوو. دەمهەوێ لێرەوە بڵێم کە گیارەنگ رێک وەک ئەودەمی بوو بۆ من و ببوو بە پێگەی دەربڕینی خۆزگەو خۆلیاکانم. کە بابەتەکانی خۆم لەسەر ئەو ماڵپەڕە دەدیت گەز گەز باڵام دەکرد. ڕاستە من بە شێوەی رەسمی لە ڕاگەیاندنی حیزب دا و لە بەشی ڕۆژنامەی کوردستان دا لە تەجرەبە و زانستی ڕۆژنامەنووسی کاک حەسەنی شەڕەفی و کاک قادر وریا کەڵکم وەرگرتبوو و زیاتر فێرببوم بەڵام لە حیزب دا نووسینەکان سنووردار بوون و دەبوو لە چوارچێوەی سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزب دا نووسرابان، ئەگینا بۆ بڵاوکردنەوە نەدەشیا و ئەوەش مافی حیزب بوو و هەموو حیزبێکیش هەر وایە. بەڵام گیارەنگ وانەبوو، ئەو سەکۆیەکی ئازاد بوو بۆ من و تەنانەت بابەتە ڕەخنەییەکانم لە حیزبیش بێ دەسکاری و بێ ئەوەی یەکجاریش بەڕێز حەمەڕەسووڵ کەریمی نامەیەکم بۆ بنێرێ یان تەلەیفوونێک بکا و بڵێ فڵانەکەس ئەو بابەتە ئەو بەشە بۆ بڵاوکردنەوە نابێ یان بیگۆڕە یان خۆیان دەسکاری نووسینەکانی منیان کردبا بڵاو دەبۆوە.

کە هاتمە دەرەوەی وڵات بۆ ماوەیەکی دیکەش من بابەتەکانی خۆم لە گیارەنگ و جاروبارێش لە کورستان نێت بڵاو دەکردەوە، بەڵام کە لە ٢٠٠٧ - ٢٠٠٨ هاتمە سەر فەیس بووک ئیتر وای لێهات بابەتەکانم زیاتر لە فەیسبووک بڵاو دەکردەوە لەو کاتەوە کەمتر بابەتم بۆ هیچ ماڵپەڕێک ناردووە.

ئەو ڕۆ ٢٠ ساڵ بەسەر چالاکیەکانی ماڵپەڕی گیارەنگ دا تێدەپەڕێ، ماڵپەڕێک کە دڵنیام زۆر نووسەر و چالاکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی لەوێ دا دارەدارەی نووسینیان کردووە و پێیان هەڵگرتووە، زۆر نووسەر و چالاکی سیاسیی یەک لەوان خودی من زەمانێک تاکە ڕۆچنەی هیواو هومێدمان بۆ دەربڕینی بابەتەکانی خۆمان هەر گیارەنگ بووە کە ئەورۆ ئەوەندەی ئاگادار بم کاک حەمەڕەسووڵ کەریمی و هاوسەرە زەحمەتکێشەکەی دوو بەدوو شانیان داوەتە بەر پاراستن وڕاگرتنی ماڵپەڕی گیارەنگ



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیارەنگ

و لە حاڵێکدا لەو ماوەیە دا کە من ئاماژەم پێ داوە زۆر ماڵپەڕ و سایتی هاوشێوە هاتنە کایەوە، ئەوان زۆر زوو پێ هەڵچوون و هەر بەو خێراییەش شۆڕبوونەوە و وێڕای ئەمە کە ئەوانیش زۆربەیان بەکەڵک بوون بەڵام تاقەتی درێژەدان بە کار وچالاکیەکانیان نەما و بەداخەوە لەبیرچوونەوە کەچی گیارەنگ بە هیممەتی ئەو دوو پشمەرگەی ڕاگەیاندنە کاک حەمەڕەسووڵی کەریمی و خاتوو شلێر حەسەنپوورهەر وا بە گوڕ وتین لە سەر پێیە.

لێرەوە وەک کەسێک کە دەزانم بەرێوەبردن و ڕاگرتنی ماڵپەڕێک چەندە کارێکی قورس و دژوارە و گرینگی ماڵپەڕی گیارەنگیش لە ناو ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی کوردی دا هەست پێ دەکەم، وەک کەسێک کە دەزانم هیممەتی ئەو دوو ئینسانە نەبا ماڵپەڕی گیارەنگیش لەمێژ بوو بەدەردی ماڵپەرەکانی دیکە دەچوو، دەستخۆشی لە کاک حەمەڕەسووڵی کەریمی و خاتوو شلیر حەسەنپوور دەکەم و هیوادارم گیارەنگ کە ئیتر مێژوویەکی بۆخۆی دروست کردووە لە کوردستانێکی ئازاد دا بە ستاف و هاوکارانی تازەوە بەرۆژ بکرێتەوە و وەک کوێستانەکانی گیارەنگی دەلال بۆن و بەرامەی گوڵ و گیا ڕەنگاورەنگەکانی دەگەڵ شنەی بلاوێنی بەهاری ئازادی دا بە سەرتاسەری کوردستان دا بڵاو بێتەوە.

با لە کۆتایی دا ئاماژە بە یەک خاڵی یەکجار گرینگ بکەم کە گیارەنگ یەک لەو دەگمەن ماڵپەرانەیە کە هەرگیز سنووری ئەدەب و ئەخلاقی ئینسانی نەبەزاند و کەسایەتی تایبەت بە خۆی وەرگرت و لە ناو خەڵکی کورد دا و لە ناو نووسەرو چالاکی بواری ئەدەب و سیاسەت دا پلەیەکی بەرزی بۆ دادەندرێ و بە دڵنیایەوە ڕۆژێک دادێ میداڵی شانازی لە بەرۆکی دەدرێ.

**برایم جەهانگیری**

**ماڵپەری گیارەنگ**

**گیارەنگ ئەستێرەیَ ناو میدیای کوردی.**




**رەحمان ئیبراهیم زادە**

من رۆژنامەنووس و میدیاکار و هەواڵدەر نیم، بەڵام زۆر شانازی دەکەم  لە ٢٠ ساڵەی داگیرسانی مۆمی گیارەنگ دا منیش وەکوو لایەنگرو خوێنەری گیارەنگ بەردێکی سووکەڵە دەخەمە دەناو دەریای مەندی گیارەنگەوە و سووکە ئاورێک لە خزمەتەکانی رائێڵکەی گیارەنگ دەدەمەوە، کە بە مودیریەتی پێشمەرگە و کادرو فەرماندە، برای خۆشەویستم کاک حەمەرەسوڵ و خوشکە شلێری هاوژینی خۆشەویستی دامەزراوەو بەرێوە دەچێ.

هەر وەکوو هەموو لایەک ئاگادارن گیارەنگ ٢٠ دانە ساڵە بۆتە بە چاو و گوێی بە هەزاران شاعیرو نووسەرو ئەدیب و هەر وەها بۆتە بە سەکۆی پێک هەڵپرژانێکی ئازادی بۆ هەموو ئەوانەی کە  جارێک شتێکیان بۆ نووسێبێ یان سەردانیان کردبێ. زۆرم نە گوتووە کە بەڵام گیارەنگ بە هەزاران شێعر و سروودی شۆرشگێری و پەخشان و لاوک و حەیرانی کۆنی لە مردن و لە ناوچوون رزگار کردوون و زیندووی کردوونە، ئەوەش سەرمایەییێکی گەورەیە بۆ فەرهەنگ و ئەدەب و کوولتووری نەتەوەی کورد.

لەو لاشەو نەزاکەت و ئەمانەت و راستگۆیی سەرمەشقی کارەکانی گیارەنگ بوون، باوەر ناکەم لە ماوەیَ ئەو ٢٠ ساڵە دا و تا ئێستاش رازێکی کەسێک بڵاوکرابێتەوە کە خودی نووسەری بابەت خۆی رازی نەبووبێ، هەر چەندی گیارەنگ سەکۆیەکی

## ماڵپەری گیارەنگ

ئازادە و هیچ سانسۆری لە سەر نەبووە و نیە.

با سووکە ئاورێک لە رابردوو بدەینەوە، و لە ناوشاری سەردەشت و مەکۆی ئازادیخوازانی رۆژهەلات را بروانمە شاکارەکانی کاک حەمەرەسوڵ و لاپەرە هاڵۆزەکانی ژیانی هەڵدەمەوە و بگەڕێمەوە بۆ سەردەمی منداڵی و لاوەتی حەمەرەسوڵ.

بۆ لە بەرچی؟ لە بەر ئەوەی کە لە گیارەنگ دەروانی پێت وایە چەند ئەندازیارو کارشناس و دیزاینێری خەبیرو شارەزا کاری تێدا دەکەن و بەرێوەیٔ دەبن.

لە ناو شاری سەردەشت، لە رۆژهەلاتی کوردستان منداڵێکی خوێن شیرین و رەزاسووک پێ دەنێتە دە دوونیا روونـاک و نـاوی دەنێن حەمە رەسوڵ، لەو مەڵبەندە سەرسەوز و خۆشە گاگۆڵە دەکات و گەورە دەبیٔ و دەچێتە قوتابخانە و دەرس دەخوێنیٔ، لە سەرەتای شۆرشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا بە دژی رژیمی پاشایەتی ناوبراو هەر لەو سەردەمدا و لە قوتابخانە فێری ئەلف و بێی شۆرش و خەبات کردن بۆ ئازادی دەبیٔ و پاشان گری بیری ئازادی هەڵی دەگریٔ و پەیوەست بە ریزەکانی شۆرش بە رێبەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەبیٔ.

ئەو جار لە ناو حیزب و سەنگەری پێشمەرگایەتی را دەست دەکات بە کارو چالاکی سیاسی و بە ناوی پیرۆزی پێشمەرگە دەستەملانی شاخ و شارو تفنگ دەبێت. کاک حەمەرەسوڵی کونجکاو ئاشقی ئازادی و ئەدەب و هونەر، لەو سەنگەرە دا فێری فیلم برداری دەبیٔ و دەگەڵ کۆڵەپشتیە پەرلە فیشەکەو نارنجۆک و کەلاسینکۆفەکەی شانی دووربنی فیلم بەرداریش دەبێت دۆست و هەواڵ و برێکی دیکەش کۆڵی گران دەکات، بەڵام ناوبراو بەو بایانە نالەرزیٔ و رۆژ بە رۆژ زیاتر ئاشقی کارەکەی دەبیٔ و بە دەیان فیلم لە بەرەکانی شەر تۆمار دەکات و زۆر جار بۆ ئەوەی حەلقە فیلمێک لە دەست نەدات بە برینداری و لەش و لاری خوێناوییەوە، سەنگەر بە سەنگەر دەگەرا بۆ هەڵگرتنی فیلم، زۆرجار لە مەرگ گەراوەتەوە بەڵام کۆڵی نەداوە و دووبارە دووربین لە سەرشان چۆتە سەنگەری پێشەوەیٔ شەرو فیلمی هەڵگرتووە. هەر ئەوە نا کاک حەمەرەسوڵ چەندین فیلمی لە جێژن و بۆنەکانی حیزب هەڵگرتوون و ئێستا لە ئارشیوی حیزب دا وەک دیاری بەنرخی مێژوویی ماونەوە.

کاک حەمەرەسوڵ جیٔ پەنجەیٔ بە زۆر شتەوە دیارن، کەسێکی بە ئیستعداد و دەنگ خۆش و هونەر دۆست شارەزا لە زۆر بوار دا. زۆر جار بە دەنگە خۆشەکەی کۆری هاورێیانی گەرم دەکردو زەوق و شەوقێکی خۆشی دەدا بە کۆرو مەجلیس و بۆنەکان. لە سەنگەر بەرگری دا وەکوو شێرو لە مەیدانی سیاسی و نووسین و نواندن و لێخورینی ترومبیل دا کەسی یەکەم بوو.

## ماڵپەری گیاڕەنگ

هەموو هەوڵی ئەو سەربازە خۆشناوەی گەلەکەمان بۆ ئەوە بوو کە سەربووردە و بەسەرهاتی فیداکاری پێشمەرگە و گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان وەکوو پێشوو بێ سەروشوێن نەبێ و بە دیکۆمێنتاری بەکرێت، بۆ دوارۆژی نەوەکانی خۆمان.

با بزانین ئەو هەموو فیداکاریەی کاک حەمەرەسوڵ لانی کەم بۆ خۆی بێ ئارەق و بێ زەرنەبووە، ناوبراو چەند جار بە توندی بریندار بووە و ئەندامێکی لەشیشی لە دەست داوە، بەڵام هیچ یەک لەوانە ئەو ئینسانە شۆرشگێرەیان لە خەبات سارد نەکردۆتەوە.

سەرنجام دوای چەند جار بریندار بوون و سارێژبوونەوەێ برینەکانی و هاتنە خواری بنکەی شۆرشگێرانی دێمۆکرات لە چیا سەرکەشەکانی کوردستانەوە بۆ قولایی خاکی کوردستانی عێراق هاورێم کاک حەمەرەسوڵ لە گەڵ خوشکە شلێر ژیانی هاوبەش پێک دێنن و بنەماڵەیەکی کۆچەری پێکەوە دەنین. خوشکە شلێر کچی پێشمەرگەو شۆرەشگێر دێمۆکرات باش کاک حەمەرەسوڵی دەناسی و هەستی بەو هەموو هونەرو زیرەک و دڵسۆزیەی کاک حەمەرەسوڵی کردبوو هەر بۆیە لە رۆژەکانی سەرەتای پێکهێنای ژیانی هاوبەشیانەوە بوو بە کۆڵەکەو پشتیوانی کاک حەمەرەسووڵ و لە هەموو قۆناغەکان دا بەوپەری توانایەوە هاوکاری کرد.

لەوێ لەو مەڵبندە رۆژبەرۆژ مەیدانی خەبات تەنگتر و تەنگتر دەبووە، هەربۆیە کاک حەمەرەسوڵ و خوشکە شلێر دەستی یەکتریان گرت و پەرەوازەێ هەندەران بوون و لە وڵاتی سوئید گیرسانەوە.

کورد گووتەنی خەنجەری جەوهەردار خۆی لە کالان دا راناگرێ.

حەمە رەسوڵ زۆر دەمێک بوو، هەستی بە بۆشایی راگەیاندن و بە میدیای کردنی دەنگ و باسەکانی کورد و کوردستان و بەتایبەتی حیزبەکەی کردەبوو، ئەو کات و ٢٠ ساڵ لەمەوبەر رائیلکە کۆمەڵایەتیەکانی وەکوو فەیسبووک، تەڤیتێرو ئینستاگرام و مەسنجێر هەرنەبوون یان زۆر کەمبوون کەم کەس دەیتوانی کەڵکیان لێوەرگرێ. هەر بۆیە بیرکردنەوە لە دیزاین و دامەزراندنی راگەیاندنێکی ئینترنێتی وەکوو گیاڕەنگ کارێکی زۆر ئەستم بوو، بەڵام پاڵەوانی هەموو داستانەکان کاک حەمەرەسوڵ بە هاوکاری و پشتیوانی خوشکە شلێر نەترسانەو لێبراوانە شانیان دایە بەر و یەکەم مۆمی گیاڕەنگیان دەگریساند، تا ٢٠ ساڵ لەوەبەر و دامەزراندنی تۆری کۆمەلایەتی ئینترنێتی گیاڕەنگ بە سەدان شاعیرو نووسەرو هونەرمەند، نووسراوکانیان لە ئارشیوەکانیان دا مابوونەوە و تۆزیان لێدەنیشت و کەس ئەو شتانەی نەدەدین و سەرئەنجام

ئیکس پاێر دەبوون و بەنەزۆکی دەمردن.

بەڵام بە دامەزراندنی تۆری گیارەنگ بەلێزانی و سەروەستایی کاک حەمەرەسوڵ هیواکان گەشانەوە و دەریچەیەک کرایەوە بۆ بلاوکردنەوەیّ هەموو ئەوشتانەی کە نەکەوتبوونە بەر باو سەروگوێیان تۆزاوی ببوون. کاک حەمەرەسوڵ دەرگایەکی ئاوەڵای بەرووی شاعیران و نوسەران و هونەرمەندان داکردەوە، بەبێ بەرانبەرو جیاوازی ئەو جار ئەوانیش توانیان لەو رێگایەوە بابەتەکانی خۆیان بلاوبکەنەوە و بە هەزاران کەس بیخوێننەوە و لایەنگیر بۆخۆیان پێدابکەن ئەوە شانازییێکی گەورەیە بۆ گیارەنگ کە بۆتە بە چاوساغ و چرای رووناکی هەموو ماڵەکان.

گیارەنگ زۆر هەڵەو پەڵەیّ بۆ خەڵک راست کردۆتەوە. لەو رێگایەوە کۆمەڵێک خەڵک فێری نووسین و شێوەی دارەشتن بوون، هەر بۆیە دەبێ ئێمە سەپاسگوزاربین.

ئێستا ئیدی گیارەنگ بۆتە بە سەرچاوەیّ راگرتن و بە دێکۆمێت کردن و هەزاران بابەتی بە پێزو فیلم و شێعرو سروودی شۆرشگێری ئەوەش کارامەی و لێزانی و وردبینی دەوێت، زۆر کەس پێش گیارەنگ و دوای گیارەنگیش دەستیان بەو کارەکرد بەڵام سەرکەوتوو نەبوون.

خزمەتەکانی گیارەنگ زۆرن کەس ناتوانێ لە کورتە نوسراویەک دا باسیان بکات. من لێرە دا دەڵێم جێگای شانازیە بۆ ئێمە کە پێشمەرگەو فەرماندەو کادرێکی تێکۆشەرو ماندووییەناس بەبێ ئەوەی رۆژێک بۆ ئەوکارە دەرسی ئاکادەمی خوێندەبێ و ١٠ ساڵ یان ١٥ ساڵ دەورەی بۆ دیت بێت کارێکی ئاوا جوان و بەکەڵک بۆ نوسەران و شاعیران و قەڵەم بە دەستان ئەنجام بەدات.

ئێستا ئیدی گیارەنگ سەکۆی یەکگرتنەوەیّ سیاسیەکان و رووناکبیران و هەتا حیزبەکانیشە، گیارەنگ سانسۆری لە سەر هیچ بابەت و نوسراوەیەک دانەناوە و هەموویان وەکوو خۆیان بلاوکرانەوە. گیارەنگ نە بەنووسینی من گەورە دەبێ نە بە نەنووسین من بچووک دەبێتە، ئەو لە هەموو مێدانەکان دا تاقیکاری خۆی داوەو سەرکەوتوو بووە.

هەمووان دەزانین کە سەردەمی ئێستا سەردەمی تەکنۆلۆژی و پێشکەوتنی دەزگاکانی راگەیاندنە بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ، دونیای ئەمرۆ بەو هۆیەوە زۆر بچووک بۆتەوە، دەنگەوباسەکان و هەواڵی رووداوەکان زۆر بەخێرایی بلاو دەبنەوە. سورعەتی

## ماڵپەری گیارِەنگ

ئینترنێت و راگەیاندنە مەجازیەکان هێندە زوو بڵاو دەبنەوە کە ئینسانی ئەوە سەردەمە وێرا ناگا بیان خوێنێتەوە، هەر بۆیە رەقابەت کرن دەگەڵ ئەو سەردەمە لێزانی و مودیریەتی باشی دەوێ، خۆ ئێستا کتێب خوێندنەوەش نەماوە و فەیسبووک و خەتە ئۆنلایەنەکانی‌تر ئەو بۆشایەشان پرکردۆتەوە.

بەڵام گیارِەنگ ئێستاش هەر ئەسپی خۆی بە ناو تەموتوومانی ئەو گێژاوە دا لینگ دەداو بە جێ نەماوە.

دەست خۆشی لە بەرێوەبەرانی گیارِەنگ دەکەم و هیوادارم هەمیشە سەرکەوتووبن.

بەرێزەوە برای خۆتان رەحمان ئیبراهیم زادە. شۆکە

سویس

## ماڵپەڕی گیاڕەنگ

### بەبۆنەی هەڵکردنی مۆمی تەمەنی ٢٠ ساڵەی ماڵپەڕی "گیاڕەنگ".




**سەید عەلی هاشمی**

لە مێژووی خەباتی گەلی کورد دا تێکۆشان و بیری ڕۆشەنبیری بە شێوەی جۆراوجۆر لە گەڕ نەوەستاوە، بەقەڵەم، بەقسە، بە نووسراوە، لەسەر مینبەرەکان، بەمەتەرێزی بەرگری لە کوردستان، لە لایەن دڵسۆزانی نەتەوەکەمان، بێوچان لە جموجۆڵدا بووە و وەک کاروانێکی نەپساوە ڕێگەی چوونەپێشی پێواوە.

لەو دوایانەشدا مێدیای پێشکەوتووی سەردەم ئەوەندە چۆتە پێشی کە سنوور نازانێ، ماڵپەڕی ڕەنگینی"گیاڕەنەگ" یەکێکە لەو چرا بەشۆڤانەی ناو ئەو مێدیا سنوور نەناسانەیە، بیری نەتەوەیی، بابەتی کۆمەڵایەتی، گرۆگاڵی منداڵان، لاوانی نیشتمان، دەنگی مامۆستایانی ئایینی نیشتمان پەروەر، بابەتی سیاسی، یادی شەهیدانی سوور خەڵات و بگرە دەیان شتی تر، کە خزمەت بە فەرهەنگی ڕووناکبیری و پێشکەوتن و نیشتمانپەروەری کوردستان دەکەن.

ماڵپەڕی گیاڕەنگ و ئەو ماڵپەڕانەی وەک ئەون، ڕابوردووی پڕ لە کارەسات و تاڵ و سوێری ئەو نەتەوە دابەش کراوە، غەدر لێکراوە، خاک داگیر کراوە، بۆ لاوانی تازە پێگەیشتووی ئەو نیشتمانە بە زمانێکی سادە و ساکار، وەک سفرەخوانێکی ئامادەکراو، لە پێش خوێنەران دادەنێن.

## ماڵپەڕی گیارەنگ

ماڵپەڕی گیارەنگ لە ماوەی ئەو ٢٠ ساڵەی وەشانیدا، بۆ لەقاودانی کردەوە نامرۆڤیەکانی حکومەتی ئاخوندی خۆسەپێنی ئێران، وەک سەرچاوەیەکی جێگای باوەڕی خوێنەران بووە، بابەت لەسەر زیندانیانی سیاسی و شەهید کردنیان، ئێعدام و ئەشکەنجەی بەناهەق، شەهید کردن و ڕەش بگیری بەکۆمەڵی خەڵک بە تاوانی کورد بوون، شەهید کردنی کۆڵبەران، خنکاندنی دەنگی ئازادی، بێ ماف کردنی نەتەوەکەمینەکانی ناو ئێران، دەستەوەستان نەوەستاوە و وەک خۆی ڕاستوێژانە ئەو بابەتانەی بۆ ڕای گشتی بڵاو کردوونەوە.

ماڵپەڕی گیارەنگ لە ڕاپەڕینی شۆڕشی ژینا لە ماوەی زیاتر لەو ٢٠٠ ڕۆژەی ڕاپەڕیندا، نیشاندانی خۆپیشاندانەکانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، بێ ماندوو بوون وەک ئەرکێکی نیشتمانی خۆی بەجێی هێناوە، خۆڕاگری کەم وێنەی خەڵک لە بەرانبەر ستەمکار، نیشاندانی وێنەکان، دوکومێنتەکان، وەک بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر لەو ماڵپەڕەدا بڵاو کراونەتەوە، لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕی گیارەنگ وێنەی شەهیدانی ناو چاڵە ڕەشەکان و سەر شەقامی شۆڕشی ژینا" ژن، ژیان، ئازادی" وەک ماڵپەڕی شەهیدانیان کۆ کردۆتەوە و بۆ بیر و ڕای گشتی بڵاویانکردۆتەوە، کە ئەوە وەک مێژوویەکی سەلمێندراو بۆ شەهیدانی شۆڕشی ژینا، وەک پەڵەیەکی ڕەش بە نێوچاوانی تاوانبارانی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێراندا دەمێنیتەوە.

لەو ٢٠ ساڵەی خزمەتی بەرچاوی ماڵپەڕی گیارەنگدا زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ کە من لەو چەند دێڕەدا کورتی بکەمەوە و باسی بکەم، چونکە ئەو خزمەتە کەم وێنەیە بە فەرهەنگ و ئاداب و رسوومی کوردەواری، بە سەدان لاپەڕ و بگرە کتێب خانەیەکی دەوێ، ئەو هەوڵ و تێکۆشان و ماندوو بوونە بێ بەرانبەرە زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ، دەبێ بووترێ چاڵە خەزێنەیەکی پڕ بەهایە، من پێم وایە، ماڵپەڕی گیارەنگ و ئەو ماڵپەڕانەی شێوەی ئەون بۆ خزمەتی نیشتمان، دەبێ وەک پێشمەرگەیەکی ناوسەنگەر لە دووره وڵات، ئەژمار بکرێن و ڕێز لە خەبات و ماندوو بوونیان بگیرێ.

چەپکە گوڵی خۆشەویستی بۆ بەڕێوەبەرانی ئەو ماڵپەڕە ڕەنگینە.

بەهیوای هەوڵ و تێکۆشانی زیاتر و تەمەن درێژی بۆ ماڵپەڕی گیارەنگ و کادرەکانی.

سەید عەلی هاشمی

## ماڵپەری گیارەنگ

### بە بەرزی باڵای گیارەنگ خۆشمدەوێی ماڵپەری گیارەنگ.




**ئەحمەد ڕەحمانی**

هەژدە ساڵ لەوبەر کاتێ بەرەو غەریبی کەشکۆڵی یادگاریەکانی زێدەکەمم نایە کۆڵ و لە وڵاتی دانمارک گیرسامەوە، تازە ماڵپەڕی خۆشەویستی گیارەنگ کەوتبۆ دارە دارو سەر پێ، لە تەمەندا ساوا بوو، بەڵام لە ناوەرۆک دا زەنگین و دەوڵەمەندو گەورە، زۆر زوو لە گەڵی بووم بەهاوڕێ، هاوڕێیەک کە هەموو هەستەکانی خۆم لەودا دەدیت و لەودا دەمخوێندەوە، منی تازە هاتوو بۆ ئەو وڵاتە کە نامۆ بوو بە هەموو هەستەکانم زۆر بە زوویی خووم بە هاوڕێیەتی گیارەنگەوە گرت و تا دەهات هاوڕێیەتیمان بە تین تر دەبوو. ساڵ هاتن و ساڵ تێپەڕین و گیارەنگ زیاتر وەکو ناوی بەرزی خۆی باڵای کێشاو تەژی بوو لە بابەتی جوان و وێنە و فیلم و دەکرێ بڵێم پەنجەرەیەکی جوان بوو، کاتێ دەتکردەوە جیهانێک لە جوانی خۆی دەکرد بە باوەشتا و هەر کلیلێک لە سەر بەستەرەکانی تینوێتی مرۆڤ دەشکاند و مرۆڤ زیاتر خولیای ئەوە دەبوو کە هەرگیز لە هاوڕێیەتی گیارەنگ دانەبڕێ، نەوجەوانی و هەرەتی لاویەتی و تەنانەت بڕینی کەوشەنی تەمەنی بەرەو سەری گیارەنگ بۆ ساتێ لە هاوڕێیەتیمان کاڵ نەبۆوە.

گیارەنگ ئێستا کە تەمەنی دەبێتە دوو دەیە و بیست ساڵ و بیستەمین مۆمی تەمەنی دادەگیرسێنێ، لە سەر ئەو باوەڕەم کە ئەمجار گیارەنگ دەچێتە تەمەنی کامڵ بوون و پێگەیشتووی خۆی و ڕێڕەوێکی تر لە خزمەتەکانی دەگرێتە بەرو لە جاران زیاتر بە هەست بە بەرپرسیاریەتی ئەرکەکانی خۆی بەڕایی دەکات.

## ماڵپەری گیارەنگ

لە ماوەی ئەو هەژدە ساڵەی کە لە گەڵ گیارەنگ هاوڕێیەکی ڕووحسووک بووین و تەنیا بۆ جارێکیش لێک هەنەبەزیوینەوە، هەستم کردووە کانیەکی سەر ڕێژە و هەمیشە زوڵاڵ و زوڵاڵ تر دێتە بەرچاو و زنوێر تر دەبێ، دەلاقەکانی فرە چەشن و هەر گوڵێ لە ئینجانەیەک دا بە جوانی خۆی دەنوێنێ و پڕە لە خوونچەی جوان جوان و پەپوولەیان لە ئامێز گرتووە. گیارەنگ مامۆستایەکی باش و هەگبەی تەژی لە فێرکردن و شکانی تینوێتی تاسەی خوێنەرەکانی بوو. جگە لەوەی گوڵی شۆڕش و خەبات بوو، لە جیهانی بیروهزریش دا ڕێنوێن و مامۆستا بوو. دڵنیام لەوەی لە داهاتوو دا گیارەنگ دەبێ بە سەرچاوەی گەلێ ماستەر و دکتۆرای ئەوانەی لە کەلێن و قوژبنی ڕاگەیاندن دەنوڕن، وەک دەڵێن مانگی چواردە سەر لەنگۆرێ دیارە.

هیوادارم لە گەڵ بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژی و ئافراندن و داهێنان گیارەنگی هاوڕێشم دەوڵەمەندتر و زەنگین تر بێ هەروەکو لە ڕابردووی دوو دەیەی تەمەنی دا تاقیکاری خۆی بە سەرکەوتنەوە داوە و سەکۆیەک بووە بۆ لێ فێربوون و زانیاری بەخشین.

بۆیە لە بەرەبەرەی تەمەنی بیست ساڵەی گیارەنگ و گەشانەوەی مۆمی تەمەنی خزمەتەکانی لە ناخی دڵەوە پیرۆزبایی لە ماڵپەری خۆشەویستی گیارەنگ دەکەم و لە ئاست خزمەتە بەرچاوەکانی کاکی ماندوو نەناسی خۆم کاک حەمە ڕەسوڵ کەریمی و خوشکی هێژام خاتوو شلێر حەسەنپوور سەری ڕێز و نەوازش دادەنووێنم، وەکو چۆن نازی جگەرگۆشە ژیرەکانیان کێشا و گۆشیان کردن بە سەداقەت و ڕاستوێژی ئاواش ماڵپەری گیارەنگی جگەرگۆشەیان بە سەداقەت و ڕاستوێژی پەروەردەکرد و لە ئامێزی خۆشەویستی خۆیاندا بەو شەو شەونخوونی و ماندوونەناسی گیارەنگیان تاکو ئێرە هێنا بێ وەستان و دابڕان هەر ئاواش لە داهاتووی تەمەنی گیارەنگ دا بەردەوام بن بێ وەستان و دابڕان.

ئەوەی ماوەتەوە بڵێم گیارەنگ سفرەو خوانێکی نەورۆزی و حەوت سینی بوو کە هەمیشە بە بەرەکەتەوە بینیم و لە سەیرکردنی تێر نەبووم و سات لە گەڵ سات بە جوان تر دێتە بەر چاوم، سپاس بۆ هەمووی ئەوانەی لە ماڵپەری زەنگینی گیارەنگ دا نووسیان و لێیانەوە فێر بووم و زانیارییان پێبەخشیم.

بەو هیوایەی لە نەورۆزی داهاتوو دا لە ئامێزی نیشتمانی ئازادو سەربەست دا مۆمی تەمەنی گیارەنگ لە سەر بەرز لووتکەی گیارەنگی بێشکەی خەبات و شۆڕش بە داگیرساوی ببینین.

ئەحمەد ڕەحمانی

## ماڵپەری گیارەنگ

### لە گیارەنگی سەردەشتەوە بۆ گیارەنگەکانی هەموو نیشتمان .




**شەونم هەمزەیی**

لە گیارەنگی سەردەشتەوە بۆ گیارەنگەکانی هەموو نیشتمان بە بیست ساڵ بەردەوامی و مانەوەی وەک مەکۆیەکی بەرخۆدان. بەڕێزتـان بە هەوڵ و تێکۆشـانی بەردەوامی خۆتـان، ڕێگـایەکی سـەخت و پـڕ کەنـد و لەنـد و دژوارتـان بـۆ خزمەتکـردن بە کۆکردنەوە و ئارشیوکردنی ڕووداوە مێژووییەکانی بزووتنەوەی کورد، کار و چالاکی و تێکۆشـانی حیزبـی و هەروەهـا، وتـار و نووسینی نووسەران گرتۆتە بەر و بێوچان لەم پێوەندییەدا ماوەی بیست ساڵە زەحمەتتان کێشاوە.

بەڕێزتان بەو کارە پڕ بایەخ و بەنرخە ڕێزتان لە زەحمەت و ماندووبوونی ئەو کەسانە گرتووە کە بەپێی توانـای خۆیـان لە خزمەت جووڵانەوە دان و بە نووسین و تێکۆشانی سیاسی لاپەڕەکانی ئەم مێژووە دەنەخشێنن.

ئەو کـارەی بەڕێزتـان لە جێی خۆیدا، جێگەی ڕێزەو هیـوادارم تەمەنی بە بەرهەمتـان درێـژ بـێ و هیـچ ساردی و کۆسپێک نەیەتە سەر ڕێگەتـان.

ئێستا ئەگەر بە نۆرەش بێت، کاتی ئەوەیە هەر کام لە ئێمە، بە تـایبەتی منیش کە شانازی ئەوەم پێبڕاوە کە بەشێک لە

## ماڵپەری گیاڕەنگ

بابەتەکانم لەو سایتە ڕەنگینە بڵاو بکرێتەوە ڕێز لە زەحمەتەکانتان بگرین و بەو چەند دێڕە نووسینە سپاس و دەستخۆشانەی خۆمانتان پێ بڵێین. هەرچەند ئەمن لەو ئاستەدا نیم کە بتوانم حەقی تەواو بە کارە نایاب و بەنرخەکانی ئێوە بدەم، بەڵام ئەرکی سەرشانم بوو کە ئەو سپاس و پێزانینەتان ئاڕاستە بکەم.

دەستخۆش و ماندوو نەبن شلێر خاتوون و کاک حەمەڕەسووڵی هەمیشە زەحمەتکێش.

هیوای سەرکەوتن و بەردەوام لە داهاتوودا!

هاوڕێتان

شەونم هەمزەیی

## ماڵپەری گیارەنگ

### بۆ یادی بیست ساڵەی دامەزرانی ماڵپەری گیارەنگ.




**ئاوات حەسەنپوور**

**وێڕای پیرۆزبایی ئەم بۆنەیە دەبێ بڵێم لە هەل و مەرجی ئێستا و بە تایبەتی لە دەرەوەی وڵات کەمتر کەسانێک هەن کە وەک خوشکە شلێر و کاک حەمەرەسوڵ ئاوا شێلگیر و ماندوویی نەناسانە سەرەرای گیروگرفتی ژیانی رۆژانە، بەڵام زۆر بەلەخۆبوردویی هەم کاروباری حیزبایەتیان وەک دڵسۆزێک و ئەندامێکی بە تەواو مانا بەجێگەیاندووە و هەم توانیویانە ٢٠ ساڵ بە بێ پسانەوە درێژە بە خزمەتکردنی فەرهەنگ و کولتوری کوردی لە رێگای ماڵپەری گیارەنگ بدەن.**

**ئەو کەسانەی لە دەرەوەی وڵات دەژین و خاوەنی ژن و منداڵن هەست بە زەحمەت و شەونخونی ئەو دوو خۆشەویستە و منداڵەکانیان دەکەن.**

**وێڕای پیرۆزبایی خۆم بەو بۆنەوە، دەستخۆشی و ماندوونەبوونی لەو دوو خۆشەویستە و منداڵەکانیان و هەروەها ئەو کەسانەی بەهەر شێوەیەک تا ئێرە یارمەتیدەر بوون دەکەم.**

**هیوادارم ماڵپەری گیارەنگ هەروا بەردەوام بێ و ئێمە و ئەو دوو خۆشەویستە و هەموو ئەوانەی دڵیان بۆ ئازادی وڵات لێدەدا، رۆژێک بتوانین هەواڵی ئازادی و سەربەستی وڵاتمان لە زمان ماڵپەرەکەمان ببیسین و وەشانی ئەو ماڵپەرە لە وڵاتی ئازادکراودا ببینین.**

**ئاوات حەسەنپوور**



سەرچاوە
Serchawe

**تەمەن درێژی و بەردەوامی بۆ ماڵپەڕی گیاڕەنگ بە ئاوات دەخوازم.**




**خدر میراوەیی**

پێشەکی بەبۆنەی تێپەڕ بوونی ٢٠ ساڵ، کاری بەردەوام و بێ وچانی، ماڵپەڕی گیاڕەنگ، گەرمترین پیرۆزبایی، لە دامەزرێنەران و نووسەران و بەڕێوەبەرانی، گیاڕەنگ دەکەم و هیوای ساخی و سەلامەتیان بۆ دەخوازم، تەمەن درێژ و بەردەوامیش بۆ ماڵپەڕی گیاڕەنگ بە ئاوات دەخوازم.

گیاڕەنگ لە ماوەی ٢٠ ساڵ کار و تێکۆشانی بێ وچاونی، خۆیدا لەڕاستای، خزمەت کردن بە گەل و وڵات، حیزب ، ئەدەب و هونەر، کلتووری کوردیدا، بەبێ گومان خزمەتێکی گەورەو بەرچاوی کردوە،

کە بە بۆچوونی من، جێگای سپاس و ستایش کردنە.

بۆیە پێموایە کە دەبێ، زیاتر ئەهمییەتی پێ بدرێت و لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژدا، مەتڵەب و مەقالەی بۆ بنووسرێت، دیارەبۆ ئەو مەبەستەش، بەبێ شک و گومان، گیارەنگ پێویستی بەکەسانی نووسەر و لێزان لە بوارە جۆراوجۆرەکان دەبێت. بۆیە حەقوایە کە هەر کامێکمان، بەپێی توانایی، خۆمان، لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، هاوکار و یارمەتیدەری گیاڕەنگ بین.

## ماڵپەری گیارەنگ

لەکۆتایی ئەو کورتە نووسینەدا، بۆ جارێکی دیکەش، سپاس و پێزانینی خۆم، بۆ گشت نووسەر و بەڕێوەبەران و دامەزرێنەرانی، بەتایبەتی دەر دەبڕم.

هیوای تەمەندرێژی و بەردەوامیش بۆ ماڵپەڕی گیارەنگ دەخوازم.

خدر میراوەیی

## ماڵپەری گیاڕەنگ

**بۆ بە بیست ساڵ بە بەر پەنجەرەی گیاڕەنگەوە دانیشتووم .**




**کامڕان شافێعی**

بیست ساڵە ئەم دەلاقەیە باسی نیشتیمانم بۆ دەکات. لەو بیست ساڵە دا ڕەنگە هەمو ڕۆژێک بیست جار سەرێکم لەو ژوورەنابێ تا هەواڵێکی تازە ببیەم!

هیوادارم دەیان بیست ساڵی تریش هەر وا بە گوڕ و تین ببن بە سەرچاوی هەواڵ و باسی وڵات.

دیواخانتان ئاوەدان تەمەنی میدیایتان درێژ و هەر سەرکەوتوو و لەش ساغ بن.

پیرۆز بێت بیستەمین ساڵی تێکۆشانتان.

نیشتەجێی دیوەخانی گیاڕەنگ

کامڕان شافێعی

## بەڕێوەبەرانی ماندوونناسی ماڵپەڕی گێاڕەنگ!




**حەسەن غەمبار**

هاوڕێی تێکۆشەری ڕۆژە سەختەکانی پێشمەرگایەتی کاک حەمەڕەسوڵی کەریمی خۆشەویست و ڕێزدار، هاوکاران و هەڵسوڕێنەرانی دەست و پەنجە پڕ لەبەهەرەی گیارەنگ، لە بەردەوامی و زەحمەتی دائیمیتان لە ئاستی هەڵسوڕاندنی دونیای ڕۆژنامەگەری و گەیاندنی بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی گوزاتنەوەیان بۆ خوێنەران بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ مایەی ڕێز و پێ زانینە.

خۆشەویستان! زۆر لە جێ خۆیدایە خوێنەران و نووسەران هۆگرانی خوێنەری زمانی کوردی بە ڕێزو تەقدیرەوە سەیری هەوڵی بەردەوام و تێکۆشانتان بکەن.

وێڕای پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە ماندوویی و زەحمەتەکانتان، بەوهیوایەی ساخ و سەلامەت و تەمەن درێژ بن و، سەری ڕێز و حورمەت بۆ تاک بەتاکی ئەندامانی بەڕێوەبەری دادەنوێنم.

بەو ئومێدەی بەدرێژەدانی دڵسۆزانەی خۆتان گەرم و گوڕی بەڕاپەڕاندنی ئەرکە پیرۆزەکەتان و بازدان بەسەر تێکڕای

## ماڵپەری گیارەنگ

کێشەکانی سەر ڕێگاتان، بابەت و نوسراوەکان، زیاتر سرنجراکێش و هاندەر خوێندەوارانی کورد بن، تا لە درێژەی خزمەتەکانتان هەرچی باشترو زیاتر ڕووڵەکانی کورد ڕوو لە ماڵپەڕەکانتان بدەن.

هەر بژین و سەرکەوتوبن.

حەسەن غەمبار



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### "گیاڕەنگ" لووتکەی بەرزی تێکۆشان.




**پێشەوا عەلیپوور**

لە دەورانی سەرەتایی مەدرەسەوە کە زانیومە قەزیەی کوردی هەیە و حیزبی دێموکرات خەبات بۆ کورد دەکات، لەگەڵ زۆر ناوی جۆراوجۆر ئاشنا بووم، یەکێک لەو ناوانە گیاڕەنگ بوو کە پێش ئەوەی بزانم ناوی کێوێکە لە ناوچەی خۆم، بیستبووم ناوی هێزێکی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتە.

ئیتر لەوکاتەوە ناوی گیاڕەنگ بۆ من بوو بە ڕەمز، دواتر کە دنیای مەجازی بەرەوپێش چوو و بوومە خاوەن کامپیوتێر و ئینتێرنێتمان وەسڵ کرد، یەکەمین سایتەکان کە سەردانیم کرد گیاڕەنگ بوو.

گیاڕەنگ لەسەر سایتیش هەر هێزی حیزبی دێموکڕات بوو، پڕ لە وتار و بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە تا هاتمە ناو ڕیزی پێشمەرگەش هەر وامدەزانی سایتی حیزبە و لەتەنیشت سایتە فەرمییەکانی حیزب سەردانی گیاڕەنگ ببوو بە خوویەکی ڕۆژانەی من و چەند هاوڕێی ترم.

ئەمڕۆژانە کە ساڵیادی دامەزرانی گیاڕەنگە، لەکاروانی ڕاگەیاندنی کوردیدا گیاڕەنگ هەر لوتکە ئەستەمەکەی کوردستان و

## ماڵپەری گیارەنگ

هێزە لەشکان نەهاتووەکەیە بۆ حیزب و بۆ نەتەوەکەمان.

بەتایبەت کە زانیم ئەم ماڵپەڕە بە ئەوین و خۆشەویستی دوو ئازیزی وەک کاکە حەمەڕەسووڵ و شلێر خانمی خێزانی بەڕێوە دەچێ.

گیارەنگ ئێستاکە خەرمانێک لە وتار و بابەتی جۆراوجۆری وەسەریەک ناوە کە دەکرێ ئارشیڤەکەشی وەک ڕێفرێنس بەکار بهێنرێت.

لێرەوە پیرۆزبایی یادی دامەزرانی گیارەنگ لە ستافی بەڕێز و خوێنەرانی ئازیزی دەکەم، هەر چەند من تا ئێستا هیچم بۆ ئەم سایتە نەنووسیوە، بەڵام خۆیان قەت لێم خافڵ نەبوون و زۆر بابەتی تایبەت بە خۆمیان تێدا ڕووماڵ کردوە کە سپاسیان دەکەم و ئەم تۆمارە بۆ من سەنەدێکی هەمیشەییە.

بەهیوای بەردەوامی گیارەنگ و بەڕێوەبەرانی


پێشەوا عەلیپوور



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### گیاڕەنگ بوو بە بیست ساڵ.




**کەماڵ گرویسی**

ئەوانەی سەرقاڵی کاری راگەیاندن و نووسینن دەزانن بەڕێوەبردنی رۆژنامە، مانگنامە، ماڵپەڕ و ئامرازی دیکەی ڕاگەیاندن چەندە دژوارە. بەتایبەت ئەگەر ئەمکارە بە شێوەی دڵخواز بێت و هیچ داهاتێکی ماڵیی بۆ بەڕێوەبەرانی نەبێ.

ماڵپەڕی گیاڕەنگ یەکێک لەو ماڵپەڕانەیە بە حەوڵ و تێکۆشانی بەڕێزان کاک حەمەرەسوڵی کەریمی و خاتوو شللێر حەسەن پوور، لەو دوو دەیەدا بێ وەستان و راگرتن بابەتی هەموجۆری تێدا بڵاوکراوەتەوە و بابەتەکانی بوونەتە میوانی خوێنەران و ئۆگرانی ئەدەب و زمان و دەنگ و باس و بابەتی کەلەپووریی دیکە.

گیارەنگ هەروەک هاوەناوەکەی واتە کێوی گیارەنگ دڵ ئاوەڵا و دەست کراوە بووە بۆ هەموو ئەو کەسانەی سەردانیان کردووە و دەست بەتاڵ بەڕێی نەکردووەنەوە و خەرمانلۆغەی خۆی داونێ.

ئەم ئەرکە گرینگە بەبێ هاوپشتی و لەخۆبووردوویی ئەو دوو هاوژینە رەزا سووک و کۆڵنەدەرە کردنی نەدەبوو، ئەوان گیاڕەنگیان هەروەک دوو کۆرپەکەی خۆیان گەورە کرد، شەو وشەونخوونییان بۆ کێشا و دەستیان گرت و لە گاگۆڵکە و

## ماڵپەری گیارەنگ

دارەدارە را گەیاندیانە تەمەنی بیست ساڵی و هیوادارم دەیان ساڵی تریش ئەو بەڕێزانە دەستیان بە بەژنی گیارەنگەوە بێ و ئێمەمانانیش لە بەروبوومی بێ بەش نەبین و چاومان بە بابەتەکانی روون بێتەوە.

کەماڵ گروێسی

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### گیارەنگ هەروا سەربەرزە!




**محەممەد کەسرایی**

ماڵپەڕی گیارەنگ، ماڵپەڕێک کە لەسەر دوو کۆڵەکەی سەرەکی و پتەو راوەستاوە (خاتوو شلێر و کاک حەمەرەسوڵ) یەک لەو ماڵپەڕانەیە کە لەکاتی دامەزرانی تا ئێستا، بەردەوام و بێ ڕاوەستان، بە نەفەسێکی ڕاستگۆیانە و بێ خۆهەڵواسین بە لایەنەکان و بێ جیاوازی کردن، لە پێناو خزمەتکردن و گەیاندنی هەواڵە راستەکان کاری کردوە و ئوسولەکانی کاری رۆژنامەنوسی و هەواڵگەیاندنی بە باشترین شێوە لەبەرچاو گرتوە و رێزی لە هەموو بیروڕاکان گرتوە.

گیاڕەنگ سەرچاوەی زۆر هەواڵی راست بووە، کۆکەرەوە و بڵاو کەرەوەی هەواڵەکانی ناوچە لەبیر کراوەکان بووە. لە هەموو بوارەکانی هەواڵی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و بوارەکانی دیکەی ژیان لە رادەی پێویست ئاکتیو بووە. دەستخۆشی دەڵێم بە بەرێوەبەرانی سەرەکی ماڵپەری گیارەنگ : کاک حەمەرەسوڵ کەریمی و خاتوو شلێر حەسەنپور و هەموو پاڵپشتەکانی ماڵپەر و هەموو هاوکارانی، حەسرەتیش دەخۆم کە نەمتوانیوە کەلێنێکی چوو پڕ بکەمەوە و بچمە ریزی ئەو خۆشەویستانە.

هەر سەلامەت و بەردەوام و خامە رەنگین بن.

محەممەد کەسرایی

## ماڵپەڕی گیاڕەنگ و دوو دەیە لە تەمەنی.




**حەسەن مینایی**

بیست ساڵە هەم،

نەک هەر گیاو پنچک و لانزارم سەوزە ، بەڵکوو تنۆکی وشەم بەهاریش نەبێ چوار وەرز دادەبارمە سەر ڕوخساری نیشتمان و لەناخەوە ڕەگم ڕۆچوونە ناو پیرەخاکی کوردستانم.

من بیست ساڵە غەم لەکۆڵی نیشتمان و هاوڕێی شلێرێکی سەوداسەری کوردستانم.

من بیست ساڵە هەموو نزارێکی پڕ چخووردو کوێستانێکی سەربەرزو خاوەنی هەزاران ناسکە ڕێواسی ئاوخۆرەوی کانیاوی کوردستانم.

من پێشمەرگەم، پاسەوانی وەڵاتم و هزرم بیری پێشەواویە ، سەرکردەشم قاسملوویەو خەباتم بۆ ڕۆژ هەڵات و مەودای هەڵسووڕانم هەر لە ئەوێ و ڕاست لە ناو ئەو تەورە دایە.

## ماڵپەری گیارەنگ

بیست ساڵە شەرەفم شەرەفی شەرەفکەندییەو ئەدەبیاتم کوردایەتی و مێژووشم بەرابەرە لە گەڵ هەنگاوی شەوڕەوی پێشمەرگە دایە.
ئەی نابینن، نەسێدارە، نەئەشکەنجە نە نەهی و نە نەفی نەیتوانیوە زمانی ئەسیل و کلتووری ڕەسەنم بشێوێنن.

بیست ساڵە ڕەنگم بەهارە و خاکەلێوە وەرزی تاڵو ڕەمزی تۆڵەو هاندەری گوورج ڕۆیشتنی روو وە قیبلەی ئاواتمە.

بیست ساڵە، لەگەڵ هەر چوار وەرزی ساڵ و دوازدە مانگی ڕەبەق هەر رێ دەکەم، هەر بەپێوەم و قوورس قایم ڕوو وە نەیار ڕاوەستاوم.

درۆن، هەڕەشە، مووشەک و چەکی ناوەکی نام بەزێنن، نام ترسێنن.
من پێشمەرگەی جەربەزەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتم.

من ماڵپەڕی گیارەنگی ئازادی و سەربەخۆییم، هەردەجەنگم قەت ناسرەوم، تا ئازادی بدەست دێنم بۆ کوردستانم.
بە ڕێزەوە،

براتان مینایی



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەڕی گیاڕەنگ ٢٠ ساڵ خەباتی بێوچان.




**کاکەبرا ئەلیاسی**

لە ماوەی ئەو ٢٠ ساڵەدا کەم ڕۆژ هەبووە ئەو ماڵپەڕە سەرسەوزە باس و بابەتی ڕۆژ، هەواڵ و دوکویمنتاری تایبەت بە ڕووداوەکانی کوردستان بڵاو نەکاتەوە. ئەرکی سەرەکی بەڕێوەبردنی ئەو ماڵپەڕە لە سەر شانی هاوڕێی پێشمەرگە کاک حەممەڕەسوڵ کەریمی و دادە شلێر حەسەنپوور هاوژینی و پشتیوانیە.

ئەو ماڵپەڕە ڕەنگین و سەنگینە، پێشمەرگە ئاسا لە بەرامبەر نەیارانی کوردستان شێلگیرانە ڕاوەستاوە و ئەوەی لە توانایدا بووە بۆ بە گژدا چوونەوەی ستەم و بێدادی دەرهەق بە نەتەوە و نیشتمانەکەی دریغی نەکردوە. هەر بە هۆی خۆشەویستی ئەو ماڵپەڕەوە دەیان نووسەر و ئەدیب و سیاسەتمەداری کورد باس و بابەتەکانی خۆیان بۆ ئەو ماڵپەڕە ناردوە تاکوو سەنگەری هەمیشەیی ئەو ماڵپەڕە لە بابەت و باسی نوێ بەتاڵ نەبێ.

لەلایەن خۆمەوە ٢٠ ساڵەی دامەزراندنی ئەو ماڵپەڕە ڕەنگینە لە هاوڕێ کاک حەمەڕەسوڵ و هەموو هاوڕێ و هەڤاڵەکانی دەکەم.

سەرفیراز و بەختەوەر بن

کاکەبرا ئەلیاسی



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### لە بیستەمین ساڵوەگەری ماڵپەری گیاڕەنگ.




**سیروان حەفیدی**

بڵاوکەرەوەی هەموو دەنگەساز و ناسازەکان، هەڵگری هەموو ئێش و ئازار و خۆشی و ناخۆشیەکان، رووداو و بیرەوەرییە سیاسی و کولتوری و ڕوناکبیریەکان، بە حەق لە چوارچێوەی یاساو ڕێساکان، و باڕودۆخی سیاسی ئابووری، وەخت و بێوەخت، لە دەرەوەی وەڵات بەشێکی گرینگی ئەرکە بەجێماوەکانی گیاڕەنگی، شەهیدان و تێکۆشەران، بێ ماندووبوون، وەک ئەرکێکی نیشتمانی بەجێ هێناوە.

لەویادە دا وێڕای دەستخۆشی لە زەحمەتەکانی داڕێژەر و بەڕێوەبەری ئەو دەزگایە کاک حەمەڕەسوڵ کەریمی و هاوڕێ و هاوکارانی بە تایبەتی هاوسەری خۆشەویستی شلێر خانم حەسەنپوور کە بە حەق پشتیوان و یاریدەدەرێکی ئەساسی بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە قورس و مێژووییە بووە.

دەستخۆشیان پیدەڵێم، ماندوو نەبن و نموونەیان زۆربێ.

سیروان حەفیدی

## ماڵپەری گیارەنگ

### بۆ نازیزان لە بەڕێوبەری ماڵپەری گیارەنگ.




**مۆژگان عەلیپوور**

بەبۆنەی ٢٠ ساڵەی کارو بەردەوامی ماڵپەریَ گیارەنگ گەرمترین پیرۆزبایی لە کاک حەمەڕەسووڵ کەریمی و خاتوو شلێر حەسەنپوور ماندوویی نەناس دەکەم کە ماوەی ٢٠ساڵە بێ بڕانەوە و خۆبەخشانە تێیدا کار دەکەن و کردووتانە بە ویستگەیەکی دیکەی خزمت و تێکۆشان بە نەتەوەکەمان.

هیواخوازم کە ماڵپەری گیارەنگ هەر بەردەوام بێ و ئێوەش ساغ و سڵامەت بن.

خوشکی بچووکتان مۆژگان عەلیپوور

## بە بۆنەی ٢٠ ساڵەی ماڵپەڕی گیارەنگ.




**عەلی سوورەچۆمی**

به سڵاو بۆ بەڕێوەبەرانی گیارەنگ، کاک حەمەڕەسووڵ کەریمی، خاتوو شلێری هاوسەری.

وەک پێزانین لە بەرابەر زەحمەت و ماندوو بوونتان لە پێناو نووسین و کاری میدیایی کە لە ڕێگای ماڵپەڕی گیارەنگەوە" خزمەتی گەورەتان بە خوێنەران و دۆزی ڕەوای گەلەکەمان کردووە، دەست خۆشیتان لێ دەکەین و زەحمەتەکانتان بەرز دەنرخێنین.

ڕەنگە ئاوڕ دانەوەیەکی سەر پێی بەس بێت بۆوەی لەوە تێبگەین کە ٢٠ ساڵ لەمەوەبەر چ بۆشاییەکی گەورە لە پانتایی نووسین و گەیاندنی زانیاریدا، هەبووە.

کاری میدیایی گیارەنگ، لە بوارە جیاوازەکاندا، کارنامەیەکی پڕشەنگدارە کە بە شاهیدی ئەوانەی سەردانیان کردووە، بۆتە دەروازەیەکی باشی گەیشتن بە زانیاری باوەر پێکراو.

## ماڵپەری گیاڕەنگ

بە دەر لە خزمەتەکانی کە بۆتە متمانەیەکی باش بۆ خوێنەرانی، بەدڵنیاییی کەسایەتی و پابەند بوون و ئەتەکێتی دوو پێنووسی بە توانا و شۆڕشگێری خاوەن متمانە لەو مەیدانەدا، دەرفەت و بەستێنێکی دیکە بووە بۆ جێگا و پێگەی ئەو ماڵپەڕە خۆشەویستە.

لە بەربەری ٢٠ ساڵەی ماڵپەڕی گیاڕەنگ دا، جارێکی دیکە دەست خۆشیتان لێ دەکەین و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

بەڕێزەوە عەلی سوورەچۆمی



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەڕی گیارەنگ

### بۆ گیارەنگ، گیارەنگی هەموو کوردستان!




**ئالان خاس**

لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەماندا میدیا بە هەموو جۆرەکانیەوە ڕۆڵ و ئەرکی یەکجار گرینگی بەجێهێناوە، لەبیرمە کە زوو ڕوو بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاکە مێدیایەک کورد هەیبوو ڕادیۆ دەنگی کوردستان بوو کە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوەدەبرا. خەباتی ڕادیۆ دەنگی کوردستان دەکرێ دەیان کتێبی لەسەر بنووسرێن، بەڕاستی شوێندانەری و گرینگیی ڕۆڵی ئەو ڕادیۆیە تا ئاستێکی وا بەهێز بوو کە ئێستا و ئێستاش ناوی بۆتە ڕەمزێکی شوێندانەر لە زەینی خەباتگێڕاندا.

٢٠ ساڵ لەمەوبەر لە وڵاتی سوێد دەنگێکی دی، سەکۆیەکی دی بۆ گەیاندن و بڵاوکردنەوەی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بەنێوی ماڵپەڕی گیارەنگ لەدایک بوو، سەکۆیەک کە بە شێوازی خۆی خەباتێکی تایبەتی دەست دایە و تا ئێستاش بەردەوامە. گیارەنگ بە زەحمەت و تێکۆشانی پێشمەرگەیەکی حەماسە خوڵقێن لە مەیدانی بەرەنگاریی دژی داگیرکەر چاوی هەڵێنا.

گیارەنگ لە ماوەی ئەو ٢٠ ساڵەدا بەبێ جیاوازیی پەیامی هەمووانی گەیاندوە، ڕەنگبێ هێندێک جار بۆنی حیزبی بوون لە

## ماڵپەری گیارەنگ

ناوەرۆکی پەیامەکانی هاتبێ، بەڵام کوردستانیی بوون و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیی بوونەکەی دەیان بەرانبەر بەهێزتر بووە.

بەبۆنەی یادی ٢٠ ساڵەی دامەزرانی ماڵپەڕی گیارەنگ، وەک خوێنەرێکی بەردەوامیی ئەو ماڵپەرە نەتەوەییە، پیرۆزبایی بە بەڕێوەبەرانی دەڵێم، هەروەها پیرۆزبایی لە خوێنەران و بینەرانی دەکەم، گیارەنگ پەنجەرەیەکی جیاواز و شوێندانەر بووە و تێکۆشانی گیارەنگ لاپەڕەیەکی ڕازاوەی خەباتیی مێدیاییمانە، هەر بۆیە داوا و هیوای بەردەوامی گیارەنگ دەخوازم و بەڕێوەبەرانی لە تێکۆشان ماندوو نەبن.

ئالان خاس

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### گیاڕەنگی نەبەزم، پێت سەربەرزم.




**حوسێن حەسەنزادە**

بە بیرم دێ پێش دەست پێکردنی وەشانی ماڵپەڕی گیاڕەنگ برا و هاوڕێ خۆشەویستم کاک حەمەڕەسووڵ پێوەندی پێوە کردم و ناو و نیشانی ماڵپەری جوان و پڕ بەرهەمی گیاڕەنگی دامی و مزگێنی ئەوەشی پێ دام کە لە داهاتوویەکی نیزیک دا دەست بە وەشانی خۆی دەکات، داوای لێ کردم کە هاوڕێ و هاودەمی گیاڕەنگی خۆشەویست بم، بە دڵ وەرمگرت و ساڵانیکی زۆر لانی کەم ڕۆژی جاریک و چەند جاریک سەرم بەو ژووره سەر سەوزە دا دەکرد و تا دڵ تێر دەبوو لە بەرهەمی جوانی سیاسی ، ئەدەبی ، شیعر و پەخشان وهەواڵی تازە بەهرەم وەردەگرت ، کردبوومە سەرچاوەی ئاگاداری هەواڵ و زانیاریەکانی خۆم، بێ پێچ و پەنا دەڵێم حەق بیژ و پڕ بەرهەم بوو، لانی کەم ئەمن ئیستفادەی باشم لێ دەکرد.

بەڵام بە داخەوە لەم دواییانەدا بە هۆی سەرقاڵی خۆم و زۆر بوونی پەیجەکان لە دونیای مەجازی دا سەردانەکانم بۆ ماڵپەڕە ڕەنگێنەکەی گیاڕەنگ هێندیک لە کەمی داوە، بەو حاڵەش هەر کاتیک سەر بە ژوورەکەی دا دەکەم بۆ ماوەیەکی باش بە ناو هەواڵ و بابەتەکانی دا گوزەردەکەم و چیژی تایبەتیان لێ وەردەگرم.

ئێستا کە بیست ساڵەی ئەو ماڵپەڕە گەش و جوانەیە، تەمەننا دەکەم هەروا گەشاوە و بەردەوام بێ.

## ماڵپەری گیارەنگ

دەست خۆشی و ماندوو نەبوونیش لە برای خۆشەویستم کاک حەمەڕەسووڵ و باجی شلێر و هەموو ئەوکەسانەش دەکەم کە لە کاتە پێویستەکاندا یار و هاوکاری بەڕێوەبەرانی ماڵپەری گیارەنگ بوون.

دەگەڵ رێزم حوسێن حەسەن زادە



سەرچاوە
Serchawe

## بەبۆنەی ٢٠ ساڵەی تێکۆشانی ماڵپەڕی گیاڕەنگ.




**سامان فەقێ نەبی**

هاوڕێیانی بەڕێوەبەری ماڵپەڕی گیاڕەنگ!

وێڕای سڵاو و ڕێز....

بەبۆنەی ٢٠ ساڵەی تێکۆشانی بێوچانی ماڵپەڕی گیاڕەنگ ماندوونەبوونیتان لێدەکەم و هیوای بەردەوامیتان لەو ئەرکە نەتەوەییە بە ئاوات دەخوازم.

بێگومان هیممەتی چیایی ئێوەی بەڕێز لە تاراوگە بۆ گەیاندنی هاواری نەتەوەکەمان جێگای پێزانین و ڕێزگرتنە.

بەو هیوایە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا مزگێنی ڕزگاریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماڵپەڕی گیاڕەنگ ڕابگەیەندرێ.

ڕێز و حورمەت

برای بچووکتان سامان فەقێنەبی

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### بیست ساڵ تێکۆشانی ماڵپەری گیارەنگی هاوسەنگەری  پێشمەرگە.




**هەڤاڵ ئەحمەدی**

بۆ زەحمەت و ماندوو بوونەکانی ٢٠ ساڵ تێکۆشانی ماڵپەری گیارەنگی هاوسەنگەری  پێشمەرگە و میوانی رەزا شیرینی هەموو ئەوانەی دڵیان بۆ ئازادی نیشتمان و تامەزرۆی فێر بوون و زانیاری گشتی و هەواڵی هونەری و ئەدەبین ، پڕ بە دڵ سپاسی هەموو ئازیزانی ئەرک وەخۆگر  و نووسەران و رۆژنامەوانانی ماڵپەرەکە و بە تایبەت برای زێدە ئازیز ، فەرماندە کاک حەمەرەسووڵی کەریمی دەکەم و لە دەسپێکی سێهەمین دەیە لە ژیانی پڕ لە بەهەرە و سوودبەخشی گیارەنگی سەرسەوزدا ، هیوادارم ماڵپەری گیارەنگ  وەک ٢٠ ساڵی رابردوو  هەر وا بە گور و تین لە میدان دا سەربەرز و خۆراگر وەک چیای گیارەنگ سەروگەردن بڵیند راوستێ.

بەو هیوایە ساڵێکی دیکە گیارەنگ وەشانی خۆی لە کوردستانی رۆژهەڵاتەوە بڵاوکاتەوە.

لە گەڵ رێز و حورمەت

هەڤاڵ ئەحمەدی

خۆێنەرێکی ماڵپەری سەربەرزی گیارەنگ

**بە بۆنەی ٢٠ ساڵ چالاکی ماڵپەڕی گیاڕەنگەوە.**




**نێقبال سەفەری**

**بە دەستپێکی یەکەمین مانگی بەهاری ساڵی ٢٧٢٣ کوردی، ماڵپەڕی گیاڕەنگ پێ دەنێتە بیستەمین ساڵی وەشاندنی چالاکیەکانی.**

**گیاڕەنگ تەنیا ناوێکی ساکار، ماڵپەڕێکی دەنگ و رەنگ، شاخێکی کوردستان، هێزێکی پێشمەرگەی دێموکرات نییە، بەڵکو مەکۆی بەرخۆدان و خۆڕاگریشە لە بەرامبەر دەسەڵاتی کۆنەپەرستترین رێژیمی سەردەم.**

**شاخی گیاڕەنگ بەدەیان گوند و ئاوایی بچوک و گەورە وەک ملوانکەیەک لە دەوری ئاڵاون، کە وینەیەکی جوانی سرۆشتی رۆژهەڵاتی کوردستانە. هەروەک چۆن ماڵپەڕی گیاڕەنگ بەدرێژایی بیست ساڵ تەمەنی دەیان بەرهەم و کۆمەڵێک بابەتی رۆشنبیری رەنگاوڕەنگی وەک: بابەت، هەواڵ، کلیپی جۆراوجۆری نووسراوەی چالاکوانانی بوارەکانی سیاسەت، لەقاودانی جنایەتەکانی رێژمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران لە رۆژهەڵاتی کوردستان، هۆنەر، مۆسیقاو... ، خستۆتە بەر دیدە و گوێی خوێنەران و لایەنگرانی و بە گشتی کۆمەڵێکی بەرینی خەڵکی کوردستان بە هەموو بەشەکانیەوە.**

## ماڵپەڕی گیاڕەنگ

ماڵپەڕی گیاڕەنگ جگە لەوانەش کە لەسەرەوە باسکران، وینەیێکی جوانیشی لە ڕەچاوکردنی پرینسیپەکانی ڕێزگرتن، لەبەرچاو گرتنی ڕێنووس، ڕێزمان و ئەدەبیاتی کوردی پێشانی خوینەران و لایەنگرانی داوە.

ماڵپەڕی گیاڕەنگ وەک شاخی گیاڕەنگ و بەهاری گیاڕەنگ، کە پڕن لە گوڵ و سەوزە، لێرەوار و دەوەن، گشت ڕەنگەکانی سرووشتەکەشی پێوە دیارن. ئێستا ئیدی گیاڕەنگ چەندین ناوی هەیە کە هەر هەموویان لە سرووشتی جوغرافی- سیاسی، ژینگەیی و کۆمەڵایەتی، بەرخۆدان و خۆڕاگریەوە سەرچاوەیان گرتوە. لەخۆڕا نییە لەژێر سێبەری یەکێک لە دڕندەترین سیستمی دەسەڵاتداری سەردەمدا، بە دەیان بنەماڵە کورد ناوی گیاڕنگ لەسەر منداڵەکانیان دادەنێن.

ئەزیش بە نۆرەی خۆم دەستخۆشی لە دامەزرێنەران و بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕی گیاڕەنگ دەکەم و هیوای لەشساغی و تەمەندرێژییان بۆ دەخوازم. هەروەها ئارزوی بەردەوامی چالاکیەکان، تۆخکردنەوەی هزر و بیری نەتەوەیی نیشتمانی بۆ بنیاتنانی سازەیەکی نەتەوەیی، کە سەربەستی گەل و نیشتمانی لی بەرهەم بێ.

لەگەڵ ڕێز و حورمەت

ئێقباڵ سەفەری

**ماڵپەری گیاڕەنگ**

## گیاڕەنگی سەنگەر.




**کاووس عەزیزی**

ناوی گیاڕەنگ کە تا بەهاری ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی تەنیا ناوی شاخێکی نیشتیمان بوو لە ناوچەی سەردەشتی سەرسەوز و دەوروبەری. بەڵام بە ڕێکخستنەوەی سەرلەنوێی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە بڕیاری کۆنگرەی ٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گیاڕەنگ نەک لە سەردەشت و دەوروبەر، بگرە هەموو سنووره دەستکردەکانی سەر جەستەی نیشتیمانی کوردانی بڕی و بوو بە ناوێکی ئاشنا و تێکەڵ بە پێناسەی پێشمەرگەش بوو . کاتێک هێزی شەهید موعینی گۆڕدرا بە هێزی گیاڕەنگ، ئیدی بوو بە ناوی تۆمارکەری داستانە مێرخاسییەکانی پێشمەرگەی کوردستان. بوو بە بیرەوەریی پێشمەرگە، بوو بە باسی ماڵان و بوو بە یادگاری شەهیدان.

جارێ جیلی خەباتی پێشمەرگەی گیاڕەنگ هەر لەگەڵ داستانەکانی هێزی پێشمەرگە دا دەژیا، گیاڕەنگ لە ئیسکاندیناویی بەفر و بەستەڵەکەوە سەری هەڵدا و سەنگەری خەباتی گواستەوە نێو لاپەڕەکانی ئینتەرنێت و دونیای سۆسیال میدیا و تێکنۆلۆژیای سەردەم و کاروانی خەباتی درێژتر کردەوە.

پێشمەرگەی ماندووی نەناس، خەباتکاری قاڵبووی ڕۆژە سەختەکان کاک محمدڕەسووڵ کەریمی کە بە ناچاری تازە ژیانی غەریبایەتی و دووره وڵاتیی هەڵبژرادبوو، هەر زوو کەوتە بیری زیندوو کردنەوەی ناوی هێزی گیاڕەنگ و ژیاندنەوەی

## ماڵپەری گیارەنگ

بیرەوەرییەکانی ئەو هەموو داستانەی کە لە ژێر ئەو ناوە ناسراوەدا تۆمار کرابوون. بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٣ ماڵپەری گیارەنگ لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت کرایەوە و هەر زۆر زوو توانی ئەویندارانی ڕێبازی دێموکرات و خەباتی نەتەوایەتی لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و دەست بکا بە ئاوەدانکردنەوەی سەنگەرێکی نوێ. بەتایبەتی کە ئەوکات تۆڕی ئینتەرنێت بۆ کورد و باقی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هێندە ئاشنا نەبوو.

کاک حەمەڕەسووڵ و شلێر خانمی هاوژینی دوو بەدوو شانیان دایە بەر کاری میدیایی لەو سەنگەرە و دەبا وێڕای مناڵەکانیان گیارەنگیشیان گەورە کردباوە. ئەوان هێندە لە مێژ نەبوو لە ئیسکاندیناوی گیرسابوونەوە، کۆمەڵێک ئەرک و گرفتی ڕۆژانەیان لە سیستەمی وڵاتە نوێکەیان دا هەبوو و دەبا وڵامدەری هەموو ئەو گیروگرفتانەش ببوونایەوە. دەبا کاری حیزبیشیان کردبا و کاریان بۆ داهاتی ژیانی خۆشیان کردباوە، دەرسیان خوێندبا و مناڵیان پەروەردە کردبا و گیارەنگیش وەک کۆرپەڵەیەک پێگەیاندبا و بە حەق هەر هەمووشیان پێکەوە دەبردە پێش کە ئەوەش ئەوپەڕی باوەڕ بە خۆبوون و ئیرادەی خەباتگێڕانەی ئەو دوو مرۆڤە زەحمەتکێش و تێکۆشەرەی دێموکرات بوو.

گیارەنگ لە ماوەیەکی کورت دا بوو بە سەکۆی نووسەران، شاعیران، هونەرمەندان، پێشمەرگەکان، ژنان، سیاسەتوانان، خوێندکاران و لاوان و بەگشتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری. بە هەزاران بابەتی جۆراوجۆری بڵاو کردەوە و کردنی بە ئارشیوێکی دەوڵەمەندی میدیای سەردەمی کوردی.
گیارەنگ سەرچاوەیەک بووە بۆ هەواڵ و بابەتی نوێ، کتێبخانەیەک بووە بۆ ئارشیو کردنی کتێبە کوردییەکان، ئارشیوی میدیای حیزبی دێموکرات و بگرە ئەحزابی تری کوردستان بووە. بەگشتی گیارەنگ سەربازێک بووە لە خزمەت پاراستنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی، هەنبانە بۆرینەیەک بووە بۆ بیرەوەریی پێشمەرگە، ژیان و بەسەرهاتی شەهیدان و بڵاو کراوە کوردییەکان.

بۆیە من وەک خوێنەرێکی هەمیشەیی ماڵپەڕێ گیارەنگ ، لە ٢٠ ساڵەی دەست بەکار بوونی ماڵپەڕی خۆشەویستی گیارەنگ دا وێڕای پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە هەردوو هاوڕێی بەڕێزی بەڕێوەبەری ماڵپەڕ، پیرۆزبایی لە خوێنەران، نووسەران و ئۆگرانی گیارەنگ دەکەم و هیوادارم ئەو پەنجەرەیە هەمیشە ڕووناکی بەخشی هەموو شار و دێهاتێکی نیشتیمان بێ و جیلێکی دیکەش ئەرکی ئیدامەکاری و ڕەساڵەتی گیارەنگ بگرێتە ئەستۆ و بەرەوپێشی بەرێ.

سوپاس بۆ بوونتان، هەر بمێنن کاک حەمە ڕەسووڵ و دادە شلێر



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### سایتی گیاڕەنگ، بیست ساڵ ئەستێرەیەکی گەشاوەی دنیای مجازی.




**برایم چوکەڵی**

ئاوڕدانەوە لەمێژووی دروستبوونی سایتی گیاڕەنگ لەو چەند پاراگرافە ڕەنگ بێ نەتوانێ وڵامدەری ئەو زەحمەتانە بێ کە بەڕێوەبەری سایتەکە بەئەنجامیان گەیاندوە. بیست ساڵ ماوەیەکی کەم نیە کە لام وایە بەسەدان وتاری جۆراوجۆری سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی وکتێب وشێعری تێدا بڵاو بۆتەوە.

سایتی گیاڕەنگ لە هەلومەرجێک دا دامەزرا کە بە شێوەی ئێستا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەرەی نەستاندبوو سایتی ناوبراو لەو هەلومەرجەدا پێویستیەکی ڕۆژ بووە. بۆچی پێویستی ڕۆژ بوو؟ لە سێ بارەوە دانانی ئەو سایتە ئەهمییەتی تایبەتی بوو. یەکەم: خەڵک بەگشتی بەکەمی دەستی بە ڕۆژنامە و گۆڤار دەگەیشت، ئەو سایتە هەواڵ و زانیاری و وتارەکانی ڕۆژی، زۆر بەخێرای بڵاو دەکردوە واتە کاتێک چاوت بەهەر وتارێکی ناو ئەو سایتە خنجیلانەیە دەکەوت نوێ و شتی تازەی تێدا بوو. دووهەم: ئەو سایتە بۆی گرینگ نەبوو کێ وتاری بۆ دەنێرێ گرینگ ئەوە بوو نیوەرۆکی نووسراوەکە چیە، ئەگەرچی بەشی زۆری سەبارەت بە جووڵانەوەی کورد و کێشەکانی کورد بوو بەڵام شەرت نەبوو ئەندامی حیزبی بێ گرینگ ئەوە بوو لەچوارچێوەی زمانێکی خاوێنی ئەدەبی و سیاسیی و کۆمەلایەتی دابی، ئەوەش بۆخۆی ئێعتباری سایتەکەی زیاتر بەرز کردبۆوە. سێهەم: ئەگەرچی بەڕێوەبەرانی سایت ئەندامی حیزبێکی دیاری کراو بوون، لەهەمانکاتدا لەهەر جێیەکی، یا



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیارەنگ

ئەندامی هەر حیزبێکی دیکە نووسراوە و وتاری بۆ ڕەوانە کردبایەن بڵاوی دەکردەوە. تەنیا مەرجێکی من دەمدیت ئەوە بوو کە بە زمانێکی پاراو دوور لە وشەی "شنیع" نووسراوەکانی بڵاو دەکردەوە، بۆیەش ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خوێنەری زیاتر دەبوو. لەلایەکی دیکەوە دوو کەس مایە لەخۆیان دادەنێن دەست بۆ کارێکی گەورە دەبن ئەوەش خزمەتێکی دیکەیە کە بە زمان و ئەدەبی کوردی دەکرێ. لەگەڵ ئەوەدا دوو کەس هاوسەری ژیانی یەکتر لەگەل هەموو کوێرەوەرییەکانی ژیان و زەحمەتەکانی گەورەکردنی منداڵ، و لەهەمانکاتیش بتوانی ئەرکێکی گرینگی بەڕێوەبەری کە خزمەتێکی ئێگجار گەورەیە کە کاک حەمەڕەسوول کەریمی و خوشکە شلێری هاوسەری بەئەنجامیان گەیاندوە.

پێدا هەڵکوتن نەبێ بەتایبەتی حەمەڕەسووڵ لەمێژە دەیناسم، چونکە لە مەیدانی بەربەرەکانی بەیەکەوە، هاوسەنگەر، دۆست، رەفیق وبرا بووین ئەو لەوەمەیدانەشدا پێشمەرگەیەکی تاسەر ئێسقان خزمەتکاری گەڵ ونیشتمان بوو.

بۆیە لەڕێگای ئەو نووسراوەیە لە ٢٠ ساڵەی دامەزرانی سایتی گیارەنگ پڕبەدڵ پیرۆزباییتان لێ دەکەم دەستان خۆش بێ هەر لەڕۆژی یەکەمەوە تا ئێستا بەڕاستی بە کارێکی بەنرخی دەزانم و ماندوونەبوونیتان لێ دەکەم.

هەربژین و سەرکەوتوو بن

برایم چووکەڵی

## ماڵپەری گیاڕەنگ

بۆ گیاڕەنگی سەربەرز و سەرسەوز.




**لوقمان حوسێنی**

بە بۆنەی ٢٠ هەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی ماڵپەری گیارەنگ وێرای سەرکەوتنی هەمیشەیی جوانترین پیرۆزبایی لە بەڕێوەبەرانی دەکەم و ڕێز لە زەحمەت و تێکۆشانی بێ وچانیان دەگرم.

پێویست بە ئاماژەیە کە ماڵپەری گیاڕەنگ پێش دوو دەیە کە دەستی بە وەشانی خۆی کرد، یەکێک لەو ماڵپەرە دەوڵەمەند و باوەڕ پێکراوانە بوو کە سەرجەمی ئۆگرانی نووسین و خوێندنەوەی بە زمانی شیرینی کوردی لە دەوری خۆی کۆکرد بۆوە. بابەتی زۆر لە نووسەران و شاعیران و ئۆگرانی ئەدەبی کوردیشم لەو ماڵپەرە دا خوێندۆتەوە و کەڵکی پێویستم لێ وەرگرتووە کە بۆ من زۆر جێگای ڕێز و تەقدیرە.

لە ڕاستای بەردەوامی و مانەوەی ئەو ماڵپەرە خۆشەویستە دا پشتیوانی خۆم لە بواری ماددی و مەعنەویەوە ڕادەگەیێنم و هیوای باشترینەکانتان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

هەر بژی بە سەرفرازی

بە حورمەتەوە لوقمان حوسێنی

## ماڵپەری گیاڕەنگ

**بۆ بەڕێوەبەرانی ماڵپەری گیارەنگی پێشمەرگەی شاخ و شار کاک حەمەرەسووڵی کەریمی تێکۆشەر!**




**عەلی بالکی**

**دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە ماڵپەری گیارەنگ بەبۆنەی ساڵرۆژی ٢٠ ساڵەی خزمەت و کاری بەردەوام لە هەموو بوارەکاندا جێگایی رێز و ئێحترامە کە ماوەی ٢٠ ساڵە خۆبەخشانە و بێ پسانەوە خزمەت دەکەن ماڵپەری گیارەنگیان کردۆتە سەنگەر و ماڵێکی جێگای دەربرینی هەموو بیرو باوەری جیاواز بۆ سەدان نووسەر، شاعیر.**

**هیوادارم ماڵپەری گیارەنگ وەک هەمیشە لەخزمەت کردنی بەگەل و بە نیشتمان هەر وا شێلگیرانە بەردەوام و زیاتر لە پێشوو و پەلوپۆ بەهاوێژی و بەبێ بە سەنگەری خەبات و بەرخۆدان لە دژی داگیرکەرانی کوردستان.**

**لەکۆتاییدا دوبارە جوانترین پیرۆزبایی و دەستخۆشیتان لێدەکەم هەر سەربەرز و سەرکەوتووبی ماڵپەری گیارەنگ بەحورمەتەوە**

**براتان عەلی بالکی**

## ماڵپەری گیاڕەنگ

### پیرۆزبایی و دەستخۆشی بۆ ٢٠ ساڵ خزمەتی گیاڕەنگ.




**یوسف ڕەحمانی**

پێشەکی ڕێز و سڵاوم هەیە بۆ بەڕێوەبەرانی ماندوویی نەناسی ئەو ماڵپەرە کە خۆبەخشانە ماوەی ٢٠ ساڵە، بەو پەری لە خۆبردوویی و بەردەوام بە هەواڵ و زانیاری باش و بەکەڵک و بێ پسانەوە خزمەت بە گەل و نیشتمان دەکەن جێگای دەستخۆشی و پێزانینی ئێمەی خوێنەرەی ئەو ماڵپەرەیە، بەڵام ئێمەی خوێنەریش لە ئاست خزمەتی بەڕێوەبەرانی کاک (حەمەڕەسووڵ و خۆشکە شلێر) کەمتر خەم بووین کە نەمان کردووە یارمەتیان ماددی بکەین و ئەڵحەقیش ئەوانیش قەت ئەو داوایەیان لە ئێمەی خوێنەری ئەو ماڵپەرە نەکردووە کە ئەویش دەگەڕێتەوە سەر ورە و ئیرادەی بەرزی ئەو خۆشەویستانە کە بەڕێوەبەری ئەو ماڵپەرە ڕاست بێژەی گیاڕەنگی سەربەرز و لانکی شۆرشە.

لە کۆتایش دا جارێکی تریش سڵاو و ڕێزم هەیە بۆ ماندوو نەبووتان و بەردەوامیتان ئاواتمە.

## ماڵپەری گیارەنگ

**بۆ بەڕێزان کاک حەمەڕەسوڵ کەریمی و شلێر خانم.**




**قادر مکلاوەیی**

بەبۆنەی بیستەمین ساڵ ڕۆژی دامەزراندنی ماڵپەڕی گیارەنگ و کاری بەردەوام لە ماڵپەڕی گیارەنگ دا جوانترین پیرۆزبایتان ئاراستە دەکەین.

هاوڕێی دیرینم هاوڕێی سەدان داستان و قارەمانەتی لەمەیدانی خەبات دا.

شک و گومانم نییە لە دڵسۆزیت کە بێپسانەوە لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا دەتهەوێت خزمەتی زیاتر بە حیزبەکەت و ماڵپەڕی گیارەنگ کە وەک سەربەخۆ بەبێ فەرق و جیاوازی کاری بۆ دەکەیت.

بە سەدان هاوڕێی نووسەر و شاعیر لە بوارە جیاجیاکاندا لە ماڵپەڕی گیارەنگ خۆیان دەبیننەوە.

ماڵپەڕی گیارەنگ بۆتە ماڵێکی ئەمانەتدار بۆ هەموو لایەک بەبێ فەرق و جیاوازی.

## ماڵپەری گیاڕەنگ

جێگا پەنجەی جەنابت و شلێر خانمی دەستوپەنجە ڕەنگین لە گیاڕەنگ و لە بوارە جیاجیاکانی دیکەش دا زەق و بەرچاون. هیوادارین ماڵپەڕی گیاڕەنگ هەر وەک هەمیشە و زیاتر لە ڕابردوو پەلوپۆی خۆی باوێژێت و ببێت بە دارێکی ڕیشەدار بۆ ئەوەی هەموو لایەک لە خۆ بگرێت.

دووبارە جوانترین پیرۆزبایتان ئاراستە دەکەم.

قادر مکلاوەیی



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیاڕەنگ

**بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕی گیاڕەنگ، پێشمەرگە و میدیاکار کاک حەمەرەسوڵ کەریمی و هاوسەری بەڕێزی شلێرخان**




**ساڵح ڕەبەتی**

**ماڵپەری سەربەرزی گیاڕەنگ لە ماوەی ٢٠ ساڵ دەست بە کار بوونیەوە، بێ وچان لە بواری ڕاگەیاندن و میدیاییدا لە ڕاستای وشیار کردنەوەی خوێنەرانیدا خزمەتی کردوە و شایانی جوانترین و پڕ بەهاترین خەڵاتی بواری میدیاییە. هەموو خوێنەران و ئەوانەی سەردانی ئەو ماڵپەڕەیان کردوە بێ گومان بۆیان دەرکەوتووە و شاهیدی دەدەن کە ماڵپەڕی گیاڕەنگ، ماڵپەڕێکی میدیایی بێ لایەنە کە بێ دەمارگرژی و بێ لایەنانە هەموو زانیاریەکانی بواری میدیایی گواستۆتەوە وگەیاندویەتیە خوێنەران و لایەنگرانی خۆی کە بێ گومان سوودی باش و زانیاری باشی لێ وەرگیراوە. من لێرەوە وەک خۆم دەست خۆشی بۆ هەڵسووڕێنەرانی ماڵپەڕی گیاڕەنگ واتە کاک حەمەرەسول کەریمی و هاوسەرە تێکۆشەرەکە شلێرخان دەنێرم و داوای ساغی و سلامەتیان و بەردەوامیان لە بواری میدیایی و گشت بوارەکانی دیکەدا ئاواتە خوازم .سەرکەوتن بۆ ماڵپەری گیاڕەنگ و بەڕێوەبەرانی.**

**ساڵح ڕەبەتی**



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەری گیارەنگ

### بەڕێزان بەڕێوەبەرانی گیارەنگ.




**کەریم جاف**

ڕێز و سڵاو

هیوای سەرکەوتنی هەرچی زیاترتان بۆ ئەخوازم لە تێکۆشانی بواری ڕاگەیاندندا.

بەش بەحاڵی خۆم سپاسی تێکۆشانی کار و زەحمەتەکانی ئێوە بەڕێزان دەکەم کە لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردودا بێ پسانەوە زانیاریەکی زۆرتان بە خوێنەرانی ئەم سایتە خەنجلانەیە بەخشیوە، ئەم کار و تێکۆشانەی ئێوە خزمەتێکی باش و زانیاریەکی زۆری بە خوێنەرانی گیارەنگ گەیاندوە، بە تایبەتی سەبارەت بە خەبات و تێکۆشان و ڕوداوەکانی کوردستان بە گشتی و ڕۆژهەلاتی کوردستان بەتایبەتی.

من تەنیا دەتوانم بڵێم سپاس و ڕێز بۆ ئەوەی کە سەرەڕای سەرقاڵی بە ژیانی تایبەتی خۆتان و تێکۆشانی نەتەوەیتان ئەو هەموو کاتەتان تەرخان کردوە بۆ خزمەتی گەلەکەمان.

ماندو نەبن و هیوای سەرکەوتنی زیاترتان بۆ ئەخوازم.

کەریم جاف

## ماڵپەری گیاڕەنگ




**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بانەمەڕی ٢٧٢٣ی کوردی = مای ٢٠٢٣ی زایینی**